





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- خالید عەزیزی: ڕێبەرانمان ئەگەر لە سەردەمی زیندووبوونی خۆیاندا بە نەسرەوتنیان خەباتی کوردیان دەبردە پێش، لە نەبوونی خۆشیاندا بۆ ئێمە ئۆلگوون........................................................................ ٥
٢- دوو کردەوەی تێرۆریستی، دو کاردانەوەی جیاواز!.............................. ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٨
٣- هاوار هەر هاواری قاسملوویە.............................................................. ئاسۆ مینا ..... ١٠
٤- خۆتان بۆ ئێرانی ناوکی ئامادە بکەن.................................. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٤
٥- شیراز و شیرێژ و ژاژی.................................................................. دارسمە ..... ٢١
٦- هەگبەی شاخ و شۆڕش" (شەهید مەلا قادری کوردستانی)................................ برایم چووکەڵی ..... ٢٥
٧- هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا........................................ عەلی بداغی ..... ٢٨
٨- سۆسیالیزم بۆ نیشتمان، یان نیشتیمان بۆ سۆسیالیزم!.................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٣١
٩- خەڵکی کوردستان سیاسیتر و مافویستتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن........................ مستەفا مەولوودی ..... ٣٦
١٠- ژنانی کورد شێلگیر لە خۆسەلماندندا.................................................. تاهیر قاسمی ..... ٤٣
١١- ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە.............................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ٤٦
١٢- هێزی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەی دێموکراتیکدا........................................... حەسەن ساڵحزادە ..... ٥٠
١٣- خەباتی گەلی کورد لە ئێران پاش بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمجارە!........... ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ٥٤
١٤- زەمینە و بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی..................................................... سمایل شەرەفی ..... ٥٨
١٥- ئێعدام، شایەدێکی تر لەسەر ناکارامەیی................................................... هەردی سەلیمی ..... ٦٤
١٦- کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕوانگەی خەڵکی ولاتەکەوە....................................... کوردستان ..... ٦٧
١٧- دیاریکردنی پزیشکیان و ئەرکی قورسی خەباتگێڕان............................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٧٠
١٨- شێرەبەفرینەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی.................................................. کوردستان ..... ٧٣
١٩- سەرلێشێواوی و ئیدیعای پڕوپووچ........................................................ سمایل شەرەفی ..... ٧٦
٢٠- جارێ باسێک لە دیپلۆماسی نییە، تۆڵە بژاردەی یەکەمە.......................................... هەردی سەلیمی ..... ٧٩
٢١- کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە گەمەی سیاسیی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا........................ عومەر باڵەکی ..... ٨١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٢- قاسملوو (هزره بەرزەکانی و بیرەوەرییە جوانەکانی)........................................ خەج مەعزووری ..... ٨٥
٢٣- قاسملوو زیاتر لە ناوێک و پتر لە زەمەنێک.............................................. زانیار حوسێنی ..... ٨٩
٢٤- فەرماندەی پێشووی سەنتکام: ئێران پێویستە بەر لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل، باش بیری لێ بکاتەوە................
............................................................................................... و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٩٥
٢٥- کەماڵ کەریمی: ئێران نە پشتیوانیی خەڵکی وڵات، نە ئابووریی بەهێز و نە تێکنۆلۆژیی شەڕی گەورەی نییە و پێگەی نێودەوڵەتیشی لاوازە................................................................ دیمانە: سابیر فەتتاحی ..... ٩٩
٢٦- ڕەوەزێک بە شانی مێرخاسێکەوە (عومەر قەیتەران)........................................ برایم چووکەڵی ..... ١٠٨
٢٧- جیاوازیی نێوان مووشەک و بۆمبی ژێر تەختی خەو........................................................ دارسمە ..... ١١١
٢٨- فسفس پاڵەوانێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی.............................................. مەنسوور مروەتی ..... ١١٤
٢٩- داهاتووی شێری ماڵەوە ڕێوی دەروە........................................................ ئەلبورز ڕوویینتەن ..... ١١٧
٣٠- سەرۆککۆمارێکی بێفەڕ............................................................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٢٠
٣١- سەرۆککۆمار یان بریکارێکی بێدەسەڵات؟........................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ١٢٤
٣٢- خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ دۆخی ئیستای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.................... فواد خاکی بەیگی ..... ١٢٨
٣٣- کۆمیتەی ڕاستیدۆزینەوە و چەند سەرنجێک................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٣٥
٣٤- قۆناغەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.................................. سمایل شەرەفی ..... ١٣٨
٣٥- سیاسەت: بەرژەوەندی یا هزرمەندی......................................................... کەریم پەرویزی ..... ١٤٣
٣٦- پەرەسەندنی گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی..................
........................................................................................................ بێهزاد قادری ..... ١٤٧
٣٧- ٧٩ گەلاوێژ........................................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٥٠
٣٨- چەند برگەیەک لە ٧٩ ساڵ خەباتی پڕ لە شانازی............................................ ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١٥٣
٣٩- گەشتێکی من...................................................................................... هەتاو دێموکرات ..... ١٥٨
٤٠- شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ، ڕەچەشکێنانی قۆناغی نوێی خەباتی پێشمەرگانەی گەلەکەمان................................
.......................................................................................................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١٦٠
٤١- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب .. ١٦٤
٤٢- شەڕ و ئاشتی و پرەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا............. عەلی بداغی ..... ١٦٨
٤٣- لایەنگرانی پزشکیان دەستیان لە کونی هەمبانەکەوە دەرچوو................................ مەنسوور مروەتی ..... ١٧٥
٤٤- پەیامەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوونن......................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٧٨



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

٤٥- ٢٨ی گەلاوێژ، فیتوای جیهاد و شەڕێکی بەردەوام دژی کورد........................................ عەلی بداغی ..... ١٨١

٤٦- پزیشکیان ڕاست دەکات، کوردستان فریوی نەخوارد......................................... سمایل شەرەفی ..... ١٨٣

٤٧- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، هەنگاوی پێویست............................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ١٨٧

٤٨- حەسەن شەرەفی: دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو......

..................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٩١

٤٩- خەباتی کورد لە ئێران: هاوکێشەی هێز و گەڕان بەدوای خۆبەڕێوەبەریدا.............................................

............................................... شوکریە برادۆست - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٩٥

٥٠- ڕۆستەم جەهانگیری: کوردستان هەر لەسەرەتاوە کۆسپی بەردەمی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیا مەزهەبییەکەی بوو.....

..................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی..... ٢٠٢

٥١- حیزبی دێموکرات و ٨ دەیە خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس......................... ڕامیار مەهابادی ..... ٢٠٧

٥٢- مێژووی پڕ لە شانازی، باری قورسی ئەرکمان لە بەرانبەر داهاتوو........................ ئەلبورز ڕووینتەن ..... ٢١٤






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خالید عەزیزی: ڕێبەرانمان ئەگەر لە سەردەمی زیندووبوونی خۆیاندا بە نەسرەوتنیان خەباتی کوردیان دەبردە پێش، لە نەبوونی خۆشیاندا بۆ ئێمە ئۆلگوون



**خۆشک و برایانی ئازیز!**
**میوانانی بەڕێز!**
**نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان!**
**ئەندامانی بەوەفای حیزبەکەی دوکتور قاسملوو!**

زۆر زۆر بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ئێرە، بۆ پێرلاشێز، بۆ پاریس، ئەو شوێنەی ڕێبەرمان د. قاسملوو بیرەوەری زۆری لێی هەبوو و بەشێک لە ئەندێشەکانی لێرە لە پاریس وەرگرتبوو بۆ ئەوەی بیکا بە بنەمایەک بۆ تێکۆشانی هزری و سیاسیی حیزبی دێموکرات و حیزبی دێموکراتیش بیکا بە بنەمای کاری دامەزراوەیی لە بەردەوامیی تێکۆشان و چالاکییەکانی خۆیدا.

ڕێک ٣٥ ساڵ پێش ئێستا ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەوڵەتمەردی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دوکتور قاسملوو لەسەر ڕێباز و مێتۆدی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران لە دانیشتنێکدا کە لە "ڤییەن" لەگەڵ بەناو دیپلۆمات بەڵام لەڕاستیدا تێرۆریست پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی هەیبوو، تێرۆر کرا. ڕەنگە لە یەکەم لێکدانەوەدا لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و لەنێو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەروەک لە بەیاننامەکەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی ناشتنی دوکتور قاسملوو لێرە باس کرا، تەواوی کوردستان تاسا. بەڵام ئەندێشەی دوکتور قاسملوو، بیر و باوەڕی دوکتور



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قاسملوو و ئەو حیزبەی کە دوکتور قاسملوو قەوارەکەی داڕشتەوە و خستیەوە سەر پێ، ڕێگای دوکتور قاسملوویان بەردەوام بردووەتە پێشێ. بۆیە زۆری نەکێشا خەمی لەدەستدانی ڕێبەرمان بوو بە بنەمایەک بۆ ڕێبوارانی کە بیکەن بە ڕق و تووڕەیی پیرۆز لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دژی کۆماری ئیسلامی و بیکەن بە فەرهەنگ لەپێناو بەهێزکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەها بیکەن بە عەقڵییەتی جەماوەری بۆ ئەوەی ئەو فەرهەنگە سیاسییەی دوکتور قاسملوو بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوکتور قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەورە پیاوی گۆڕەپانی سیاسی ئێران هەروەک چۆن لە تەواوی چالاکی و تێکۆشانی سیاسی، تەشکیلاتی و دیپلۆماسیی خۆیدا ئەو حیزبەی پێگەیاند، بەڵام بە مەرگی جەرگبڕ و تاسێنەریشی بۆچوون و کوردایەتی و حیزبایەتی لە کوردستانی ئێراندا بەهێز کرد. ئەوانەی پێیان وابوو بە تێرۆری دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکرات تێیدا دەچێ و بە نەمانی دوکتور قاسملوو بیر و هزری ئەو لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و لەنێو لایەنە ئێرانییەکاندا کاڵ دەبێتەوە و ون دەبێ، هەموو هەڵەیان کرد. هەر ئەو ماوەیە لە جووڵانەوەی ژینادا و لە بۆنە و ڕێورسمە نەتەوەییەکانی دیکەدا خەڵکی کوردستانی ئێران و ڕێبوارانی ڕێبواری دوکتور قاسملوو بەردەوام ئەو دروشمە بەرز دەکرایەوە: "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە."

لەڕاستیدا مەرگی دوکتور قاسملوو شۆڕشێکی دیکەی وەڕێخست و بووە ڕێنسانسێکی دیکە لەنێو حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورددا. دوکتور قاسملوو بە مەرگی خۆشی هەزاران ڕێبواری دروست کرد کە جەمعێکی زۆریان ئێستا لێرە لە پاریس لە پێرلاشێز لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو دەبینینەوە. ئەوە بۆ جارێکی دیکەش دەریخست دەوڵەتە مەرکەزییەکان ئەگەر بە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد پێیان وابوو بیرۆکەی کۆمار لەبەین دەچێ و حیزبی دێموکرات دەفەوتێ، دواتر حیزبی دێموکرات زیندوو بووە و درێژەی بە چالاکی و ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی دا کە بەشێکی نەتیجەی کار و تێکۆشان و بەرهەمی خۆماندووکردنی ڕێبەرمان دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو. د. قاسملوو حیزبایەتیی نەهادینە کرد، بۆیە تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو لەڕاستیدا نەیتوانی ئەو جووڵانەوەیە بوەستێنێ. خۆ ئەگەر دواتریش دوکتور سادق شەرەفکەندی کاتێک کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە ئاڵمان، لە شاری بەرلین بەجێهێشت بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان ڕێگاچارەیەک بۆ دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگر و بەهێز دژی کۆماری ئیسلامی ببینێتەوە، بینیمان دوکتور شەرەفکەندیشیان تێرۆر کرد، بەڵام دیسان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا تووڕەیی لە کۆماری ئیسلامی و ئۆمێد و هیوایەکی زۆرتر دروست بوو کە چۆن لەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەرینە پێشێ.

لەسەر یەک ڕێبەرانمان ئەگەر لە سەردەمی زیندووبوونی خۆیاندا بە تێکۆشان و نەسرەوتنیان حیزبیان ڕێبەری دەکرد و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

جووڵانەوە و خەباتەکەیان دەبردە پێش، لە نەبوونی خۆشیاندا بۆ ئێمە ئۆلگوون. ئەگەر پێشەوا قازی محەممەد بە بنیاتنانی حیزبی دێموکرات و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نوور و ڕووناکایی خستە نێو گۆڕەپانی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کورد، دوکتور قاسملووش بوو بە قۆتبنمای ئەو جووڵانەوەیە و مەسیرەکەی دستنیشان کرد و کردی بە حیزبێکی خاوەن دامەزراوەی بەهێز. بۆیە بۆ جارێکی دیکە ئێمە لێرە لە پاریس، لە پێرلاشێز وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو کادر و ئەندامان و لایەنگرانەوە پەیمان نوێ دەکەینەوە ئەو ڕێبازە کە ڕێبازێکی شارستانییە، ڕێبازێکە لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێبازێکە بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران، ڕێبازێکە بۆ ئەوەی میکانیزمی بەکردەوە و چەندوچۆنیی چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا بدۆزرێتەوە، لەو ڕێبازە بەردەوام دەبین. هاوکات لەوەش دڵنیاین ئەگەر لە داهاتووشدا بە تیرۆر، کۆمەڵکوژی و مووشەک و درۆن و بە هەموو هێزیانەوە لێمان بدەن، ئەو حیزبەی دوکتور قاسملووی پێکەیاند، دەیان و سەدان کەسی دیکەش پێ دەگەیەنێ و ئەو خەباتە هەتا سەرکەوتن بەردەوام دەبێت.

لێردا جارێکی دیکە لە خزمەت ڕێبەرمان دەڵێین حیزبەکەت بە دوای نسکۆی لەدەستدانی جەنابت ئێستاش بەردەوامە. دوای جەنابت د. سادقی جێگرەوەت و ڕێبەرانی دیکەشمان تیرۆر کران، سەدان کادر و پێشمەرگەشمان لێ تیرۆر کرا و قۆربانییەکی زۆرمان دا، تەنانەت بۆ یەکەمجار کۆماری ئیسلامی مووشەکی دوورهاوێژی لەسەر حیزبەکەی جەنابت تاقی کردەوە، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدا و نەوەستاین. لێرە جارێکی دیکە ئەو مزگێنییە دەدەین بە دوکتور قاسملوو کە حیزبەکەی بەڕێزت کە لە قۆناغێکدا تووشی کۆمەڵێک کێشە و موشکیلاتی نێوخۆیی بۆوە، هەموومان بە دکەوە شانمان وەبەردا و حیزبمان کردە بە یەک. هەروەها هەموومان بەڵێن دەدەین کە بە یەکەیەوە ئەو حیزبە ئیدارە بکەین و ببەینە ئەو شوێنەی کە لێی لە دایک بوو، بیبینەوە ئەو شوێنەی سیاسەتی پێ بکەین کە جەنابت هەمیشە ئارەزووت دەکرد حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بێت.

ڕێبەرمان ڕۆحت شاد و ئێمەش درێژەدری ڕێگات دەبین.

ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دوو کردەوەی تێرۆریستی، دوو کاردانەوەی جیاواز!




**ئەلبورز ڕووینتەن**

لە کاتێکدا یادکردنەوەی ٣٥ ساڵەی تێرۆرکرانی ڕێبەری نەمر دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەروەها مەحکومکردنی کردەی تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانانی تێرۆر ڕۆژەڤی سیاسیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات بوو، کردەوەیەکی دیکەی تێرۆریستی هەموو دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. تێرۆری ناسەرکەوتووی دوناڵد ترامپ، بەربژێری کۆماریخوازەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەم هاوینەی ئەمریکا لە زۆر ڕەهەند و لایەنەوە سەرنجی خرایە سەر.

زۆربەی چاودێرانی سیاسی باس لە گۆڕانی ئاراستەی مێژوو بەو ڕووداوە دەکەن، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتوو نەبوو و دوناڵد ترامپ بە برینێکی سوک ڕزگاری بوو، بەڵام ئەم تێرۆرە ناسەرکەوتووە هەموو ڕووداوەکانی داهاتووی ئەمریکا و تەنانەت سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆی.

هەر لە یەکەم چرکەساتی ئەو تێرۆرەدا ئەمریکا بە هەموو دامەزراوە و کاراکتەرە سیاسییەکانی کەوتنە مەحکومکردن و کار بۆ ئاشکراکردنی چۆنیەتی و وردەکاریی ئەو ڕووداوە. کۆمەڵگەی جیهانییش بە گشتی ئەو کردەوەیەی مەحکووم کرد و، لە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەرکەوت کە بکەری ئەو تیرۆرە تازەلاوێکی بیست ساڵەی ئەمریکاییە و هەتا ئێستا بەتەواوی پاڵنەرەکانی پشت ئەو کردەوەیە ڕوون نییە و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن.

ئەگەر بەراوردێک لەگەڵ تیرۆری ڕێبەری نەمرمان دکتور قاسملوو لەگەڵ تیرۆری ناسەرکەوتووی دونالد ترامپ بکەین بێگومان زۆر جیاوازن. لە هەندێک ڕووەوە تیرۆری ڕێبەری نەمرمان بە سەدان جار ترسناکتر و مەترسیدارترە لە تیرۆری ناسەرکەوتووانەی ترامپ. چونکە لەوێدا دیپلۆماتەکانی وڵاتێک بە ناوی دانوستاندن لەسەر مێزی وتووێژ ڕێبەری نەتەوەیەکیان تیرۆر کرد، کە دەبا دونیا مەحکومی کردبا بۆ ئەوەی هاودەنگییەکی جیهانی دژی تیرۆر دروست ببا.

هەر چەند ڕێبەری نەمرمان لە وتارێکدا بۆ کۆنفرانسی تیرۆر لە پاریس ساڵێک بەر لە تیرۆرکرانی بە شێوەیەکی زانستیانە ڕەخنە لە نەبوونی ئەو هاودەنگییە و هەروەها جیاوازیی بیروڕا لەسەر خەباتی نەتەوەکان و جیاکردنەوەیان لە تیرۆریستبوونیان دەگرێت و تانە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژئاوا دەدات. ئەو وتارە بەتەنیا بەڵگەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ڕێبەری نەمرمان چەندە سیاسەتوانێکی لێزانی دونیای سیاسەت و پرسە نێونەتەوەییەکان بوو، بەڵام چونکە ئەو لە نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد و لە وڵاتی داگیرکراوی کوردستان بوو، کەس دەنگی نەدەبیست.

لە کاتێکدا هەموو ئەمریکا یەکدەنگ بووە بۆ ئەوەی هەموو کەلێن و قوژبنی کردەوە تیرۆریستیەکەی ترامپ دەربخەن و بە سەدان پەیامی نێودەوڵەتی کە بە نزاکردن بۆ ترامپ دەست پێ دەکرێ بڵاو دەبێتەوە و، بە سەدان هەزار هەواڵ و ڕاپۆرتی میدیایی بڵاو دەکرێتەوە و، تەنانەت هەموو ڕووداوەکانی داهاتووی ئەمریکا لانی کەم تا چوار ساڵی ڕابردوو بە جۆرێک لەژێر کاریگەریی ئەو کردەوەدا دەبن، بەڵام هاواری ئازادیخوازی و دادخوازیی نەتەوەی کورد بۆ وەگەڕخستنەوەی کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملوو بە گوێی کەس ناگات و تەنانەت لە مێدیاکانی ئەو کاناڵە فارسانەی ئیدیعای دژایەتیی کۆماری ئیسلامیشیان هەیە، بە دێڕێک لە سەری نانوسرێ.

بەو بەراوردەی نێوان ئەو دو کردەوە تیرۆریستیە جیاوازە ئەو نووسینەی توسیدیسی یۆنانی کەونار کە بە بناغەی تیئوریی ڕیئالیزم لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان دادەنرێ خۆی دەردەخات و جارێکی دیکە ڕاستیەکەی وەڕاست دەگەڕێ. لە کاتی شەڕی پلوپێنزی، ملینا ویستی لە نێوان سپارتا و ئاتێندا بێلایەن بمێنێتەوە، بەڵام سپارتاییەکان قەبوڵیان نەبوو و هێرشیان کردە سەر ملینا. توسیدیشی نووسی :"ماف تەنیا لەنێوان بەهێزەکاندا پرس و بابەتە، هەر بۆیە بەهێز هەرچی بیهەوێ دەیکات و لاوازیش ڕەنج دەبات کە دەبێ بیبات."

ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هاوار هەر هاواری قاسملوویە



**ئاسۆ مینا**

## قاسملوو، تێپەڕین لە دوو تێئۆریی زاڵ

دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، هاوکات دوو تێئۆریی باو و زاڵیشی بەدواوە بوو کە ئەو دوو تێئۆرییە لەمبەر و لەوبەری جیهان لەگەڵ یەکتر لە دژایەتیدا بوون و زۆربەی وڵاتانی جیهان لە ڕووی خواست یا ناچاری کەوتبوونە بەرەیەک لەو دوو بەرەوە. لە ڕۆژهەڵاتی دنیا یەکیەتیی سۆڤییەت هەبوو کە حیزبی کۆمۆنیست بە سیستێمی سیاسیی کۆمۆنیستی و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی بە سیستێمی سۆسیالیستی بەڕێوە دەبرد و لەوبەری جیهانیشبلۆکی ڕۆژئاوا [ وڵاتانی ئورووپایی و لە سەرووی هەموویانەوە ئامریکا] بە سیستێمی ئیمپریالیستی و بناغەی ئابووریی وڵاتیش بە شێوەی سەرمایەداری بەڕێوە دەچوو.

لەو نێوانەدا کوردستان بێبەش نەبوو لە کاریگەریی و هێژمۆنی زلهێزانی ئەمبەر و ئەوبەری جیهان، بەڵام لەو سەردەمدا زیاتر بەلای یەکیەتیی سۆڤیەتدا شکابۆوە و چەندین حیزبی چەپ و مارکسیستی لە بەشەکانی کوردستان دروست ببوون و


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەندێک خۆیان سەر بە سۆڤییەت دەزانی و هەندێک تێئۆریوەرگر لە هزری مائۆیی چین.

لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا بەتایبەت لە سەدەی هاوچەرخدا بیر و هزری نەتەوەیی بەهۆی وشیاربوونەوەی گەل و زوڵمی وڵاتانی ناوەندگەرا گەشەی کردوە، لەسەر ئەو ئەساسەش کۆمەڵێک حیزب و ڕەوت و بزووتنەوە سەریان هەڵدا. تا هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت، بیر و هزری چەپ لە کوردستان گاڵەی دەکرد و لە زۆر بڕگەی زەمەنیدا لەگەڵ بیری نەتەوەیی لە دژایەتیشدا بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردستاندا لەبەر ئەوەی بیر و هزری نەتەوەیی لە سەرەتاوە زاڵ بوو، دەرەتانی بیر و هزری هاوردەکراوی تێدا زۆر کەمتر بوو.

لەو بەینەدا و لەو زەمەنەدا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کەسایەتییەکی دەستەبژێر سەری هەڵدا کە دواتر توانی لە تێگەیاندنی تاکی کورد و گۆڕینی بیر و هزری کۆمەڵگە کاریگەریی قووڵ دابنێ و تەنانەت توانی لەسەر سیاسەتی نێونەتەوەیی و شێوەی بەڕێوەبەریی سیاسی و لەسەر ئابووری جیهان و سیستێمی بەڕێوەبەری ئابووری زلهێزانی دنیا قسەی هەبێ و ڕەخنەی لێ بگرێت، ئەو سیاسەتمەدار و ئابووریزانە کەسێک نەبوو جگە لە دوکتور عەبدوررەحمانی قاسملوو کە بەهۆی توانایی سیاسیی و دیپلۆماسی و زمانیی توانی مەسەلەی کورد بە نێونەتەوەیی بکات.

دیارە دوکتور قاسملوو لە سەرەتای لاوییەوە بە بیری نەتەوەیی هاتووەتە دنیای سیاسەتەوە بەڵام دواتر و بەپێی مەوقعییەتی زەمەنی و هەلومەرج بەرەو بیری چەپ ڕۆیشتوە، بەڵام هیچکات لەلای ئەو هیچ بیر و هزرێک لە سەرووی بیری نەتەوەیی و خاکەوە نەبووە. خوێندنەوەی دۆخی سیاسیی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان لە ماوەی ساڵانێکی زۆر گەنگەشە و لێکدانەوە و کاری بەردەوام، تێئۆرییەکی لەلای ئەو دروست کردبوو و بەتایبەت زوڵم و زۆری لەسەر کوردی بە سێ شێوەی ستەمی سیاسی، چینایەتی و نەتەوەیی دارشتبوو و لەناوبردنی هەر کام لەو ستەمانەی کردبووە بناغەی ڕزگاربوونی مرۆڤی کورد بە یەکجاری و ساڵانێکی زۆری ویست هەتا توانی ئەو شێ شێوە خەباتە لە حیزبی دێموکراتدا جێگیر بکات.

## قاسملوو و گرتنەبەری ڕێگای سێهەم

دوکتور قاسملوو بە ڕوانینی زانستی و خوێندنەوەی واقعەکانی کۆمەڵگە چ لە ئورووپا و چ لە وڵاتانی سۆسیالیستی، ڕەخنەی قووڵی لەسەر هەردووک سیستمەکە بۆ دروست ببوو. هەم ڕەخنەی بنیادنەری لە سیستێمی سۆسیالیستی هەبوو و هەمیش سیستێمی سەرمایەداری ڕەت دەکردەوە. پێی وابوو هەردووک سیستمەکە کێشەیان هەیە و بەو تێگەیشتنە هاتبووە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ ئەو سیستەمەی لە وڵاتی ئەودا پەیڕەو دەکرێ لەوە پێشکەوتووتر و مۆدێڕنتر بێ. دوکتور قاسملوو لێرەدا شێوەی بەڕێوەبەریی ئابووریی تەنیا بۆ کوردستان وەکوو زێدی خۆی دانارێژێ بەڵکوو ئەو بۆ هەموو ئێران بەرنامەی بەدەستەوەیە. هەر بۆیە بە شیکردنەوەی بەرنامە ئابوورییەکەی کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بوو، پێشدا لە حیزبی دێموکراتدا، ویستی ئەوە نەهادینە و تیئۆریزەی بکات و دواتر وەکوو ئامانجی دوارۆژ دیاری کرد. ئەو نزیک بە ٢٥ بۆ ٥٠ ساڵی بۆ لەبەر چاوگرتبوو هەتا بتوانرێ ئەو پرۆگرامە پیادە بکرێ و کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە بچێ. لە ڕاستیدا سۆسیالیزمی دێموکراتیکێک کە ئەو دایڕشتبوو، کەموکوڕی و کێشە بنیادییەکانی هەردووک سیستێمی سۆسیالیزمی مەوجوودی سۆڤیەت و سیستێمی سەرمایەداری ئورووپای تێدا چارەسەر کرابوو و بەو پێیە دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا توانی ڕێگایەکی سێهەم ببینێتەوە بۆ دەربازبوونی کۆمەڵگە لە هەندێک سیستێم کە سەرەڕای دژایەتییان لەگەڵ یەکتری، کەچی لە نێوەڕۆکدا خەڵکیان دەچەوساندەوە.

## کێشانی هێڵێکی گشتی

لێرەڕا و بەتایبەت لە چەسپانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو بەرنامەی درێژخایەنی حیزب بۆ داهاتوو لە کۆنگرەی ٦ (٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی) بەولاوە ئیدی حیزبی دێموکرات بە هەڵگرتنی بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، سۆسیالیزمی مەوجوودی سۆڤییەتی خستە پاشەوە. پرۆگرامەکە گونجاو لەگەڵ سیاسەتی سەربەخۆیی لە بڕیاردانی حیزب بوو و هەر بۆیە چ لە کوردستان و ئێران و دەرەوە، لک و پۆپەکانی حیزبی کۆمۆنیست کەوتنە دژایەتیی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو. بەڵام د. قاسملوو و حیزبەکەی قۆناخی خۆیان تێپەڕاندبوو و لە نێوان دوو تیئۆریی دنیاگردا، ڕێگای سێهەمیان دۆزیبۆوە، ڕاستییەکە کە سێ ساڵ دوای تیرۆری د. قاسملوو خۆی دەرخست. لێرەڕا حیزبی دێموکرات بە دارشتنی ئەو پرۆگرامە سیاسی ئابوورییە هێڵێکی سەربەخۆی پان و بەرینی لە نێوان ڕۆژهەڵاتی دنیا و خۆیدا کێشا بەڵام بە پێوەری پاراستنی فەرهەنگی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی. لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو دوو زەحمەتی زۆر گەورەی کێشان یەکیان ئەوەی پرۆگرامێکی سیاسی ئابووریی بۆ هەموو ئێران دارشت و لەو لاشەوە ڕوخسارێکی دیکەی بە حیزب و بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی و وێڕای بەرجەستەکردنی باری نەتەوەیی و نیشتمانیی، تایبەتمەندێتی دێموکراتیکی پێ بەخشی کە چەمکی نەتەوەییـدێموکراتیک لەو چەمکانەیە و یەکەمجار دوکتور قاسملوو بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی بەکار هێنا.

## قاسملوو لە سەردەمی ئێستادا

هەرچەند خەونەکانی دوکتور قاسملوو بۆ کورد و گۆڕانی دۆخی میللەتی خۆی بەچاو نەدیت و دەستی تیرۆری ڕێژیمی ئێران،


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

هەوڵەکانی بە نیوەچڵ هێشتەوە، بەڵام شێوەی بیرکردنەوە و ئیدە و وتە و سیاسەت و تێگەیشتنەکانی کە بۆ دەیان ساڵ دوای خۆی فۆرمۆلەی کردبوون و بە دووربینییەوە لە هەموو شتێکی ڕوانیبوو، ئێستاش برەویان هەیە و کورد ئێستاش لە ڕۆژهەڵات لەسەر قسەی ئەو دەڕوا و بە ڕوانینی ئەو سیاسەت دەکا. لایەکی دیکەی نوێبوونی بیری قاسملوو ئەوەیە کە نەوەی تازە پێگەیشتووی کوردستان، بیری قاسملووی لە گشتییەتی خۆیدا وەرگرتوە. نەوەی نوێی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە قاسملوو ئەگەر بە جەستە لەنێو کورددا نییە، بەڵام بە بیر و هزر و سیاسەتی ئەو دەکرێ بەرەو شۆڕش و ئازادبوون هەنگاو هەڵبگیرێت و کورد لە ڕۆژهەڵات بەرەو کەنارێکی ئارام بڕوات و دەرەتانێکی بۆ پێکبێت. هەر بۆیە دوای نزیک بە ٣٥ ساڵ شەقامەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا یەک ڕێبەر دەناسن و هەر بۆیە هاوار هەر هاواری قاسملوویە.

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# خۆتان بۆ ئێرانی ناوکی ئامادە بکەن




و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

نەیشناڵ ڕیڤیو- نێلی دایمۆند

ئێران لەوەی کە زۆر کەس بیری لێدەکەنەوە لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نزیکترە. ڕێژەیەکی کەم خەریکی ئامادەکردنی پلان بۆ دوای ئەو ڕووداوەن. لە مانگی مای، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ڕایگەیاند ئێران هێندەی ئورانیۆم بە پلەی گونجاو بۆ چەکی ناوکی پیتاندوە کە بتوانێ لە ماوەی چەند ڕۆژدا چەند بۆمبی ناوکی دروست بکات. زانیاریی نوێ ئەوە دەگەیەنن ئێران لەوانەیە هەر ئێستا بەرەو "چەکی ناوکی" هەنگاوی نابێ، کە مۆدێلی کامپیوتێری و وەدەستهێنانی بەشە سەرەکییەکان بۆ دروستکردن و جێگیرکردنی نووکی هاژەکی ناوکی دەگرنەوە. هەڵبەت، ڕەنگبێ تەنانەت لەوەش لەپێشتر بێ کە هەوالگرییە ڕۆژاواییەکان دەیزانن. کۆرەی باکوور لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦، کاتێک تاقیکردنەوەی ناوکی لە ژێرزەویدا تەواو کرد، دنیای پەشۆکاند. ئێران هەر ئێستا جبەخانەی پۆشتەی هاژەکی ویشکارۆیری بۆ جێگیرکردنی نووکی ناوکی هەن، توانایەک کە کۆرەی باکوور لە ٢٠١٧ دەستی پێڕاگەیشت، واتە یازدە ساڵ دوای بوون بە خاوەنی چەکی ناوکی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەڕای ئەو پێشهاتە نیگەرانکەرانە، کاربەدەستێکی نێونەدرکاوی بایدن لەو دواییانەدا سوێندی خوارد کە "ئێران قەت نابێتە خاوەنی چەکی ناوکی". بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی بایدن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، بە تایبەتی لە ٧ی ئۆکتۆبەرەوە، ئەو لێدوانە قەناعەتمان پێ ناهێنێ.

ئێران لە گەشەپێدانی خێرای چەکێکی ناوکی گەلێک زۆرتر سوود دەبینێ تا چاوەڕوان بوون. بە تایبەتی ئەگەر دۆناڵد ترامپ لە جانیوەری ٢٠٢٥ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

بۆچوونێک ئەوەیە بێتوو ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی، عەرەبستانی سعودیش خێرا بەدوای وەدەستهێنانی ئەو توانایییە بە یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای پاکستان دەکەوێ و بەو شێوەیە پێشکەوتنی ئێران پووچەڵ دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر تۆ ئێران بیت، سەلماندووتە دەتوانی ڕاستەوخۆ هێرش بکەیە سەر دوژمنی خاوەن چەکی ناوکیت (ئیسرائیل)، بێ هەڕەشەی جیددی تۆڵەئەستاندنەوە. سعودییەکان توانایی گەلێک کەمتر لە ئیسرائیلییەکانیان هەیە و بێتوو ئەوان پشت بە یارمەتیی ئەمریکا ببەستن، وەکوو ئیسرائیلییەکان، لە چاوترسێنکردنی جێگای بڕوای ئێران شکست دەهێنن. هەرچۆنێک بێ، بەڕیوەبەرایەتیی بایدن هەمیشە داوا لە هاوپەیمانەکانی دەکات دۆخەکە هێور بکەنەوە.

حیزبوڵڵا، ترسناکترین بەکرێگیراوی ئێران، ویستی خۆی بۆ پەرەپێدانی هێرشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل، بەبێ چەتری لایەنگرانەی ناوکی ئێران دەربڕیوە. بێتوو شەڕێکی هەمەلایەنە لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵا بێتە ئاراوە، ئێران دەتوانێ بەر لەوەی ئیسرائیل بتوانێ حیزبوڵلا لەناو ببات، هەڕەشەی تۆڵەئەستاندنەوەی ناوکی لە ئیسرائیل بکات. لە ئێستادا، بێتوو ئیسرائیل بۆ لەنێوبردنی حیزبوڵڵا هێرش بکاتە نێو قوڵایی لوبنانەوە، تووشی زیانی بەرچاو دەبێ بەڵام ئەو زیانە کوشندە نابێ. ئەگەر ئێران هەڕەشەی تۆڵەئەستاندنەوەی ناوکی بۆ پاراستنی بەکرێگیراوەکەی لە تێداچوون وەڕاست گەڕێنێ، ئەوسا ئاکامەکە بەو شێوەیە نابێ.

دەوڵەتانی وەکوو عێراق و قەتەر، کە ئێستا هاوسەنگییان لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕاگرتووە، لەژێر هەڕەشەی ناوکیی ئێران، ناچار دەبن بەرەو ئێران بشکێنەوە. تاران و بەکرێگیراوەکانی زەختەکەیان بۆ سەر ئەو دوو وڵاتە بۆ وەدەرنانی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خاکی خۆیان زیاد دەکەن، بەو ئامانجە کە ئەمریکا بەتەواوی لە ناوچە وەدەرنێن.

دژوارییەکە لەوەدایە کە لێکهاڵانی ئێران لەگەڵ چین و ڕووسیە، ئەوی لە بەرانبەر گەمارۆکانی ڕۆژاوایی، وەک ئامرازێکی سزادان کەمتر ناسک دەکات. بەگوێرەی زانیاریی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی، لە مانگی مای، ئێران ٩٠ لە سەدی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەوتەکەی هەناردەی چین کردوە، کە لە مانگی مای ٢٠٢٠ ئەو ڕێژەیە نیوهێندە بوو. پاش داگیرکاریی ڕووسیە دژی ئوکراین لە ٢٠٢٢، تاران هاژەکی بالیستیک و پلاتفۆرمی پێشکەوتووی بەرگریی هاژەکی، کە پێشووتر لە ترسی ڕۆژاوا خۆی لەو کارە دەبوارد، هەناردەی ڕووسیە کردوە.

وێنە بنەڕەتییەکە ئەوەیە بێتوو ئێران ببێتە خاوەن چەکی ناوکی، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی شوێنی حاوانەوە نامێنێتەوە. ئیسرائیل تەریک دەکەوێتەوە، بە بژاردەی کەمتر بۆ چاوترسێنکردنی ئێران و بەکرێگیراوەکانی و سعوودی و ئیماراتییەکان ناچار دەبن سازشی ناخۆش بکەن.

بەبێ ئاڵوگۆڕی ئاراستەکە، وڵاتە یەکگرتووەکان زووتر لەوەی بیری لێ دەکاتەوە ناچار دەبێ ناوچەکە بەجێ بهێڵێ. لە کاتێکدا هێندێک پێیان وایە ئەمریکا دەبێ ئەوە قبووڵ بکات، چەتەیی دەریایی حوسییەکان دەیسەلمێنن بۆچوونێکی ئەوتۆ هەڵەیە. هێرشەکانی حوسییەکان ڕێگا ئاوییەکانی ناوچەی بۆ کەشتیوانیی ڕۆژاوایی کردۆتە بەرەی شەڕ، لە کاتێکدا ڕکابەرەکانی ڕۆژاوا، وەکوو چین، بێ دەستدرێژیی هاتوچۆ دەکەن. نزیکەی ٣٠ لە سەدی بازرگانیی جیهانی ئێستا بە گەرووی مالاککادا دەڕوا، بەڵام لانی کەم ١٠ لە سەدی هێشتا بە کاناڵی سوئێزدا تێدەپەڕێ.

ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر جێگای نیگەرانییە، هێڵە نێوخۆییە لێکگرێدەرەکانی ئابووری و سەربازیی سێ وڵاتی دیکتاتۆریی ئەوراسیا، بە سێ گۆشەی ناوکی دەپارێزرێ. تێکدانی تەوەری ڕەشبگیریی و پشتگیریی سێ لایەنەی ئەو وڵاتانە، لە ئەگەری کێشەیەکی جیهانیدا کە لایەنێکی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بن، دژوارتریش دەبێ.

تا ئەو کاتەی بایدن سەرۆککۆمارە، کارێکی کەم بۆ پێشگرتن لەو ئاکامە دەکرێ. سیاسەتەکانی ناوبراو تەنیا ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە. بەڵام، پێش ئەوەی ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات، بێتوو ترامپ بگەڕێتەوە کۆشکی سپی، ڕەنگبێ هێشتا کات بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەکە مابێ. هەر جۆرە پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەکە دەبێ بە دانپێدانان بەوە بێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێی ناوەتە گۆڕەپانی کێشەیەکی جیهانی کە لەویدا خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەکۆی سەرەکی دەبێ، نەوک شوێنێکی لاوەکی.

ڕاستەوخۆ یان نا، وڵاتە یەکگرتووەکان لەو کێشەیە تێوەگلاوە و لە ئاکامەکەشی پشکی شێری بەر دەکەوێ. لە ئورووپا، چەکە ئەمریکایی و ڕۆژاواییەکان تەنیا شتێکن کە پێشیان بە شکستی ئوکراین لە بەرانبەر ڕووسیەدا گرتوە. چەکە ئەمریکاییەکان لە کاتی شەڕە بەرگریکارانە و چەند بەرەییەکانی ئیسرائیل دژی ئێران و بەکرێگیراوەکانی واتە حیزبوڵڵا و


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حەماس یەکلاکەرەوە دەمێننەوە. لە بەرەی ئوقیانووسی هیند-ئارام، چین خەریکی مەزنترین پۆشتەکردنی سەربازیی هەمەلایەنەی خۆی لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوەیە و چاوی تەماحی بڕیوەتە تایوان، بەڵام ئامانجی کۆتایی دەسەڵاتی ئەمریکایە.

لە کاتێکدا کە ئێران لەو سێ وڵاتانەدا بچووکترینیانە، چین و ڕووسیە تا ڕادەیەکی زۆر بە نەوت و چەکەکەیەوە بەستراونەوە. هەردووکیان لەو وڵاتە وەکوو ئامرازێک بۆ لاوازکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە کەڵک وەردەگرن. سنووردارکردنی ئێران و پێشگرتن بە وەدەستهێنانی چەکی ناوکی، دەبێتە هۆی ئاوالا مانەوەی ڕێگا دەریاییەکان بەرەوڕووی کەشتیوانیی ڕۆژاوا و بنکۆڵ کردنی دابینکەری سەرەکیی چین و ڕووسیە.

لە ئاستی ناوچەییدا، سەرۆککۆمار ترامپ خاوەنی بیرۆکەی دروستی ستراتێژیی "ئەوپەڕی زەخت" دژی ئێران و "ئەوپەڕی پشتگیریی" لە هاپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، وەکوو ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و ئیماڕاتی یەکگرتووی عەرەبی بوو. بێتوو، بەر لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، ترامپ جارێکی دیکە لە ٢٠٢٥ دەسەڵات وەدەست بێنێتەوە، دەبێ دیسان ئەو ستراتێژییە، بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی نوێ بە هێندێک گۆڕانکارییەوە، بگرێتە بەر. ئامانج دەبێ گەڕاندنەوەی متمانە بۆ چاوترسێنکردنی سەربازیی هاوکات لەگەڵ ناچارکردنی ئێران بۆ مامەڵەی گۆڕینەوەی قازانجی ئابووری بە بەرنامەی ناوکی و پشتگیریی لە بەکرێگیراوەکانی بێ.

### یەکەم. ترامپ دەبێ بە فەرمی ئێران بە هاندەری هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر تاوانبار بکات

بە هۆی سروشتەکەیەوە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن خۆی لە تاوانبارکردنی ئێران لەمەڕ هێرشەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر بواردوە. کردنی ئەو کارە بە مانای قووڵکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ تاران و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ سازش لەگەڵ ڕێژیم بە سووککردنی گەمارۆکان و شلکردنی سەپاندنیانە. بۆیە ئێران بۆ پشتگیرییەکەی لە حەماس، حیزبوڵڵا و حوسییەکان یان میلیشیا بەکرێگیراوە جۆراجۆرەکانی لە عێراق و سووریە، کە تەقەیان لە هێزی سەربازیی ئەمریکا کردوە و چەند کەسێکیشیان کوشتوە، بەرەوڕووی هیچ کاردانەوەیەک نەبۆتەوە. ئەوە دەبێ لە یەکەم ڕۆژدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. هەرکات سەرۆککۆمار ترامپ باسی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی کرد، ئێران دەبێ وشەی سەرەکی بێ. کاتێک خەڵکی مەدەنی لە غەززە دەمرن یان پاپۆڕی ڕۆژاوایی لە دەریای سوور نوقم دەکرێن، ئێران تاوانبار بکرێ. ترامپ هەروەها دەبێ ڕەخنە لە ئێران بگرێ چونکە چین لە نەوتە هەرزانەکەیدا نوقم بووە و نرخی نەوت و گازی هەناردەی ئەمریکا دادەبەزێنێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### دووهەم. گەمارۆکانی سەر ڕێژیم توندتر بکات

ترامپ دەبێ دەستبەجێ توندترین گەمارۆکانی مومکین لە سایەی یاساکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەسەر زۆرترین کەرتەکاندا وەکوو، وزە، سیستەمی بانک، چەکوچۆڵ، کەشتیوانی و هتد، بسەپێنێتەوە. ئەو هەروەها جێبەجێکردنی گەمارۆکانیش بۆ سەر چین و وڵاتانی دیکە کە نەوتی ئێران دەکڕن، چڕتر بکا. لە ڕوانگەی دیاریکردنی کاربەدەستانیشەوە، ترامپ دەبێ پەلە بکات لە دیاریکردنی بەڕێوەبەرانی ئەو شوێنانەی کاریگەریی سەرەکییان بۆ پرسی گەمارۆکان هەیە، وەکوو وەزارەتی دارایی، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و وەزارەتی بازرگانی تا بەو شێوەیە ئەو پەیامە بگەیەنێت کە سەپاندنی بەربەرین گەڕاوەتەوە. بەسەر یەکەوە، ئەو هەڵوێستە دەستپێکی بێبەشکردنی تاران و بەکرێگیراوانی لە دراوی نەغد و ناچارکردنی چین بە دوو جار بیرکردنەوە لە ڕێژەی هاوردەکردنی وزە لە ئێران بکاتەوە. ئەوە هەروەها تاران ناچار دەکات لە نێوان دابینکردنی کەرەستەی بەکرێگیراوانی و وەبەرهێنان لە بەرنامە ناوکییەکەی یەکیان هەڵبژێرێت.

### سێهەم. لەبەر ئاکاری بەکرێگیراوانی، کاردانەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ تووشی ئێران بکات

وەک ئاماژەی پێ کرا، بەڕێوەبەرایەتی بایدن خۆی لە تاوانبارکردنی ئێران بە هاوبەشبوون لە ئاکاری بەکرێگیراوانی لە سەرانسەری ناوچەکە بواردوە. بۆ وێنە، ترامپ دەتوانێ بەئاشکرا هەڕەشەی نوقمکردنی پاپۆڕێکی ئێرانی لە بەرانبەر نوقمکردنی هەر پاپۆڕێکی ڕۆژاوایی لە لایەن حوسییەکانەوە بکات. بە هەمان شێوە، ئەو دەتوانێ ڕابگەیەنێت لە بەرانبەر هەر فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان یان هاژەکێکی کە لێکدراوی لێوەرگیراو بۆ هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر بینای سوپای پاسداران بۆ بەرهەمهێنانیانی لێ دەکەوێتەوە. تا ئەو کاتەی ئەوە ڕەچاو بکرێ، ئەمریکا باڵادەستی بەرزکردنەوەی لە بەرانبەر ڕێژیمدا دەبێ.

### چوارەم. پێگە ئەمریکاییەکان لە ناوچەدا بەهێز بکات

لە دەستپێکی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل، پێگە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا بوونە ئامانجی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران. ئەوە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگۆیەک کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بە تەمای چۆڵ کردنی پێگەکانی وڵاتە یەکگرووەکان لە عێراقە کە نزیکە ٢٥٠٠ کەس هێزی لێ جێگیر کراون. لە جیاتی پاشەکشە لەو بنکە گرینگانە، ترامپ دەبێ بەڵێنی بەهێز کردنییان لە بەرانبەر هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک لە داهاتوودا بدا و بە ئاشکرا باسی بکات. پێویست ناکات ئەو ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا زیاد بکات، بەڵام دەتوانێ باشتر پارێزگاریی لەوانە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بکات کە هەر ئێستا لەوێ جێگیر کراون. ئەوە دەبێتە هۆی دانی ئەو سیگناڵە بە ئێرانییەکان کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە جێی خۆی دەمێنێتەوە و هەر هێرشێک لە داهاتوودا تۆڵەی دەکرێتەوە.

## لە کۆتاییدا، پەیماننامەی ئیبراهیم بۆ "هاوپەیمانیی ئیبراهیم" بەرز بکاتەوە

پەیماننامەی ئیبراهیم، پێش هەموو شتێک یەکێک لە گرینگترین دەستکەوتەکانی ترامپ، لە جیات پەیوەندییە سەربازییەکان، زۆرتر جەختی لەسەر باشترکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان ئیسرائیل و دراوسێ عەرەبەکانی کردوە. بەو خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەی کە ئیستا لە شەڕدایە، پەیماننامەکە دەبێ بۆ ئاستی هاوبەشییەکی هەمەلایەنەی ئەمنییەتی بەرز بکرێتەوە.

فاکتەری سنووردارکردنی هاوکاریی سەربازیی نێوان ئیسرائیل-عەرەب، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بووە: لەجیات پشتگیریکردنی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی لە کەنداو بە شێوەی هاوکات، بایدن هەوڵی داوە ئەوان دژی یەکتر بەکار بینێ، بۆ وێنە، هەڵواسینی ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل - سعودی بە ئاگربڕ لە غەززە و دانپێدانانی ئیسرائیل بە دەوڵەتی فەلەستین، کە هیچکامیان خوازیارێکیان لە ئورشەلیم نییە.

بۆ چاوترسێنکردنی ئێران، ترامپ دەبێ کار بۆ بەرفراوانکردنی پەیماننامەکە و گۆڕینی بۆ هاوپەیمانییەک، هاوتەریبی ئاککوس، هاوبەشییەکی ئەمنییەتی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و ئوسترالیا بۆ وەستان لە بەرانبەر چین لە ناوچەی ئوقیانووسی هیند-ئارام، بێ. لە ڕوانگەی سەربازییەوە، بەڵێنی هاوبەشییەکی ئەوتۆ لە کاتی هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لە مانگی ئاپریل پیشان درا: سعودی یارمەتیدەری خستنەخوارەوەی هاژەک و درۆنەکان بوو لە کاتێکدا کە ئوردن ڕێگای بە ئیسرائیل دا ڕێگاچارەی بەرگریکارانە لە ئاسمانەکەی بگرێتە بەر. وەکوو پەیماننامەکە، توخمەکانی پێویست بۆ هاوبەشییەکی ئەمنییەتی هەر ئێستا بوونیان هەیە؛ ئەوان تەنیا پێویستیان بە هاندان و بە فەرمیکردنە. بە هەمان شێوەی ئاککوس، هاوپەیمانیی ئیبراهیم دەتوانێ ڕێخۆشکەری گۆڕینەوەی تەکنەلۆژیا و چەکوچۆڵی سەرەکی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و هاوبەشەکان لە کەنداو بێ. ئەو هەروەها دەتوانێ میکانیزمێکی ئافەرمی بۆ پلاندانانی بەرگریکارانە و هێرشبەرانە دژی ئێران بێ.

لە چوارچێوەی جیهانییەوە، هاوپەیمانیی ئیبراهیم دەتوانێ خرکەرەوەی مێژوویی هاوپەیمانیی ئاتلانتیک لە ئورووپا و ئاککوس لە ئوقیانووسی هێند-ئارام بێ و یارمەتیدەری پتەو کردنی جێپێی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سێ گۆشەی گۆڕەپانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**گەلاوێژی ٢٧٢٤**

**کێبڕکێی زلهێزەکان لە جەنگی داهاتوودا بێ.**


**بە ئیرادەی سیاسیی پێویست، هێشتا دەکرێ ڕێگای ئێران بەرەو بوون بە خاوەنی بۆمبی ناوکی بگیرێت. بەڵام بێتوو دەستی بە چەکی کۆتایی ڕابگات، وڵاتە یەکگرتووەکان و هاپەیمانەکانی دەبێ ئامادەی هەنگاوی دواتر بن.**

**١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# شیراز و شیرێژ و ژاژی




**دارسمە**

شیراز لەبەر زۆر شت شارێکی زۆر گرینگە. ئەو شتانەی شیرازیان زۆر زۆر گرینگ کردووە زۆرن. یەکیان ئەوەیە شیراز نێوەندی پارێزگای فارسە و واتە قەومی فارس دەبێت زۆر پێیەوە بنازن و بە پاسارگاد و ماسارگادییەوە دیارە شارێکی هین کراوە. هەر ئەم شیرازە، شاری حافزی شاعیرە. حافز بەو غەزەلیات و مەزەلیاتەی نەک هەر کۆڕی شاعیران، بەڵکوو کۆڕی گۆرانیبێژانیشی گەرم کردوە.

خۆزگە ئەم حافزە ئێستا زیندوو بوایە و ئەم دەوروزەمانەیەی دیتبایە. کورد دەڵێت مردوو لینگی درێژ دەبێت و ئەم کابرایەش ئەگەر ئێستا زیندوو بوایە لینگی ئەوەندە درێژ نەدەبوو. هەر گەرمکردنی کۆڕی گۆرانیبێژان و مەیخانان دەبوو بە بەڵای سەری و ئێستا دەبوایە چالاکانی مافی مرۆڤ لە نێو خۆ و دەرەوە دابگڕێننە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئیکس و میکس و کەمپەینی ئازادکرانی بۆ ڕێکبخەن. ئەگەر حافز مابایە، ئێستا کۆمەڵێک کێشەی بۆخۆی و بۆ زۆر کەسی دیکەش دەخوڵقاند. هەر سرنج بدنە ئەم دێڕە شێعرەی:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**واعظان کاین جلوه در محراب و منبر می‌کنند**
**چون به خلوت می‌روند آن کار دیگر می‌کنند**

واتە ئاخوندی وتارخوێن بەو جۆرەی لە نێو مێحراب و سەربەرزەکان خۆ پێشان دەدات، کاتێک دەچێتە شوێنی خەڵوەت زۆر کاری دیکە دەکات. خۆ هەرکەسێک ئێستا شتی لەم شێوەیە بڵێت ئەگەر حافز نەبێت و ئەو فیردەوسییە بێت وەک خۆی دەڵێت عەجەمی لەسەر ئایینی فارسان زیندوو کردەوە، هەر فڕێیان دەدایە ئەو دیو دیوارە بەرزەکەی "عادل‌ئاباد" و دەبوایە بۆخوی هەتا "ظهور مهدی" بناڵێنێت.

بە دوور نییە سەعدییەکەش ئەگەر لەم سەردەمەدا ژیابایە و وەک خۆی دەڵێت بەرەو شام رۆیشتبایە و لە دیمەشق چاوی بە گرانی و برسێتی کەوتبایە، یان دەبووایە لە ڕیزی چەکدارانی فاتمیوون و پارێزەرانی حەرەم چەکی کردبایە شان و یان لە سنووری عێراق و شام ڕیک لەو ئەلبووکەمالەی زۆر باسی دەکرێت، دەکەوتە بەر هێرش و گیانی دەسپارد. کێ هەیە ئەرخاینمان بکات لە شام نەدەکەوتە بەر هێرشی فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوانی جوولەکان؟

بە شێعرەکانیەوە دیارە زحمەتە شێخی سەعدی ڕووی کردبایە شام و ئەرخەیان بن هەر لە شیراز دەمایەوە.

قسەی خۆمان بیت، ئەم سەعدییە شێعری وای هەن ئاو لە بەرد دەهێنن. یانی دڵی مرۆڤ هیچ، ئەم بەردە وشک و ڕەقانەش دەتوێننەوە. هەر ئەم سەعدیی شیرازییە لە دێڕێکی کۆتایی غەزەلێکیدا دەڵێت ئەگەر لەم سەردەمەدا زیندوو بوایە بە هیچ شێوەیەک لێی خۆش نەدەبوون و ئەویشیان هەڵدەدایە ئەو دیو دیوار "عادل ئاباد". سەعدی گوتوویەتی:

**"سعدیا مرد نکونام نمیرد هرگز**
**مرده آن است که نامش به نکویی نبرند"**

واتە "کەسێک بەباشی ناوبانگ دەربکات، هەرگیز نامرێت و ئەو کەسەش بەباشی ناوی دەرنەکردبێت، بە مردوو دەژمێردرێت".

لەم وەرگێڕانەدا چۆن برایانی فارس دەقی زمانانی دیکە بە دڵی خۆیان دەکەنە فارسی، ئێمەش هەر وامان کردووە و "مرد"ی نێو شێعری سەعدیمان کردووە بە "کەس". ئەم کارەی ئێمە لەم وەرگێڕانەدا کردوومانە، ترس لە ڕەگەزی مێی بە ئاشکرا پێوە دیارە و ئەگەر "مرد"مان کردبا بە "پیاو" ڕەنگبێ چینی چەوساوەی "فێمێنیست" لێمان زویر بووبان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێستاش بە دووری مەزانن "هاوڕێیانی چەپ" لێمان زویر بن و تۆمەتبارمان بکەن و بڵێن لە "چین"مان نەزانیوە و "فێمێنیست"ان وەک "کرێکار" و "سەرمایەدار" و "وردەبورژوا" بە "چین" ناژمێردرێن.

درێژدادڕیمان کرد و بەم چینوماچینە ئەوەندەی نەمابوو گرینگبوونی شاری "شیراز" و قەومی فارسمان لەبیر بچێتەوە.
ئەم شیرازەی باسمان کرد، لەم سەردەمەشدا زۆر گرینگە. ئیمام جومعەیەکی هەیە، کاتێک لە نوێژی هەینی و بۆنەکانی دیکەدا خەریکی وتارە، هەر شیرینە گوێی بۆ شل بکەی. ئەودەم گوێگران و بەردەنگانی لغاوەیان هەتا بناگوێیان هەڵدەکشێت، سکیان دەست بە هەڵبەز دابەزین دەکات و گنجیان لە لێوان دەبڕێت و هەردوو ڕیزی خوارو و سەرووی ددانیان دەردەکەوێت.

ئەم ئیمام جومعە بەڕێزەی دراوسێی گۆڕی کۆرشی مەزنە ناوی "لطفالله دژکام"ـە. ئەگەر ناوەکەی بکەین کوردی، ماناکەی دەبێتە "ڕەحمی خوای تووڕە". دیارە لەمێژە بە ئێمە گوتراوە ناکرێت ناو وەربگێڕین و ئەگەر وایان نەگوتبا "ڕەحم" و "تووڕەیی" لە پاڵ یەکتریدا دەستەواژەیەکی زۆر دژوازیان لێدەکەوتەوە .

جەنابی دژکام یەک دوو هەفتە لەمەوبەر لە وتاریکدا داوای لە خەڵک کرد منداڵی زیاتریان ببێت و گوتی: ئیمامی زەمان پێویستیی بە لەشکرێکی زۆرە و لەبەرئەمە پێویستە وەچەی زیاتر بنێینەوە و منداڵان گەورە بکەین و لە لەشکری ئیمام زەماندا بەشداریان بکەین .

لە وەڵامی ئاغای دژکامی شیرازیشدا هەڤووکێک لە نێو کورداندا باوە و کاتێک دنیا ئارام و بێدەنگ و هەرا دەبێت، دەڵێن: "دنیایەکی ئەمن و ئەمان و بێدەنگە، هەر دەڵێی دەوری محەممەدی مەهدییە".

**ئەنجامەکان:**

ئەنجامی پاسارگادانە: زەحمەتە کووروشێک لە نێو ئەم بەردەڵانەدا نێژرابێت.
ئەنجامی حافزانە: ئەگەر پێی بڵێن زیندووت دەکەینەوە، زەحمەتە بوێرێت.
ئەنجامی سەعدیانە: ئەگەر ئێستا زیندوو بایە کوا دەیوێرا بچێتە دیمەشق.
ئەنجامی دژکامانە: حەبی بەرگریکردنی لەدایکبوونی منداڵ و هینەکەی وەک گۆرەوەی دەچێت حەرامن.
ئەنجامی کوردانە: دەنگی ئەم بڵندگۆیانە نزم کەن، وەک سەردەمی محەممەدی مەهدی دونیا ئارام دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

**مانای هێندێک وشەی نێو ئەم دەقە:**

**شیراز:** شیرێژ، ژاژی، ئەو شیرەمەنەییەی لە دۆی کولاوی دەگرن

**عادلئاباد:** زیندانی کۆنی بە ناوبانگی شیراز

**هەڤوک:** ڕِستە، جوملە

**بەرزەک:** ئەو سەکۆیەی هێندێک لە زەوی بەرزترە و بۆ وتاراداان دەچنە بانی

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هەگبەی شاخ و شۆڕش




**برایم چووکەڵی**

گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە ڕابردووی مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن و لەنێو کۆمەڵدا سەربەرز و سەرفیرازن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆبوردوویی لاوەکانیان و لەسایەی فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵە شەهیدەکانیان. گەلی ئێمەش شانازی بە شەهیدەکانیەوە دەکا و دڵنیایە لەسایەی خوێنی ئەوانەوە نەتەوەکەمان دوارۆژێکی ڕوونی دەبی. لە کاروانی خەباتی دووروودرێژی گەلەکەماندا و بۆ سەربەستی و بەختەوەریی ئەم نەتەوەیە زۆر ڕۆڵەی نیشتمان گیانیان کردووەتە بەردەبازی ئازادی، کە دەبێ ڕێزیان لێ بگرین و ناو و یادیان هەمیشە بە بەرزی ڕابگرین. یەک لەو ڕۆڵە بەئەمەگانەی گەل و نیشتمان کە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەماندا باس لە ژیان و بەسەرهاتی دەکەین، مەلا قادری کوردستانییە لە ناوچەی پیرانشار.

شەهید مەلا قادری کوردستانی ساڵی ١٣٣٥ هەتاوی لە ئاوایی "گردئاشەوان"ی ناوچەی لاجانی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی وەرزێری زەحمەتکێش چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەرە بەرە گەورە بوو و ڕەوانەی قوتابخانە کرا، هاوکات لە حوجرە و قوتابخانەی ئایینیش دەیخوێند. لە قۆناغی ناوەندیدا وازی لە خوێندن هێنا و ڕووی کردە کاری وەرزێری و وێرای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بنەماڵەکەی ئەرکی دابینکردنی ژیانی وەستۆ گرت.

مەلا قادر بە هەڵبوونی تیشکی شۆڕش دژی ڕێژیمی پاشایەتی چالاکانە بەشداریی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانی کرد و پاش ئەوەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی پاشایەتی ڕووخا و سەرکوتی خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردەوە، بیری ئازادیخوازی و ڕزگاریی نەتەوەکەی لە دڵ و دەروونی مەلاقادردا چەقەرەی دا. ئەو لەبەر ئەوەی بە خوێن و ئێسک و پێستەوە دەردی هەژاری و نەداری، و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی دڵڕەقی دەرهەق بە گەلەکەی هەست پێ کردبوو، پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و ئەم حیزبەی بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی هەڵبژارد. دواجار لە ساڵی ١٣٥٩ دا بوو بە پێشمەرگە و بە شانازییەوە دەستی دایە چەک و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر کرد و لە لکی ٤ی هێزی ئاوارەی ئەوکاتدا سازمان درا.

مەلا قادر پێشمەرگەیەکی ئازا و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە و دڵسۆز بوو. لە ماوەیەکی کورتدا ببوو بە خۆشەویستی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی. دواتریش بە بەشداریکردن لە شەڕەکانی ناوچەی پیرانشاردا زیاتر جیگای خۆی لەنێو خەڵکی ناوچەدا کردەوە. ئەو کوڕێکی خاکەڕا و ڕوحسووک بوو. بۆ بڕیار و ڕاسپارەکانی حیزب سەرلەپێناو بوو. هەر مەئموورییەتێکی بۆیان دیاری کردبا، بەدڵ و بەگیان بەڕێوەی دەبرد. لە شەڕەکان زۆر ئازایانە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن و بوێرانە بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی دەکرد. زۆری نەبرد کە بەهۆی لێهاتوویی وەک سەرپەل، پاشان وەک جێگری لک و دواتر وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

مەلا قادر کوردستانی لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمندا دوو جار بریندار بوو، و هەموو جارێ پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکانی ئازاتر لە پێشوو دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات و تێکۆشان دژی داگیرکەرانی کوردستان. مەلاقادر کوردستانی هەر کاتێک بنەماڵەکەی داوایان لێ دەکرد واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ و بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی، پێی گووتن: تا ئەوکاتەی زیندووم چەکی شەرەف لە شانمە و نایهێنمە خوارێ. ئەو ئەوەندە قسەخۆش بوو هەموو خەڵکی ناوچە دەیانناسی و سەردانی هەر ماڵێکی کردبا ئاواتیان دەخواست جارێکیتر بێتەوە میوانیان و بچێتەوە ماڵیان. ئازایەتیی مەلا قادر لە شەڕەکانی هەوارەبی، کلاوڕەش، چیانە، جادەی سەردەشت - پیرانشار، چاکی ترشی، کەوپەر، بادیناوێ و دایەشیخیدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو.

ئازایەتیی مەلا قادر ببووە وێردی سەر زمانان و حەماسەخوڵقێنییەکانی لاپەڕەکانی زێڕینی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دەڕازاندەوە. ناو و ناوبانگی مەلا قادر کوردستانی وەک قارەمانێکی بوێر و ئازا و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

فەرماندەیەکی بەوەجی دێموکرات لە ناوچەکەدا بڵاو ببۆوە. شەهید مەلا قادر خاوەنی خوو و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کوورەی ژیانی سەخت و دژواردا، و لە مەیدانی ٧ ساڵ شەڕ و بەربەرەکانیدا قاڵ ببوو، خارابوو، چقڵی چاوی دوژمنی داگیرکەر بوو. ئازایەتی و جوامێری، ورەی بەرز و هەڵسووڕبوونی، ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی، تایبەتمەندییەک بوون کە لە دەروونیدا ڕیشەی داکوتابوو.

مەلا قادر ڕۆژی ٢١ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بۆ ئەنجامدانی کاری حیزبی لەگەڵ پێشمەرگەکانی لکەکەی ڕوویان لە ئاوایی ترکەش کرد، پاش بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبییەکان لە کاتی گەڕانەوەدا هێزی دوژمنی کۆنەپەرەست کەمینی بۆ دانابوونەوە و دەستڕێژیان لێ کرا. شێرەکوڕانی دێموکرات لێیان وەدەست هاتن و پاشەکشەیان بە دوژمن کرد، بەڵام مخابن مەلا قادر کوردستانی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و شەهید بوو و شیو و دۆڵی ئاوایی ترکەشی بە خوێنی سوور و گەشی خۆی سوور کرد.

شەهید مەلا قادر گیانی شیرینی پێشکەش بە بارەگای ئازادیی گەلەکەی کرد، بەڵام ناو و یادی بۆ هەمیشە لە دڵ و یادگەی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی زیندوو مایەوە.

ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا



**عەلی بداغی**

٣٥ ساڵ لە تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێپەڕی و ئەگەرچی هێشتا خەباتی سیاسی و نەتەوەیی قوتابییان و هاوسەنگەرانی د. قاسملوو بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کەم ڕێبەری نەتەوەیی هێندەی قاسملوو لە یاد و بیرەوەریی گەلەکەیاندا بە زیندوویی ماوە. ناوی د. قاسملوو نەک هەر ئەوەی لای نەتەوەکەی بە نەمری ماوەتەوە، بەڵکوو ئەو ناوە و کارنامەی کار و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە ناسێنەری سەرەکیی مێژووی خەبات و خوێنی کورد لەلای بیانییەکانیشە.

د. قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و میللی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو، لەهەمان کاتدا تیۆریسیەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە تا ئێستا وەک «مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد» و وەک «پێغەمبەری ئاشتی» پێناسە کراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خولیای سیاسی و خەباتی د. قاسملوو تەنیا ڕزگاریی نیشتمان نەبوو، بەڵکوو لە مەودایەکی هەراوتردا خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانی کوردستان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکانە دارشت. هەروەک باسیش کرا بەشێکی زۆری نزیکایەتی و دۆستایەتیی ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپێیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگری لە مافی کوردان دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د. قاسملوو و ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە سیاسییەی کە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بەگشتی بەجێی هێشت.

گرینگیی ڕێباز و ئەندێشەکانی د. قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا بەرتەسک نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ.

کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر بردنەپێشێی دۆزی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - بەتایبەت باشوور - ڕوخسارێکی تایبەتیی بە ناوی قاسملوو و مانایەکی تایبەتتری بە کاراکتەری سیاسیی ئەو داوە. قاسملوو کوردستانی لەتوپەتکراو و سنووره کێشراوەکانی نێو نیشتمانەکەی خۆی دەدی، دوژمنانی نەتەوەکەشی باش ناسیبوو؛ دەیدی کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی چاری کوردەکانی خۆیان ناوێ و چاویان لە کوردی بەشەکانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان؛ بۆیەش فێری کردین کە دەکرێ ناکۆکیی دوژمنانی نەتەوەکەت لە بەرژەوەندیی دۆز و سەروەریی پرسی سیاسیتدا بقۆزیتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ لەسەر حسێبی پرس و بەرژەوەندیی کورد لە بەشێکی کوردستان چاوت لە دەسکەوتێک بێ بۆ خۆت!

قاسملووی مەزن دەیزانی کورد خۆی پەرەمپەرەم و پەرتەوازەن، ڕێگای خەبات و چارەسەری پرسەکەشی پڕ «کەند و لەند و گەوە»، بۆیە لەم ڕێگە ئەستەم و دژوارەدا بەدووی دۆست و پارتنەرەوە بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆ ئەوەش هەگبەکەی پڕ بوو لە مەعنەوییاتی مرۆیی.

قاسملووی گەورە هەر دوور نەیدەڕوانی، بەڵکوو ڕوون دەیڕوانی و سیلەی دەگرت. خەباتە ڕەواکەی ئەو کاتە بە سەرکەوتوو دەزانی کە گەیشتبێتە کەنارەکانی ئاشتی و ئارامی. ئەو باوەڕی قووڵی هەم بە مافەکانی نەتەوەکەی و هەم بە پێکەوەژیانی خەڵک و ژیارەکان دی لە تەنیشت یەکتر هەبوو؛ باجی ئەم باوەڕەش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ حیزب و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

نەتەوەکەی گەلێ قورس بوو، و گیانی لەسەر دانا.

دوگماتیزم و چەقبەستن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی قاسملوودا جێیان نەبوو، ئەو سیاسەتی نەک لەسەر بنەمای تیوریی نەگۆڕ، بەڵکوو لەسەر بنەمای زانست و داتا و لێکدانەوە دەکرد کە هەموویان بگۆڕن. ئەو لە تویێ تیۆرییەکاندا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوەکەی نەدەچوو، بەڵکوو قوڵی لێ هەڵدەکرد و لە مەیدانی کردەوەدا بنیاتی دەنا؛ بۆیەش حیزبەکەی لە سەردەمی بەڕێوەبەریی ئەودا ببووە گەورەترین هێزی کوردی و، هەروەها خاوەن و داهێنەری بنچینەییترین پڕەنسیپ و دەسکەوتە نەتەوەییەکان. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی ئەو لە ڕابردووی دۆزی نەتەوەکەشی هەر لە پێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بوو.

میراتی د. قاسملوو هەر ئەم بەها و بایەخانە نین کە هێنایە نێو حیزبەکەی و ئێستاش جێی شانازی و فەخرپێکردنن، میراتی قاسملوو وانەکانیەتی بۆ بەردەوامیی خەبات و لە سەنگەردا مانەوە هەتا دواتروپکی سەرکەوتن. ئەو بوو فێری کردین کە دێموکراسی چەند بۆ دابینبوونی مافەکانمان گرینگە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانمان بۆ مانەوەمان بە سەربەرزی چەندە زەرووره و، واقعبینیمان لە سیاسەتدا چەندە پێویست. دەرسی ئەوەی دادایێن شێلگیر و بوێر بین و لە بڕینی هەڵەمووتەکانی بەرەو ئامانجدا دەستی هیوا بەرنەدەین و ئیمانمان بە سەرکەوتن پتەو بێ. دەرفەت بخوڵقێنین و هەلە ڕەخساوەکان لەکیس خۆمان نەدەین. دەستی خۆمان نەبەستین و چاولەدەستی خەڵکیش نەبین.

زامی لەدەستدانی قاسملووی ڕێبەرمان بەژانە و لەکیسچوونی، ئەویش بە دەستی غەدر و تاوان برینێکی ئاوەڵایە، قەتماغە نابەستێ و لە پووشپەڕی هەموو ساڵێکدا جاڕی ئەم ناعەداڵەتی و بێدادییە دەدا کە دەرحەق بە تێرۆرەکەی ڤییەن کراوە. بۆیە ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە دەسەڵاتی دادی ئوتریشیشیدا هەروا کراوە و ئاوەڵایە. بێگومان قاسملوو مێژوویەکە دەیخوێنینەوە، وانەیەکە فێری دەبینەوە، سەرمەشقێکە هەموو کاتێ لەبەر چاومانە و، ڕێباز و ئامانجێکە کە لە ئاسۆی ڕوانین و لە قووڵایی فەلسەفەی ڕامانەکانیدا پێی دەگەین. لە ئێستاشدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژانی شۆڕشێکی نوێ گرتوویەتی، ئەوا دیسان ناو و یاد و وانەکانی قاسملوون باڵیان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کێشاوە و ئەوە قاسملوویە وەک ڕێبەر و وەک ڕزگاریدەر -بەهۆی بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و میراتە فکری و مەعریفەییەکەوە- خویا بووە.

٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## سۆسیالیزم بۆ نیشتمان، یان نیشتیمان بۆ سۆسیالیزم!



**ڕەزا دانشجوو**

سیاسەت زانستێکە پڕ لە ئاڵۆزی و نهێنی کە بەپێی کات و شوێن دەتوانێت تەواو جیاواز خۆی نیشان بدات، سیاسەتمەدار جیا لە زانین و تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی خۆی و دونیا پێویستە باشترین توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکانی هەبێت. بێگومان دوکتور قاسملوو یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە جگە لە مەعریفە و وشیاری، تێگەیشتنێکی قووڵی لە کۆمەڵگەی مەبەست (نیشتمانی خۆی) هەیە و دەزانێت چ ڕێگایەک بەرەو ڕزگاریی دەبات. هەرچەند ئەو وەکوو هەر مرۆڤێک دوور لە هەڵەکردن و خەتا نییە، بەڵام وەک حەکیمێکی کارزان و لێهاتوو، بەباشی بە دەرد و ئازاری کۆمەڵگەکەی دەزانێت و چارەسەرەکەی بەباشی دیوەتەوە. دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی هۆکارەکان لە کاتی پێویستیدا و دواتر تێکۆشان بۆ دیتنەوەی چارەسەرێکی گونجاو و زانستیی! هەر ئەم زانین و تێگەیشتنەش یارمەتیی دەدات بۆ بڕیاردانی دروست و لۆژیکی لە بارودۆخە مێژووییەکان، هەرچەندە ئەم بڕیارانە لێکەوتەی زۆریان بۆ ئەو هەبێت.

یەکێک لە گرنگترین ئەو بڕیارانە هەڵوێستی دوکتور قاسملوویە سەبارەت بە سۆسیالیزم و بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان و نێو حیزبی دێموکرات. خوێندنەوەی دوکتور قاسملوو لە چەپ و مارکسیزم شتێکی تەواو جیاوازە لە بەشێک لە هاوڕێیانی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەنێو حیزبی دێموکراتدا، هەرچەندە ئەم هەڵوێستە دەیخاتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نەخوازراو و دۆخێکی سەختەوە، بەڵام شیکاریی دروست و ئاگاداری لە دەرئەنجامەکانی ئەم پرسە وای لێدەکات لەسەر ڕێبازەکەی خۆی پتەو و چەسپاو بمێنێتەوە. "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم" لەدایکبووی هەلومەرجێکی وا نادیار و تەماوییە. شیکاری و شیکردنەوەی بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە چەپ و سۆسیالیزم و هۆکاری نووسینی ئەم کورتەباسە بێگومان پێویستی هەیە بە زانین و ئاگاداری لە مێژووی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم لە ئێراندا، لە سەرەتای دروستبوونی تا سەردەمی نووسینی ئەم مانیفێستە.

چەپ لە ئێراندا دەکرێ وەک لە دایکبووی پەرەسەندنی وردە وردەی سیستەمی ئابووریی سوننەتی کۆمەڵگە بۆ سیستەمێکی نوێی سەرمایەداری سەیر بکرێت. وتاری مێژوویی چەپ لە ئێران سەبارەت بە دەسپێکی ئەم بزووتنەوەیە دەنووسێت؛

"دەسپێکی جووڵانەوە و تیۆریی چەپ لە ئیران هاوکات لەگەڵ شۆڕشی مەشرووتە لە تەورێز بوو. بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و بۆچوونی سۆسیالیستی لە ڕووسیەی تزاری، دراوسێی باکووری ئێران، بێگومان کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر سەرهەڵدان و پێگەیشتنی بیرۆکەی چەپگەرایی لە ئێراندا هەبوو. بە ئیلهاموەرگرتن لەم شێوە بیرکردنەوە لە تەورێز چەندین ڕێکخراوی سیاسی پێک هاتن کە گرنگترینیان "اجتماعیون عامیون" بوو بە چاولێکەری لە سیستەمی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان.

ئەم گرووپە بچووکانە زۆرتر لەلایەن ئەرمەنییەکان و ئەو ئێرانییانە پێکهێنران کە دوای کۆچکردنیان بۆ کارکردن لە پیشەسازیی نەوتی باکۆ، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ نیشتمانەکەیان هێشتەوە، یان خۆیان گەڕانەوە ئێران. هەندێکیان بە ئەندامەتی لە "جمعیت همت"دا (کرێکاری موسڵمانی باکووری ئەرەس) ئەزموونی شەڕکردنیان هەبوو.

تێکۆشەرانی چەپ هەوڵیان دەدا پەیوەندییەکانی کۆن و چەوسێنەر بگۆڕن و بارودۆخی کرێکاران لە ئێران باشتر بکەن. ئەوان لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمی قاجار و کەسانی نزیک لە دەسەڵات و خاوەن ئیمتیازی تایبەت و لە بەرگریکردن لە شۆڕشی مەشرووتە چالاک بوون و بەتایبەت لە سەردەمی "استبداد صغیر"دا، لە پیشتیوانی و بەهێزکردنی بەرخۆدانی تەورێز و پاراستن و پەرپێدانی ئامانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو".

ئاسەواری بزووتنەوەی چەپ لە شۆڕشی مەشرووتەدا دەتوانێت لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات (عامیانە) بە ئاراستەی چەپی ناوەند و بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی ناسراو وەک محەممەدتەقی بەهار (ملک الشعرا)، محەممەدڕەزا موساوات و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حەیدەرخان ئومەوغلی ببینرێت. دەرچوونی ڕۆژنامەکانی وەک "ایران نو"، "شفق" و "نوبهار" بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم کەسایەتییانە لە تەورێز و خوراسان بوو. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر و لەژێر کاریگەریی بۆلشویکەکان، فۆرمێکی ڕادیکاڵتری چەپ لە ئێراندا خۆی نیشان دا و دەرئەنجامەکەی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو کە یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە ساڵی ١٢٩٩ لە بەندەر ئەنزەلی بەست. کاریگەری بزووتنەوەی چەپ لە سەرهەڵدانی "جنگل" و "میرزا کوچک خان جنگلی" دەتوانرێت بە لوتکەی ئەم بزووتنەوەیە دابندرێت. لەگەڵ شکستی بزووتنەوەی "جنگل" زۆربەی کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمە لە ترسی ئەشکەنجە و زیندانیکردن بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت هەڵهاتن. چالاکیی دوکتور "تقی ارانی" و گرووپی ٥٣ کەس، هەوڵێکی نوێ بوو لە سەردەمی حکومەتی ڕەزاخان بۆ بووژاندنەوەی بزووتنەوەی چەپ لە ئێراندا. ئەمە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی توودەی ئێران بوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک باوکسالاری زۆرێک لە حیزبەکانی دوای ئەو دادەنرێت و بە تێپەڕبوونی کات تووشی دووبەرەکی و جیابوونەوەی زۆر بوو.

بەم پێشەکییە کورتە ئێستا باس لە پرۆسەی چەپگەرایی لە ساڵانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن خومەینی دەجالەوە دەکەین. لە "مارکسیست"ی خاڵی هەتا "مارکسیستی موسڵمان"،لە "ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق" هەتا ڕێکخراوەکانی "مارکسیزم لێنینیزم"، "مائۆئیزم"، "مارکسیستی شۆڕشگێڕ" و سەدان ناوی تر پانتایی کۆمەڵگەیان پڕکردوە. وشەی "خلق" و "توده" دەستەواژەی هەر وتار و لێکدانەوەیەکی سیاسییە. جنۆکەی ئیمپریالیزم و خەباتی پرۆلیتاریا، قسە و باسی شەو و ڕۆژی خوێندکارانی زانکۆ و تەنانەت قوتابییەکانە! هەموو شتێک بە شێوەیەکی بێزارکەر سووک، هەستەکی و ناڕاستەقینە. چەپ هێمای ڕۆشنبیرییە و ناسیۆنالیزمیش هێمای کۆنەپەرستی و پشتبەستن بە ئیمپریالیزمە. کڵاوەکەی چێگڤارا و شێوازی جگەرەکێشانی، قسەکانی کاسترۆ و نامەکانی لێنین هەموو باس و خواستی ئەم سیاسەتمەدارانەیە کە لە دیکتاتۆرییەتی پەهلەوی بێزارن و لە دژی خەبات دەکەن.

لە هەلومەرجێکی وادا دوکتور قاسملوو بە ناسینی واقعە تاڵەکانی کۆمەڵگە کۆمۆنیستییەکان و دوور لە کەشوهەوای هەستەکی شرۆڤە و لێکدانەوەی خۆی لە سۆسیالیزم دەخاتەڕوو، و ئاگادار لە دەرئەنجام و ئاکامی ئەم کەشوهەوای ژەهراوییە لە خەمی داهاتووی گەلەکەیدایە. "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم" پێچەوانەی ناوەکەی و ژمارەی لاپەڕەکانی، وتارێکی زۆر درێژ و جێی سەرنجە، هەڵقوڵاوی زانیاری و مەعریفەی قووڵی دوکتور قاسملوو لە سۆسیالیزم و کۆمەڵگای کوردستانە. دکتور قاسملوو بە ئاگادارییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کەشوهەوا هەستەکی و زوو تێپەڕە هەنگاو دەنێت. لەلایەن بەشێک لە هاوڕێیانی لەنێو حیزب و لەژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا تۆمەتبار بە لایەنگری لە ئیمپریالیزمەوە دەکرێت، بەڵام باوەڕمەند بە ئامانجەکەی بەردەوامە لە ڕۆشنگەری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوکتور قاسملوو پێچەوانەی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە، تەنیا مارکس و ئەنگلسی نەخوێندووەتەوە، بەڵکو بە قووڵی لێیان تێگەیشتووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، سەرەڕای باوەڕی بە سۆسیالیزم وەک ڕێگەیەک بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، باس لە نەبوونی بناغە پێویستەکان بۆ پیادەکردنی سۆسیالیزم لە کۆمەڵگەی کوردستان دەکات. ئەو یەکیەتیی سۆڤیەت وەک نموونە بەکار دەهێنێت و بە وردی هۆکارەکانی شکستهێنانیان دەخاتە بەرباس. باسی وڵاتی چێکۆسلۆواکی و لاساییکردنەوەی هەڵەیان لە یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ پیادەکردنی سۆسیالیزم دەکات. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سۆسیالیزم دەبێ هەماهەنگی و گونجاویی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەی ئامانجەکەیدا بێت. باسی سیاسەتە هەڵەکانی حیزبی تودە دەکات و ڕەخنە لە شوێنکەوتوییان لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەگرێت. بە بڕوای دوکتور قاسملوو پەیوەندی لەگەڵ هەموو وڵاتان دەبێ هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا سیاسەتی حیزب دەبێت سەربەخۆ بێت و لەسەر بنەمای خواستی خەڵک بێت نەک فەرمانی ڕادیۆ مۆسکۆ!

دوکتور قاسملوو بە وردبوونەوە لە بارودۆخی باشووری کوردستان، هەم ناسیۆنالیزمی کۆن، سوننەتی و خێڵەکی و هەم سۆسیالیزمی بێ نیشتمان بە هەڵە و ناتەواو دەزانێت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێویستە سەرەتا جەخت لەسەر ناسنامەی خۆمان بکەینەوە، دەبێت بوونی خۆمان هەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێت جۆری حوکمڕانی لەم خاکەدا لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئینسانی بێت، ناچینایەتی و هەبوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد ئامانجی کۆتاییە. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە ئەولەوییەتی یەکەم کوردستانە، نەک سۆسیالیزم! دوور لە تاقمێک دروشمی هەستەکی، خۆنواندن و پیاهەڵدانی ئەم سەردەمە، ڕاشکاوانە سیستمی کۆمۆنیستیی تاک حیزبی لە هەندێک وڵاتانی کۆمۆنیستدا بە هۆکاری پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ دەزانێت. دوکتور قاسملوو شوێنکەوتوویی وەک هەڵەیەکی گەورە ناو دەبات و لە کاتێکدا بڕوای قووڵی بە دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ هەموو وڵاتان هەیە، بەڵام پابەندبوون بە پرەنسیپ و بیروباوەڕی حیزب و خواستی گەلەکەی لای ئەو زۆر گرنگترە.

سۆسیالیزمی دوکتور قاسملوو ڕێگەچارەیەکی خۆماڵیکراوە بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ دامەزراندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بۆ سیستەمێکی ناچینایەتی. دوکتور قاسملوو ڕاشکاوانە دەڵێت ئێستا ئەولەوییەتی من شوناسی نەتەوەیی کوردستانە نەک دروشم و لاساییکردنەوەی کوێرانەی حیزبی تودە و ئاغاکەی (یەکیەتیی سۆڤیەت)! بڕوای قووڵی بە سۆسیالیزم هەیە، بەڵام نەک بۆ شەڕێکی خەیاڵی دژی چینی بۆرژوازی کە لە کوردستانی هەژار و ئیستغلالکراودا هیچ ئاسەوارێکی لێ نادۆزرێتەوە. بڕوای قووڵی بە سۆسیالیزم هەیە، بەڵام نەک بۆ دروشمی دەم پڕکەرەوە و کۆبوونەوە و میتینگی سیاسی، دوکتور قاسملوو سۆسیالیزمی بۆ گەلەکەی دەوێت، بۆ وڵاتەکەی. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو سۆسیالیزم ئامانج نییە، ئامرازێکە کە دەتوانێت یارمەتیی خەڵکی بێدەسەڵات و ئازارچێشتووەکانی بدات ئەگەر مەرجەکان لەبەردەستدا بێت. ئەو ڕوانگە دروست و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زانستییه که حیزبی دێموکرات له ژێردەستیی و شوێنکەوتوویی حیزبی توودە و کاربەڕێکەرەکانی دەپارێزێت، هەر ئەو ڕوانگە ژیرانەیە کە دەبێتە هۆکار تا گەنجانی بێشومار پڕ لە سۆز و خاوەن باوەڕێکی قووڵ بە سۆسیالیزم، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بواری فیکری سەربەخۆ و باوەڕمەند لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕزگاریی کوردستان و شوناسی نەتەوەیی دەستبەسەرداگیراو خەبات بکەن. هەروەک ناسیۆنالیزمی میانڕەو و زانستی کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە هەموو نەتەوەکانی تر و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیان دامەزراوە، سۆسیالیزمی دوکتور قاسملوو دوور لە هەر جۆرە توندڕەوی و شوێنکەوتوویی، ڕەسەن و لۆژیک و هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، فرەچەشنی و بەبێ ململانێی چینایەتی.

"کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم" مانیفێستی تێگەیشتن و شیکردنەوەیە، ئاگاداری لە ڕۆژانی داهاتوو! وەک چۆن سەرکردەی شەهید، پێشەوای نەمر لە سەردەمی خۆیدا بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە کاریگەریی دین و ئایین لە کۆمەڵگەدا، سەرەڕای نزیکی لە یەکیەتیی سۆڤیەت، هەرگیز بەپێچەوانەی ئاراستەی خوازراوی کۆمەڵگەکەی مامەڵەی نەکرد و شوێنکەوتووی سیاسەتی هەڵەی ڕووسەکان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئایین نەبوو و بە سەربەخۆیی فیکری لە بیری بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای بەها نەتەوەییەکان بوو، دوکتور قاسملووش بە ئاگاداری لە کاریگەریی کۆمۆنیزم و بیروباوەڕی کۆمەڵگە لەو سەردەمەدا، وێڕای ڕۆشنگەری و بەربەرەکانی بێوچان لەگەڵ کۆمۆنیزمی هاوردەی کوێر و ناعەقڵانیدا، سەرقاڵی دامەزراندن و بناغەدانانی خوێندنەوەیەکی تەواو ڕەسەن و زانستی لە سۆسیالیزم بۆ داهاتووی کوردستان بوو.

دوکتور قاسملوو سۆسیالیزمی بۆ کوردستان دەویست نەک کوردستانی بۆ سۆسیالیزم!

***

سەرچاوەکان:

1.The Left in Iran (1905-1940) Revolutionary History, Volume 10, No 2 Socialist Platform Ltd
Merlin Press, United Kingdom

٢- کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم

٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مستەفا مەولوودی: خەڵکی کوردستان سیاسیتر و مافویستتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن



دیمانە: زانیار حوسێنی

ئاماژە:

**دوو حەوتوو دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی بەناو هەڵبژاردنەکان پرس و پرسیارەکان لەسەر پێگەی سەرکۆماری لە نیزامی کۆماری ئیسلامی، دۆخی خەڵک و بەڵێنەکانی پزشکیان، هێناوەی ڕێفۆرمخوازەکان بۆ نیشاندنی وێنایەکی دی لە ڕێژیم بۆ تێپەڕین لە قەیرانەکان و هەروەها ئاسۆ و دوورەدیمەنی خەبات و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران بەتایبەت کوردستان، ڕۆژەڤی سیاسیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانن. "کوردستان" بۆ دەرخستنی سیاسەت و خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکرات دیمانەیەکی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوە.**

**زانیار حوسێنی:** لەگەڵ ئەوەدا پزشکیان بە کەمترین دەنگ لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە مێژووی ئێراندا ناوی لە سندووەکانی دەنگدان هاتە دەرێ، بەڵام هەر ئەو کەمایەتییە بەشدارەش بەهیوای ئاڵوگۆڕ لە دۆخی وڵاتدا بەشدارییان کردوە. پرسیار ئەوەیە پێگەی سەرکۆمار لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و ڕادەی دەسەڵاتی بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی نیزام و بەڕێوەبەریی وڵات چەندە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**مستەفا مەولوودی**: ٦٢ میلیۆن کەس لە ئێران مافی بەشداری و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی هەبوو، بەڵام بەپێی ئامارەکانی ڕژیم کە جێگای باوەڕ نین و پێوەی دەنرێن، لە دەورەی یەکەمدا بەشداریی خەڵکد کەمتر لە سەدا چل و لە دەوری دووهەمدا کەمتر لە سەدا پەنجا بووە. خۆ ئەگەر ئەم داتایە ڕاستیش بێ، نیزیکەی ١٦ میلیۆن کەس دەنگی داوە بە مەسعود پزیشکیان، یانی نیزیک یەک لە چواری ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو. بەو جۆرە پێگە و پشتیوانی خەڵکی وڵات بۆ پزیشکیان زۆر لاوازە و ناوبراو ناتوانێ زۆر پشتگەرم دەبێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و بەرنامەکانی، جا ئەگەر پرۆژە و بەرنامەیەکیشی هەبێ. چونکی ناوبراو هاوکات لە دەرکەوتنی ئاسایی و هەندێ ڕەخنەی گشتی لە دۆخی وڵات کە لە کێبرکێیەکانی هەڵبژاردندا زۆر ئاساییە، زۆر بەڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کە پرۆژەم نییە و پرۆژەی من ئەو ڕێکارانەن ڕێبەر! دیاریی کردون یان دیارییان دەکات!

خۆ ئەگەر چاوێک بە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بگێڕین، دەبینین دەسەڵاتی تەواو بۆ ڕێبەرە و سەرکۆمار لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەفەری دووهەمە. بۆیە ئەگەر بیشیهەوێ گۆڕانێکی جیددی لە سیاسەتی گشتیی نیزامدا دروست بکات، لە ڕاستیدا بۆی ناکرێت. دیاریکردنی هێڵی سیاسەتە گشتییەکانی ڕژیم لە دەسەڵاتی ڕێبەردایە و چاوەدێری ئەم هێڵە سیاسییانەش هەر بە ڕێبەرە؛ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکانە، سیاسەتی ستراتیژیکی دەرەوەی وڵاتیش هەر لە پاوانی ڕێبەردایە، کاربەدەستە پلەبەرزەکان و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ڕێبەر دیارییان دەکات و زۆر ئەرک و سەلاحییەتی دیکە لە دەست ئەودایە و ئێستا باسی ئێمە نییە. سەرکۆمار بەپێی یاسای بنەڕەتی زۆرتر ئەرکی بۆ دیاری کراوە تا سەڵاحییەت و دەستکراوەیی لە کارەکاندا، هەر بۆیە ئەگەر سەرکۆمار بیهەوێ گۆڕانێکی بنەڕەتی دروست بکات، ئەوە لە توانایی و دەستئاوەڵایی سەرکۆماردا نییە؛ ئەزموونی هەشت ساڵ سەرکۆماریی خاتەمی و لەدوای ئەویش ڕۆحانی کە زۆر لە پزیشکیان بەهێزتر بوون، دەرخەری ئەو ڕاستییەن سەرکۆمار لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ناتوانێ گۆڕانێک دروست بکا.

**زانیار حوسێنی**: باسی سەرەکی هەرە ئەوەیە ئاماژەتان پێ دا. ئیسلاحتەڵەبەکان ئەوکات و لەوپەڕی بەهێزیی خۆیاندا چییان لە بەرژەوەندیی خەڵک لە ساختاری کۆماری ئیسلامیدا گۆڕی کە لە دۆخی ئێستادا لە دەستیان دێت؟

**مستەفا مەولوودی**: سێناریۆ جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریدا زۆر کەسی تووشی گومان و سەرسووڕمان کردوە؛ ئەو شێوەیە لە پەسندکردنی شیاوی بۆ کاندیدابوون لەلایەن شۆڕای نیگابان یەک لەو سێناریۆیانەیە کە یاری بە شعووری خەڵک دەکات، دەنا بەپێی دەستوری بنەڕەتی دەسەڵاتی تەواو لەدەست ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدایە و وەک لە ماددەی ١١٣ی یاسای بنەڕەتیدا هاتوە "سەرکۆمار دوای ڕێبەر، بەرپرسی فەرمیی وڵاتە جیا لەو ئەرک و سەلاحییەتانەی بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبەر دانداروە". دەی ئەگەر سەیری ئەرک و دەسەڵاتی ڕێبەریش دەکەی، ڕاستی هەموو دەسەڵاتە کاریگەر و شوێندارەکان لە پاوانی ئەودان. کاتی خۆی خاتەمی دانی بەوە دانا سەرکۆمار تەداروکچییە، یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین جێگرە بۆ ڕاپەراندنی کۆمەڵێک کاری سنووردار کە ڕێگای چارە و یەکلاکردنەوەیان هەر لەلای ڕێبەرە و سەرکۆمار بە یاسا دەست و باڵی بەستراوە. لەو چەند ڕۆژەشدا کە باس لە ڕۆڵی سەرکۆمار لە ئێران دەکرا، کۆی جومگەکانی دەسەڵاتیان بە ٢٩ جومگە دانا کە ٢١ جومگە بۆ ڕێبەر و ٧ جومگەیان بۆ ناوەندەکانی ئایینی داناوە و تەنیا یەک جومگەیان بۆ سەرکۆمار هێشتۆتەوە. جیا لەوەش دەڵێن لە ١٨ وەزیر لانیکەم ٩ کەسیان بە ڕەزامەندی خامنەیی دەبێ دیاری بکرێن؛ لام وایە بۆ وەزیرەکانی دیکەش ڕاوێژی لەگەڵ دەکەن. هەر بۆیە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران لە هەموو ئەو ١٤ خولەی پێشوودا گۆڕانکاریی لە بەرژەوەندیی خەڵکدا لێ نەکەوتۆتەوە، خۆ هەر ئەوکات کە چارەنووسی برایم ڕەئیسی نادیار بوو، و خامنەیی دۆعای خێری بۆ کردن، گوتیشی کە جێی هیچ نیگەرانییەک بۆ ڕاپەراندنی کاروباری وڵات نییە، چونکی هەمووی لە بن دەستی خۆیدایە. لەوەش بترازێ هەموو ئەو کەسانەی بۆ گەمەی هەڵبژاردن تەئیید دەکرێ، پێشتر بەتەواوی پێبەندیان بە ڕێژیم، یاسای بنەڕەتی و ڕێبەر سەلماوە و هەموو ئەو نەهامەتییانەش بەسەر خەڵکی ئێران هاتوون، هەموو لە دەورانی سەرکۆماریی سەرکۆمارەکاندا بووە؛ ئەدی بۆ نەیانتوانیوە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا کارێک بکەن. خۆ زۆرترین تێرۆرەکان، سەرکوتی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکانیش هەر لە سەردەمی بەناو دەوڵەتی "سازندگی" و ڕێفۆرمخواز و ئێعتدالگەراکاندا کران. بۆیە دۆخ و چارەنووسی دەوڵەتی پزشکیانیش لەوە بەدەر نابێت.

**زانیار حوسێنی**: لەگەڵ ئەوەشدا پێتان وانییە هاتنی ڕێفۆرمخوازەکان لە قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیمی لە زۆر قەیران ڕزگار کردوە؟ بۆ نموونە ساڵی ١٣٧٦ و دوای بڕیاری دادگای مێکونووس کە خاتەمییان هێنایە پێشێ. یان قۆناغی دوای سەرکۆماری ئەحمەدینژاد بە قوتکردنەوەی حەسەن ڕوحانی و هەروەها لە قۆناغی ئێستای دوای بزووتنەوەی ژینادا؟

**مستەفا مەولوودی**: لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین هەرکات حکوومەت خراپ سیاسەتی کردوە و لەو سۆنگەیەوە بێزاری زۆری لەنێو وڵات و خەڵکدا لێ کەوتۆتەوە، یان دەستێوەردانی ڕێژیم لە ناوچەکەدا سنووری دیاریکراوەکانی بەزاندوە و بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچە و هێزە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ناوچەی زیاد لە پێویست وە مەترسی خستوە و ئەگەری کاردانەوە و گۆڕینی دۆخ لەدژی ڕێژیم هەست پێکراوە، یان ڕێژیم خۆی بۆ هەندێ گۆڕانکاری پێویستیی بە گۆڕینی ستراتیژی و ئەجێندای سیاسی بووە، زیرەکانە هاتوە و کەسانێکی وەپێش داوە بۆ ئەوەی لە نێوخۆ خەڵک و لە دەرەوەش وڵاتان و بیروڕای گشتی هەڵخڕێنن. ئەوەی بە پۆلیسی باش و خراپ، یان هەڵبژاردنی خراپ لەهەمبەر خراپتریش ناوی دێت. بەڵام لەگەڵ ئەو گەمە و سیناریۆسازییانە، ئەو نیزامە لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و پێوەندیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نێودەوڵەتی ڕۆژ بە ڕۆژ تووشی قەیرانی جۆراوجۆری زیاتر بووە. ئەوە ڕوونە دەسەڵات لە ئێراندا بە ڕێبەرە نەک سەرکۆمار کە ٤ ساڵ جارێک دەگۆڕدرێ. هەروەها لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا زۆر دەسەڵاتی فەرمی و نافەرمی و ئایینی و ئایینزایی سەیر و سەمەرە و هاوتەریب یان بڵێین لەسێبەردا دروست کراون. بۆ نموونە هەر ئێستا کە پزیشکیان بۆتە سەرکۆمار دەیان سایت و نیهاد و ناوەندی جۆراوجۆر و ڕووحانی و مۆرەی نیزامی و ئەمنییەتی خەت و نیشانی قوت بوونەتەوە بۆوەی پشکیان لە کابینەکەیدا هەبێت. کاتێکیش چاو لە سەرکۆمارە هەرە بەهێزەکانی ڕیفۆرمخوازەکان یانی خاتەمی و ڕووحانی دەکەین، دەبینین ئەوانیش هیچیان پێ نەکراوە و تەنانەت هاواریان لێ بڵیند بووە کە ئەو بازنە بچووکە سەڵاحییەتەکەی بە هۆی کۆسپ خستنە سەرڕێی ئەوانی تر کەوتۆتە مەترسی و هیچیان لە دەست نەهاتوە بیکەن. جا کەسێکی وەک پزیشکیان کە بەهەموو حسابێک لە هەردووکیان لاوازترە، سروشتییە چاوەڕوانی زیاتری لێ ناکرێ و دەرگا لەسەر ئەو پاژنەیە دەگەڕێ ٤٥ ساڵە دیاری کراوە.

**زانیار حوسێنی**: پێتان وانییە دەمامکەکانی پزشکیان هەر لە چەند ڕۆژی یەکەم و زۆر زوو لادران؟ بە سەرنجدان با ڕابردووی سەرکۆمارەکانی پێشوو لە چوارچێوەی ڕێژیمدا چ داهاتوویەک بۆ ئەو وێنا دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: مەسعود پزیشکیان لە دەورانی کێبەرکێ بەناو هەڵبژاردندا بەنیسبەت لەوانی دیکە قسەی باشتری دەکرد و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی چاوی زیاتری لەسەر کۆ بێتەوە و کۆمەڵێک ئومید و چاوەڕوانی لەسەر دروست بکرێت. دیارە وەک دەزانین لانیکەم سەتا ٦٠ی خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد و ئەوەش ئەو خوێندنەوەیەی بۆ دەکرێ کە ئەو زۆرینەیە خوازیاری تێپەڕبوون لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین و هیچ هیوایەکیان بەو ڕێژیمە نییە و بیریان لای ڕووخانی ڕێژیم و گۆڕینی نیزامە. پزشکیان مۆرەی موخلیسی ئەو ڕێژیمە بووە و کارنامەی سیاسیی ئەو لە بەشداریی لە شۆڕشی بەناو فەرهەنگی لە زانکۆکان، لە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، یان لە پەردەپۆشکردنی کوشتنی بەئانقەستی زارا کازمی، پەیامنێری ئێرانی - کانادایی لە زیندانی ئێڤینی تاران هەمووان دەیزانین. هەر خۆی لە دەورانی کێبەرکێی هەڵبژاردندا لە زانکۆی تاران بەڕاشکاوی ڕایگەیاند شوێنکەوتووی ڕێبەرە و کەس لەو ئاستەدا نییە ڕەخنە لە خامنەیی بگرێت. تەنانەت هەرچەند بەشێک لە ڕیفۆرمخوازەکان لە دەوری هاڵاوان، بەڵام ئەو زۆر ڕاشکاوانە ڕایگەیاندوە ئوسوولگەرایە. هەروەها نەیشاردۆتەوە کە بۆ کاروباری وڵاتیش بەرنامەیەکەی ئەوتۆی نییە و چاوی لە زاری ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە و پلان و بەرنامەکانی ئەو جێبەجێ دەکات. لە کاتی سەرکەوتنیشدا بەر لەوەی دەستخۆشی و سوپاس لە خەڵک بکات، سوپاسی ویلایەتی فەقیهی کرد و گوتی ئەگەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چاکەی لەگەڵ نەکردبا، ناوی ئەو لە سەندوق دەرنەدەهات. جا کەسێک ئەو بەو پێشینەیە چاوەڕوانی گۆران و بابەتی جیددی لێ ناکرێ جا با قسەی باشیشی کردبێ. مێژووی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان لێوانلێو لە قسەی جوان و وێناکردنی داهاتوویەکی باشە بەڵام هەمیشە بەپێچەوانەی قسەکانیان تەنیا لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان دابوون و خەڵکیان پشتگوێ خستوە.

**زانیار حوسێنی**: حیزبی دێموکرات چەندین هەڵبژاردنی ئەمدواییانەی سەرکۆماری و مەجلیسی لانیکەم لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بایکۆت کردوە. دەسکەوتەکانی ئەو سیاسەت و هەڵوێستە بۆ حیزبی دیموکرات، بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەڵکی کوردستان چی بووە؟

**مستەفا مەولوودی**: دەسکەوتی سیاسی یەک ڕۆژە و کتوپڕ نایەتە دی، بەڵام هەر لە سەرەتاوە کە حیزبی دێموکرات ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی بۆ ڕوون بوّتەوە بەنیسبەت زۆربەی هەڵبژاردنەکانی سیاسەتی بایکۆتی گرتووەتە بەر. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک لە هەڵوێست و سیاسەتی حیزب ورد ببنەوە و زۆرتر تێ بفکرن و ئەم ڕێژیمە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان، تەنانەت لە نێو خەڵکی دیکەشدا بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە بە هەستیارییەکی زۆرترەوە لە هەڵبژاردن و بەشداری لە هەڵبژاردن و شوێندانەری و کاریگەرییەکانی ورد دەبنەوە. ئەزموونی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا نیشانی داوە هەڵبژاردن لانیکەم بە سێ هۆکار لە وڵاتی ئێران ناتوانێ ئەو شوێندانەرییەی هەبێ کە چاوەڕوان دەکرێ؛ یەکەم: لە نیزامی سیاسیی دیکتاتۆریدا وا نییە هەڵبژاردن کاریگەریی جیددی هەبێ. دووهەم: نیزامی سیاسی دێموکراتیک نییە هەتا کەسەکان بتوانن خۆ بپاڵێون و خەڵک بە هەڵبژاردنی باشترین بتوانن گۆڕان لە سیاسەتی دەوڵەتدا دروست بکەن. سێهەم: هەڵبژاردن لە ئێراندا بۆ ئەوەیە بەشی ئیداریی دەسەڵات بەڕێوە بەچێ و مودیرییەت بکرێ و چ ئەنجامێک بخوازن هەر ئەو دەبێ؛ بۆیە بەشداری لە هەڵبژاردندا نەیتوانیوە و ناتوانێ کاریگەر بێ و شوێندانەری هەبێ.

بایکۆت لە کوردستان لەلایەن حیزبەکان و خەڵکدا بەتایبەت لەلایەن حیزبی دێموکرات کە خەڵک پشگیری سیاسەتەکانی دەکەن، توانیویەتی نێوەرۆک و تەواوەتیی ڕێژیم باشتر بە خەڵک بناسێنێ و سەرنجی خەڵکی کوردستان و ئێرانی زۆرتر بۆ لای بابەتە سیاسییەکان ڕاکێشاوە و خەڵک بە چاوێکی زۆر وردبینانە سەیری ڕژیم و کار و کردەوەکانی ڕژیمیان بەتایبەت لە کوردستان کردوە؛ ئەوە کۆمەڵگەی کوردستانی سیاسیتر و مافویستتر کردوە.

کاتێک دەڵێین لە هەموو ئەو ساڵانەدا خەباتی کوردستان دژی ڕژیم بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبووە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ هەرکات حیزبەکان تێکۆشانی بەرچاوی مەیدانییان هەبووە خەڵک بە هەراوی پشتیوانیان لە حیزبەکان کردوە، یارمەتییان داون و هاوکارییان کردون. کاتێکیش بە هۆکاری سیاسی حیزبەکان نەکراوە تێکۆشانی مەیدانیی بەرچاویان لە ڕۆژهەڵات هەبێت، خەڵک بە خەباتی مەدەنی، کولتووری و کۆمەڵایەتی و نافەرمانییەکانی چەشنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەبات و خۆڕاگریی کورد لە ئێرانیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە. ئەو دەسکەوتانەش ئەگەر بەشێکی لە وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان سەرچاوە دەگرێ. بەڵام بەشی زۆری بۆ حزوور و سیاسەت و بوونی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە.

**زانیار حوسێنی**: بۆچی سیاسەتی بایکۆت، یان بڵێین بەرهەم و دەسکەوتی بایکۆت نەیتوانیوە ببێتە دەسمایە بۆ دیپلۆماسیی ئۆپۆزیسیۆن و بەهێزکردنی پێگەیان لە هاوکێشەکانی پێوەندیدار بە ئێراندا؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێران وڵاتێکی گرینگە، هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکی، مێژوویی، دەوڵەمەندی و توانای خەڵکی تەنانەت هاوسەنگیی سیاسی لە ناوچەدا بۆ کاریگەری و پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی لەو ناوچەدا بەتایبەت بوونی وڵاتانی گرینگ وەک تورکیە و عەرەبستانی سعوودی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەو هەموو جۆراوجۆرییە سیاسی و تێکەڵاوە و پێکهاتەی زۆر، هەموویان دەستیان داوەتە یەک و تایبەتمەندی تایبەتییان داوە بە ئێران. سروشتییە ڕێبەرانی سیاسیی ئێرانیش ئەو تایبەتمەندییە بەهێزە بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی ڕژیم لە ئێران بەکار دێنن؛ بۆیە ئەو هۆیانە دەبنە هۆی بەهێز بۆ ئەوەی زۆربەی وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی لە دەرەوە و وڵاتانی ناوچەش زۆرتر لە بەرژەوەندی خۆیانی دەڕوانن تا ئەوە بیرێک لە قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران بکەنەوە. جیا لەوەش لاوازی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتی بەو جۆرە سیاسەتەکردنە؛ مادام وڵاتان ئۆپۆزیسیۆنی بەهێزی ڕژیمی ئێران نابینن، ئەولەوییەتی یەکەمیان قازانج و بەرژەوەندی خۆیانە و دەتوانێ بیانوو بێ بۆ سات و سەوداکردنیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و گوێی خۆیان خەواندوە لە ویست و داخوازی ڕەوای خەڵکی ئێران.

**زانیار حوسێنی**: کاک مستەفا لە ئێرانی نوقمی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کلیلی دەربازبوون لەو دۆخە و ڕێگای سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران لە چیدایە؟

**مستەفا مەولوودی**: زۆر ڕوونە کلیلی دەربازبوون لەو دۆخە، تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و هێنانەسەکاری حکوومەتی دێموکراتیکی وەڵامدەرە، ئەویش ئێستا بووە بە کەڵکەڵەی فیکری زۆربەی گەلانی ئێران؛ ئەوەی زۆربەی گەلانی ئێران لەئێستا بەشداریی سێناریۆکانی هەڵبژاردنی ڕژیم ناکەن و لە شەقامدا دروشمی مردن بۆ خامنەیی دەڵێنەوە کە بۆتە دروشمی تێپەڕبوون لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. ساڵانە خەڵک ماوە بە ماوە بە بیانووی جۆراوجۆر دەڕژێنە سەرشەقام و نارەزایەتی لە جۆری سیاسەتکردن و مودیرییەت و هەڵس و کەوتی کاربەدەستانی ڕژیم دەردەبڕن، خۆپێشاندان دەکەن و دروشم دەڵێنەوە و ئازایانە نواندن دەکەن؛ ئەوە نیشاندەری بوونی بۆشاییەکی گەورە و زۆرە لە نێوان خەڵک و ڕێژیمی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

کۆماری ئیسلامیدا. بە بڕوای من جیا لە تێپەڕبوون لە نیزام هیچ ڕێگای دیکە نییە بۆ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە.

سروشتییە چارەنووسی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات جیا لە هێندێک تایبەتمەندیی کوردانەی نەبێ، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چارەنووسی گشتیی گەلانی ئێران کە خەڵکی کوردستان بەتەواوی هەستیان بەو ڕاستییە کردوە؛ ئەوە بەتەواوی بە دروشمی سیاسی حیزبەکان و چۆنیەتیی تێکۆشانیان و چالاکی مەدەنی خەڵکی کوردستانەوە دیارە. ئەگەر گەلانی ئێران بە گشتی قۆڵی هیممەت هەڵماڵن، دڵنیام گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێشەوەن و پێشەنگی خەبات دەبن بۆ لادانی ئەو ڕژیمە کە خەباتێکی ڕەوا، بەرپرسانە و پڕ تێچووی شۆڕشگێڕانە دەکەن هەتا نەمانی ڕژیم و سەرکەوتنی گەلانی ئێران بە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی.

٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژنانی کورد شێلگیر لە خۆسەلماندندا



**تاهیر قاسمی**

لەنێو تاریکی و لە دڵی شەودا، ژنێکی لەچکە بەسەر لە پەنا درەختێکی گڕگرتوودا فرمێسک دەڕێژێ و بانگەواز دەکا. بانگەواز بۆ بەهاناوە چوون و ڕزگارکردنی پاژێک لە لێڕەوارەکانی کوردستان کە خەریکە دەسووتێ و دەبێ بە قەرەبرووت. ئەو تەنیا ژنی بەشدار لە هەڵمەتی خۆبەخشانەی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە نییە. ئەوان کۆمەڵێک لە کچان و ژنانی جوانڕۆن کە ئەگەرچی سەر بە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و تا ڕادەیەک داخراون، بەڵام توانیویانە زنجیرەکانی بنەماڵە، کۆمەڵگە و دەسەڵاتی داسەپاو لە دەست و پێی خۆیان داماڵن و شانبەشانی باوک و برای ژینگەپارێز، بە هانای نیشتمانەوە بچن. ئەم دیمەنە، ڤیدیۆیەکی چەند ساڵ لەوە پێش بیر دەخاتەوە کە دایکێک لە بۆکان ئەوەی لە دەستی هاتبوو بۆ هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بوومەلەرزەلێدراوانی ئەم ناوچەیەی هێنابوو کە ئێستا لێڕەوارەکانی لە سووتاندان. دایکێک کە هۆن هۆن فرمێسکی بۆ بەختی ڕەشی کوردان هەڵدەوەراند و بانگەوازی بەهاناوە چوونی دەدا...

ئەمانە تەنیا دوو نموونە لە بەشداریی بەرچاو و وەفاداری ژنانی کوردن بۆ پارێزگاری لە گەل و لە نیشتمان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام لە پەرە ئەستاندندایە. ئەوان لە ڕاستیدا ڕۆڵی پەرستار بۆ نیشتمانی دایک دەگێڕن کە هەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژەی لەلایەکەوە زام هەڵدەگرێ. ئەمانە نیشانەکانی گوڵکردنی ئەو هەستە نەتەوەییەیە کە دەیان ساڵە تێکۆشەرانی کورد بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە، بە شێعر و نووسین، بە گوتار و شێوەگەلی تر هەوڵی بۆ دەدەن تا کۆمەڵگەکەیان وشیار بکەنەوە و تێبگەیەنن. نیشانەکانی قۆناغی گوێزرانەوەی هەست بە نەست و سۆز بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەدا. بەو واتایە کە ماکۆ برینی ئیلام تیمار دەکا و سنە هەوڵی هێورکردنەوەی ئەو برک و ژانە دەدا کە بەر مەهاباد کەوتوە. لەم نێوەدا بەڵام ژنانی کورد ئەرکی قورستریشیان لە کۆڵ ناوە. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان وەک ژن و هاوکات هەوڵدان بۆ خۆ سەلماندن و دوا نەکەوتن لە پیاوان لە خەباتی نەتەوایەتیدا. ئەوان نیشان دەدەن کە نایانهەوێ چیدی لە ماڵدا لە ژووری پشتەوە دانیشن، لە خەباتدا ڕۆڵی نانکەر و پشتی جەبهەیان پێ بدرێ، لە حیزبدا وەک دیکۆر و جوانکاری بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاو بەکار ببردرێن یان لە ڕێکخراوێکی ژنانەدا کۆ بکرێنەوە. گەرەکیانە نیشان بدەن کە لەو خەباتەدا دەتوانن ئەکتەر و ڕێبەری کۆمەڵگە بن و لە ڕیزی پێشەوەدا ڕۆڵ بگێڕن. گەرەکیانە بیسەلمێنن کە لە ئاست بەرزبوونەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستان لەم چارەگە سەدەیەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، بەپێچەوانەی سەدەی بیستەم، لە پیاوان دوا نەکەوتوون. تەنانەت ڕۆڵی هاندەر و پێشەنگ و ڕێبەریش دەگێڕن. ئیدی ژنان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا نایانهەوێ چیدی سەیرکەر یان تەنیا یارمەتیدەر بن بەڵکو گەرەکیانە خۆیان ئەکتەر و تەنانەت پێشەنگیش بن. ڕۆڵێک کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان دەستەبەریان کردوە. شۆڕشی ژینا دیارترین دەرکەوتەی ئەو هاتنە مەیدانەی ژنانی کوردستان بوو.

لە ڕاستیدا ئەوەی یەکەمجار دروشمی ژن ژیان ئازادیی لە گۆڕستانی قەڵایچیی سەقزەوە بەرز کردەوە و بە گوێی تاران و سەرانسەری جیهانی گەیاند، ژنانی تێکۆشەری کورد خۆیان بوون. گەرچی حاشا لەوە ناکرێ کە پیاوانی تێکۆشەر و یەکسانیخوازیش لەو پەرەگرتنەدا یارمەتیدەر بوون و زۆر زوو درووشمەکەیان بۆ ئەستاندنەوە بەڵام ئەوە تەنیا داهێنانی ژنان لەو خەباتەدا نەبوو. لە درێژەی ئەم سەرهەڵدانە بەرینەدا ئەوان ئەگەرچی ڕەنگە بە ڕێژە کەمتر لە پیاوان بوون بەڵام گەلێک جار ڕۆڵی پێشەنگ و پێشڕەویان گێڕا. ئەم پێشەنگایەتییەش نەک هەر تەنیا بۆ بابەتی مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان وەک ژن بەڵکو زۆر زوو پەلی بۆ داکۆکی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هاویشت و لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بن. بۆ وێنە یەکەم جار ئاڵای کوردستان لەلایەن کچێکی خۆپێشاندەر لە سنە هەڵدرا، کچان بۆ یەکەم جار لە بڵیندگۆی مزگەوتێکی مەهابادەوە بانگەوازی پەیوەستبوون بە خەبات و خۆپێشاندانەکانیان دا. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی ئەگەر بۆ یەکەمجار لە زمان ژنانی سەقز و لەکاتی ناشتنی ژینادا کەوتە سەر زاران، لەلایەن کچانی قوتابخانەکانی مەهابادەوە ئاوێتەی پرسی بەگژداچوونەوەی خیانەت بە نەتەوە و نیشتمان کرا و لەگەڵ دروشمی "جاش بەسسە ..." متوربە کرا. دروشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" پێش هەمووان لەلایەن کچانی خوێندکاری پیرانشار بەرز کرایەوە و لەوێوە بوو بە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان. ڕێگای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ڕێبەرەی کە دەیگوت: "هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر بەشدار بن، بزووتنەوەکەش بەو ڕادەیە سەرکەوتووترە".

تابلۆیەکی دیکەی شێوەی دەرکەوتن و خۆنیشاندانی ژنان لە بەشداری و بەڕێوەبردنی پرسە نەتەوەییەکان، لە بۆنەکانی نەورۆزدا خۆی نیشان دەدا. لەو جێگایانەدا کە ژنان شانبەشانی پیاوان لە ئیلامەوە تا ماکۆ، لە هەموو بەشەکانی ڕێوڕەسمەکان بەشداری و ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەیە. بەڵام لێرەدا دیاردەیەکی دیکەش خۆی دەنوێنێ؛ ئەویش پۆشینی جلوبەرگی پیاوانە و لە ڕاستیدا پێشمەرگانەیە لەو بۆنانەدا لەلایەن ژنانەوە. شێوەیەکی دیکەی ئەم دیاردەیە هەروەها بەشداریی بەرچاوی ژنان لە گروپە وەرزشییەکان بە تایبەت لە کەژەوانیدا بەدی دەکرێ وەک وەرزشێک کە لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەیی کورد تەبایە و هاوکات پێویستی بە توانایی و بەردەوامیی زۆر هەیە. ئەمانە لە ڕاستیدا هەوڵدانی ژنانی تێکۆشەرە بۆ هەرچی زیاتر خۆسەلماندن و سەقامگیرکردنی جێگە و پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگە و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا.

کۆمەڵگەی کوردستان هەتا ئێستاش کۆمەڵگەیەکی نەریتییە. هێشتا باوەڕ بە ماف و ئازادییەکانی ژن لە کۆمەڵگەدا جێگیر نەبووە. نەک هەر لای خەڵکی ئاسایی، تەنانەت لای زۆرێک لە شۆڕشگێڕانیش ئەو باوەڕە بە تەواوی نەگووراوە. لە خەبات و تێکۆشاندا هێشتا زۆر پیاوی کورد ژن بە هاوشانی خۆی نازانێ. تەنانەت بەشێک لە ژنانیش نەکەوتوونەتە سەر ئەو ڕاستییە کە لە هەوڵ و تێکۆشاندا هیچیان لە پیاو کەمتر نییە. سەرەڕای کۆمەڵگەی نەریتی، ئەوان لەگەڵ ڕێژیمێکی دژە ژن بەناوی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوون کە هیندەی دیکە ژیان و ئازادی لە ژن ئەستاندووە و بووە بە پاڵپشتی ئەو بەشە لە کۆمەڵگە کە دژە ژنە. لە وەها دۆخێکدایە کە وەچەی تازەتری ژنانی کورد شێلگیرانە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییدان و لەو ئەرکەدا هەوڵ دەدەن لە هیچ بوارێکدا لە پیاوان بەدوا نەکەون. نەک هەر بەدوا نەکەون بەڵکوو هەوڵ دەدەن نیشان بدەن و زۆر جار نیشانیان داوە کە دەتوانن پێشەنگ و ڕێبەرێکی زۆر باشی خەباتەکە بن.

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە



**شەماڵ تەرغیبی**

سەرەڕای ئەوەیکە داگیرکەران، ساڵهای ساڵە لە هەوڵ دان بۆئەوەی خاکی نیشتمانی کوردان داگیر بکەن و بە ئاگرتێبەردانی دارستانەکان سرووشتی جوانی لێ زەوت بکەن و لە هەزاران هەوڵی دزێودا سامانەکانی ئەم نیشتمانە بە تالان ببەن، بەڵام کەسانێک بوون و هەن کە لە بەرانبەر ئەم هەموو زێدەخوازی و نامرۆڤایەتییانەدا وەستاونەتەوە و لەم پێناوەشدا لە بەخشینی گیانی خۆیان لە ڕێگەی بستە خاکێکی ئەم نیشتمانە درێغیان نەکردووە.

مێژووی ئەم نیشتمانە زامدارە پڕ لە تراژێدیاگەلێک کە ڕەنگە بە دەگمەن نەتەوەیەکی دیکە هەبێت کە بینیبێتی یان دەرکی پێ بکات. بەچەشنێک کە زۆر جاران دەوترێ چارەنووسی ئێمە هەر شەهیددانە، شەهیدی نان و شەهیدی ئازادی و رزگاری و شەهیدی ژینگە و.... چارەنووسی کورد وای خواستووە لە پێناو گشت جوانییەکانی ژیان و مرۆڤایەتیدا هەروا شەهید بێ و شەهید بدا. ئێمە ئەشێ بمرین تا ژیان شین ببێتەوە و ناشیرینی و سووتان روخساری زەوی و مرۆڤایەتی لەوە ڕەشتر نەکات.

ئەوەیکە لەم نێوانەدا گرینگە ئەو کەتوار و ڕاستییەیە کە سەرەڕای هەموو داگیرکاری و تالانکردن و تێکدانەکان کە بەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەر جەستەی ئەم نیشتمانەدا هاتووە دیسانیش ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی گیانی بەنرخی خۆیان لە پێناویدا دادەنێن و بێ گوێدانە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەکانی ڕێژیمە ملهۆڕەکان بەردەوامن لە هەوڵدان بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە بەختەوەری.

ڕۆژی ١ی گەلاوێژی ١٤٠٣، ئیسماعیل کەریمی چالاکی ژینگەیی و لە ئەندامانی تیمی کوژاندنەوەی ئاگری سروشتی کامێران لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری لەوەرگەکانی نزیک لە شاری کامێران سووتا و دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی کەوسەری شاری سنە گیانی لە دەست دا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ژینگە بوو؛ بەڵام پاش مەرگی خۆی باجوەرئاسا قەڵافەتی کوردێکی دەرووەستی لە زەینی تاک بە تاکی ئەم نیشتمانە زامدارە وێنا کردەوە.

ئەوەیکە پاش مەرگی سەفرازانەی ئیسماعیل کەریمی بەرچاو کەوت لەڕاستیدا دەکرێ لە چەند ڕەهەندەوە تاوتوێ بکرێت؛ یەکەم ئامادەبوون بۆ دانانی گیان لە پێناو سەوزمانەوەی کوردستان، دووهەم ئەمەگ و وەفای خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئیرادە و لەخۆبووردوویی تاکە نیشتمانپارێزەکان، سێهەم بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی گشتی کۆمەڵگە بەرامبەر بە دۆخی ژیانیان و داهاتوو و چارەنووسی لێکگرێدراویان، چوارەم زەبوونی و شکستخواردوویی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کاڵ و کەمڕەنگکردنەوەی ئەکتی دەرووەستانەی تاکەکان، پێنجەم گرینگی و سەرەتیبوونی کاری بەکۆمەڵ کە خاڵی جەوهەری دژایەتیکردنی سیستمی حاکمە.

سامان و دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتییەکان لە زاگرۆسدا وای کردووە کە خەڵکی لە کۆنەوە تا ئێستا لە قاتوقڕی و ژێردەستی و دەستدرێژکردنەوە و لە ئەنجامدا کۆچ و جێهێشتنی زێد و خاک دوور بخاتەوە و هەروەها هەمیشە چاوی تەماح و داگیرکاری لە دەرەوەی خۆیەوە لە لایەن گەلان و دەسەڵاتەکانەوە لە سەری بێت.

لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ساڵی ٩٧دا شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی لە چالاکانی ژینگەپارێز لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی شاری مەریواندا شەهیدبوون.

خەڵکی بەئەمەگی کوردستان کە هەمیشە ئامادەی گیانفیدایی لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستاندان، بە دروشمی "ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە"، جیا لە ڕاگەیاندنی وەفاداریی خۆیان بە شەهیدانی ژینگە، پەیمانیان لەگەڵ شەهیدان و داربەڕووەکانی کوردستان نوێ کردەوە کە تا دوایین هەناسە ئەوانیش شەریفئاسا و ئومێدئاسا لەم پێناوەدا هەوڵ بدەن و نەهێڵن تاکە لقێک لە دارستانەکانی کوردستان لە ئاگری نەیاراندا بسووتێت و ئومیدەکان بمرن و شەرافەتی نیشتمان خەوشدار بێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاش حەماسەی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ژینگە و بەڕێ کردنیان بە سروودی ئەی شەهیدان بۆ مەنزڵگەی ئەبەدی، زیاتر لە جاران خەڵک هەنگاویان نایە ئەم مەیدانەوە و ئەوەی کە لە دەستیان هاتبێت دریغیان نەکردووە کە تازەترین نموونەی لەڕاستیدا خۆبەختکردنی ئیسماعیل کەریمی، تازەترین شەهیدی ژینگە و پێشوازی کردن لە تەرمەکەی لەلایەن خەڵکی کوردستاناوەویە.

شەهیدانی ژینگە بە بەخشینی گیانیان بەم نیشتمانە زامدارە، ڕۆحی بە یەکبوونیان لە نێو خەڵکدا زیندوو کردەوە و رایانگەیاند کە ژیانی داربەڕووەکانی زاگرۆس ئەوەندە بەنرخە کە دەبێ ئامادە بیت ژیانی بۆ بەخت بکەی.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بە بەردەوامی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان لە لایەن نەیارانی ژینگە و دەستوپێوەندییەکانی کۆماری مرۆڤکوژی ئیسلامیی ئێرانەوە ئاگریان تێبەردراوە و خەسارێکی یەکجار زۆر بەر ژینگەی کوردستان کەوتووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ژینگەپارێزانی کوردستان هەموو هەوڵ و توانای خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکانیش خستووەتە گەڕ و ئەوەی کە پێیان کرابێت بۆ ڕزگارکردنی دارستانەکان و گەڕاندنەوەی هەناسە بۆ ژینگەی زاگرۆس کردوویانە.

ئەوەیکە دەکرێ بە گرینگی و بە بایەخەوە سەیر بکرێ و ڕەنگە لە چەشنی خۆیدا کەموێنە بێت و دەبێ زیاتر پەرەی پێ بدرێت لەڕاستیدا هاتنە سەرشەقامی خەڵکی کامیاران بۆ پێشوازی لە تەرمی شەهیدە نوێیەکەی ڕێگای ڕزگاریی زاگرۆسە.

خەڵکی کامیاران لە ئێوارەی چوارشەممەدا لە سەر شەقامەکان، دەست لەسەر سینگ و بە نیشانەی ئەدەب و ڕێز، بە وتنەوەی دروشمی "ئیسماعیل قارەمانە، شەهیدی کوردستانە" و "شەهید نامرێ" و هەروەها بە هەڵواسینی پووستێری نەخشێنراو بە وێنەی ئیسماعیل کەریمی و نووسینی درووشمی "تۆ ماوی چاوەکانم، بیروباوەڕی سەوزت ڕێبەرمانە" هاوکات لەگەڵ دەربڕینی خەم و پەژارەیان بۆ لەدەستدانی ڕۆڵە چاونەترسەکانی کوردستان، پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازەکەی کاک سماییل و سەرجەم شەهیدانی ژینگە دووپات کردەوە و لە نێو جەرگەی پەژارەیەکی نیشتمانی، حەماسەیەکی لەبیرنەکراویان خوڵقاند.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە بە بەردەوامبوون لە تێبەردانی ئاگر لە جەستەی ئەم نیشتمانە، مەرگ و نەمان لای خەڵکی ئێمە ئاسایی بکاتەوە و پێمان بڵێ کە ئێوە مەحکوومن بە نەمان، بێ ئاگا لەوەی کە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

وەک دارەپیرەی چیرۆکی "جەلال مەلەکشا"، ئێمە نامرین، لەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێینەوە!

ئەم ئەکتە کە خەڵک لەم ساتەوەختانەدا دەیگێڕن نیشانەی ئەوپەڕی ئاگایی و گەیشتن بە دەرکێکی بەکۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ هاوچارەنووسبوونیان و ئەرکیان بەرامبەر بە یەکتر؛ بەو مانایە کە هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر شانیەتی کە لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری پیلان و پلانی دوژمنان بێ دەبێ ڕێزیش لە گیانفیداکانی میللەتەکەی بگرێت و ڕێگا و ڕێبازەکەیان ون نەکات. ئەمە لەگەڵ ئەوەیکە دەبێتە هۆکارێک بۆ لێکنیزیکبوونی زیاتر و سازبوونی هاوپێوەندیی ڕۆحی دەبێتە ئۆلگوویەکیش بۆ خەڵکانی تر و نەتەوەکانی تر لەو جوغرافیایەی کە بە ئێران دەناسرێ. وەک چۆن لە ڕووداوە سیاسییەکاندا هەمیشە کوردستان ئۆلگوو و سەرباشقەی خەبات و تێکۆشان بووە بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە حەماسانە کە دەخوڵقێن دەتوانن کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتر.

بە شەهیدبوون و برینداربوونی ژینگەپارێز و دڵسۆزانی کوردستان ئەم کەتوارە دەردەکەوێ کە ڕۆڵەی بناری زاگرۆس، لە هیچ شێوە مەرگێک سڵ ناکاتەوە، بست بە بستی خاکی ئەم کوردستانە و لق بە لقی دارەکانی و دڵۆپ دڵۆپ ئاوی کانیاوەکانی ئەوەندە بەنرخن کە بەخشینی گیان کەمترین کارێکە دەکرێ بۆ پاراستنیان بکرێت چونکە دەزانن کە شەهید لوتکەی هەڵوێستی ئینسانە.

ژینگەپارێزان بە شەهیدبوونیان لە پێناو پاراستنی دارستانەکانی کوردستاندا بەردێکی دیکەی بناغەی بونیاتنانەوەی نیشتمانیان دانا و بە دڵنیاییەوە نەوەی داهاتووش ئەندێشەی سەوزیان ڕێبەر دەبێ.

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هێزی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا



**حەسەن ساڵحزادە**

دەکرێ هەڵبژاردنەکانی پارلمانیی یەکیەتیی ئورووپا لە فەڕانسە لە ڕۆژی ٩ی ژووەنی ئەمساڵ بە خاڵێکی گرینگی مێژووی بۆ ئەم وڵاتە دابندرێت. ڕۆژی یەکشەممە ٩ی مانگی ژووەن، ئاکامی بەرایی هەڵبژاردنەکان وەکوو نەریتی هەمیشەیی، کاتژمێر ٨ی ئێوارە لە کاناڵە تەلەویزیۆنییەکان بڵاو بوونەوە و بە ئاگاداری خەڵک گەیشتن. ئامارەکان نەکهەر خەڵکیان تووشی سەرسوڕمان کرد، بەڵکوو بە هیچ شێوەیەک بە دڵی پارتی دەسەڵاتدار و بەتایبەت سەرکۆمار ئێمانوێل ماکرۆن نەبوون. بەڵام ئەمە دەنگی گەلە، کێ دەتوانێ ڕووبەڕووی ببێتەوە یان حاشای لێبکا؟ چەند خولەک لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان، سەرکۆمار ماکرۆن لە ڕێگەی پەیامێکی ویدیۆیی، مجلیسی نیشتمانی کە ژوورە گەورەکەی پارلمانی فەڕانسەیە، هەڵوەشاندەوە و داوای کرد کە دەبێ ٣ حەوتوو دواتر هەڵبژاردنی پێشوەختەی بۆ بکرێت.

دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک لێرەوە سەری هەڵدا، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی فەڕانسە بۆ پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا پارتی کۆمەڵی نیشتمانی -کە بە پارتێکی توندڕۆی ڕاست ناسراوە و لە ساڵی ١٣٧٢وە دامەزراوە- ٣٤٪ ی دەنگەکانی بە سەرۆکایەتیی ژۆردان باردێلای ٢٨ ساڵە و بە پشتیوانی خانم مارین لۆپێن، وەدەست هێنا. ڕۆنێسانس،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پارتی حیزبی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتیی گابریەل ئاتال ی سەرەکوەزیران و بە پشتیوانی ئێمانوێل ماکرۆن بە دەستەبەرکردنی ١٥٪ی کۆی دەنگەکان جێگەی خۆی لە پلەی دووهەمدا نیشان دا، دیارە ئەوەش بۆ پارتی دەسەڵاتدار دەتوانێ پلەیەکی زۆر ناجێگیر بێت.

هەروەک ئاماژەی پێ درا، ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە لە ماناو کردەوەدا بایەخی نوێنەرایەتیی کۆماری فەڕانسەی لە سەرکۆمار کەم دەکردەوە، هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرا دەبێ بەربەستێک لە بەردەم گەشەی پارتی کۆمەڵی نیشتمانیدا دابنێ و سنوورێکی بۆ دیاری بکا. دیارە پرۆسەی هەڵبژاردنی مەجلیسی نیشتمانی بۆ پارلمانی فەڕانسە، بە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەبوا لە ساڵی ٢٠٢٧ واتە لە سێ ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرایەت، بەڵام ترسی سەرکۆمار ئەوە بوو پارتی توندڕۆی ڕاست بە ناوی کۆمەڵی نیشتمانی لە ماوەی ئەم ٣ ساڵەدا دەرفەتی ئەوەیان دەبێت جێگەی خۆیان قایم بکەن و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٧ی سەرکۆماریدا دەسەڵات وەدەستەوە بگرن. هەربۆیە لە پەیامە ویدیۆییەکەیدا، سەرکۆمار پارتی کۆمەڵی نیشتمانیی بە مەترسی جیددی بۆ داهاتووی فەڕانسە ناو برد و داوای لە دەنگدەران کرد لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە ڕێگری لە گەشەی ئەو حیزبە بکەن، ئەگینا مەترسیی ئەوە هەیە کۆماری دیموکراتیکی فەڕانسە بەرەو هەڵدێر بڕوات.

بەشێک لە دەنگدەران لە سەرکۆمار ناڕازی بوون و پێیان وابوو ئێمانوێل ماکرۆن وادە و بەڵێنەکانی ٢ ساڵ لەمەوبەری خۆی کە لە میانەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییدا بە خەڵکی دابوو، جێبەجێ نەکردوە. ئەگەرچی سەرکۆمار بە دەنگی زۆرینەی خەڵک و لە پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراتیکدا هەڵبژێردراوە، هەربۆیە زۆر زوو دانی بەوە دا نا کە گوێی لە دەنگی ئەوان بووە. داتاکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە پێشبینیی سەرکۆمار بۆ ئەم قۆناخەی دەسەڵاتەکەی خوێندنەوەیەکی هەڵە بووە. ئەو بە شێوەیەکی یاسایی پارلمانی هەڵوەشاندەوە هەتاکوو بە خەیاڵی خۆی جارێکی دیکە بە دەنگی خەڵک متمانە بە دەسەڵاتەکەی بدات. لە لایەکی دیکەشەوە بەتەما بووە بتوانێ هەتا ساڵی ٢٠٢٧ بەبێ سەرئێشە بەرنامە و پلانەکانی جێبەجێ بکات. بەڵام وەکوو دیتمان، خوێندنەوەی سەرکۆمار ماکرۆن بۆ داهاتووی فەڕانسە هەر هەمووی ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتەوە. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە دەنگی خەڵکی ڕێگەی پێ نادات کە لەسەر ویستی خۆی و لیستی حیزبەکەی سەرۆکوەزیران هەڵبژێرێت.

بە دوای هەڵوەشانەوەی مەجلیسی نیشتمانی فەڕانسە، پارتە سیاسییەکان کە کەمتر لە ٣ هەفتە دەرفەتیان لەبەر دەم خۆیاندا دەبینی، خۆیان لە ٣ بەرەی سەرەکیدا بۆ هەڵبژاردنی چارەنووسازی ٣٠ی مانگی ژووئەن ساخ کردەوە. بەرەکان بریتی بوون:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١ .ئانسامبل (بە یەكەوە)، بە سەرۆكایەتیی سەرۆكوەزیران گابریەل ئاتال، لاوی تیژبیری ٣٥ ساڵە،
٢ .بەرەی نوێی گەل (پێكهاتوو لە پارتەكانی سۆسیالیست، كۆمۆنیست، ئێكۆلۆژیست كۆڵنەدەر)،
٣ .كۆمەڵی نیشتمانی یان ڕاستی توندڕۆ بە سەرۆكایەتی ژۆردان باردێلا، لاوی ٢٨ ساڵە.

لە ماوەی سێ هەفتەی بانگەشەدا، گەلێك باس و دیبەتی ورد و چڕ هاتنە سەر شاشەی میدیاكان كە خەڵكی فەڕانسە بە سەرنجەوە بەدواداچوونیان بۆ دەكردن. جێی ئاماژەیە، كۆمەڵی نیشتمانی هەمان بەرەی نیشتمانییە كە ٢ ساڵ لەمەوبەر ئاڵوگۆڕی بە سەر پێڕەو تەنانەت ناوی حیزبەكەشدا هێنا. هەروەها ژۆردان باردێلای وەك سەرۆك بۆ دیاری كرت؛ ئەگەرچی هەر لەلایەن خانم مارین لۆپێن ـوە ئیدارە دەكرێ. ئەم حیزبە ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن باوكی خانم لۆپێن بۆ دژایەتیی بیانییەكان دامەزراوە و هەردەم وەك پارتێكی شۆوێنیستی- ڕاسیستی چاوی لێ كراوە. هەروەها دژایەتیی توندی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و چەپەكان بە گشتی هەیە. لە ساڵانی ڕابردوودا خەڵك لە ڕێگەی سندووقەكانی دەنگدانەوە، بەتایبەت خولەكانی یەكەم، بە مەبەستی ترساندنی حیزبی دەسەڵاتدار دەنگیان پێ دەدا، تەنانەت بڕێك جار دەبوونە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەكانیش. بەڵام ئەمڕۆ ئەوەتا دەبینین كە لە كۆمەڵگەیەكی دێموكراتیكدا، بە ڕاستە لیبراڵەكان و هەموو حیزبە چەپ و سۆسیالیستەكان ناتوانن بەری پێبگرن. جێی سەرنجە كۆمەڵی نیشتمانی زامەكانی كۆمەڵگەی بە وردی دەستنیشان كردوە و مژدەی ساڕێژبوونیان بە خەڵك دەدا. بۆ وێنە، مەسەلەی توانای كڕین، دابەزینی ڕادەی ماڵیات، بەردنەسەرەوەی ئاستی مووچە، ڕیفۆرم لە پرسی پەنابەران، ئەمنییەت، پەروەردە و یاسای خانەنشینی، چەند پرسی بنەڕەتین كە بۆ خەڵك گرینگیان هەیە.

بەوتەی زۆربەی بینەرانی دیبەتەكان، پلانەكانی كۆمەڵی نیشتمانی لە دروشمێك زیاتر نین و هەر هەموویان بە ئاماژە بە داتا و ژمارە لەلایەن پارتەكەی ئێمانوێل ماكرۆن ـەوە بەرپەرچ دراونەتەوە، بەڵام بەو حاڵەش خەڵك لە سەركۆمار هەر تووڕەن و لە بڕیاری خۆیان پاشگەز نابنەوە. وەك ئاماژەی پێ درا، وادەی سەركۆمار ٣٠ ژووەن بوو، هەتا لەو ڕۆژەدا خەڵك بێنە سەر سندووقەكانی دەنگدان و ڕێگری لە بە دەسەڵات گەیشتنی كۆمەڵی نیشتمانی لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا بكەن. ئەگەرچی نێزیكەی ٧٠٪ی خەڵك بەشداری پرۆسەی دەنگدان بوون، بەو حاڵەش كۆمەڵی نیشتمانی ٣٣٪ دەنگەكانی بۆخۆی مسۆگەر كرد. لەبەرانبەردا ڕێژەی حیزبی دەسەڵاتدار لە گەڵ هاوپەیمانەكانی لە ئاستی نزمی ٢٠٪ دا مایەوە.

لەم نێوەدا ئەوەی گرینگە و شیاوی لێوردبوونەوەیە هێزی دەنگی خەڵك لە سندووقەكانی دەنگدان لە ناو پرۆسەیەكی سالمی دێموكراسی دایە. پارتی دەسەڵاتدار بە سەرۆكایەتیی ئێمانوێل ماكرۆن، لە بەرانبەر دەنگی خەڵكدا خۆی بە بێهێز دەزانێ و داهاتووی خۆی و حیزبەكەی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا مەترسی جیددیان لە سەرە. بەڵام سیستمی دێموكراتیك و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دامەزراوەیی ئەم وڵاتە ڕێگەی پێ نادات لە هەمبەر ئەو ڕووداوانەی کە دێنە ئاراوە پەنا بۆ هەوڵی دزێو و نەشیاو ببات، یان بە هیچ جۆر ناتوانێ پرۆسەی دەنگدانی وڵاتەکەی لە سەر بەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە.

**دواوتە:**

ئێستا کە دەنگی بە هێزی گەل لەنێو سندووقەکانی دەنگدانەوە سەری هەڵداوە و ڕووبەڕووی دەسەڵات بۆتەوە، سەرکۆماری فەڕانسە دوو جار بە ڕێزەوە وەبیر خەڵکی هێناوەتەوە کە دەنگی ئەوانی بیستوە. بۆ دواجاریش تکای لە خەڵک کردوە کە ئەگەر لە خولی دووهەمیشدا دەنگ بە کۆمەڵی نیشتمانی دەدەن، ڕێگە مەدەن تا زۆرینەی ڕەها وەدەست بخات، ئەگینا بەبێ سڵکردنەوە تێکڕای ئەو یاسا نادیموکرتیکانە جێبەجێ دەکەن کە ٥٠ ساڵە تاسەیان دەکەن. بەڵێ لێرە دەنگی گەل هێزی هەیە، واتە دەنگ تەنیا لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا هەستی پێ دەکرێ و دەخوێندرێتەوە.

ئەگەر دەست لە باسی پرۆسەی هەڵبژاردنی فەڕانسە هەڵگرین و ئاورێک لە هەڵبژاردنەکانی ئێران لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهـ بدەینەوە، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە دەنگی خەڵک توانای هیچ ئاڵوگۆڕێکی نییە. ئەمڕۆ خەڵکی ئێران گیرۆدەی دەسەڵاتێکی سیاسین کە لە لوتکەدا ڕێبەری ویلایەتی فەقیهـ جێگەی گرتوە. ڕێبەرێک کە بۆ مانەوەی خۆی و دەسەڵاتە نارەواکەی سڵ لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆیی لە ئاسن و گوللەوە ناکات بگرە هەتا پەتی سێدارە و کوشتن. ئێستا پرسیار ئەوەیە "ئایا گەلانی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، لە ڕێگەی دەنگدانەوە دەتوانن کەمترین گوشار بۆ کورسی و دەسەڵاتەکەی خامنەیی بهێنن و ناچاری بکەن گوێ لە دەنگی گەل بگرێ؟" بەدڵنیاییی وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێتە "نا" چون پرۆسەی هەڵبژاردن لە دەسپێکەوە هەتاکوو ئاکامەکانی کۆتایی لە دەست خۆیدایە و تەنانەت نەخشەی ئەووشی بۆ خەڵک داڕشتوە کە لە دوای مەرگی ناموبارەکی، چۆن بژین.

٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەباتی گەلی کورد، پاش هەڵبژاردنە بێ ئاکامەکەی سەرکۆماری لە ئێراندا!



**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پەیمانی کۆمەڵایەتی (قرارداد اجتماعی) واتایەکی تایبەت و جیا لە پەیمانی کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوای هەیە. ئەم پەیمانە، پەیماننامەی نێوان تاکەکان و حکوومەت نییە، بەڵکوو وەکوو پەیماننامەی کۆمەڵێکە دانەری هیچ دەسەڵاتێک نییە و تەنیا دەربڕی وەفادارییە. هەروەها ئەو پەیماننامەیە بنەڕەتێکی خاوەنداریشی نییە و دەربڕی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان مرۆڤەکان و شتەکان و تەنانەت لە نێوان گەل و دەسەڵات نییە. لێرەدا خاوەن دەسەڵات "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە کە خۆی وەکوو جێگری "ئیمامی زەمان" لەسەر زەوی دەزانێت. پەیماننامەی نێوان خامنەیی و گەلانی ئێران تەنیا لە چوارچێوەی "بەیعەت" واتا وەفاداری دەتوانێ هەبێت. بۆیە ئەگەر گەلانی ئێران لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا بەشداریی نەکەن، وەفادارییان بۆ عەلی خامنەیی لەدەست داوە، پەیمانیان شکاندووە، دەبێ سزا بدرێن و بێبەش بکرێن لە سەرجەم ماف و ئیمکاناتە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەم وڵاتە.

لەلایەکی دیکەوە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی جەختی لەسەر "گوتاری نەریتگەرایی ئایدیۆلۆژیک"ە و چینی ڕوحانییەتی لە سەرجەم چینەکان پێ سەرترە و مانەوەی کۆمەڵگە لەپێناو گوێڕایەڵی بێ ئەولاو ئەولای خەڵک لە ڕێبەر دەزانێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەڕەتی یەکیەتی (وحدت) و نە جیاوازی دامەزراوە. ئەم ڕێژیمە بنەڕەتێکی جەوهەری لە مەزهەب و وەلی فەقیهە ساز کردوە و بۆچوونی ئەقڵانی و مودێرن ڕەت دەکاتەوە. هەر بۆیە عەلی خامنەیی چاوی لە ئاوێتەکردنی هەرچی زیاتری مافەکان و یاسای خودایی (بە تەفسیری بەرژەوەندخوازی خۆی) بڕیوە و ئەوان جیا لە یەک نازانێت. بەڵام وڵاتی ئێران، پێکهاتەیەکە لە مێژوو، نەتەوە، ئایین، زمان، کولتوور و داب و نەریتی جیاواز، واتا وڵاتی جیاوازییەکانە.

بۆیە لە پارادایمی فیکریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا گرینگییەکی زۆر بە عەقڵانییەتی مرۆڤی نادرێت و تەنیا جەخت لەسەر کەلام و وتەی خامنەیی (جێگری ئیمامی زەمان) دەکرێتەوە. لە کولتووری ڕێژیمدا عەقڵی مرۆڤ ڕۆڵێکی کەرەسەیی هەیە. لە چوارچێوەی بنەما فیکرییەکانی ڕێژیمدا عەقڵ پێش هەموو شتێک کارکردێکی پەروەردەیی هەیە و دەبێ سەرتربوونی یاساکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بسەلمێنێت. ئەوە ڕێبەرە کە چارەنوسی سەرجەم خەڵکی ئێران دەست نیشان دەکات. هیچ تاکێک (لە هەر ئاستێکی زانستی) ناتوانێ بەرژەوەندی خۆی باشتر لەوەیکە ڕێبەر بۆی دیاری دەکات، دیاری بکات. شاهید و بەڵگە بۆ وتەی سەرەوە بابەتی "گەمارۆکانی ئابووری" وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە بە هۆی دەست نەکێشانەوەی ڕێژیمی ئیران لە پیتاندنی ئۆرانیومە. چونکە تەنیا یەک فەرمانی خامنەیی بەسە بۆ ئەوەیکە سەرجەم چالاکییەکانی ئەتۆمی لە ئێران بوەستێ و گشت گەمارۆکانی ئابووری سەر ڕێژیم لابچێت.

لە وەها پارادایمیکی فیکریدا لەلایەک ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە واتای بوونی دوو هۆکاری «کۆنترۆڵ» و «گزەکردن» لە هەڵبژاردنەکانە. کۆنترۆڵی هەڵبژاردنەکان بەو واتایە دێ کە لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا لە ناونووسینی بەربژێرەکانەوە بگرە تا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان، و وردەکارییەکانی بەڕێوەبردنی کارەکان بە وردی لەژێر چاوەدێریی شورای نیگەهبان و لقە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمدا دەبێ تا بەر بە هاتنەژووریی بەربژێرە نەخوازراوەکان بگیرێ و بەو جۆرە زۆرینەی دەنگەکان بە قازانجی بەربژێرەکان خوازیار و دڵخوازی خامنەیی بدرێت. هۆکاری گزەکردنیش لەو کاتانە کە کۆنترۆڵی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی دڵخوازی عەلی خامنەایی لێ ناکەوێتەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێت."وەک هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەساڵی ١٣٨٨ هەتاویدا.

بۆیە هەڵبژاردن و بڕیاردان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا واتایەکی نییە و تاکی گەلانی ئێرانی تەنیا لە هەڵبژاردنی هەڵبژێردراوەکان بە دەست کۆماری ئیسلامی ئازادە و نە هەڵبژاردنی هەڵبژێردراوەکانی خۆی وەکوو تاکێکی ئازاد و سەربەست. تاکی گەلانی ئێرانی تەنیا لە دەنگدانی کۆتایی و بێ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی کاندیداکان و هەروەها بەرنامەی گروپ و دەستەکانی سەر بە ڕژیم بەشداری دەکات، چونکە ئامانجی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردن، مل


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕاکێشان بۆ ئیرادەی خەڵک و گۆڕانکارییە دڵخوازەکان لەسەر ویستی زۆرینەی خەڵک و کۆمەڵگە و بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش نییە، بەڵکوو پاراستنی بارودۆخی ئێستا، یان گەڕانەوە بۆ جیهانی نەریت و خورافاتە. ئەوان تەنیا لەو گۆڕەپانەدا دەتوانن مانۆڕ بدەن و پلە و پێگەی خۆیان بپارێزن و مرۆڤی ئاسایی هەڵخەڵەتێنن.

لەلایەکی دیکەوە عەلی خامنەیی کە باوەڕی بە "پیلانی وەهم" هەیە، سەرجەم ڕووداوە سیاسییەکانی ڕێژیمەکەی بە پیلانگەلی دەرەکیێ پاساو دەدات، هەر بۆیە زۆر بەباشی لە پیلانی "وەهم" کەڵک وەردەگرێت. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەموو جۆرە نارەزایەتی و مافخوازییەکی گەلانی ئێران، نەتەوە و کەمایەتییە ئایینییەکان، ژنان، خوێندکاران، کرێکاران، ڕوناکبیران و سەرجەم داواکارییە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران وەکوو پیلانێک لە لایەن دوژمنانی دەرەکییەوە لێکدەداتەوە و سەرکوتیان دەکات. هەر جۆرە داواکارییەکی گەلانی ئێران ئەگەر داوایەکی سەرەتاییش بێ بەرەنگاری دەبێتەوە و بە پیلانی دوژمنان و ڕەمزی پرۆژەی ڕووخانی ڕژیم ناوی دەبات. کەوایە "وەهم" و "ڕق"، کەرەسەیەکی فیڵبازانەی عەلی خامنەییە بۆ بەردەوامی مانەوە (بقا) ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو فیڵ و تەڵەکەیە، سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و بزوتنەوە نارەزایەتییە نێوخۆییەکانی گەلانی ئێران، بۆ عەلی خامنەیی لە ئێستادا کارێکی قورس و دژوارە. هەر بۆیە عەلی خامنەیی ئەم جارە بەپێچەوانەی جارانی پێشوو، لە پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماری پێشوەختەدا، دەنگی بەرزکردەوە و هەڕەشەکانی لە بەرەبەری هەڵبژاردن توونەتر کردەوە. جاران ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ وروژاندنی خەڵک و هاندانیان بۆ دەنگدان، کەشی سیاسیی وڵاتی تا ڕادەیەک کراوە دەکرد و داوای لە دژبەرانیش دەکرد بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. بەڵام ئەمجارە بۆ دەبێ لەو کاتە هەستیارەدا کە ڕێژیم ڕەوایی و شەرعیەتی گەلانی ئێرانی نەماوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا تەریک کەوتووتەوە و بە تایبەت پاش شۆڕشی ژینا و ڕاپەرینەکانی دیکە و بەشداریی نەکردنی گەلانی ئێران لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری برایم ڕەئیسی و خولەکانی مەجلیسەکانی شووڕای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێبەریدا، ڕێبەری نیزام ئەوا بەڕاشکاوی هەڕەشە بکات و ڕەخنەگرانی نیزام بە توندی بکوتێ و دەزگا ئەمنیەتییەکانی نیزام کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسان دەستبەسەر بکەن و ڕادەی ڕاودوونان و گرتن و ئیعدامەکانی بچێتە سەرێ؟ ئاشکرایە کە عەلی خامنەیی هەم لە بەشداری‌نەکردنی گەلانی ئێران لە هەڵبژاردن و هەم لە بانگەوازیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنی ئاگادار بوو و بە مەترسی گەورە لە بەرانبەر مانەوەی ڕێژیمەکەی دەزانێ. هەروەها ترسی سەرەکیی عەلی خامنەیی لەوە بوو ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەکانی ئێران لە ڕێگەی لایەنگران و ناڕازییەکانی نێوخۆی وڵات، توێژە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵگەی گەلانی ئێران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چالاک بکەنەوە و مەیدانی شانۆگەریی هەڵبژاردن بۆ ڕاپەرین و نارەزایەتی و خەباتی سیاسی و مەدەنی بگۆڕن. هەر بۆیە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ڕێژیم دا بە پێی ئامارەکانی خودی ڕێژیم زیاتر لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٦٠ لە سەدی گەلانی ئێران هەڵبژاردنی حکوومەتییان بایکۆت کرد. هەر وەها لە خولی دووهەمی کێبەرکێ کانی دوو بەربژێرەکەی ڕێژیمدا دیسان زۆربەی گەلانی ئێران بەشدارییان نەکرد و سەرکۆماریکی لاواز بە دەنگی ٢٥ لە سەدی بەشداربووان هەڵبژێردەرا.

هەنووکە ڕێژیمی عەلی خامنەیی لەلایەک لەگەڵ ڕاپەرین و نارەزایەتیی گەلانی ئێران و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ گەمارۆ ئابوورییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا، کە تەنگەیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵگرتووە و ڕێژیم لە دابینکردنی سەرەتایی ترین پێداویستییەکانی وەکوو دەوا و دەرمان و کالا و خۆراک ماوەتەوە. خامنەیی بەباشی لە نارەزایەتی و بێهیوایی گەلانی ئێران لە ڕێژیمەکەی ئاگادارە و دەزانێ هەر هەڵەیەکی بچووک لەوانەیە کەشێکی بەرفراوان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی گەلانی ئێران دروست بکا و ئەو و داروودەستەکەی بۆ هەمیشە بخاتە زبڵدانی مێژووەوە. بۆیە خاڵی گرنگ بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەی ئێران، ئەوەیە یەکەم، کورد وەک نەتەوە کە خاوەن مێژوو و زمان و کولتوور و داب و نەریتی خۆیەتی، دەتوانی لە داوای مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی شێلگیرتر و پێداگرتر بێت. دووهەم، بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە ستراتیژیکە، حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ یەکگرتوو بن و یەکهەڵوێستی خۆیان لە پەیوەندیی لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد پێشان بدەن. هەر وەها کۆدەنگی و یەک هەڵویستی حیزبەکان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد، مەرجی سەرەکیی هەر پلاتفۆرم و یەکیەتی و هاوپەیمانییەک بێت. دانیشتنی نوێنەرانی گەلی کورد لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی وڵاتدا تەنیا لە چاوچێوە و بە مەبەستی وتوویژی بێ سەرەنجام و دەرکردنی بەیاننامە، بەبێ چەسپاندنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکان و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لە مێشک و کرداری لایەنی دانووستان ئەنجامێکی باشی لێناکەوێتەوە. کەوابوو دەبێ ئەساسی کاری ڕێبەر و دیپلۆماتی کورد لە پاراداییمی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە دانیشتن و وتوویژەکاندا خۆی دەربخات. ڕێبەرانی کورد دەبێ لە سەرجەم دانیشتنەکانیاندا لەسەر بەرژەوەندیی باڵاکانی گەلی کورد یەکدەنگ بن و هەر پلان و بەرنامەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی باڵاکانی گەلی کورد هەڵسەنگێنن و دواتر بڕیاری کۆتایی لەسەر بدەن. هەر وەها لە سەردەمی شۆڕشی زانیاریدا ڕوونکردنەوەی پلان و دانیشتنەکان بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بۆ چاکسازی بڕیارە نەتەوەییەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی یارمەتیدەری کار و تێکۆشان لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلی کورددا بێت.

٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زەمینە و بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی




## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
(زەمینە و بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی ٥ - ١٤)

**سمایل شەرەفی**

بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان ئامیان و جەوهەرێکی فەرهەنگیی هەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژیک لە باسەکە بڕوانین، دەبینین لە هەموو بزووتنەوەکانی کوردستاندا ئەوە چەمکی فەرهەنگە کە بە سەر چەمکەکانی دیکەدا زاڵە. "بزووتنەوەی مەدەنی لەسەر بنەمای چەمکی فەرهەنگی شکڵ دەگرێ .بە تایبەتی لەو سیستمانەدا کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە گوڕێدایە و دەربڕینی بیروڕای ئازاد بە شێوازی ڕاستەوخۆ یان بوونی ئەحزاب قەدەغەیە. بۆیە چالاکانی ئەم حەوزەیە پەنا دەبەنە بەر سیمبۆلیزم بۆ هێماسازی، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوازێکی دیکە پەیامی خۆیان دەربڕن. ڕێک ئەو کارەی کە گۆڤاری "سروە" کردی، یان دژایەتیی خەڵکی کوردستان لەسەردەمی پەهلەویدا لە گەڵ یەکسانسازیی جلوبەرگ. ئەو یەکسانسازییە کە ویستێکی سیاسی لە پشت بوو، بەڵام چەمکە زاڵەکە چەمکێکی فەرهەنگی بوو، لە سەردەمی ئیسلاحاتدا، بە هاتنەسەرکاری محەممەد خاتەمی بە دەیان گۆڤاری خوێندکاری لە زانکۆکانی سەرانسەری ئێران بڵاو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبوونەوە، کەوابوو لێرەشدا دیسان ئەوە کارێکی فەرهەنگییە"(١). بۆیە بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان، ڕیشەی لە بزووتنەوەی فەرهەنگی دایە و "بزووتنەوەی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مێژوویەکی بە قەدرا مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا هەیە" و ڕەوتی بەربەرەکانێی مەدەنی (ناتوندوتیژ) لە کوردستان هاومێژوو لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتییە کورد لە سەدەی ١٩ی زایینی کە بە چەند قۆناغی جیاجیادا تێپەڕ دەبێت.

بە سەرنجدان بە دۆخی سیاسی – جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەستراوە بە وڵاتی ئێران و نیزامی سیاسی لەم وڵاتە، لێکدانەوەی تایبەتمەندی و گۆڕانکارییەکان تەنیا لە چوارچێوەی دۆخی نێوخۆیی کوردستاندا ناتەواو و هەڵەیە. مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوەتەوە بە ئەو ڕەوتە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە ئێران لە ئارا دابووە و ئەگەر بمانەوێ مێژوویەکی دیار بۆ شکڵگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان دیاری بکەین ناچارین بەو ڕووداوانەدا تێپەڕین کە مێژووی نوێی ئێرانیان ساغ کردۆتەوە.

لەم پێوەندییەدا دوکتۆر ئارسان لەو باوەڕە دایە ڕەوتی مێژووی ڕووداوەکان لە ئێران کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر "گەشانەوە" و "پووکانەوە"ی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان هەیە و بە ئاماژەدان بە قۆناغ و سەردەمەکانی وەک؛ شۆڕشی مەشروتە، ٢٠ ساڵەی دیکتاتۆریی ڕەزاخان، هاتنەسەرکاری موسەدق، بە دەسەڵاتگەیشتنی پەهلەوی دووهەم، شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و دەوڵەتی خاتەمی و هتد...کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و کوردستان، ڕەوتی کرانەوە و پووکانەوە تەجروبە دەکات. قادر وریا لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "قۆناغەکانی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران" کە تێیدا پایە و بناغەی بزووتنەوەی مەدەنی لەم بەشە لە کوردستان، بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فەرهەنگی دەبەستێتەوە؛ زەمینە و بەستێنی ئەم بزووتنەوەیە لە سێ قۆناغی: "لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ڕووخانی کۆماری کوردستان"، "لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی" و "لە ڕووخانی پاشایەتییەوە تا ئێستا (١٣٨٠)"دا پۆلێنبەندی دەکات. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هێندێک جموجۆڵ و تێکۆشان بەرچاو دەکەون کە نیشاندەری گووران و شکڵ گرتنی بیری نەتەوایەتی و وەرێکەوتنی خەباتی سیاسی و فەرهەنگیی کوردەکان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان دان. "پێکهاتنی "کۆمەڵەی کولتووری ڕۆشنگەریی کوردی "یەکێک لەو هەوڵانە بوو کە بە هۆی "عبدالرزاق بدرخان" و بە هاوکاریی سمایل ئاغا (سمکۆی شکاک) پێکهات. ئەمە یەکەم نیشانەی دیار لە وریابوونەوەی فەرهەنگیی کورد بوو کە بەدوایدا دامەزرانی قوتابخانەی کوردی، خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزرانی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و ...هتد پەیدا بوون."

لە ساڵانی ٢٠ی هەتاویدا کوردستان ڕەوتێکی نوێ لە کۆمەڵگەی مەدەنی تاقی دەکاتەوە. بە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤) و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کە ئازادترین سەردەمی ئێرانە، بەستێنێکی گونجاوتر بۆ بەشداری خەڵک لە ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان لە دامەزراوەی جۆراوجۆردا پێک دێ. بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی، دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و لاوان (٢) و تێکۆشان لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراودا نموونەی شکڵگرتنی قۆناغێکی جیاوازی کۆمەڵایەتییە و هەنگاوێکی نوێیە بەرەو پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی. دیارە ئەم ڕەوتە بە هەرەسهێنانی کۆمار لاواز بوو، بەلام گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان وەختێک پێش دێن ئەگەر "دەروونزا" بن ڕەنگە لاواز بن بەڵام هەرگیز لەنێو ناچن، بۆیە دەوڵەتی موسەدیق و هەڵبژاردنەکەی مەجلیسی حەڤدەهەم لە کوردستان درێژەی هەمان ڕەوت بوو کە دەستی پێکردبوو. لە ڕاستیدا بەشداریی خەڵک وەک دژکردەوە بە نیسبەت دەسەڵاتی شا و پشتیوانی لە موسەدیق کە بە دوای حکومەتی مەشرووتە و بەشداری خەڵک لە پرۆسەی سیاسییەوە بوو، درێژەداربوونی شکڵگرتنی ئەو بنەمایەیە کە لە سەرەتاکانی مەشرووتەوە دەستی پێکرد و لە کۆماردا بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕی و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٣٠دا بە جۆرێکی دیکە درێژەی پەیدا کرد تا لە بزووتنەوەی جووتیاریدا جۆرێکی دیکە حوزووری ڕەخنەگرانە و سەربەخۆی کورد دژ بە دەسەڵات خۆی بنوێنێ. لەو قۆناغەدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی شکڵ دەگرێ کە ئەم بزووتنەوەیە بۆخۆی بەشێکە لە جموجۆڵێکی مەدەنی لە کوردستان، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە وێڕای زۆرێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد بە کۆماری کوردستانیشەوە گشتگیر نەبوو، بەڵام نموونەی جموجۆڵی جیاوازی ئەم بەشەی ئێران بوو. جموجۆڵێک کە دەیتوانی سەرەتاکانی پێکهاتنی کۆمەڵگەیەک بێ کە هەموو تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەبێ.

لەم قۆناغەدا جیا لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و پەیدابوونی دیاردەی حیزبایەتی کە وەک ڕێکخەری کۆمەڵگە و پردی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت و نوینەرایەتیی خەڵک یەکێک لە ئامرازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، دامەزرانی ژمارەیەک ڕادیۆ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بڵاوکراوە بە زمانی کوردی هاتنە ئاراوە کە تۆزی فەرامۆشییان لە سەر زمان، هونەر و گۆرانیی کوردی ڕامالی.

لە ساڵەکانی هەوەڵی دەیەی چلی هەتاویدا ئاڵوگۆڕێک لە سیستەمی مڵکایەتیی زەوی و زاردا هاتە ئاراوە کە بە "اصلاحات ارضی" ناوی دەرکرد و کوردستانیش لەو ئاڵوگۆڕە بێبەش نەبوو. ئەو ڕیفۆرمە کە جێی پێی بۆ بۆرژوازی لە لادێ خۆش کرد و ڕێژەی خوێندەوارانی لە کوردستان بردە سەرێ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر پەرەسەندنی جموجۆڵی فەرهەنگی و، خوێندکاری لە زانکۆکان دانا.

شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی دەرفەتێکی دیکەی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی کورد بوو بەو ماهییەت و نێوەرۆکە مەدەنییەوە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەیەتی، بتوانێ کۆمەڵگەیەکی دوور لە شەڕ و ئاڵۆزی بنیات بنێ، بەڵام بەداخەوە ڕەوتی ڕووداوەکان، کورد و کۆمەڵگەی کوردستانیان تووشی قۆناغێک لە شەڕ و توندوتیژی کرد. کورد لە سەرەتاکاندا توانی جەوهەری مەدەنییەتی خەبات و تێکۆشانی خۆی لە بەشداری و بەڕێوەبەریی کاروباری وڵاتدا نیشان بدات. "بزووتنەوەی کوردی سەردەمی "پاش شۆڕش" خۆی بە سەرچاوەگرتوو لە خۆڕاگریی ناتوندوتیژیی گشتی و کەمپەینەکانی نافەرمانیی مەدەنی پێناسە دەکات کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێیدا بەشداربوون. ئەم چالاکییانە بە دوو هۆکار ئەنجام دەدران. یەکەم: بەرەنگاری لە بەرانبەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، دووهەم: بەرەنگاری لەمەڕ قایلکردنی ڕێژیم بۆ بەفەرمی ناسینی "شۆڕا" هەڵبژێردراوەکانی شارەکان کە لە شارە جیاوازەکانی کوردستاندا پێکهاتبوون. پێکهێنانی شۆڕاکانی شار، یەکەمین هەنگاوی کردەیی بۆ دروستکردنی سیستەمێکی دێموکراتیکی ئاڵتێرناتیڤ بۆ حکومەت بوو، کە لەڕێی بەخشینی دەسەڵات بە نوێنەرە خۆجێیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکانی خۆیان و دەوروبەرەکانیان پێکهاتبوو. بەرزیی ئاستی هاوکاریی نێوان ئەندامە جیاوازەکانی شۆڕا کە هەڵگری ئیدۆلۆژیی جیاواز بوون،ئەو دڵنیاییەی بەخشییە شۆڕاکان کە وەکوو مۆدێلێکی بێوێنە بۆ بەڕێوەبردنی شارەکان فام دەکرا.

ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، ڕێکخراوە خۆجێیەکان و حیزبە سیاسییەکان، بە هەڵبژاردنی شۆڕای شارەکان، یەکەمین هەنگاویان بۆ خۆبەڕێوەبەری هەڵهێنایەوە. "دامەزراندنی ڕێکخراوە خۆجێیەکان و یەکیەتییەکان وەکوو: یەکیەتیی بێکاران لە بانە، یەکیەتیی مامۆستایان لە مەریوان، یەکیەتیی نانەواکان لە سەقز و هەروەها بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد لە سەقز، پێشاندەری ویستی خەڵکی مەدەنی بوو بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کوردستانی سەردەمی "پاش شۆڕش" لە ڕێگا ئاشتیخوازانە و کۆمەڵگەتەوەرەکان. ئەم ئاڵوگۆڕانە هەلومەرجێکی نوێی لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیمدا پێکهێنا، دەرفەتی نوێ هاتنە ئاراوە کە لەگەڵ چوونەسەری ئاستی بە سیاسیبوونی کۆمەڵگەی کوردیدا ئاوێتە ببوو کە ئەوەش تایبەتمەندیگەلێکی دیاریکراوی بە شۆڕش لە کوردستان بەخشی. لەماوەی شۆڕشدا چەندین ڕێکخراوەی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتن، ڕێکخراوی دێموکراتیکی کوردستان، کۆمیتەی ژنانی مەریوان، یەکیەتیی خوێندکاران، یەکیەتیی کرێکارانی بێکار، کۆمەڵگەی ژنانی چەکدار لە سەقز و دامەزراوەکانی دیکەش پێکەوە کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکرد."

حیزبی سیاسی وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی دەگێڕا و لە لایەکی دیکەوە ببوو بە باڵی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕێبەریی بوارێکی فراوان و بەربڵاوی چالاکییە ناتوندوتیژەکانی دەکرد. بۆ نموونە کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی مەریوان، بەرگری و پشت جەبهەی کورد لە شار و گوندەکان و یەکەم هەڵبژاردنەکانی "مەجلیسی خوبرەگان، سەرکۆماری و "مەجلیسی شووڕای میللی" و بایکۆتی ڕێفراندۆم بەشێک لە کارنامەی حیزبی سیاسی بوو لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەدەنیدا کە خەریک بوو قەوارە و شکڵ بگرێ. بە گشتی حیزبەکان داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی چەمکگەلی وەکوو خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی و سێکۆلاریزم بۆ ئێران لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیی نوێدا دەخستە ڕوو.

بزووتنەوەی ناتوندوتیژی کۆمەڵگەی کوردی، ڕووبەڕووی وڵامێکی توندی ڕێژیمی نوێ بۆوە. فەرمانی جیهاد دژ بە خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕێبەری ئینقلاب، ئایەتوڵڵا خومەینییەوە ڕاگەیاندرا و شەڕ بە سەر کورد و بزووتنەوەی کوردستاندا سەپێندرا. فازی خەبات گۆڕدرا و بەرەنگاریی پێشمەرگانە و چەکداری هاتە ئاراوە، بەڵام نێوەرۆک و پەیامی بزووتنەوەی کوردستان ئاشتیخوازانە و بەرەنگارانە بوو. جموجۆڵی مەدەنی لە کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە ١٠ساڵ لە ژێر کارتێکەریی سیاسەتی شەڕفرۆشی و هەوڵی ئاسمیلاسیۆنی نیزامی خۆسەپێن لە تاران، لەوپەڕی کزی و لاوازیی خۆیدا بوو. "بەهۆی سەرکوتی ڕێژیم و میلیتاریزەکرانی کوردستان لە لایەک و دۆخی تایبەتی سەردەمی شەڕی ئێران-عێراق لە لایەکی ترەوە، چالاکییە مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاڵبوونەوە، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستی هەتاوییەوە بەرەبەرە جموجۆڵی مەدەنیانە دەستی پێ کردەوە."

***

## پەراوێزەکان:

١- ناسر باباخانی، وتووێژی تایبەتیی خۆم، ڕێکەوتی ١٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٠)

٢- یەکیەتیی یایانی کوردستان و یەکیەتیی جەوانانی کوردستان کە دواتر ناوەکانیان گۆڕدرا بە یەکیەتیی ژنانی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی کوردستان و تا ئێستا درێژە بە کارو چالاکیی خۆیان دەدەن.

٣- لە سەرەتای هاوینی ١٣٣١ هەڵبژاردنی مەجلیسی حەڤدە کۆتایی پێ هات و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەکردەوە پشتیوانی لە سارمەدینی سادق وەزیری کرد و ناوبراو بە وەدەستهێنانی ١٥٣٥ دەنگ لە کۆی ١٨٥٠ دەنگ وەک نوێنەری خەڵکی شاری مەهاباد هەڵبژێردرا. بەڵام ئەرتەش بە فێڵ حەسەنی ئیمامیی لە سندوقەکان دەرهێنا و کردی بە نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە مەجلیس. (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نووسینی د. قاسملوو و عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لاپەڕەکانی ١٨٠ و ١٨١)

٤- کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان: لە ماوەی ڕۆژەکانی ٣٠ و ٣١ ی پوشپەڕ تا ١٣ی گەلاوێژ، خەڵک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە کردەوە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و هەروەها ئازار و ئەزیەت و جینایەتی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، بە کۆمەڵ شار بەجێدەهێڵن و بۆ ماوەی نزیک بە ٢ حەفتە، لە ئۆردوگای کانی میران کە لە ١٢ کیلۆمیتری شاری مەریوان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵکەوتووە، جێگیر دەبن.

٥- هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە سەرانسەری وڵات دا بەڕێوەچوو. لە کوردستان خەڵک بەشداریان کرد و لە پارێزگای ورمێ سێ کەس لە لایەن کوردەکانەوە بەربژێر (کاندید) بوون کە دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەدەستهێنانی ١١٣٧٧٣ دەنگ بە ئەندامی ئەو مەجلیسە هەڵبژێردرا کە دواتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێی بەشداریی پێ نەدا. - یەکەم دەوری هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو. کورد بێ ئەوەی کاندیدی کوردی هەبێت — چونکی بە پێی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوردەکان نەیاندەتوانی بەربژێریان هەبێت - بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دا کرد و حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەیەک دا پشتیوانیی لە مەسعود ڕەجەوی کرد و بنی سەدر بە وەدەستهێنانی ١١ میلیۆن دەنگ بوو بە یەکەم سەرکۆماری ئێران. بۆ لاپەڕەی دواتر...

- ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ یەکەمین خولی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەچوو. خەڵکی کوردستان لە سەر داوای حیزبی دێموکرات بەشداریی لە هەڵبژاردن کرد و زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو بەربژێرانەی لە لایەن حیزبەکانەوە پشتیوانیان لێ کرابوو دەنگیان هێنایەوە کە دواتر بەشی زۆریان ڕێی چوونە مەجلیسیان لێ گیرا.

- ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ڕێفراندۆمی دیاریکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو. لە کوردستان حیزبەکان و خەڵک بە گشتی بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنەیان کرد.

(وەرگیراو لە کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نووسینی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا حەسەنزادە).

٦- ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی جیهاد بە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕاگەیاندراو و شەڕێکی سەرانسەری دژ بە خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد.

٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئێعدام، شایەدێکی تر لەسەر ناکارامەیی




**هەردی سەلیمی**

حوکم و جێبەجێکردنی ئێعدام یا هەمان کوشتن بە دەستی حکوومەت، سزایەکە گەڕانەوەی بۆ نییە و کار لە کار دەترازێنێ. لە ئێستادا لە زۆربەی لە وڵاتانی جیهان ئەم سزایە هەڵگیراوە و هەوڵ دەدرێ وڵاتانێکی دیکەش بچنە ڕیزی ئەو وڵاتانەی ئەم سزایە هەڵگرن. "ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن" چەند هۆکار بۆ زاڵمانەبوونی ئەم سزایە دێنێتەوە: سزای ئێعدام ناتوانێ پێشگیری لە ڕووداوەی تاوانێک بکات، ئەم سزایە زیاتر لەو وڵاتانە بەڕێوە دەچێ کە سیستمی دادیان کەموکووڕیی هەیە، ئێعدام سزایەکی گرێدراوە لەگەڵ هەڵاواردندا، لەم سزایە بەمەبەستی سەرکوتی سیاسی کەڵک وەردەگیرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە نەتەنیا ئەم سزایە دەردەکا و جێبەجێشی دەکات، بەڵکوو بەتەنیایی ڕێژەی ئێعدامی جیهانی دەباتە سەرەوە؛ بۆ نموونە سێ لەسەر چواری ئێعدامەکانی ئەم دواییانەی جیهان بە دەستی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە چووە واتە ٪٧٥ی ئەو ئێعدامانەی لە ساڵی ٢٠٢٣دا لە هەموو جیهاندا تۆمار کراون، لە ئێراندا بەڕێوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چوون. هەر کۆماری ئیسلامی لە دوایین کردەوەی کوشتنانەیدا "پەخشان عەزیزی" و "شەریفە محەممەدی"ـی بە ئێعدام مەحکووم کردووە، کە لە پاش "شیرین عەلەمهۆلی"یەوە ئەمە یەکەم سزای ئێعدامە بۆ ژنانی سیاسی.

پەخشانی عەزیزی یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە و لە سەردەمی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا لەوێ یارمەتیی بە ئاوارە و لێقەوماوانی شەڕ کردووە، بەڵام بەرەوڕووی حوکمی "بغی" بووەتەوە کە بەواتای ئەوەیە کەسێک بە شێوەی چەکداری بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بێتەوە؛ تەنانەت بۆ ئەم تۆمەتەش هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە و وتوویانە: "پەخشانی عەزیزی، لە وڵاتانی سووریە و ئێراق بە شێوەی چەکداری هاتوچۆی کردووە" کە ئەمەش سەرسوڕمانی پارێزەرەکانی لێکەوتووەتەوە و لە وڵاتێکی شەڕلێدراوی وەک سووریە و هێرشی داعشدا کەسێک بۆ دفاع لە گیانی خۆی چەکیشی پێ‌بووبێ، چ پێوەندییەکی بە سیستمی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە؟ بەڵام هیچ وڵامێکیان بۆ نییە و لە ڕاستیدا سیستمی قەزاییی کۆماری ئیسلامی وردەکاریی هیچکام لەم پەروەندانە دەرناخات، چونکە دەزانێ هیچ لۆژیکێکی لە پشت نییە.

هەر ئەم سزایەی کە لەسەر شەریفە محەممەدییش دراوە، بە هەمان شێوە ناعادڵانە و نابەرپرسیارانەیە، شەریفە محەممەدی چالاکی کرێکارییە و دە ساڵ لەمەوبەر لە کومیتەیەکدا بەناوی "کومیتەی هاواهەنگی بۆ یارمەتی بە پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری" ئەندام بووە، ئێستا ئەوەیان پێوەند داوەتەوە بە ئەندامەتیی یەکێک لە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆیە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاندووە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی گەلاوێژی ١٤٠٣، "کامران شێخە" زیندانیی کوردی سوننی لەسێدارە درا، لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا شەش کەسی تریش بەناوەکانی "ئەنوەر خزری"، "فەرهاد سەلیمی"، "داود عەبدوڵڵاهی"، "قاسم ئابستە"، "ئەیوب کەریمی" و "خوسرەو بەشارەت" هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پەروەندەیەدا لەسێدارە درابوون. ئەم حەوت کەسە پاش پتر لە ١٤ ساڵ کە لە زینداندا ڕاگیرابوون و بەرەوڕووی چەندین جۆر ئەشکەنجە ببوونەوە، بەتۆمەتی کوشتنی "مەلا عەبدورڕەحیم تینا" یەکێک لە پێشنوێژەکانی شاری مەهاباد لە کۆتاییدا لەسێدراە دران؛ وەک بڵێی کۆماری ئیسلامی بیهەوێ بڵێ گیانی کەسێکی ئایینی لەگەڵ گیانی حەوت کەسی ئاساییدا بەرامبەرە!

پەروەندەی ئەم کەسانە لەبەردەستی "قازی موقەیسە"دا بوو کە یەکێک لە قازی ئێعدامەکانی کۆماری ئیسلامییە، دادگاییی ئەم چەند کەسە گلەییی ڕێکخراوی نێونەتەوەییی لێبوردنیشی بەدوادا بوو، چونکە ئەوە هیچ هەموو لەژێر ئەشکەنجەدا دانیان بە تاواندا نابوو، دادگاییشیان لەڕاستیدا ٥ خولەکی بەڕێوە چبوو کە بۆ سزایەکی وەک ئێعدام کە گەڕانەوەی نییە، زۆر لە کەم کەمترە؛ تەنانەت بە شایەدیی چەندین کەس قازی موقەیسە بەڕاشکاوی وتبووی: "کوردبوون و سوننیبوونی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

ئێوە، خۆی تاوانێکە و بۆ لێخۆشبوون نابێ." تەنانەت بۆ چالاکانی ئایینییش کوردبوون، لە ڕوانگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە تاوانێکە، کە ئەمە پەیامێکی گرنگی تێدایە.

کۆماری ئیسلامی یەک لەو دەسەڵاتانەیە کە لە سزای لەسێدارەدان خۆش نابێت و تەنانەت بووەتە پێناسە هەرەدیارەکەی، بۆیە لەم سزا نامرۆڤانەیە بۆ ترساندن و سەرکوتێکی سیاسی کەڵک وەردەگرێ و دەیهەوێ دەسەڵاتی خۆسەپێنی خۆی لەم ڕێگەیەوە درێژە پێبدات؛ لەگەڵ ئەوەش داخی بەشدارینەکردنی خەڵک لە چەندین بەناو هەڵبژاردنیدا و هەروەها بەشدارییان لە نارەزایەتییەکاندا بە ئێعدام دەڕێژێ.

٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕوانگەی خەڵکی وڵاتەکەوە



**کوردستان**

خەڵکی ئێران بە تەواوی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەوە باشتر لە هەر ڕەوت و لایەنێکی دیکەی دژبەران و دۆستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم ڕێژیمەیان ناسیوە و لە ماهییەت و کردەوەکانی شارەزان. زیاتر لە ٤٥ ساڵە گەلانی ئێران بە ڕەپێشگرتنی هەر چەشنە ڕەفتار و ڕێکارێکی سیاسی، ئەم نیزامە ئیدئۆلۆژیکە تەواویەتخوازەیان تاقی کردۆتەوە. هەر لە هاودەنگبوونییەوە بگرە تا نارەزایەتیی نەرم، بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی و زۆر جاریش بایکۆت و "نا" وتن، بەرەنگاریی چەکدارانە و نارەزایەتیی جەماوەری لە سەر شەقامەکان، خەڵکی ئەم وڵاتە لە ماوەی ئەم زیاتر لە ٤٥ ساڵەدا بە بێ ڕاوەستان خاوەن هەڵوێست و ڕەفتاری مانادار بووە.

کە دەڵێین "خەڵکی ئێران"، لە هەرکام لەم ڕێکارانەی کە ئاماژەمان پێکردن بە پێی کات و زەمەن، ئەم "خەڵکی ئێران"ە مانای جیاواز دەدات. لێرەدا مەبەست لەم ئاماژەیە بە "خەڵکی ئێران" یا "گەلانی ئێران" ئەوەیە کە باس لە هێزێک لە یەکگرتوویی بەرانبەر بە نیزامێک بکەین کە وەک وترا بە هەموو شێوازێک لە لایەن ئەم خەڵکەوە تاقی کراوەتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

له دوای بزووتنەوەی ژیناوە ڕوونتر دەتوانین باس له "خەڵکی ئێران" یا "گەلانی ئێران" له پێوەندی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی "زۆرینە"ی ئەم "خەڵکە" یان "زۆرینە"ی ئەم "گەلانە" بەرانبەر بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین و له هێز و کاریگەرییەکانیان تێبگەین.

بزووتنەوەی ژینا کە پەردەی لەسەر گۆڕانکارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی له کۆمەڵگەکانی ئێران لا دا و بە بەرزکردنەوەی درووشمی ژن.ژیان.ئازادی ئەم گۆڕانکارییە زاتییەی له خۆدا دەرخست، یەکێک له پەیامە گرینگەکانی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەموو ئەو تاقیکارییانە بوو کە لەسەر کۆماری ئیسلامی کرابوو. ئاکامێک کە له ویژدانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی وڵاتدا دانی پێدا نرا، ئەویش تێپەڕینی یەکجارەکی له کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو ڕەوت و باڵەکانییەوە بوو.

خەڵکی ئێران له دوو هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی و سەرۆککۆماری کە بە ڕیز له مانگی ڕەشەممەی پار و پووشپەڕی ئەمساڵدا بەڕێوەچوون و ڕووداوی کەوتنە خوارەوە یان خستنەخوارەوەی هێلیکۆپتێری سەرکۆکۆماری پێشووی ڕێژیم ئیبراهیم ڕەئیسیدا، ئەم پەیامەی بزووتنەوەی ژینایان دووپاتە و چەند پاتە کردەوە. له هەردوو هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی خەڵک بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، وتیانەوە کە نەک هەر پەرلمان و سەرۆککۆمار، بەڵکوو ڕێژیمیان له تەواویەتی خۆیدا ناوێ. له ڕەوتی مردنی ڕەئیسیش، جیا له لایەنگرانی دەسەڵات و ڕێژیم، "خەڵکی وڵات" ئەگەر له ڕووی عورف و ئەخلاقەوە بۆ پێخۆشبوونی مردنی، شایی و گۆڤەندیان نەگێڕا، بەڵام نیشانیاندا کە "زۆریشی کۆڵ پێوە هەڵناگرن."

ئێستا مەسعوودی پزیشکیان بە کەمترین دەنگی خەڵک، سەرۆککۆماری ڕێژیمە و بە ڕواڵەت هەم له ڕەوتی تەبلیغاتەکانی سەرکۆماری و هەم ئێستا وا خۆی نیشان دەدات کە "لانیکەم دەنگی نارەزایەتییەکانی خەڵکی بیستووە و پێویستە گۆڕانکاری بکرێ". هیچ گومان لەوەدا نیە کە ڕێژیم له تەواویەتی خۆیدا بە جەنابی پزیشکیشیانەوە پەیامی خەڵکیان له بزووتنەوەی ژینا و هەڵوێستی خەڵکیان له هەڵبژاردکاندا بیستووە و بینیوە و خودی هێنانی پزیشکیان و دەرچواندنیشی، ئاکامی ڕەفتار و پەیامی ڕوون و لێبڕاوانەی خەڵکە. بەڵام پەیام و هەڵوێستی خەڵک ڕوو بە کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر گەرەتر و بەهێزتر لەوەیە کە ڕێژیم پێی وابێ دەتوانێ له زەرفێکی چووکە و بێدەسەڵاتی وەک "دەوڵەت" و "سەرۆکەکەی" له یاسا و ڕێساکانی نیزامدا، وڵامێکی بۆیان هەبێت.

پێگەی "دەوڵەت" و دەسەڵاتەکانی "سەرۆکی دەوڵەت" و کابینەکەی له حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا، له سێبەری زەبەلاحی ئەوپەڕی دەسەڵاتداریی ڕێبەری نیزام، ئەوە نیە کە بتوانێ پەیام و داخوازییەکانی خەڵک له خۆیدا بکاتە هێزێک بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی کە خەڵکی ئێران و گەلانی ئەم وڵاتە بیری لێ دەکەنەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

هەر لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا کە هێشتا پزیشکیان سوێندنی یاسایی نەخواردوە و عەلی خامنەیی "ئەرک و دەسەڵاتە نەبووەکانی پێ "تەنفیز" نەکردوە"، پاشماوەی دەوڵەتی ڕەئیسی چەندین گەلاڵەی دژ بە خەڵک و بۆ تۆڵەکردنەوە لە خەڵک، پەسەند کرد و دەزگای دادوەریی ڕێژیم خێرا و بە ئامانج، حوکمی قورس و لەسێدارەدانی بەسەر چەند کەس لە چالاکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەدا سەپاند و حوکمی لەسێدارەدانی چەند کەسی جێبەجێ کرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە سەرۆککۆماری تازە ئەو هەمووە باس لە دادپەروەری و دژایەتی لەگەڵ توندوتیژی دەکات، لەسەر هیچکام لەم کار و بڕیارە ناڕەوایانە تەنانەت نەهاتە قسەش.

بۆیە هەروەک لە پانتاییەکی بەرینتر لە جاران و ساڵانی پێشوو خەڵک بڕیاری خۆی لە سەر تەواویەتی ئەم نیزامە داوە و بە پێی ئاکامێک کە لە تاقیکارییەکانی خۆی لەسەر ئەم ڕێژیمە وەریگرتووە، لە دووره دیمەنی تێکۆشانی سیاسیی خەڵکی ئێران و گەلانی ئەم وڵاتەدا بۆ گەیشتن بە سەربەستیی و ڕزگاریی لەدەست دیکتاتۆری، هیچ دەرفەتێک بۆ کۆماری ئیسلامی نەماوەتەوە.

٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دیاریکردنی پزیشکیان و ئەرکی قورسی خەباتگێڕان



**شەماڵ تەرغیبی**

هەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە وەک ئامرازێک بۆ مەشروعییەت بەخشین بە ڕێژیم کەڵکی لێ وەرگیراوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هێنانی خەڵک بۆ سەر شەقام و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە شانۆگەریی هەڵبژاردن ئامانجیان ئەوە بووە کە بە دنیای دەرەوە بڵێن کە ئەو دەسەڵاتە ئەگەرچی خودا دایمەزراندووە بەڵام بە ئیرادە و دەنگی خەڵک لەسەر پێ ڕاوەستاوە.

خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای سیاسیی ئێران لە کۆی هەڵبژاردنەکاندا تەنیا ئیمکانی ئەوەیان هەبووە کە لە نێوان مۆرەکانی دەسچنکراوی دەستی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا یەکیان هەڵبژێرن، بۆیە لە ڕەوتی بەناوهەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، گۆڕینی سەرکۆمار نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی خەڵک دابنێت؛ باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم وتە ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە تەمەنی چلوچەند ساڵەی ڕێژیم کە وەک دەبینین دۆخی ئابووری و ژیان و گوزەرانی خەڵک ساڵ لەگەڵ ساڵ دژوارتر بووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەندێ لایەن و کەس بە ئانقەست و لە چوارچێوەی بیری بەرژەوەندیخوازانەی خۆیان تینی کورەی هەڵبژاردنەکانیان گەرمتر کردووە کە زەقترین نموونەی پێش لە هەڵبژاردنەکانی ١٥ی پووشپەڕ بینرا.

مەسعود پزیشکیان وەک سەرکۆماری نوێ ڕاگەیەندرا بەڵام بە دڵنیاییەوە هەروەک خۆیشی لە کاتی ڕێوڕەسمی ناساندنی لەلایەن عەلی خامنەییەوە وتی، درێژەدەری سیاسەتەکانی ڕێژیم و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەبێت. واتە بە نیسبەت نەتەوەکانی نیشتەجێ لە چوارچێوەی جوغرافیایی ئێران هەر هەمان شێوە ڕەفتار و هەڵسووکەوتی دەبێت کە لەماوەی پتر لە چل ساڵی ڕابردوودا لە ئێران بەدی کراوە. تەنیا جیاوازی نێوان بناژۆخوازەکان و ڕیفۆرمخوازەکان لەوەدایە کە ڕیفۆرمیستەکان وەک دەڵێن گورگن لە پێستی مەڕدا بەڵام بناژۆخوازەکان خودی گورگن لە پێستی گورگدا؛ بە دیوێکی تریدا پزیشکیان و داروودەستەکەی دەبنە گورگی حەشاردراو بە پێستی مەڕ.

بۆیە لە دەورەی پزیشکیانیشدا هاوشێوەی خاتەمی و ڕوحانی کە خۆیان بە ئیسلاحخواز دەناساند، هیچ گومانێک نابێ کە سەرکوتی بەربەرینی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی و هەروەها ژینگەپارێزان، زیاتر دەبێت و کەم ناکات؛ دۆخی ژیانیش ئەگەر نەڵێین خراپتر لە پێشوو دەبێ بەدڵنیاییەوە هیچ گۆڕانێکی پۆزەتیڤ بەخۆوە نابینێ چونکە ئەوان تەنیا جێبەجێکاری فەرمان و بڕیارەکانن کە لە بەیتی ڕێبەرییەوە دەردەکرێت.

لێرەدایە کە لە ئەرکی چالاکانی سیاسی و شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی گۆڕەپانی خەبات بەدژ کۆماری ئیسلامی قورستر دەبێت؛ لە ڕەهەندی پشتیوانیی مادی و مەعنەوی چالاکانی سیاسی دەبێ پڕڕەنگتر لە پێشوو دەربکەون و ببنە پشتیوانێکی قایم و قورس بۆ گەلانی ستەملێکراو بەڵام وەڕەز لە دەست زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی.

لە ڕەهەندی مەدەنیدا پێویستە ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی پزیشکیان لە کوردستان ببنەوە و لە چوارچیوەی خەباتی مەدەنی نابێت ئیزن بدەن کە دەوڵەتی پزیشکیان پاشەکشەیان پێ بکات و فەزای چالاکی کردنیان لێ بەرتەسک بکاتەو و هەروەها نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە بوون بە سەرکۆماری پزیشکیان لە حاڵێکدایە کە ڕێژەی بەشداربوونی خەڵک لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا لە کەمترین ئاستی خۆی لە مێژووی تاریکی کۆماری ئیسلامیدا بووە، ئەمەش هەلێکی گونجاوی ڕەخساندووە کە حیزبە سیاسییە ڕەسەنەکانی گۆڕەپانی خەبات لە ڕەهەندی دیپلۆماتیکی و نێونەتەوەییدا بەڵگەنامەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ببەنە کۆڕ و ناوەندە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییەکان و بە ڕێکخستنی نارەزایەتی جەماوەری لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، لەم ڕەهەندەوەش دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات چالاکی بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

لە دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات نەیتوانیوە پرۆژە و سیاسەتەکانی خۆی بە سەرکەوتوویی بەئەنجام بگەیەنێت، خەباتی چالاکانی نێوخۆ و پێشمەرگە و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی خەسارگەلێکی زۆر کردووەتەوە، بۆیە زۆر پێویستە لە دوای هاتنە سەر کاری مەسعود پزیشکیان هەم چالاکانی نێوخۆ، هەم هێزی پێشمەرگەی شار و شاخ و هەروەها ئۆپۆزیسۆنەکان بە شێوازێکی جیدیتر و بەرینتر ڕەوتی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی درێژە پێ بدەن.

٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شێرەبەفرینەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی



**کوردستان**

کوژرانی ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی دەفتەری سیاسیی حەماس لە بەرەبەیانیی چوارشەممە ١٠ی گەلاوێژ لە تاران، ئەگەر گرینگترین ڕووداوی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە ئێران و ناوچەکە نەبێ، بێگومان سەرسوڕهێنەرترین ڕووداوە کە ڕووی داوە. هەنیە کە بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی دەسبەکاربوونی مەسعوودی پزشکیان سەرکۆماری ئێران لە گەڵ زۆر هەیئەتی دیکەی ولاتان ئامادەی ئەو ڕێوڕەسمە بوو، وێنەکانی لە گەڵ پزشکیان کە یەکتریان لە باوەش گرتبوو، ببووە جێی سەرنجی میدیاکان و تەنانەت بەشێکی زۆریش لە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی بە دانانی ئەو وێنەیە نووسیبوویان، "بەرەی مقاومەت لە ئامێزی پارێزراوی ئێراندا". هەروەها بەشێکی زۆری ڕۆژنامەکانی تاران کە شەوەکەی ڕۆژنامەکەیان بەستبوو و نێردرابوو بۆ چاپ، دروشمی مەرگ بۆ ئیسرائیل و سڵاو لە مقاومەت و دروشمی لەو چەشنە، لاپەڕەی یەکەمی داگرتبوون. بەڵام ئەوان نەیاندەزانی چەند کاتژمێر دواتر ئامێزی ئەمنی ئێران دەگۆڕدرێ بۆ شەرمەزارییکی کەم وێنەی مێژوویی و هەر ئەو شەوە سەرۆکی حەماس لە تاران دەکوژرێ. شەرمەزاری لەو ڕووەوە کە هەنیە نە لە فەلەستین و لوبنان و سووریە و قەتەر، بەڵکوو لە تارانێک کوژراوە کە دەسەڵاتبەدەستانی ئیدیعای ئەمنترین جێگایان بۆ سەرۆکی حەماس دەکرد، ئەویش ڕێک لە ڕۆژێکدا کە سەرۆک و نێردەی زۆرێک لە ولاتان بۆ ڕێوڕەسمی دەسبەکاربوونی سەرکۆماری نوێ لە تاران بوون و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەهەموو پێوانەییک ئەو ڕۆژە ڕێوشوێنێکی توندی ئەمنی گیرابووە بەر.

بەڵام کوشتنی هەنیە چەند کاتژمێر دوای ئەو ڕێوڕەسمە بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی وت؛ نەتەنیا سەرۆکی حەماس و کەسانی هاوشێوەی ئەو کە لە تاران بوون، بەڵکوو خودی سەرۆک و ڕێبەر و بەرپرسانی ئێرانیش لە ژێر نفووز و توانایی ئیسرائیل لە ئێراندا گیانیان پارێزراو نییە. هەر ئەم قسەیەش ڕێک چەند ساڵێک لەوەپێش و لە دوای کوشتنی موحسینی فەخریزادە، پیاوی مەرمووزی بەرنامەی ناوەکیی ئێران لە زمان عەلی یوونسی، وەزیری پێشووتری ئیتلاعاتەوە وترابوو. عەلی یوونسی وتبووی،" نفووزی مووساد لە دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی ئێراندا بە ڕادەیەکە کە پێویستە هەموو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نیگەرانی گیانی خۆیان بن ".

وەک باس کرا، ئەم ڕووداوە بۆ کۆماری ئیسلامی شەرمەزارییکی مێژوویی بوو، شەرمەزاری لەو ڕووەوە کە ڕووداوەکە لە نێودڵی تاراندا و لە ڕۆژێکی گرینگی وەکوو دەسبەکاربوونی سەرکۆمار و بەئامادەبوونی دەیان میوانی بیانیدا ڕووی دا و لەولاشەوە نیشانەی بێ ئەملاوئەولای زاڵ بوونی مووساد دەزگای ئەمنیەتی سیخوڕیی ئیسرائیل بەسەریاندایە. جیاواز لەوەی کە ئەم ڕووداوە چۆن چۆنی ڕووی داوە و لێکەوتەکانی چی دەبن و داهاتووی شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتیەکانی لە گەڵ ئیسرائیل بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا، خاڵێکی دیکەی ئەم ڕووداوە کە بەلای خەڵکی ئێرانەوە گرینگ و جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە کوژرانی ئیسماعیل هەنیە و دەیان کەسی دیکەی سەربە ڕێژیم لە تاران لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەوەمان پێ دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی و هێزی سەرکوتەکەی هەر بۆ گیانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵاتەکە زیرەکن. دەنا بە ڕۆژی ڕووناک دەیان جار و بەتایبەت لە نێودڵی خودی ڕێژیم لە ئێراندا ئیسرائیل زەبری جەرگبڕی لێداون بەڵام جگە لە هاش و هووش و هەڕەشەی بێ مانا توانایی هیچیان نەبووە. بە شێوەیەک دوای ئەو هەموو زەبرەی کە ئەمریکا و بەتایبەت ئیسرائیل لێی داون، تۆڵەی سەختی خامنەیی بووەتە جێی گاڵتە و گەپجاڕی خەڵک. ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرە دژە مرۆڤە ڕۆژانە خەڵکی وڵاتەکە و بەتایبەتی لە کوردستان دەگرێ و دەکوژێ و لە زیندانەکان بەندیان دەکا، لە دوو ساڵی ڕابردوو و لە کاتی بزووتنەوەی ژینا و لە پاش ئەو بزووتنەوە تا ئێستا بە سەدان و هەزاران بنەماڵەی داخدار و جەرگسووتاو کردووە، بەزەیی بە منداڵی دە دوازدە ساڵانیشدا نەهاتووە، بە ملیۆنان دولار و میلیاردها تمەن سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران خەرجی دەزگا جوراوجۆرە سیخوڕیەکانی دەکا، بەڵام وەک باس کرا، دەرکەوت لە هەموو ئەمانەدا تەنیا بۆ خەڵکی بێ دیفاع و دەسخاڵیی وڵاتەکە زیرەکە. هەر ڕۆژی دوێنێ بوو کە لە ساڵڕۆژی لە دایک بوونی شەهید محەمەد حەسەنزادە لە بۆکان، باوک و خوشکی ئەم شەهیدە لە لایەن دەزگا بەدناوە دژە ئەمنیەتیەکانی سپا و ئیتلاعاتەوە بە توندترین شێوە دەسبەسەر کران و ڕاپێچی زیندانە تاکەکەسیەکان کران. ترسی ڕێژیم تەنیا لەوەبوو کە ئەو بنەماڵە شەهیدە نەکا لە ڕۆژی لە دایک بوونی ڕۆڵە شەهیدەکەیاندا ڕێوڕەسمێک بگرن و خەڵکیش بەدەوریاندا کۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ببنەوە.

بۆیە شەرمەزاری تەنیا ئەوە نییە کە لە کوژرانی سمایل هەنیە و قاسم سولەیمانی و دەیان و سەدان کەسی وەها ڕووی داوە، بەڵکوو شەرمەزاری لەوە گەورەتر ئەوەیە کە لە بەرانبەر خەڵکی وڵاتەکەی خۆتدا ئاوەها ڕەفتار بکەی بەڵام لە بەرانبەر زەربە گورچوبڕەکانی ئیسرائیلدا وەها گێژ و دەستەوەستان بی کە تەنانەت نەزانی لە کوێوە لێت دراوە و هەڕەشە لە خەڵک و ڕۆژنامەنووسانیش بکەی کە نابێ لە سەر کوژرانی سمایل هەنیە قسە بکەن دەنا دادگایی دەکرێن.

١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەرلێشێواوی و ئیدیعای پڕوپووچ




**سمایل شەرەفی**

دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنییە، ڕێبەری حەماس لە تاران، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەتایبەت بڵاوکراوەکانی سەر بە سپای پاسداران کە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، ئەسڵ و واقعی ڕووداوەکەیان بەلاوە دیار نیە، کەوتنە هەوڵی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک ئیدیعا و زانیاریی پڕ لە دژوازی. لەگەڵ ئەوەیکە هەر لە سەرەتاکانەوە دیاربوو کە ئەو شێوە دەستوەشاندنانە دەبێ کاری لایەنێکی وەک ئیسرائیل بێت و هێندێک لە کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمیش قامکی تۆمەتیان بۆ لای ئیسرائیل ڕاداشت، بەڵام بڵاوبوونەوەی هێندێک زانیاریی دیکە لە سەر ڕوداوەکە تەنانەت ناوەندە ئەمنیەتی و میدیاکانی ڕێژیمیشی خستە دوودڵیەوە. بە شێوەیەک کە دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، لە میدیا ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاوکرایەوە کە "ئەوەی تا ئێستا لە "ڕەسانەی میللییەوە" هێندێک کەس قسەیان لەسەر ڕووداوی کوژرانی هەنییە کردوە، بۆچوونی تاکەکەسیی خۆیانە و تا ئێستا هیچ ناوەند و دەزگایەکی ڕەسمی لەسەر ئەو ڕووداوە زانیاریی بە میدیاکان نەداوە". چەند کاتژمێر دواتر لەم هەڵوێستەی میدیاکانی سەر بە دەسەڵات هەواڵەکان باسیان لە دەستبەسەرکردنی دەیان کەس لە پلەدارەکانی سپای پاسدارانی نزیک لە ڕووداوەکە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپاوە کرد. هەموو ئەمانە هاوکات بوو لەگەڵ هەڕەشەو گوڕەشەی بەرپرسانی بە قەولی خۆیان "لەشکەری و کشوەری" لە ئیسرائیل و تۆڵەکردنەوەی "سەخت.!!"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم نێوەدا ئەوەی لە هەمووان تا ڕادەیەک چاوەڕوان کراو و لەهەمان کاتدا بێبنەماتر بوو، ئیدیعای کۆمەڵێک پەیج و کاناڵی نافەرمیی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداران بوو کە دەیانەویست وا بنوێنن کە ڕووداوی کوژرانی ئیسماعیل هەنییە، پێوەندی بە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە!!

ئەوەیکە ئامانجی پیلانگێڕانە و چەواشەکارانەی ئەم کاناڵ و پەیجانە چیە بۆ هەموو لایەک ڕوونە؛ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسدارانی ڕێژیم وەک لە ڕابردووش دا بە تۆمەتی جۆراوجۆر هەوڵی چەواشەکردنی نێوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان و بیانووهێنانەوە بۆ پەلامار و هێرش بۆ سەر حیزبەکانیان داوە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ درۆ و ئیدیعای بێبنەمای ئەمجارەی ئەم پەیج و کاناڵانەی ڕێژیم لەسەر کوژرانی ئیسماعیل هەنییە و پێوەندییدانی ئەم ڕووداوە بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و حیزبی دێموکرات پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین:

یەکەم ئەوەیکە؛ بۆ هەموو لایەک و بەتایبەت بۆ هەموو ئەوانەی شارەزا بە هەڵوێست و کرداری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ڕۆڵە خەباتکارەکانی کوردستانن ڕوونە کە، کوژرانی ئیسماعیل هەنییە لە تاران، دوور و نزیک هیچ پێوەندییەکی بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نیە. بە پێی خەسڵەتی خەباتکارانە و نێوەڕۆکی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی ٤٦ ساڵەی لەبەرەیەک ڕاوەستانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەمیشە کورد و بزووتنەوە ڕەوا و مافخوازانەکەی خۆی لەم کار و کردەوانە پاراستووە و هەوڵی نەداوە لە مەیدانێکدا کە دوژمن هەوڵی دیاریکردنی دەدات یاری بکات. بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەر بەستێنێکی خەباتکارانەدا هەڵوێست و کردەوەی لە خۆی نیشان دابێ، بە بێشەرم خۆی لێ بەخاوەن کردوە.

دووهەم خاڵ ئەوەیە کە؛ ئەم جۆرە پڕوپاگانداو و ئیدیعایەنە لە سەر بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات تەنیا بۆ چەواشەکردنی ویست و مافەکانی خەڵکی کوردستان و بیانووگرتن بۆ گرتنەپێشی سیاسەتی سەرکوتکارییە کە بەخۆشییەوە گەلانی دیکەی ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەک لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا سەلماندیان، نەتەنیا باوەڕ بەم درۆ و دەلەسانە ناکەن، بەڵکوو خۆیان بە پشتیوانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات دەزانن.

وەک هەموو لایەک لەبیریانە، لە سەرەتاکانی بزووتنەوەی ژینادا کە خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کاربەدەستانی ڕێژیم، پشتیوانییان لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کرد و درووشمی ژن.ژیان.ئازادی و "کردستان


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

كردستان چشم و چراغ ایران"یان بەرزكردەوە، ڕێژیم بە هێرش بۆ سەر كوردستان و پەلاماری مووشەكی بۆ سەر حیزبی دێموكرات و حیزبەكانی دیكە، دەیهەویست سەرنجی بیروڕای گشتی خەڵكی ئێران بە كۆدی "تجزیە طلبی" بەلاڕێدا بەرێت. كۆماری ئیسلامیی ئێران بە هێرش بۆ سەر بنكە و بارەگای حیزبەكان بە جۆرێک دەیهەویست مەیدانێک بۆ دژكردەوەی ئەم حیزبانە دیاری بكات كە ئیدیعا بێبنەماكانی خۆی تێدا بسەلمێنێ. بەڵام بە خۆشییەوە بە هۆی ژیری و درایەتی بەرزی بەڕێوەبەری حیزبی دێموكرات و تێگەیشتن لە پیلانەكانی ڕێژیم، تەواویەتی ئەم سیناریۆیانە پووچەڵ كرانەوە.

ئێستاش كۆماری ئیسلامیی ئێران كە لانیكەم بە شێوەیەی فەرمی خۆی لەو باس و ئیدیعایانە نادات چونكی تێگەیشتووە كە ئەو پینە و پەڕۆیانە بە بزووتنەوەی كوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموكراتەوە نانووسێ، لە ڕێگای هێندێک پەیج و كانالی لابەلاوە ئەم ناڕاستیانەیان دەخاتە پاڵ. بەڵام وێڕای ڕەتكردنەوە و مەحكوومكردنی سەرلەبەری ئەم ئیدیعا درۆینانە، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵكی كوردستان و حیزبی دێموكرات خۆیان بێ بەری لەم جۆرە هەڵوێست و كردەوانە دەزانن.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# جارێ باسێک لە دیپلۆماسی نییە، تۆڵە بژاردەی یەکەمە



**هەردی سەلیمی**

یەکەم کاردانەوەی "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیرۆری "ئیسماعیل هەنیە، بەرپرسی دەفتەری سیاسیی "حەماس" لە تاران، وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارە، باس لە تۆڵەکردنەوە بوو. ڕوانینی فەرمیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم ڕووداوە، ئەوەیە کە "ئیسرائیل"، هەنیەی کوشتووە و لە ڕێگەی ئاسمانییشەوە ئەم کارەی کردووە. لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل لەم پێوەندییەدا هیچ بەرپرسیارەتییەکی لە ئەستۆ نەگرتووە، لەولاشەوە کۆماری ئیسلامی هیچ بەڵگەیەک نادا بەدەستەوە کە نیشان بدات ئیسرائیل کردوویەتی. ڕێگەی بە کارناسانی نێودەوڵەتی نەداوە توێژینەوە لەو بارەوە بکەن کە دەبوو خۆی داوای کومیتەی ڕاستیدۆزینەوە بکات، هەروەها بابەتەکەی نەگواستووەتەوە بۆ شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هیچ سکاڵایەکی نەکردووە و تەنیا خۆی بە دادئەستێنی خوێنی هەنیە دەزانێ و دڵنیاشە لەوەی ئیسرائیل کردوویەتی.

لە لایەکی ترەوە بەشێک لە ڕاگەیەنە "ئامریکایی"ـیەکان پێداگرن لەسەر ئەوەی بڵێن ئەم ڕووداوە بەهۆی دانانی بۆمبەوە ڕووی داوە، ڕەوایەتێک لەدژی ڕەوایەتی فەرمیی کۆماری ئیسلامی. گەر وابێ قورسایی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی بەشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی، هەرچەند لە حاڵەتی هێرشی ئاسمانییشدا ئەو بەرپرسیارەتییە هەر لەسەر شانی ئەو بەشە هەیە، بەڵام لە حاڵەتی بۆمبدانانەوە گەلێک زیاترە و ئاستی ئابڕووچوونەکە زۆرترە، جگە لەوەش تۆپەکە دەکەوێتە مەیدانی خودی کۆماری ئیسلامییەوە، بۆیە کۆماری ئیسلامی ئەو ڕەوایەتەی قەبووڵ نییە و ئامادە نییە ئەو سەرشۆڕییە بێئەندازەیە قەبووڵ بکات، لەلایەکی تریشەوە دەیهەوێ وا نیشان بدات کە خاکەکەی بووەتە ئامانجی هێرشی دەوڵەتێک و بەم شێوەیە "هەق"ی بەدەست بێت.

بێجگە لە "پزشکیان" کە ئەویش بە هێڵی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا ڕۆیشت و نێوەرۆکی پەیامەکەی تۆڵاوی بوو و دیسان لایەنگرانی تووشی شۆک کرد کە لە بانگەشەکانیدا باسی لە دیپلۆماسی و وتووێژ دەکرد، "حەسەن نەسروڵڵا"، ڕێبەری "حیزبوڵڵا"ش، ئاورەکەی گەشاندەوە و وتی: "ئێران پێی وایە هێرش کراوەتە سەر شەرەف و ئابڕووی"، کە ئەم لێدوانەش وەک لێدوانەکەی خامنەیی کە وتی: "میوانمان کوژراوە و ستاندنی خوێنی بووەتە ئەرکی سەرشانمان" لێکدانەوەکان زیاتر بەرەو ئەو ئاقارە دەبات کە ڕوانینەکان هەستەکین و وڵامدانەوەیەکی هەستەکییش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چاوەڕوان دەکرێت؛ بەتایبەت کە کەشی دەروونیی لایەنگرانیشیان ئەوەیان لێ دەخوازێ و هەروەها بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی "ترساو/ شڵەژاو"ی خامنەیی لەلایەن دژبەرانییەوە، ئەم کەشە هەستەکییە زیاتر پەرەی ستاندووە و دەشتوانێ بەقەرا خۆی دەور ببینێ لەسەر بڕیارەکاندا.

پاش ئەم پەیام بڵاوکردنەوانە خامنەیی دیسان جەختی لەسەر "نەمان"ی ئیسرائیل کردەوە و لە تویتێکدا وتی کە ئیسرائیل نامێنێ، کۆماری ئیسلامی و هەروەها باڵە نیابەتییەکانی پێیانوایە وڵامێک بە ئیسرائیل نەدەنەوە، هیچ کامێکیان ئەمنیەتیان نامێنێ و دەتوانێ قوربانیی دوای هەنیە هەرکام لەوانی تر بێ، بۆیە وا دەخوازێ هەم بۆ پێشگیری و هەمیش بۆ تیماری غرووری بریندااریان وڵامێک لە خۆیان نیشان بدەن؛ "پێنتاگۆن"یش بۆ ئامادەکاریی زیاتر ئاڕایشی نیزامیی هێزەکانی لە ناوچەدا بەمەبەستی پاراستنی زیاتری ئیسرائیل گۆڕیوە و وا وێدەچێ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی بەجددی وەرگرتووە. لە ڕووی نێوخۆییشەوە هەر لەژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوە و چەندین ڕووداوی هاوشێوەی تر کە دەستی باڵای دوژمنەکەیان لە ڕووی ئەمنیەت و زانیارییەوە نیشان دەدا، بەتەمان دەست بە تەسفییەیەکی کەمۆێنە بکەن و بەدەردی خۆیان بەشی ئەمنیەتیان پێویستی بە "خانەتەکانی"ی هەیە.

لە ئەگەری نیشاندانی دژکردەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، چاوەڕوان دەکرێ دژکردەوەکە لە هێرشە مووشەکی و درۆنییەکەی پێشوو کاریگەرتر و بەربڵاوتر بێ و زۆر زیاتر لە ڕاگەیاندنی ئەو پەیامە بێت کە "دەتوانم خاکت بکەمە ئامانج"، بەدوای ئەوەشدا وڵامی ئیسرائیلیش بە وەها دژکردەوەیەک بێگومان توند دەبێ و بۆ مانەوەی خۆی بە پێویستی دەزانێ هەموو کارە ناتەواوەکانی تەواو بکات، ئیتر سەرلەنوێ و بۆ جارێکی تر ئەم ڕێگەیە نەپێوێتەوە؛ دەبێ چاوەڕێ بکەین بزانین کۆماری ئیسلامی خۆ لەم ڕیسکە دەدات یان نا.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە گەمەی سیاسیی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا



**عومەر باڵەکی**

چەند ڕۆژ لەوە پێش هەواڵی کوشتنی ئیسماعیل هەنییە، سەرۆکی دەفتەری سیاسیی ڕێکخراوی حەماس لە تاران لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بڵاو بۆوە. ئەو هەواڵە وەک بۆمب لە سەرانسەری دنیا بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوراستدا تەقییەوە. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجی هەواڵنێر و شرۆڤەکارانی سیاسی بوو ئەوە بوو کە ئیسماعیل هەنییە میوانی ڕەسمیی حکوومەتی ئێران بوو و بۆ بەشداری لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی مەسعود پزیشکیان وەک سەرکۆماری نوێ ئێران بانگهێشت کرابوو.

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لێکدانەوە وهەڵسەنگاندن لەلایەن کارناسانی بواری جۆراوجۆری نیزامی و سیاسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەستی پێ کردوە و هەرکامیان بە تێڕوانینی خۆیان لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، پەنجەی کردواریان بۆ لای ئیسرائیل ڕاکێشاوە و هەموویان لەسەر ئەو بابەتە کۆکن کە بە هەر شێوەیەک ئیسماعیل هەنییە کوژرابێ، دەستی سازمانی ئەمنییەتی ئیسرائیل، موسادی لە پشتە. بەڵام ئەوەی مشتومڕی زۆری لەسەرە ئەوەیە ئەگەر کوشتنی ئیسماعیل هەنییە کاری دەوڵەتی ئیسرائیلە بۆ لە تاران و لە کاتێکدا ناوبراو میوانی ڕەسمیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەوڵەتی ئێرانە و بۆ ڕێورەسمێكی دەوڵەتی ئێران بانگهێشت كراوە، ئەو كردەوەی ئەنجام داوە؟

ئەگەر بەپێی ڕووداوەكانی دوای ٧ی ئۆكتۆبر بێت كە ڕێكخراوی حەماس بە قسەی خۆیان بە سێ هەزار جیهادی هێرشیان كردە سەر ئیسرائیل و، بە قسەی حكومەتی ئیسرائیل زیاتر لە ١٤٠٠كەس لە ژن و پیاو و پیر و منداڵی ئیسرائیلییان كوشت و زیاتر لە ١٥٠كەسیان وەک بارمتە لەگەڵ خۆیان بردە كەرتی غەزە و، دوای چەند ڕۆژ دەوڵەتی ئیسرائیل بە توندترین شێوەی مومكین هێرشی نیزامیی كردە سەر كەرتی غەزە و ڕێكخراوی حەماس و لەو كاتەوە هەتا ئێستا شەڕێكی قورس و خوێناوی لە نێوان ئەو دوو هێزە بەردەوامە، بەو ئاكامە دەگەین كە لایەنەكانی شەڕ دەست بۆ هەر كردارێک دەبن بۆوەی بتوانن زەبری كاریگەر لە یەكتر بدەن. بەڵام هەروەكی پێشتر باس كرا كوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە تارانی بەناو پیتەختی "ام القری"ی ئیسلامییەكان بە دەیان پرسیاری جۆراوجۆری لای خەڵک و شرۆڤەكارانی سیاسیی دروست كردوە كە ئەگەر ئیسرائیل ئەو كارەی كردوە بۆچی تارانی بۆ كوشتنی ئیسماعیل هەنییە هەڵبژاردوە؟ بۆ كاتی جێبەجێ كردنی پلانەكەی ئەو كاتەی دیاری كردوە كە سەركۆماری نوێ حكومەتی ئیسلامی ئێران لە ڕێورەسمێكدا سوێند دەخوا كە دەیان میوانی خاریجی تیدا بەشدارن؟ چۆنە دەزگای ئەمنییەتیی ئێران بە تایبەتی سپای پاسداران نەیانتوانیوە پارێزگاری لە میوانی خۆیان بكەن كە سوور دەزانن لەگەڵ دەوڵەتێكی وەک ئیسرائیل لە حالی شەڕدایە؟ چۆنە هەتا ئێستا حكوومەتی ئێران بە ڕوونی باس لە شێوازی كوشتنی ئیسماعیل هەنییە ناكا؟ ئایا دەزگای ئەمنییەتی ئێران دەیهەوی وەک بابەتی تەقەكردن لە فڕۆكە ئۆكراینیەكە بڵێن ئەوە بابەتێكی هەستیارە و پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە و لەو ڕێگایەوە لە خەڵكی بشارنەوە؟ لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی كوشتنی ئیسماعیل هەنییە ڕاگەیەنە گشتییەكانی ئێران بە چاكسازیخواز و توندئاژۆوە لە زوڕنای شەڕ دەدەن بێ‌ئەوەی ڕەخنەیەک ئاراستەی دەزگای ئەمنیی حكوومەتی ئێران بكەن. ڕاگەیەنە گشتییەكانی ئێران بە لیدانی تیتری "تۆڵەی خوێنی میوان لەسەر خاوەن ماڵە و دنیا چاوەڕوانە" دەیانهەوێ چ بە خەڵک بڵێن؟ ڕەنگە وڵامی هیندێک لەو پرسیارانە لە ڕۆژانی داهاتوو \دا لە كردەوەی هەر دوو دەوڵەتی ئێران وئیسرائیل ڕوو بە یەكتر زیاتر ڕوون ببنەوە. چونكە بۆ وڵامی هەركام لەو پرسیارانە بەپێی لێكدانەوەی كەسانی شارەزا لە بواری سیاسیی و پێوەندییە نێودەوڵەتیەكان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تووشی وەڵام و لێكدانەوەی جۆراوجۆر و جیاواز و تەنانەت دور لە یەكتر دەبین كە ئەوە وا لە مرۆڤ دەكا نەگاتە وڵامێكی دروست و دوور لە شک و گومان. بەڵام هەروەكی باس كرا لە ڕۆژانی داهاتوو لە كردەوە وهەڵوێستی هەركام لە لایەنەكان (ئێران-ئیسرائیل) وڵامی دروستمان دەست دەكەوێ.

ئەگەر چاو لە نەخشە و جوغرافیا و حەشیمەتی ئیسرائیل بكەین دەبینین وڵاتێكی بچووک بە حەشیمەتێكی كەم لە ناوچەیەكی پڕ لە ئاژاوە بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی ئایین وئایینزاكان، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەسەر ڕووبەری نەخشەی سیاسیی جیهان خۆی دەرخستوە. لە كاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل هەتا ئێستا ئەو دەوڵەتە بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مانەوەی خۆی شەڕ دەکا و لە هەمان کاتدا دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل گەلی فەلەستین کە بە هەزاران ساڵ لەسەر ئەو خاکە ژیاوە و بە گەلێک نەهامەتی و چارەڕەشیدا ڕۆیشتووە ئەویش هەر بۆ مانەوەی خۆی شەڕ دەکا. ئەگەر باش لە بابەتە ورد بینەوە و بەناخی دا بڕۆینە خواری هەر دوو گەلی فەلستین وئیسرائیل ئەگەر دوکاندارانی دین ومەزهەب ئیزنیان پێ دابان ودەستیان لە کاروباریان وەرنەدابا، ڕەنگە هەر دوو گەلّ توانیبایین بە ئاشتی وئارامی لەسەر ئەو خاکە ژیابان کە هەر دووکیان بە ئی خۆیانی دەزانن.

دوای هاتنەسەر کاری نیزامی ئیسلامی لە ئێران بابەتی ئیسرائیل و فەلەستین چوو بۆ قۆناخێکی دیکە، هەرچەند ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و ئیسرائیل هەوڵیان دا لە ئەنجامی وتووێژەکانیان لە ئەسلۆ پێتەختی نۆرویژ(١٩٩٣)، ڕێککەوتننامەی ئاشتی پێکەوە ئیمزا بکەن و بەستینی دوو دەوڵەتی فەلستین و ئیسرائیل لە دواڕۆژدا لە تەنیشت یەکتر بخوڵقێنن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دەست ە پێوەندەکانی ڕێگایان بۆ توندئاژۆکانی هەر دوو لا خۆش کرد ئەو ڕێککەوتننامە ئاشتییە تێک بدەن و دیسان بکەونە گیانی یەکتر و هەر کامیان پاساو بۆ بەرحەقبوونی خۆی بێنێتەوە.

دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئیسلامی ئێران لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، زۆر زوو هەستیان بەو کرد نیزامی ئیسلامیی ئەوان ناتوانی بۆ کۆمەڵگەی ئێران وڵامدەری نیاز و پێویستیەکانی سەردم بێ. هەر بۆیە هەوڵیان دا لە ڕێگای ڕاکێشانی هەستی مەزهەبی و ئایینی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە جێگا و پێگەیەک لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی وەدەست بێنن ورۆژ بە ڕۆژ بە خرجکردنی هەزسران میلیارد لە سامانی گەلانی ئێران پێگەی حکومەتی ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دروستکردنی تاقم و گرووپی جیاواز لەیەکتر و لەژێر ناوی جۆراوجۆری مەزهەبی لە ناوچەکە بە هێزتر بکا و هەرکاتێک زانی لە نێوخۆی ئێراندا لە لایەن گەلانی ئێرانەوە دەکەویتە بەر نارەزایەتی و خۆپێشاندان، هەوڵ دەدەن لە ڕێگای ئەو گرووپانەوە لە یەکێک لە وڵاتانی دەوروبەر ئاڵۆزیکی کە زیاتر ڕەنگی مەزهەبی پێوە بێ دروست بکەن و بیروڕای شەقامی ئێرانی بۆ لای ئەو گرژی و ئاڵۆزییانە ڕابکێشن و خۆیان بە ئاڵاهەڵگری پشتیوانی لە دینی ئیسلام و مەزلوومانی دنیا و ناوچەکە نیشان بدەن.

هەموو خوێندنەوەکان لە دوای کوشتنی گوماناویی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری پێشوو ئەوە بوو کە ڕێبەری حکوسمەتی ئیسلامیی ئێران لەو فورسەتە کەلک وەربگرێ بۆ کردنەوەی دەرگای وتوویژ لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا. بۆ ئەوەی لەو تەنگژەی بەتایبەت لە دوای شۆڕشی "ژینا" لە نێوخۆی ئێران تووشی بووە ڕزگاری بێت. بۆ ئەو کارە دەبوایە کەسێک دەستنیشان بکا کەمتر وەک ڕوخساری دیپلۆماتێک و ئیجرایی بۆ دنیای دەروە و خەڵکی ئێران ناسرا بێ. بۆیەش مەسعود پزیشکیانی بە ناو جناحی ڕیفۆرمخواز بە گەلاڵەیەکی لەپێشدا داڕێژراو لە سندووقی دەنگدان هێنا دەرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

هاتنەدەرێی ناوی مەسعود پزیشکیان لە سندووقی دەنگدان ئەو بیرۆکەی لەنێو شرۆڤەکارانی سیاسیی بە هێز کرد کە حکوومەتی ئیسلامیی تاران دەیهەوی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا بچێتەوە سەر میزی دانوستان و ڕەنگە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر دوو لا بگەنە ئەنجامێک. بەپێی خوێندنەوەی هیندێک لە ڕووداوەکان ئەگەر پرۆسەی دانیشتن و دانوستانی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ ئێران بکەوێتە بواری جێبەجێ بوون، دوو لایەن تێدا زەرەرمەند دەبن. لایەنی یەکەم ئەو هێز و لایەنانە کە لە نێوخۆی ئێراندا ئابلۆقەی ئابووری دنیای ڕۆژئاوا لەسەر ئێران بۆیان بۆتە نان و ئاو و کاسپی پێوە دەکەن. لایەنی دووهەمیش دەوڵەتی ئیسرائیلە کە پێی وایە هەر جۆرە نزیکبوونەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ئێران بە زیانی دەوڵەتی ئیسرائیل دەشکێتەوە، ئەگەر حکوومەتی ئیسلامی ئێران دان بە بوونی ئیسرائیل دانەنی و دەست لە دوژمنکاری هەڵنەگرێ.

بۆیە لێدانی ئیسماعیل هەنییە لە تاران دەتوانی خۆی لە گەمەی هێزەکانی نێو حکوومەتەکانی ئێران و ئیسرائیلدا ببینێتەوە بە چەشنێک کە ئەو گەلاڵە وابکا ڕادەی گرژییەکان لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا بەرێتە سەری کە مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی لە ناوچەکەدا لێ بکەویتەوە و دەستی توند ئاژۆکانی هەر دوو بەرە زیاتر ئاوەڵا بکا بۆ نانەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا و درێژبوونەوەی تەمەنی دەسەڵاتداران لە هەر دوو بەرەدا .

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# قاسملوو (هزرە بەرزەکانی و بیرەوەرییە جوانەکانی)



خەج مەعزووری

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٣٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی نهێنی، لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧دا ئاشکرابوونی کار و چالاکییەکانی لە لایەن دوکتور قاسملووی مەزنەوە لە متینگێکی گەورە لە شاری مهاباد ڕاگەیەندرا. بە دوای ئەم متینگە گەورە و گرینگەدا حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو و بە بەرنامەیەکی تۆکمەی تەشکیلاتی و نیزامی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان خەریکی ڕێکخستنی سیاسی لەنێو خەڵکدا، ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی ڕێکخراوە حیزبییەکان بوو. دەشتوانم بڵێم لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان ڕێکخراوە حیزبییەکان بووژانەوە و وەرزێکی نوێ لە کار و تێکۆشانی حیزبی و سیاسی دەستی پێ کردبوو.

زۆر چاک لەبیرمە هەر لەو سەروبەندەدا دوکتور قاسملوو لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کە چەند خاتوونێکیشیان لەگەڵ بوو، و ڕێکخراوەکانی حیزبیان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەسەر دەکردەوە؛ هاتنە شنۆ. ئێمە هەموومان بەگشتی لە ڕادەبەدەر تامەزرۆی دیتنی دوکتور قاسملوو لە نزیکەوە بووین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوکتور قاسملووی مەزن بەهەیبەتەوە گەیشتە جێ و لەلایەن خەڵک و پێشمەرگەکانی "کێلەشین"ی ئەوکات پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. لەلایەن ئێمەی گرووپی کچانیشەوە سروودێک بە ناوی "پێشمەرگەی کوردستانین" ئامادە کرا بوو کە لە سەرەتای بەرنامەکەدا بۆ بەخێرهێنانی کاک دوکتور پێشکەشمان کرد. دوکتور قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا کە چاوی بە ژمارەیەک پێشمەرگەی ژن کەوت، زۆر خۆشحاڵ بوو. خۆشحاڵ لەوەیکە ئێمە ژنان بەو دەرک و شعوورە و هەستە گەیشتووین بۆ ستاندنی مافەکانمان لە مەیداندا بین و بۆ وەرگرتنی مافەکانمان هەر چاومان لەدەستی پیاوان نەبێت. بزەی کەوتبووە سەر لێو کە دەیدی ژنانی شاری شنۆ باوەڕیان بەوە هێناوە ژن و پیاو وەک یەک بۆ دەستەبەر کردنی مافەئینسانی و نەتەوەیی گەلەکەیان پێویستە حزووری مەیدانی و بەکردەوەیان هەبێت. هەر بۆیە کە ڕێزی ئێمە ژنانی دیت، ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی و فەرمووی: ئافەرین! ئافەرین سەر دەکەوین. ...

ئەمن یەک لەو ژنانە بووم کە قسەی لەگەڵ کردم. فەرمووی: حیزب لە هەوڵدایە بۆ ژنان ڕێکخراوی تایبەت لە سەرانسەری کوردستان دابمەزرێنێ. ئێوەش ژنانی شنۆ لەو بوارەدا هەوڵ بدەن ڕێکخراوێکی تایبەتیی خۆتان هەبێ و کێشەکانتان لەو ڕێکخراوەدا بێننە گۆڕێ و کارەکان بەڕێکخراو بکەن. دوکتور قاسملوو هەروەها لەگەڵ بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ئەوکاتی شنۆ قسەی کرد و پێشنیاری ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دا و فەرمووی: با ژنان سەربەخۆ لە پەنا حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی و لەژێر ڕێنوێنی و یارمەتی کۆمێتەی شارستاندا، لەو ڕێکخراوەیەدا کار و چالاکی بکەن. دواتر بە ژیری و وردبینییەوە هێندێک ڕێنوێنی کردین و هانی داین، لەگەڵ ئەوەشدا لێو بەبەزە و بە شۆخی و جەفەنگ فەرمووی: دەبێ ئێوە ژنان بە کار و چالاکیەکانتان وەپێش پیاوەکان کەون و لە داهاتوودا ڕێبەریی ئەو حیزبە وەئەستۆ بگرن.

ئێمە بەو قسانەی دوکتور قاسملوو و پێشنیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتی ژنان گەلێک خۆشحاڵ و دڵگەرم و ڕازی بووین. دیار بوو کاک دوکتور باوەڕێکی قووڵی بە یەکسانیی ژن و پیاو و چارەسەری کێشەی ژن لە کۆمەڵگەدا هەبوو. ئەو دەیزانی ژنی کورد چەندە دەچەوسێتەوە و چەندە بێدەرەتان و بێپشتیوانە و پێویستی بە پشتیوانییەکی قایم و پێگەیشتن و تێگەیشتن هەیە.

باش لەبیرمە دوکتور قاسملوو فەرمووی: هێندێک دیاردەی ناحەز لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەن کە ژنانی کوردی لە دواکەوتووییدا هێشتۆتەوە و زوڵمێکی زۆریان لێ کراوە. ئێوە پێشمەرگەی ژن دەبێ بەدژی ئەو ستەمانەی بە هاورەگەزەکانتانەوە ڕەوا دەبینرێ بوەستنەوە و بە کار و چالاکیەکانتان بەرپەرچی ئەو نەریتە ناحەز و دزێوانە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بدەنەوە. مەشترسێن، لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات لەگەڵتانە و لە پشتتان ڕاوەستاوە. هەروەها زۆر چاک لە بیرمە هەر ئەوکات کچێک لە شنۆ کە بەگوێرەی دابونەریتی کۆن بە بەرخوێن درابوو، و سکاڵایەکی کۆمەڵایەتی هێنایە لای


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوکتور قاسملوو و دوکتور قاسملووش بە کۆمیتەی شارستانی ڕاگەیاند کە دەبێ گرفتی ئەو خاتوونە چارەسەر بکەن.

کۆنگرەی ٤ی حیزب لە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە کەشوهەوایەکی بە ەواوی ئازاد و دێمۆکراتیکدا بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و ژنان و چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان لە سینەما ئۆمێدی مەهاباد گیرا. لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم کۆنگرەی دوای ئاشکرابوونی کار و چالاکی حیزبی دێموکرات بوو، و لەم کۆنگرەیەدا ژنانیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. ئاکامەکانی کۆنگرە دەری خست کە لەژێر ڕووناکایی بۆچوونەکانی د. قاسملوو دیار بوو هەوڵ دەدری ژنان پاڵپشتی بکرێن و خۆیان لە ناوەندەکانی بڕیار و جێبەجێکردندا بدۆزنەوە. بەڕاستی کاک دوکتور پێی خۆش بوو هەر کار و چالاکییەکدا دەستوپەنجەی ژنانی پێوە دیار بێ و ژنان لە هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بن.

لەبیرمە پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، داوا لە کۆمیتە شارستانەکان کرا بۆ بەشداری لە دەورەیەکی سیاسی -کە یەکەم دەورەی سیاسیی حیزبی دێمۆکرات پاش ئاشکرابوونی بوو- ژمارەیەک پێشمەرگە بە ناوەندی تەشکیلاتی حیزب بناسێنن، تەوسییە و تەئکیدیش کرابوو پێشمەرگەی ژنیش لەگەڵ بێ. ئەمن و دوو هاوڕێی پیاو بە تەشکیلاتی حیزب ناسێندراین و بەشداری ئەم دەورە سیاسییە لە "خرەجۆ"ی مەهاباد بووین. بێجگەلە من چوار کچی دیکەش لەو دەورە سیاسییەدا بەشدار بوون. بەشداری پێنج ژن لە دەورەی سیاسیدا دڵخوازی دوکتور قاسملوو نەبوو، ئەو پێی خۆش بوو ژمارەی ژنانی بەشدار زۆر لەوەندە زیاتر بان.

دوکتور قاسملوو بۆ خۆی یەکێک لە مامۆستاکانی دەورەکە بوو. مامۆستاکانی ئەو دەورە سیاسییە: دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن شەرەفی و کاک حوسێن مەدەنی بوون. هەموو کارەکانی ئەم دەورەیە بەگرووپ و بەکۆمەڵ دەمانکردن. لە پاکوخاوێنی، جلوبەرگ شوشتن و ئاشپەزیکردن و قاپوقاچاغ ڕا بگرە هەتا دەگەیەشتنە کاری پاسەوانی و پارێزگاری. هەرکام لەو گرووپانەش ژنێکی تێدا بوو. ڕۆژانە بە کار و بەشداری لە کلاس و شەوانەش لە دەوری یەک دەست دەکرا بە هەڵپەڕین و گەڕەلاوژە. زۆر چاک لەبیرمە کاک دوکتور قاسملوو بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ گۆرانی گوتنی ئەو کەسانەی شەرمیان دەکرد خۆش بکات، بۆخۆی دەستی کرد بە گۆرانی کوتن و گۆرانیی "کراس زەردێ"ی مامۆستا تاهیر تۆفیقی گوتەوە. بەشدارانی دەورە هەم پێیان سەیر بوو، هەم شاگەشکە ببون کە د. قاسملوو بەو هەیبەتەوە چەندە خۆماڵی، سادە و خاکەڕا بوو. ئەو هەڵسوکەوتەی دوکتور قاسملوو ئەوەندە جوان و بەرز بوو قەت لە بیرمان ناچێ.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

نموونەیەکی بەرجەستە و باوەڕ پێبوونی دیکەی دوکتور قاسملوو بە ژن و هەروەها ئاوڕدانەوە لە ژنان و گرینگیدان بە وجوودی ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتدا بوو. کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەفرانباری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی کۆنگرەی ٨ی خۆی بە بەشداریی دەیان کادر و پێشمەرگە لە شاری سلیمانی (باشووری کوردستان) گرت، لەو کۆنگرەیە ا تەنیا ژنێک کە بەشداری کۆنگرە بوو من بووم. بۆ هەر من؟ ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بوو حیزب لە بارودۆخێکی نالەباردا لە تاراوگە و دوور لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەکەی خۆی و لە هەلومەرجێکی زۆر ناخۆشدا دەژیا. لە بەر دووری و سەختیی ڕێگا و هێندێک هۆی سەرەکی دیکەی ژیان ژنان کەمتر جەزبی حیزب دەبوون. هەربۆیە ژمارەیەکی کەم ژن بەشداریی بزووتنەوە بوون و لە ئاکامدا هەمیشە ژمارەیەکی کەم لە ژنان بەشداری کۆنگرەکان دەبوون. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا شەهید دوکتور قاسملوو بانگی کردم و فەرمووی: پێمخۆشە خۆت بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دابنێ. من هەم پێم خۆش بوو، هەم دەترسام. لە وەڵامی داواکەی دوکتور قاسملوودا کوتم: کاک دوکتوور بۆ من جارێ زوور زووە و لە عۆدەی ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە قورسە نایەمە دەر. فەرمووی: نیگەران مەبە، فێر دەبیت و ئێمەش لەگەڵتین. بەداخەوە من وەسواس بووم و دەترسام و قبووڵم نەکرد....


بەڵێ هزر و هەڵسوکەوت و خەونەکانی دوکتور قاسملوو لە مەڕ پێگەیشتنی ژن و چارەسەر کردنی کێشەکانی ژن زۆر جوان و بەرفراوان بوو. ئەگەر دوکتور قاسملوو لە ژیاندا مابا بێشک بارودۆخی ژنان بەتایبەت لە حیزبدا زیاتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات و ژنان خۆیان لە فەزا و کەشێکی کراوەتردا دەدۆزیەوە و دەرگایەکی ڕووناکتر بە ڕوویاندا دەکرایەوە و زووتر پەیژەکانی پێگەیشتنیان تا لوتکە دەپێوا.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# قاسملوو زیاتر لە ناوێک و پتر لە زەمەنێک



**زانیار حوسێنی**

سەبارەت بە دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، زۆر وتار و بابەت نووسراوە و زۆر کەسایەتیی بەرچاو و دیاری وڵاتانی ڕۆژاوایش لەسەری دواون؛ قاسملوو ناوێکی ئاشنایە بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرە سیاسییانەیە دژبەری دەسەڵاتی پاشایەتی پەهلەوی بوون و هەروەتر بۆ هەموو ئەو ئازادیخوازانەی کە دژبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون و هەن. هیچ مرۆڤێکی سیاسی و ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی لە ئێران نییە قاسملووی نەناسیبێ؛ هەر لە چەپەکان و ڕاستەکان و هەر چین و توێژێکی تایبەتی لە جیهانی سیاسەتی ئێراندا.

هەر نووسەر، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرێک کە تیشکی خستبێتە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕووداوەکانی شەش دەیەی ڕابردوو لەم ناوچەیە بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتی، بەبێ سێودوو ناوی قاسملوو، وتارەکانی و لێدوانەکانی هاتۆتەوە بەرچاو و سەرنجی ڕاکێشاوە. ئەوەش خۆی پرسیارێکی شیاو و جێگەی ئاماژەیە کە بۆ چی ناو و یاد و ڕەوشتی قاسملوو وەک چەترێکی بەهێز و گەورە، باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە و هیچ ناوێک توانایی بەربەرەکانی لەگەڵ ناو و یاد و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەوشتی ناوبراوی نییە؟ بۆچی قاسملوو تێکەڵ بە لایەلایەی نیوەشەوانی دایکان و پەند و ئامۆژگارییەکانی بابەکان و خەون و خولیاکانی لاوانی کورد بووە؛ بەشێوەیەک کە هیچ گۆشە و کەناری مێژووی کورد نییە کە قاسملووی لێ نەدۆزییەوە.

لەڕاستیدا قاسملوو ئەندێشەکەی، ناوەکەی و فکرەکەی وەک دەزوویەک وایە دەنکەکانی تەسبێح لەلای یەکتری ڕادەگرێ؛ ئەو ڕەمزی نادیاری یەکگرتوویی و لێکبەستراوەیی کوردە.

ڕاستە دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، یەکێکە لە دەیان ڕێبەری بلیمەت و کۆڵنەدەری کورد کە هەتا دوا هەناسەکانی ژیانی لەسەر بیر و بڕوای خۆی مایەوە و بۆ ڕزگاری و ئازادی گەلی کورد تێکۆشا و خەونی مەزنی دەستەبەرکردنی گشت مافە زەوتکراوەکانی ئەو میللەتە غەدرلێکراوەی لە زێهن و فکردا بووە، بەڵام بۆ چی قاسملوو وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگداری نێو ئاسمانی ڕێبەرانی کوردە کە سەرنجی بینەران و سەیرکەرانی ئەو ئاسمانە زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ؟ کۆتری ئاشتی کە هەڵۆی شاخەکانی زاگرۆس بوو لە بەرامبەر دوژمندا، مەسیحی کوردانە؛ قاسملوو نەتەنیا سەرۆک و سیاسەتمەدار و ڕێبەری گەلی کوردە بەڵکوو وەک وانەیەکی پووخت و تەواوە بۆ ژیان و هێمایەکە کە دەکرێ لە هەموو بەشەکانی ژیان وەک نموونە و ئۆلگوو چاوی لێ بکرێ. ئەو بە فکری، قسەکانی و ڕەوشتی فێری کردین کە ژیان بە هەموو شیرینی و خۆشییەوە، ئەوەندەی بایەخ نییە کە بە ئازادی و سەربەستی تێپەڕی نەکەین و ئەوەندەی بایەخ و گرینگی بە ڕزگاری، ئازادی و ماف داوە کە مەگەر ئۆکسیژن لە ژیاندا هەتا ئەو ڕادەیە بایەخ و نرخی هەبێ؛ قاسملوو جگە لە ڕێبەرێکی کاریزما، ڕێبەرێکی مەعنەویشە.

بوودایییەکان باوەڕیان وایە کە ئاگاهی هاتۆتە قالبی مرۆڤەوە و بۆتە بوودا و مەسیحییەکان دەڵێن کە عیسا گەورەترین نیشانەی خودایە و لەلای کوردەکان، قاسملووبوون لووتکەی مرۆڤایەتی و دێمۆکراسی و ژیانی بەختەوەرانەیە.

ئەو لەکاتێکدا بە تاران و جەماران و خومەینی گوت نا، کە دەگمەن کەسێک لەکاتی ئاوا هەستیاردا و لە دۆخێکی وەها ئەستەمدا، وەها بوێرییەکی هەیە بیر لە وشەیەکی لەمجۆرە بکاتەوە؛ لەم کاتەدا کە خومەینی و دار و دەستەکەی تەواوی گەلانی ئێران و هەموو وڵاتانی جیهانی فریو دا و وەک مەسیح و فریشتەی ڕزگاریدەری خەڵک و ناوچەکە دەرکەوت، ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە لە بەرامبەریدا ڕاوەستا و بە دەنگێکی دلێر و بە پشتئەستووریی میللەتی کورد بە خومەینیگکووت نا، تۆ نە تەنیا فریشتە نی، بەڵکوو جەللادێکی خوێنمژی!

دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەی شەپۆلی سیاسی سەرشەقامەکانی ئێران و نێو میدیاکان و سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زۆر زوو نێوەرۆکی فکر و زێهنیی خومەینی و مەلاکانی تارانی بۆ دەرکەوت و گەلی کوردی لەم دۆخە ئاگادار کردەوە. بە شانازییەوە کورد تەنیا گەلی ناو ئەم چوارچێوە جوگرافییە بوو کە لە دەسپێکی هاتنە سەرکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو ڕێفراندۆم و ڕاپرسییەکان نای کووت و هەتا ئێستاش لەسەر ئەم سیاسەتە دارێژراوەی کاک دوکتور قاسملوو بەردەوامە.

لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی خومەینی لە تاران دەرگای هەر جۆرە دیالۆگ و پێکهاتن و سازانێکی داخست و فیتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد دا و خوێنی کورد و ماڵ و گیان و ژیانی کوردی بە حەڵاڵ پێناسە کرد، د. قاسملوو لێرەدا گوتی ئێمە شەڕمان ناوێ، بەڵام ئەوان شەڕیان بەسەردا سەپاندین. پێغەمبەری ئاشتی لەپێناو چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد، گیانی خۆی بەخت کرد بەڵام دڵ و مێشکڕەشەکانی تاران و جەماران، ئێستاش هەر باوەڕیان بە ئاشتی و ماف و پرسی کورد نەهێناوە. چوون هەتا ئێستاش فیتوای جیهادی خومەینی بەدژی کورد بەردەوامە؛ هەرچەند بە فەرمی باسی ناکەن بەڵام لە کردەوە و سیاسەتەکانی ئەم دەسەڵاتە کوردکوژە، ئەم ڕاستییە دەردەکەوێ کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی خۆیان دەدەن کورد بتوێننەوە و لە شوناس و پێناسەکانیان پاکیان بکەنەوە و بەشێک لەم پرۆژەیە بە ستاندنی ڕۆژانەی گیانی ڕۆڵەکانی کورد ئەنجام دەدەن. ڕاپەڕینی ژینا باشترین بەڵگە بوو بۆ دەرکەوتنی ڕووخساری تاران بەرامبەر بە گەلی کورد.

**بە هاتنی قاسملوو بۆ جیهانی پڕ لە ستەم و داگیرکاری کوردان، چەند خاڵی بەهێز هاتنە ئاراوە و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی قووڵ لەنێو هەناوی شۆڕش و بەرگری و تێکۆشانی ئەم میللەتەدا پەیدا بوو کە بریتین لە:**

١- فراوانکردنەوەی بازنەی تێڕوانین: دوکتور قاسملوو یەکەم ڕێبەری کوردە بە شێوەیەکی زۆر ئاکادمیک و لە هەمانکاتدا سیاسییانە، چاوی لە پرس و کێشەکانی کورد لەسەر ئاستی جیهان دەکرد و لە پرس و ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا دەیڕوانییە ناوچەی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەمیشەوە ڕۆ دەبوە نێو کێشە و ئاڵۆزییەکانی کورد لە نێو وڵاتە پێکهاتووەکانی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم؛ ئەمجۆرە نیگا و ڕوانینە وای کرد کورد بەتایبەتی سیاسەتڤانانی کورد بە ڕوانگەیەکی دروست تر و واقعبینانە تر، بڕوانە پرسی کورد و لە مەنتقی ئێحساسییەوە بەرەو مەنیتقی ئەقڵانییەوە هەنگاو هەڵبێننەوە.

٢- ڕاهێنانی سیاسی بە قسە و بەکردەوە: دوکتور قاسملوو یەک لەم سیاسەتڤانە وشیار و لەڕادەبەر ئاگایانە بوو کە هەوڵی دەدا بە شێوەیەک کار و چالاکییە سیاسییەکانی بەرەو پێش بەرێ کە بە جۆرێک بەشێک بێ لە ڕاهێنان و وانەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسی و ئەمەش لە قسەکانی و لە هەڵس و کەوتیشیدا بەدی دەکرێ.

٣- چاندنی تۆوی دێموکراسی: یەک لە کارە گرینگ و شوێندانەرەکانی دوکتور قاسملوو، دووبارە چاندنەوەی تۆوی دێموکراسی بە شێوازی مۆدێرن و سەردەمیانە لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابوو؛ ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان، حیزبی دێموکرات جگە لە بەرپرسایەتی سیاسی، بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و کەلتووریش وەئەستۆ بگرێ و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەم بوارانە بە شێوەی جیددی هەوڵ بدات و تێ بکۆشێ.

٤- جێگیرکردنی ئێتیکی سیاسی: یەک لە کارە دەگمەن و ناوازەکانی دوکتور قاسملوو کە بەڕاستی دەکرێ وەک شاکارێکی هونەری لە دنیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەیر بکرێ، جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی بوو لە هەموو کات و زەمەنێکدا؛ تەنانەت لەم کاتانەی کە پێبەندبوون بەم ئەخلاقە سیاسییە بۆ حیزبی دێموکرات لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بە گران تەواو بووە. ئەخلاقی سیاسی لە دێپارتمانی فکری دوکتور قاسملوو جێگەی تایبەتی هەبووە و هەمیشە لە قسە و کردەوەکانیدا ئەو بەشە بە ڕوونی دیار و بەرچاو بووە؛ بۆ نموونە لە شەڕی سێ مانگەی کوردستاندا کە ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی دەستی لە هیچ چەشنە جینایەتێک نەدەپاراست و ڕەحمی بە ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیل نەدەکرد، سیاسەتی ئەخلاقی سیاسی و پاراستنی ئوسوولی شەڕ و یاسای شەڕ لەلایەن پێشمەرگەکان و هێزەکانی حیزبی دێموکرات بە دەستووری دوکتور قاسملوو لە لووتکە دابوو و ئەوە یەک لە سەدان بەڵگەی مێژوویییە کە بۆ کورد و حیزبی دێموکرات جێگەی شانازییە.

٥- گرینگیدان بە خوێندن و خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن: یەک لەم بەشانەی دوکتور قاسملوو بە بەردەوامی باسی لێوە کردوە و هەوڵی بۆ داوە، خوێندن و خوێندنەوە و خۆپێگەیاندنی ئەندامانی حیزبەکەی و لاوان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوە؛ دوکتور قاسملوو بەباشی لەم بەشە تێگەیشتووە کە بەشێک لە سیاسەتی هەرە بەرفراوانی داگیرکەرانی کوردستان، پێشگرتن لە پێگەیشتن و خوێندنی ئوسوولی و ڕێک و پێکی خەڵک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە. بۆیە کاک دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو لاوانی کورد بەتایبەتی دەبێ زیاتر لە لاوانی میللەتانی دیکە گرینگی بە خوێندن و خۆپێگەیاندن بدەن و ئەم ڕێگەیە بکەن بە پرد بۆ بەختەوەرکردنی خۆیان و میللەتەکەیان لە پێناو ئازادی و ڕزگاریدا.

٦- باوەڕبەخۆبوون و لەسەرڕێ بوون: دوکتور قاسملووی لێزان، وردبین و مامۆستا بە باشی ئەم بەشەی هەست پێ کردبوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە داگیرکەران و دوژمنانی کورد، یەک لەم کەرەستە مەترسیدارانەی وەک ئامراز بەکاری دەهێنن، چاندنی تۆوی باوەڕبەخۆنەبوونی و دەستەوئەژنۆوەستان بووە؛ ئەوان بە پیلان و بەرنامە بە بەردەوامی هەوڵیان داوە کە لە بواری دەروونی و فیکرییە وەها کار لەسەر کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری بکەن کە تووشی کێشەی دەروونی، فکری و ئێحساسی بن و لەم ڕێگایەوە ئەم میللەتە کۆنترۆڵ بکەن و کۆتی بکەن. د. قاسملوو لە پەنا ئەم هەموو ئەرک و هەوڵ و تێکۆشانەدا، لەم بەشەشدا زۆر مامۆستایانە هەوڵی دەدا کە شانازی و باوەڕبەخۆبوونی ئەم میللەتە لەسەرپێ ڕا بگرێ و وەبیریان بێنێتەوە کە ئەم میللەتە بە هەزاران ساڵە میللەتێکی زیندوو و لەسەر پێ بوە و بەم شێوەیە کەرامەت و باوەڕبەخۆبوونی گەڕاندەوە بۆ میللەتەکەی و لەسەردەمی ناوبراودا، هیچ کوردێکت بەدی نەدەکرد کە شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە نەکات و بەوپەڕی بوێری و لەخۆباییبوونەوە لە بەرامبەر دوژمن و داگیرکەراندا ڕانەوەستێ.

٧- پێشکەوتنی ئاگایی سیاسی گەلی کورد: یەکێک لە هەرە خزمەتە گەورەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گشتی و دوکتور قاسملوو بە تایبەتی بە گەلی کورد، ئەوەیە ئەم میللەتەیان لەبواری ئاگایی سیاسی و لەسەرهێڵبوون وەپێش خستووە؛ بەشێوەیەک کە میللەتی کورد لە ئێستادا کە دەوڵەتی نییە و هاوکات کە لەلایەن چوار دەوڵەتی داگیرکەری جینایەتکار دەچەوسێنرێتەوە بەڵام لە ئەم میللەتە سێحەب دەوڵەتانە وشیارتر و ئاگاترن. ئەمەش بە هاتنەپێشی ڕووداوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بە ڕوونی دەردەکەوێ؛ پشتگیریکردنی کوردانی دابەشکراو و پارچەپارچەکراو لە یەکدی یەک لەم نموونانەیە و ڕاپەرینی مەزنی ژیناش نیشاندەری لووتکەی ئاگایی و وشیاری میللەتی کوردە کە جیهانی هێنایە سەر هێڵ و بووە مایەی شانازی و ڕێزگرتنی هەموو جیهان لە کورد و کوردستان.

٨- پتەوکردنی هێڵی نیشتمانی لە هەمبەر هێڵی حیزبی: د. قاسملوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و وانەکانی کۆماری کوردستان و فکرییەتی پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمی حکومەتی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەباشی و ڕوونی هێڵە نیشتمانییەکانی دیاری کرد و کردی بە بەشێک لە سیاسەتە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ئێستادا ئەو سیاسەتە بووەتە بەشێک لە تێفکرینی سیاسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش؛ بەشیک لەم سیاسەتە دەڵی کە بە بێ گوێدان بە سنووورە دەسکردەکان، کوردەکان دەبێ هاوکاری یەکتر بکەن بە هەر جۆر و شێوەیەک کە بۆیان دەلوێ. لە هەمانکاتیشدا بە هۆی دابەشبوونی کورد بەسەر چوار وڵات و بوونی چوار جۆر سیاسەتی داگیرکاری، باشتر وایە کە کوردی هیچ بەشێک دیخالەت لە شێوازی خەباتی کوردەکانی بەشەکەی تر نەکات مەگەر بە مەبەستی هاوکاریکردن و یارمەتیدان و لە هەمانکاتیشدا لە پێناو بەرژەوەندی ئەم بەشەی کە بۆی تێدەکۆشین، لەگەڵ داگیرکەرانی دیکەی کوردستان تێکەڵاو نەبین کە ببێتە خەسار بۆ بەشەکە یان بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراو. لەڕاستیدا پتەوکردن و پەرەپێدان بە سیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی لە کاتێکدا کە نیشتمانت دابەش کراوە و هیچ دەوڵەتێکت نییە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

یەكێک لە ئەركە هەرە قورس و ئەستەمەكانە كە لە هەمانكاتدا لە زۆربەی ئەركەكانی تر گرینگترە؛ دوكتور قاسملوو ئەم هێڵە نیشتمانییانەی وەک سیاسەتێكی نەگۆڕ و گشتی هێنا ئاراوە و لە ئێستادا ئەوە بووەتە بەشێک لە ڕەوشتی سیاسی گەلی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان.

كاتێک چاو لە ژیاننامە و لێهاتووییەكانی كاک دوكتور قاسملوو دەكەین، ئەو بەشە دیارەمان دێتە بەرچاو كە ناوبراو لە هەر زانستێكدا كە پێوەندی بە پرسی كوردەوە بووە یان پێویست بووە لەسەری ئاگایی هەبێ بەجوانی لێی شارەزا بووە و هەوڵی داوە فێری ببێ؛ بۆ نموونە سیاسەت، ئابووری، زمانەوانی و كار و چالاكی مەیدانی، تەشكیلاتی و سازمانی و هتد. لە ڕاستیدا ئەمەش وایكردوە كە هەر تاكێک و ڕۆڵەیەكی كورد ئۆلگوو و هێمایەكی باشی هەبێ بۆ خۆ پێگەیاندن و سەركەوتوویی لە ژیاندا و هاوكات تێكۆشان لە پێناو ئامانجەكانی میللەتەكەی دا؛ كاتێک هێندێک دوورتر ڕادەوەستی و سەیری دیمەنی ئەو كەسایەتییە گەورە و هەڵكەوتووە دەكەی، تەنیا یەک ئەرتەشی یەک كەسیت دێتە بەرچاو كە بەتەنیایی بەقەرا قەندیل بوێر و بەهیمەت و بەلیمەت بووە!

لە ئێستادا كە پێ دەخەینە تاڵیادی ٣٥مین ساڵوەگەری تێرۆركردنی دوكتور قاسملوو و هاوڕێیانی كە لەسەر مێزی وتووێژ بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد، گیانی خۆیان پێشكەشی بارەگای ئازادی كرد، پرسیارێک فكر و دڵ و دەروونی هەر تاكێكی كورد بەخۆیەوە سەرقاڵ كردوە و وەک خۆرە بەر بۆتە گیانی؛ ڤییەن كەنگێ دەیهەوێ ڕۆحی برینداری میللەتی كورد بە لەبەرچاوگرتنی یاسا بۆ ئیجرای عەداڵەت لە هەمبەر تێرۆری كاک دوكتور قاسملوو و هاوڕێیانی، تیمار بكات و پەڵەی سەرشۆڕی لەسەر لەشی دێموكراسی وەڵاتی خۆی خاوێن بكاتەوە و لابەرێ؟ چوونكە ڕوح و كەرامەتی كوردان لەم تاڵیادەدا دوو جار ڕووشا و خەوشدار كرا؛ جاری یەكەم بە تێرۆری سەركردە و ڕێبەرانی و، جاری دووهەم بە گوێنەدان بە وانەكانی دێموكراسی بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری عەداڵەت لەلایەن ڤییەنەوە!

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# فەرماندەی پێشووی سەنتکام: ئێران پێویستە بەر لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل، باش بیری لێ بکاتەوە



واشینگتۆن تایمز – بێن وۆلفگانگ

و: کەماڵ حەسەنپوور

فەرماندەی پێشووی سەنتکام دوێنێ چوارشەممە گوتی، ئێران دەبێ بەر لە دەستپێکردنی هێرشی تۆڵەئەستێنانە بۆ سەر ئیسرائیل، باش بیری لێ بکاتەوە، چونکە کوشتنی ڕێبەری سیاسیی حەماس، ئیسماعیل هەنیە، لە تاران کەلێنی توانای سەربازیی لە نێوان دوو وڵاتی دوژمن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی جوان ئاشکرا کرد.

لە وتووێژێکی تێروتەسەل لەگەڵ واشینگتۆن تایمز، ژەنراڵی خانەنشینکراوی هێزی دەریایی، کێنێت ف. مەککێنزی، کە لە نێوان مارسی ٢٠١٩ هەتا ی ئاپریلی ٢٠٢٢، لە لایەن پێنتاگۆنەوە فەرماندەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو، گوتی "وێناچێ" ڕێبەرانی تاران بڕیاری هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ سەر ئیسرائیل بدەن. ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگێکی مەزن لە نێوان ئیسرائیل و ئێران ڕۆژی چوارشەممە، دوای کوژرانی ئیسماعیل هانیە کە چووبوو بۆ تاران تا لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرۆککۆماری ئێران مەسعود پزشکیان دا بەشدار بێ، هاتەوە نێو ڕۆژەڤ.

ئیسرائیل هێشتا خۆی لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی لەو هێرشەی بوو بە هۆی کوژرانی ڕێبەری حەماس، کە لە قەتەر دەژیا، بواردوە. بەڵام، هانیە دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر کە بوو بە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٢٠٠ ئیسرائیلی و هۆی دەستپێکی شەڕی ئەو دواییانەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، لە سەرووی لیستەی کوشتنی ئورشەلیمدا بوو. دەستبەجێ دوای هەڵمەتی ڕۆژی چوارشەممە، ئێران بەڵێنی دا تۆڵە لە دەوڵەتی جوولەکە بکاتەوە. بەڵام ژەنراڵ مەککێنزی گوتی ڕێبەرانی سیستەمی ئایینیی تاران دەبێ لە ئەگەری کاردانەوەکانی هەنگاوی داهاتوویان تێبگەن.

ژەنراڵ مەککێنزی گوتی، "ئەمن پێم‌وایە هەڵمەتی ئیسرائیلی، بەو گریمانەیە کە کاری ئیسرائیلییەکان بێ و، ئێمە نازانین، جارێکی دیکە مەودای تەکنۆلۆژیکی نێوان ئێران و ئیسرائیلی ئاشکرا کرد. و ئێران دەبێ لە کاتێکدا کە بیر لە تۆڵە ئەستاندنەوە لە ئیسرائیل دەکاتەوە، بە قووڵی بیر لەوەش بکاتەوە".

ئەو گوتی، "جاری ڕابردوو ئەوان، لە ١٣ی ئاپریل، هەوڵیان دا شکستێکی سەرنجڕاکێش لە هەموو تەوەرەکان بوو بۆیان. ئەوان دەبێ لەکاتی بیرکردنەوە لە تۆڵەئەستاندنەوە، ئەوەش وەبیر خۆیان بێننەوە. من پێم‌وانییە وەڵامی بەربەرینی ئێران حەتمییە... ئەمن دڵنیام ئەوان کارێک دەکەن. نازانم ئەو کارە هێرشێکی مەزن دەبێ، یان نا".

هێرشی هاژەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ١٣ی پاریل لەلایەن ئێرانەوە بۆ سەر ئیسرائیل لە لایەن ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکان و بە یارمەتیی وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەکوو ئوردن دوور خرایەوە. ئەو هێرشەی ئێران لە تۆڵەی هەڵمەتێکی ئیسرائیل لە دیمەشق بوو کە بووە هۆی کوژرانی فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای پاسدارانی ئێران.

ڕووداوی ناوبراو کە یەکەم هەنگاوی سەربازیی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئێران دژی ئیسرائیل بوو، هەڕەشەی نوقمکردنی سەرجەم ناوچەکەی لە کێشەیەکی هەمە لایەنەی تێدا بوو. بەڵام، لە کۆتاییدا، دوو دەوڵەتەکە لە لێواری تێکهەڵچوونەوە گەڕانەوە.

## قووڵبوونەوەی گرژییەکان حەتمییە؟

بەڵام کوشتنی ئاشکرای ئیسماعیل هانیە لە کات و ساتێکی پڕ کێشەتر لە هی پێکدادانی ئاپریل ڕوو دەدا. ئیسرائیل



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هێشتا خەریکی وەخۆهاتنەوە لە هێرشی حەوتووی ڕابردووی حیزبوڵڵایە کە تێیدا ١٢ مێرمندالّی ئیسرائیلی لە بەرزاییەکانی گۆلان، کە لە لایەن ئیسرائیلەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، کوژران. ئیسرائیل وەڵامی ئەو هێرشەی بە هەڵمەتی ئاسمانی بۆ سەر لوبنانی ژێر کۆنترۆڵی حیزبوڵڵا دایەوە.

بۆ یەکەم جار ئیسرائیل هێرشێکی ئاراستەی یەمەن کرد کە لەوێدا چەکدارەکانی حوسییەکانی بەکرێگیراوی ئێران کرانە ئامانج، هۆیەکەی هێرشی حوسییەکان بۆ سەر تەلئەڤیڤ بە فرۆکەی بێفرۆکەوان لە مانگی جولای بوو کە بووە هۆی کوژرانی شارۆمەندێکی ئیسرائیل. هەموو ئەوانە، لەگەڵ هەڵمەتی هەنووکەیی ئیسرائیل دژی حەماس لە کەرتی غەززە، بوونە هۆی پەرەگرتنی ترس لەوە کە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان ئەگەر هەر ئێستا دەستی پێ نەکردبێ، ڕووداوێکی خۆ لێ لانەدەر دەبێ.

ژەنراڵ مەککێنزی گوتی، "بێگومان قووڵتربوونەوەی گرژییەکان مومکینە،" بەڵام ئەو هۆشداریی دا کە بیرۆکەی پێشگرتن بە قووڵبوونەوەیەکی ئەوتۆ نابێ تەنیا کەڵکەڵەی ئەوانە بێ کە داڕێژەری سیاسەتن.

ئەو گوتی، "دەزانی، پێشگرتن بە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان ناتوانێ بەرزترین ئامانجی تۆ بێ. بێتوو ئاوا بێ، پێویستە ناوچەکە بەجێ بهێڵی. ئێمە باس لە پێشگرتن بە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان دەکەین و دەبێ ئەو کارە بکەین. بەڵام ئەوە نابێ گرینگترین ئەرک بێ، تۆ دەبێ پێشترییەتی دیکەشت هەبێ".

لە ڕاستیدا، پێشگرتن بە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان وێدەچێ ئامانجی سەرەکیی بەڕێوەبەرایەتی بایدن لە ناوچە بێ. وەزیری کاروباری دەرەوە، ئانتۆنی بلینکەن، ڕۆژی چوارشەممە لە وتووێژێکدا لەگەڵ چانێل نیوز ئاسیا، تەنیا چەند کاتژمێر دوای ئەو هێرشەی کە بووە هۆی کوژرانی بەڕێز هانیە لە تاران، ئەوەی دووپات کردەوە. بەڕێز بلینکەن گوتی، "یەکێک لەو شتانەی ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوە هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لەوەیە کە کێشەی غەززە پەرە نەستێنێ، نەگاتە شوێنی دیکە، قووڵتر نەبێتەوە و، ئێمە درێژە بەو هەوڵانەمان دەدەین".

## پەرچەکرداری ئێران

سەرنجەکان ئێستا ئاراستەی چۆنیەتیی پەرچەکرداری ئێران دەکرێن. بێگومان ئیسرائیل چاوەڕوانی جۆرێک تۆڵە ئەستاندنەوەیە. سەرۆکوەزیران بنیامین نەتانیاهو ڕۆژی چوارشەممە ئەوەندە ئاماژەیەی کرد و بەڵێنی دا دەوڵەتەکەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"تێچوویەکی قورس و تەواو تووشی هەر دەستدرێژییەک دەکات کە لە هەر بەرەیەکەوە ئاراستەمان بکرێ." بەڕێز نەتانیاهو گوتی، "ڕۆژانی پڕ لە ئالنگاریمان لەپێشن".
پەرچەکرداری ئێران یەکەم تاقیکاریی بەڕێوەبەرایەتیی پزشکیان دەبێ. مەسعوود پزشکیان وەک جۆرێک ڕیفۆرمخواز لە تاران سەیر دەکرا، بەڵام دەوڵەتەکەی وێدەچێ درێژەدەری گوڕەشە وسیاسەتە دژی ئیسڕائیلی و دژ ئەمریکاییەکانی باو بێ کە لە لایەن ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەییەوە دارێژراون.

بەشێک لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن ئێران لە جیات هێرشی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازیی و سوپای پاسداران، وێدەچێ زۆرتر پشت بە ڕایەڵەی هاوپەیمانانی لە ناوچە وەکوو، حەماس، حیزبوڵڵا، حوسییەکانی یەمەن و میلیشیا شیعەکانی عێراق و سووریە بۆ بە ئامانج گرتنی ئیسڕائیل وبەرژەوەندییەکانی ببەستێ. حیزبوڵڵا زۆر وێدەچێ ببێتە ئامرازی تۆڵە ئەستاندنەوە، بە لەبەر چاو گرتنی نزیکیی لە باکووری ئیسڕائیل و ئەو ڕاستییە کە ئەو دوو لایەنە هەر ئێستا بە شێوەی پەرەئەستێن لە شەڕێکی تووندوتیژانەدا گیریان کردوە.

ئاڤی مەلامەد، کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگریی ئیسڕائیل ڕۆژی چوارشەممە لە لێدوانێکدا کە لەنێو ڕۆژنامەنووساندا دەستاودەستی پێ دەکرا گوتی، "هەر ئێستا وێدەچێ وتوویژ لە نێوان ئێران و حیزبوڵڵادا بۆ دیاریکردنی قەبارەی هەڵمەتێکی ئەوتۆ لە ئارادابێ، کە وێدەچێ لەجیات کۆمەڵگە مەدەنی و ژێرخانە مەدەنییەکان، دامەزراوە سەربازییە سەرەکییەکانی ئیسڕائیل بکرێتە ئامانج. ئێران لە دۆخی گەلێک دژواری وەڵامدانەوە بە ئیسڕائیلە بێ ئەوەی خۆی و ئیسڕائیل بخاتە ڕێچکەی قووڵترکردنەوەی گرژییەکان کە ئیسڕائیل ناچار بە وەڵامی لە ڕادەبەدەری بۆ بەرگریکردن لە نیشتمانەکەی بکات".

بۆ ئیسڕائیل، هەر دیتوو ئاشکراتر دەبێ کە ئامانجی سەرەکی دەبێ لێکهەڵوەشاندنی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی ئێران، ناسراو بە "تەوەری بەرگری"، تا ئەو جێیەی مومکینە بێ. هێندێک لێکۆڵەرەوە جێبەجێکردنی ئەو کارە بە بێ گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانیان هێنابوو ژێر پرسیار.
ژەنڕاڵ مەککێنزی گوتی، وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دەتوانن ئامانجی سیاسەتەکانیان بپێکن، بێ کردەوەی ڕاستەخۆ دژی تاران. ئەو گوتی، "گۆڕینی ڕێژیم نابێ لە سەر مێز لاببرێ، بەڵام ئێمە پێویست ناکات ڕاستەوخۆ بەدوایەوە بین تا بگەینە هێندێک ئامانجی دیکە لە ناوچەکەدا".

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کەماڵ کەریمی: ئێران نە پشتیوانیی خەڵکی وڵات، نە ئابووریی بەهێز و نە تێکنۆلۆژیی شەڕی گەورەی نییە و پێگەی نێودەوڵەتیشی لاوازە




**دیمانە: سابیر فەتتاحی**

**ئاماژە:**

**کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران ڕەوتی ڕووداوە ئاڵۆز و پڕقەیرانەکانی ناوچە بەرە کوێ دەکێشێ؟ ئایا شەڕی ڕاستەوخۆی ئێرانو ئیسرائیلی بەدوودا دیت؟ ئێران توانای شەڕێکی گەورەی هەیە؟ ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات دوای هاتنەسەرکاری پزشکیان چ ئاراستەیەک بەخۆوە دەگرن؟ "کوردستان" دیمانەیەکی "کورد کاناڵ" لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی بڵاو کردووەتەوە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند بابەتێکی تری لە خۆی گرتوە:**

**سابیر فەتتاحی: دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران سەرەکیترین پرسیار ئەوەیە ئایا شەڕ لە غەزەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاران؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**کەماڵ کەریمی**: ڕاستییەکەی کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران بۆخۆی جێگەی سەرنج بوو، هەر چەند کە پێشتر کە لە قەتەر بوو بەپێی ئەو پێوەندییانەی کە ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هەیبوو و دایمەزراندووە تەبیعی بوو ڕەنگبێ لە قەتەر هیچ کارێکی وا نەکات، بەڵام تاران وادیارە مەیدانێکی ئاوەڵایە بۆ ئەوەیکە ئیسرائیل ئەو کارانەی تێدا بکات. ئەمن پێم وایە ئەم بابەتە لەگەڵ ئەوەی گرینگە بەتایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ گرینگیی تایبەتی هەبێت، چونکی ئەو میوان بووە، میوانی سەرۆککۆماری تازە بووە و ئەمە بۆخۆی زۆر سرنجڕاکێشە کە ڕەنگبێ تەنانەت بۆ خۆشیان پێیان وابووە لە هەلومەرجی وادا هیچ شتێک لە تاران ناقەومێ؛ چونکە تەنفیز و تەحلیفی سەرکۆماری کارێکە لە هەر وڵاتێکدا کە هێندێک ڕادەیەکی دیپلۆماسی بە سەرەوە هەیە وەک پارێزراوەی. بۆیە ڕەنگبێ هەر چاوەڕوانیی شتی وایان نەکردبێ، بەڵام ئەوەیکە ئیسرائیل دەیکات لە ڕاستیدا هەوڵدانە بۆ لاوازکردنی بە تەواوی حەماس. مەسەلەی فەلەستینییەکان شتێکی ترە و لەوانەیە دواجار بە تایبەت دەوڵەتی ئێستای ئیسرائیل وەک باڵەکەی تری ئیسرائیلییەکان زۆر توندڕەوتر بێ بۆ ئەوەیکە بە قەولێک چۆن بڵێن پێش لە داواکارییەکانی فەلەستینییەکان بگرێت. بەڵام مەسەلەی حەماس مەسەلەیەکی جیاواز لە فەلەستینییەکانە. بۆیە دەبینین ئیسرائیل بەتایبەتی دوای هێرشی ٧ی ئۆکتوبری پارەکە کە حەماس کردی بۆ سەر ئیسرائیل بە جۆرێک دەستی ئیسرائیلی ئاوەڵا کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە ئاسان نییە بڵێین ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی شەڕێک لەنێوان ئێران و ئیسرائیلدا ڕوو بدا. لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو ئیدعاییەی دەکا لە باری نیزامی و تێکنۆلۆژیی شەڕ و مووشەک و درۆن هەیەتی و تەنانەت سەرکۆماری نوێی ئێران پێیوایە ئێران پێشکەوتووترین وڵاتە لەو بارەوە لە ناوچەدا، بەڵام ئێران هەتا ئێستاش خۆی دەدزێتەوە لەوەی خۆی خەریکی شەڕێک بکات کە ناچار بێت بۆ خۆی ڕاستەخۆ بیکات. ئەو شەڕانەی ئێستا لە ناوچە دەکرێن قەتعەن شەڕی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام بە هۆی ئەو گرووپە نیابەتییانەوە دەیکا، ئەویش بەو هەزینە قورسانەی خستوویەتە سەر خەڵک و بۆ ئەو شەڕانەی تەرخان دەکا. بەڵام تا ئێستاش ئێران نە لە باری نیزامییەوە، بە هەموو ئیدعایەوە کە دەیکا نە لە باری ئابوورییەوە -کە لە ڕاستیدا شەڕ پشتیوانییەکی ئابووری بەهێزی دەوێ و هەر ئەوە نییە ئەتۆ بڵێی چەند میلیارد دۆلارم هەیە و بۆ ئەو شەڕەی دادەنێم، چونکی لەوانەیە درێژ بێتەوە- ئێران توانایی ئەوەی نییە. بۆیە زەحمەتە ئێران خۆی دەرگیری ئەوە بکات، ئەگەرچی ڕەنگبێ ئیسرائیل بیهەوێت کۆماری ئیسلامی تێوەبگلێنێ و باجی هەموو ئەو هەوڵانەی لێ بسێنێت کە لە ڕێگەی حیزبوڵڵا، حوسییەکان، حەماس و گرووپەکانی دیکەوە لە دژی ئیسرائیل دەیدات.

هەتا ئێستا ئیسرائیل ڕاستە حەماسی پێ لە بەین نەچووە، بەڵام زیانێکی ئەوەندە گەورەی پێ گەیاندووە کە زەحمەتە جارێ بەو زووانە بتوانێ بەو سیاسەتەی پێشوو ڕووبەڕووی ئیسرائیل بێتەوە. حیزبوڵڵاش لە ڕاستیدا لە بەر دەستیدایە و دەبینین لەم شەڕی مووشەکباران و بۆمبارانەدا زیانە قورسەکە هەر بەر حیزبوڵڵا دەکەوێ. لەم شەڕەدا ئەوەی ئێران زیاتر بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە مەسەلەی کوژرانی هەنیە بکاتە هۆکارێک بۆ دنەدانی زیاتری گرووپە نیابەتییەکان بۆ هێرش بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەر ئیسرائیل، یا بیكاتە تویشووی هەوڵێكی دیپلۆماتیك بۆ فشاری دیپلۆماتیكی زیاتر بۆ سەر تەلئاویو.

**سابیر فەتتاحی**: لەوانەیە ئێران نەیهەوێ خۆی ئاوقای شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بكات، بەڵام بەپێچەوانە لەوانەیە ئەوە خواستی ئیسرائیل بێت. پێتان وایە قازانجی ئیسرائیل لە شەڕی ڕاستەخۆ لەگەڵ ئێران چییە؟

**كەماڵ كەریمی**: زیاتر لە ٤٥ ساڵە بەپێی ئەو ستراتیژییەی كۆماری ئیسلامی گرتوویەتە بەر و هەر وەكوو لە ڕێوڕەسمی تەحلیفی سەركۆماریشدا بینیمان دروشمەكانی مەرگ بەر ئەمریكا و مەرگ بەر ئیسرائیل لە مەجلیسی ئێراندا بەرز كرایەوە كە زۆر نامەعقوول و ناباوە لە ڕێوڕەسمێكی ڕەسمیی ئاوادا ئەتۆ دروشمی نێو خیابان و دروشمی بەسیجییەكان بدەی، ئێران ئەمە ئیستراتێژییەتی. ستراتێژی لەبەینبردنی ئیسرائیل كە ئەمە بەرنامەكانیەتی لە چوارچێوەی ئەم ستراتێژیەدا و دروستكردنی هێزی چەكداری وەكوو حیزبوڵڵا لە پەنا ئیسرائیلدا بۆ ئەوەی ئەگەر بۆ خۆی دوورە و ڕاستەوخۆ ناتوانێ لەگەڵ ئیسرائیل تێك بگیرێ و شەڕی پێ بفرۆشێ، لە ڕێگەی ئەوانەوە شەڕ و تێكهەڵچوون بەدژی ئیسرائیل وەڕێ بخات، تەنانەت ئەگەر نەشتوانن لەنێوی بەرن، ئیسرائیل لاواز بكەن. چونكی ئیسرائیل وەكوو مەترسییەك لەسەر خۆیان دەبینن و هەمیشە هەستیان بەم مەترسییە كردوە. ئێستا ئێمە كارمان بەوە نییە لە ڕابردوودا چ جۆرە پێوەندییەك لەنێوان ئێران و ئیسرائیلدا بووە، تەنانەت ئیسرائیل لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا چەندە یارمەتیی كۆماری ئیسلامیی داوە لە باری تەسلیحاتییەوە، تانكی بۆ كڕیون، تەیارەی بۆ كڕیون، كاتویشا و مووشەكی بچووكی بۆ كڕیون، جۆرەها چەكوچۆڵی لە وڵاتان بۆ كڕیون، جا بە چ قیمەتێك ئەوە باسێكی دیكەیە، بەڵام بەهەرحاڵ واقعییەت ئەوەیە ئەم دووە هەر كامیان ئەوەی تر بە مەترسییەك دەبینێ بۆ سەر خۆی. بەڵام ئیسرائیل بە بڕوای من دەرفەتی دەست كەوتووە ئەگەرچی حەماسی هەتا سەرحەدی لەبەینبردن لانیكەم لە باری عەمەلیاتییەوە لاواز كردوە، بەڵام مەترسیی حیزبوڵڵا وەكوو هێزێكی بەهێزتر لە حەماس لە پەنا سنوورەكانی خۆیدا پێ دەكات. بۆیە ئیسرائیل لەو بارودۆخە لاوازەی كۆماری ئیسلامی، جا كارم بە ئەوە نییە تەبلیغات ئەكەن چەندە دڕۆنی پێشكەوتوو و مووشەكی دوورمەودایان هەیە، بەڵام ئەمە كافی نییە بۆ ئەوەیكە هێز بێ، چونكی كۆماری ئیسلامی وەك حكوومەت و دەوڵەت خەڵكی خۆی لەگەڵ نییە، پشتیوانیی ئابووری نییە، پشتیوانیی نێونەتەوەیی نییە، پشتیوانیی ناوچەیی نییە، هەموو ئەمانە لاوازییەكانی كۆماری ئیسلامین لە بەرانبەر ئیسرائیلدا.

ڕەنگبێ ئیسرائیل ئەمە بە هەل و دەرفەتێك بزانێ و ئەم لاوازییانە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئێران ناچار بە پاشەكشەیەكی هەمە لایەنە بكات لەم ستراتێژییانەی كە هەیەتی. ئەوەش گریمانەیەكە كە ئەگەر ئەمریكا ئۆكەی بداتێ، ئیسرائیل ڕەنگبێ شەڕی هەمەلایەنە لەگەڵ حیزبوڵڵا دەست پێ بكات و بێتوو حیزبوڵڵا دەرگیری شەڕێكی ئاوا قورس و بەردەوام بێت ڕەنگبێ ئیتر ئەودەم ئێران، سووریە، یا بڵێن جمهووری ئیسلامی و ڕێژیمی ئەسەد نەتوانن بێدەنگ دانیشن و


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ پشتیوانی لە حیزبوڵڵا بێنە نێو گۆڕەپانی شەڕەکە و ئەوەیە کە بە قەوڵ زەمینەی ئەو شەڕی ڕاستەوخۆیەی نێوان ئیسرائیل و ئێران دروست دەکات.

**سابیر فەتتاحی**: شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران ناهاوسەنگە. لەو ماوەیەدا ئیسرائیل زەبری زۆر قووڕسی لە ئێران داوە، دەیان فەرماندەی کوشتوون. بەو پێیە ستراتیژی وەدینەهاتووی ئێران دەتوانێ چیی لە پشت بێت؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەوەی کۆماری ئیسلامی مەبەستی بووە ئیدامەی دەدا هەتا ئەو جێگەیەی فرسەتی بەدەستەوە بێت. بە بڕوای من هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ئەستاندنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانە لە دەست ئێران دەربێنێت. بۆ ئەوەیە ئێران بگەیەنێتە نوقتەیەک مەجبوور بێت واز لەوە بێنێ، بەڵام ئێران دەست لەوە هەڵناگرێ. چون لەواقعدا داعییەی ڕێبەریی جیهانی ئیسلام و جیهانی شیعی هەیە لە ناوچەکەدا. وا دەزانن ئەوە تەنیا مەسەلەی حەماس و مەسەلەی حیزبوڵڵا نییە، مەسەلەی حوسییەکانە، مەسەلەی گرووپەکانی شیعی عێراقی و سووریە، یا مەسەلەی شیعەکانی بەحرەینە. بەکورتی مەجموعەیەک لە مەنتەقەدا هەن کە ئێران ڕەنگبێ هەزینەی ماڵی و سیاسی زۆریشی بۆ دابێت بەڵام هەموو ئەمانەی هەیە بە بڕوای من ئێران هەتا ئەو وەختەی ئەم فرسەتەی هەبێت لەمانە ئیستفادە بکات ئیدامە بەم ستراتیژییەی خۆی دەدات. بەڵام بێتوو ئیسرائیل لە هەمبەر ئەم ئیستراتێژییەدا بە قەولێ هەوڵ بۆ لاوازکردنی ئەم گرووپانە بدا و ئیتر ئێران بگاتە ئەو جێگەی بزانێ ئەم گرووپانەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە سەدان میلیارد دۆلاری لێ خەرج کردوون توانای ئەوەیان نییە ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببنەوە و ئەو ئامانجەی ئێران بە دوایەوەیەتی بۆی بپێکن، ڕەنگبێ ئەودەم کۆماری ئیسلامی ڕاوەستێ. بەڵام باوەڕی من ئەوەیە یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتەیە گرتوویەتە پێش، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە هەموومان دەیبینین و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دیارە کە ئێران نەیتوانیوە لەمەدا سەرکەوتوو بێت. ڕەنگە توانیبێتی سەرئێشە لە مەنتەقەدا دروست بکات بۆ سعوودیە، یان دۆخی عێراقی تێک بدات، لە سووریە ئەو وەزعە پێک بێنێت و کێشە بۆ ئیسرائیل دروس بکات، یان لە ڕێگەی حوسییەکانەوە موزاحیمەت بۆ کەشتیرانیی نێونەتەوەیی دروست بکات، هەموو ئەمانە هەن.

بەڵام ئەمن پێم وایە دوو هۆکار دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران لە جێگەیەک ڕاوەستێ:

**یەکەم**، وەزعییەتی نێوخۆییە کە ئیتر خەڵک تەحەمولی ئیدامەی ئەو شەڕایەتە ناکەن.
**دووهەم**، لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی جیددی ئیسرائیلە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر هەموو ئەم گرووپە نیابەتییانە و لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە دەتوانێ عەمەلیاتی تێدا بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**سێهەم**: له ڕاستیدا ئەگەر لایەنی سێهەمیشی ببینین قەبووڵنەکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بۆ ئیدامەی ئەم سیاسەتە. بۆیە ئەمن پێموایە نەهایەتەن کۆماری ئیسلامی لە جێگەیەک تێدەگات ئەم ستراتیژییەی تووشی شکست بووە و دەبێ ڕایبگرێت، ئەڵبەتە ئەگەر بمێنێ.

**سابیر فەتتاحی**: یانی ئەگەری تێداچوونیشی هەیە؟

**کەماڵ کەریمی**: زۆریش

**سابیر فەتتاحی**: بێینە سەر باسی پزشکیان و دەوڵەتی نوێ. پێتان وایە ئەساسەن پزشکیان بیهەوێ ڕێگایەکی جیاواز بڕوات، هەتا قسە لەسەر ئەوە بکەین ئاستەنگەکانی چین؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕاستییەکی هاتنی پزیشکیان تەفسیراتی زۆری لەسەر بوو ئایا پزیشکیانیان قەبووڵ کردوە بۆ ئەوەی گۆڕانێک دروس بکات؟ ئایا لە موقابلی جەلیلیدا کە دەزانین جەلیلی لە باڵی ئوسولگەرا و بە قەولێ ڕاستڕەوەکانە لە هەمبەر ئەمدا بۆیە عەلەم کرا بۆیە خامنەیی پشتی گرت بۆ ئەوەی بتوانێ گۆڕانێک پێک بێنێ؟ یا نە هەر ئیدامە کاریی ئەو سیاسەتە دەدات؟ ئەمن پێم وایە ئەو لایەنە دروستە کە پزیشکیان سەرەڕای هەموو ئەو قسە باشانەی لە زەمانی تەبلیغاتدا دەیکرد، مەردۆمداری و خزمەت بە خەڵک و تەنانەت لە بەیاننامەی کاتی تەنفیزی سەرۆککۆمارییەکەی لەلایەن خامنەییشەوە دیسان ئەو قسانەی دووپات کردەوە کە ئەوان دەبێ لە خزمەت خەڵکدا بن، دەبێ ئاگایان لە خەڵک بێ و دەبێ دڵی خەڵک بە دەست بێننەوە و لەم ڕیزە قسانەی تەبیعییە هەر ڕەئیس جمهوورێک لە ئێراندا هاتۆتە سەر کار، ئەو قسانەی کردوە و ئەمە شتێکی جیاواز و تازە نەبوو. ئەحمەدینیژادیش بەو وەزعییەتە هەر ئەو قسانەی دەکرد، ڕوحانیش هەر ئەو قسانەی کرد، ڕەئیسیش هەر ئەو قسانەی کرد، یانی شتێکی زیاتری نەگوتووە. ئەمن پێم وایە پزیشکیان نە لە باری شەخسیتییەوە، نە لە باری پشتیوانی خەڵکییەوە خاوەنی ئەو کەسایەتییە نییە بتوانێت بۆ تەدوینی سیاسەتێکی نوێ کە تەبعەن دەبێ ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی خامنەیی بێتەوە و لە مەیداندا بێت.

ئێمە ئەگەر ئەحمەدینژادمان دی کە لە هێندێ شتدا هەڵوێستی دژی بەرانبەر بە خامنەیی دەگرت، ئەگەر ڕوحانیمان دی کە لە هێندێک شتدا بەرانبەر خامنەیی نە هەڵوێست بەڵام بە زمان و دەربڕین دەیگوت کە لەگەڵ ئیدامەی ئەو سیاسەتە نین و لە کارەکانیشیاندا ڕەنگبێ بە جۆرێکی تریش عەمەلیان دەکرد، ئەوان خاوەنی پشتیوانی بوون. ئەحمەدی نژاد خاوەن پشتیوانییەکی پۆپۆلیستیی خەڵک بوو و هێندێ لە ئایەتوڵلاکانیش پشتیوانییان دەکرد. ڕوحانی بۆ خۆیی مەلا بوو و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پشتیوانییەکی بەرینی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا هەبوو، بەهەرحاڵ سەرۆکی شورای ئەمنییەتی میللی بوو، و پشتیوانیی لانیکەم میانەڕەوەکان و بەشێکی زۆری ئیسلاحتەڵەبەکانی ئەودەم کە ئێستا ئیتر شتێک بە ناوی ئیسلاحتەڵەب لە ئێراندا نەماوە، پشتیوانی ئەوانی هەبوو. تەنانەت ئیبراهیم ڕەئیسیش بە سیفەتێک پشتیوانیی هەبووم پشتیوانییەکی لەنێو سپا، لەنێو ئیتلاعاتدا هەبوو، پشتیوانییەکی بە هۆی خەزورییەوە لەنێو لایەنی مەزهەبی ئێراندا هەبوو. بەڵام پزیشکیان لە ڕاستیدا خاوەنی هیچ یەک لەم شتانە نییە.

پزیشکیان لە مەسیری کاری سیاسی خۆیدا کە ئەندام پەرلەمان بووە نە ئیسلاحتەڵەب بووە کە بڵێی پشتیوانیی ئەوانی هەبێت، نە بە قەولێ کەسێکە بڵێن لە بنەماڵەیەکی بەهێزی مەزهەبییە کە بە هۆی ئەوەوە پێوەندییەکی لەگەڵ ئایەتوڵڵاکان هەبێ و ئەوان پشتیوانی بکەن. لە ڕاستیدا پزیشکیان تەنیا پشتیوانییەکی هەیە وەکوو بۆ خۆیشی دەیڵێ خامنەییە. خامنەیی تەئییدی کرد، خامنەیی کردییە ڕەئیس جمهوور و منەتباری خامنەیشە و ئەوەشی نەشاردووەتەوە. ئەساسەن من دەڵێم کەسێکە ببێتە ڕەئیس جمهوور لە ئێراندا ئەگەر بیهەوێ کارێکی نوێی بکات دەبێ خاوەن پشتیوانییەکی دیکە بێت جگە لە خامنەیی، خامنەیی حەتمەن پێویستە وەکوو ڕێبەری نیزام بەڵام دەبێ ئەوەندەت پشتیوان هەبێ کە خامنەیی ناچار بێت لەگەڵی تا بکات، یانێ مەجبوور بێ لەگەڵی بڕوات. ئەوەیکە مەسەلەن ئێمە لە زەمانی خاتەمیدا دیتمان کە ئەو پشتیوانیی دەنگدەرانی هەبوو، یا لە سەردەمی ڕوحانیدا دیتمان، یانی لەگەڵ ئەوەی وەکوو ڕەئیس جمهوور نەیانتوانی هیچ شتێکی جیددی بەرنە پێشەوە چونکە ڕێبەری نیزام مۆافقەتی نەکرد. نەهایەتن سپا بوو، ئیتلاعات بوو، دەزگا ئەمنییەتییەکان بوون کە بڕیاریان ئەدا و نەیانتوانی کاری جیددی بکەن، بەڵام دەرکەوتنیان جیاواز بوو لە ئاغای پزیشکیان. بە بڕوای من پزیشکیان نە خاوەنی ئەو کەسایەتییە بۆخۆی، نە خاوەنی ئەو پشتیوانییە کە بڵێین بە پشتبەستن بەو هێزە بتوانێ شتێکی نوێی بکات. خۆشی شتێکی زیاتر ناڵێ غەیری ئەوەی کە بە پشتیوانی ڕێبەری نیزام بووەتە سەرۆککۆمار و خۆیی بە منەتبار دەزانێ و لە هەموو ئیعلامییەی بەرنامەکانیشیدا دەقیقەن ئەو شتانە دەڵێتەوە کە پێشتر لە چوارچێوەی سیاسەتە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. تەعارفیشی نییە لەگەڵ ئەو خەڵکەی دەنگیان پێ داوە یا لەگەڵ ئەوە خەڵکەی پشتیوانیی لێ کردوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەڵێ دەبێ مەردۆمدار و لەگەڵ خەڵک باش بین و دەبێ لەگەڵ خەڵک بە زمانی خۆش قسە بکەین و ئەمەش دەردی خەڵک چارە ناکات. بۆیە زەحمەتە پزیشکیان بتوانێ بچووکترین کاریش بکات لە هیچ زەمینەیەکدا بەبێ ڕەزامەندیی خامنەیی. ئەو کارانەش کە باسی دەکات لە واقعدا دەردی خەڵک چارە ناکەن. ئەوەیکە باس لەوە دەکا لە ئەقوامی! جۆراوجۆری ئێران هەمووی ئیستفادە بکرێ، دەبێ لە هێزی مەردۆمی ئیستفادە بکرێت، یانێ ئەمە چارەسەری کێشەکانی خەڵک ناکات. لەبەر ئەوەیکە ستراتیژی نیزام ناتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێت و هیچ سەرۆککۆمارێک لە ئێران ناتوانێ ببێتە ساحێبی ئەو ئێقتدارە کە ڕووبەڕووی سپای پاسداران ببێتەوە، چونکی خامنەیی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی بە دەستەوەیە. بۆیە مەجبوورن نەهایەتەن هەر ئەوەیکە بۆ


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆیی دەڵێ تەبەعییەت لە ڕێبەری نیزام دەکات و مەجبوور بە تەبەعییەت لە ڕێبەری نیزام دەبێت لە جێبەجێکردنی هەموو سیاسەتەکانیدا و ئەگەر هێندێک شتی وردیش بکات لە واقعدا فەقەت بۆ ئەوەیە خۆڵ لە چاوی خەڵک بکات. هەر ئێستا باس لەوە دەکرێ کە هەر بە هۆی ئەو قسانەی لە مەراسمی تەنفیزی حوکمی سەرۆککۆمارییەکی کە لەلایەن خامنەییەوە پێی دراوە و لە مەراسمی بە قەولێ بە ڕەسمیبوونی ڕەئیس جمهووری بە حزووری ئەو خەڵکە هەر ئەو قسانەی بووەتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایەتییەکی زۆر لەنێو ئەو خەڵکەدا کە دەنگیان پێ داوە. بەڵام ئێستا دەبینن نە ئەمە شتێکی جیاواز نییە و هەر ئەو قسانەیە کە پێشتر ڕێبەری نیزام کردوویەتی و پێشتریش سەرۆککۆمارەکانی یا هەر کەسێکی تر کە ویستوویەتی بە مەنسب و مەوقعییەتێک بگات هاتووە ئەم قسە باشانەی کردوە.

**سابیر فەتتاحی**: دوورەدیمەنی کابینە و دەوڵەتی پزشکیان چۆن دەبینن؟ ئایا بەرەو ئەو بەناو وەحدەت و ویفاقە میللییە دەڕوا کە ئیدیعای دەکات؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەو کابینەیەی هەتا ئێستا ناوەکانیان ئاشکرا بووە لە ڕاستیدا ڕەنگبێ ئەوەیکە ئاغای زەریف وەکوو موبەلەغی پزیشکیان دەیگوت دەبێ لە خەڵکی تەکنۆکرات و بە قەولی خەڵکی ساحێب بڕوانامە و خەڵکی جەوان و ئەمانە ئیستفادە بکرێت. لە ڕاستیدا دەردەکەوێت مومکینە لە هێندێک بواردا خەڵکێکیان هێنابێ بیکەنە وەزیر کە سێحەب بڕوانامەیەکی باش بێت کە لانیکەم بڵێین کەسێک نەبێ لەو سیستەمە گەندەڵەی پێشوودا. ئەڵبەتە هەموویان نە مەسەڵەن کە عارفیان هێناوە کە عارف هەرچەند وەختی خۆی یەکێک لە ئیسلاحتەڵەبان بوو، و لەگەڵ خامنەییش بوو؛ بەڵام دەرکەوت کە یەکێک لە گەندەڵەکانی نێو نیزام بووە. بەڵام ئەوەی بە نیسبەت خۆیانەوە ئەوەی کە بە نیسبەت نەتەوەکانەوە دەیڵێن لە ڕاستیدا هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە یانێ ئەوەیکە مۆمکینە نەهایەتەن بیانهەوێت وەزیرێک یان مۆشاوێرێکی ڕەئیس جمهووری لە فلان نەتەوەی ئێران لە کورد بێ، لە تورک بێ -هەرچەند ئەو بۆ خۆیی تورکە و ئەو دەتوانێ نمایەندگی ئەوان بکات- لە بەلووچ بێنێتە سەرکار. مۆهیم ئەوەیە ئایا وڵامدانەوە بە داواکارییەکانی ئەم نەتەوە جیاوازنە لە ئێراندا هیچ لە بەرنامەکەیدا هەیە؟ کە هەتا ئێستا هیچ باسی لێ ناکات. ئەوەیکە مومکینە کەسێک بێتە موشاوێری ڕەئیس جمهووری پێشتریش هەبووە، پێشتر ئێمە کەسی وەکوو ئاغای ڕەمەزانزادەمان هەبووە لە دەورانی خاتەمیدا، بەڵام مۆهیم ئەوەیە سیاسەتی نیزام ڕێگەی ئەوە نادا ئەگەر چوار وەزیری کوردیش لە کابینەکەی دانێ بۆ وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ قسەیەکی نوێیان پێ بێت. ڕەنگە دوو ئۆستانداری کوردیش دابنێنن لە ئەم چوار پارێزگاییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە بەڵام ئەم ئۆستانداره کێیە و دەسەڵاتی چییە؟ و چە بەرنامەیەکی نوێی هەیە بۆ ئەوەیکە گۆڕانکاری لە سیستەمی ئیداری، سیستەمی فەرهەنگی سیستەمی سیاسی و بە تایبەتی لە سیستەمی ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بکات؟ دەبینین هەر لەو وەختییەوە کە پزیشکیان دەنگی هێناوەتەوە ئەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەقریبەن دوو مانگە، لەو دوو مانگەدا دەبینین کە زۆرترین فشاری ئەمنییەتی لە سەر کوردستان بووە بۆ دەستگیرکردن بۆ زیندانی کردن بۆ ئێعدام کردن بۆ هەموو ئەمانە دەبی ئەگەر ڕاستیییەکەی کەسێکی وەکوو پزیشکیان یا ئەوانیکە لە دەوری پزیشکیانن هیچ بەرنامەیەکیان هەبووایە بۆ دروستکردنی گۆڕانێک لە کوردستان کە خەڵکی کوردستان ڕازی بکات لانیکەم لەو دەورانەدا هەتا بە ڕەسمی دەبووە ڕەئیس جمهوور دەبوو لەو شەرایەتەدا ئەم حاڵەتە ئەمنییەتە ڕابگرێت و ئەمە فشارە ئەمنییەتییانە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبووایە. هەر دوو سێ ڕۆژ لەوەو پێش لە ناوچەی بەلووچستان دەستیان کردوە بە خەڵک کوشتن، سێ لاوی بەلووچییان کوشتوە. یانێ هەر لەو ماوەدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی بووەتە ڕەئیس جمهوور مەسەلەن هونەرمەندێکی وەکوو "شەروین" حۆکمی پانزدە ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێ و دەبێ لەو ڕۆژانەدا بچێتە زیندان. یانی تەواوی ئەم حەرەکەتانەی کە دەکرێت ڕاست بە پێچەوانەری ئەو قسە خۆشانەیە کە ئاغای زەریف بۆ پزیشکیانی دەکرد نەک پزیشکیان بۆ خۆی. ئەوەی ئاغای زەریف بۆ پزیشکیانی دەکرد و پزیشکیانیش بەشێکی بە قەولێک دووبارە دەکردەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕەفتاری ئەم دوو مانگە عادەتەن دەبوو بە تایبەت کە سەرۆککۆمار نەمابوو ڕەئیسی کوژرابوو ڕەفتاری ئەم دوو مانگە نیشان دەدا کە ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی هەر کەسێک بێت یا پزیشکیان بێ یا کەسێکی تر بێ کە دەبێتە سەرۆککۆمار بتوانێ تەئسیری لەسەر گۆڕانی ئەو شەرایەتە ئەمنییەتییە بێ لەو ناوچانەی [ نەتەوە جیاوازەکانی تێدا دەژین لە کوردستان لە بەلووچستان یا لەهەر شوێنێکی دیکە و ئەمانیش ناتوانن لە واقعدا کاریگەرییەکی ئەو جۆرەیان هەبێ. دەنا ئەو پەڕەکەی ئەگەر ئۆستاندارێکی کورد دابنێن ئەگەر وەزیرێکی کورد دابنێن ئەگەر مشاورێکی ڕەئیسی جمهووری کورد دابنێن کە ئەمە تەشریفاتێکە و هەر کەسێک دابنێن کە وەکوو پزیشکیان مۆتیعی بڕیاراتی ڕێبەری بێت.

**سابیر فەتتاحی**: لە خۆرهەڵاتی نیشتمان شەقام کە خەڵکەکە نوێنەرایەتی دەکات هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و پزیشکیانیان بایکۆت کرد و دەنگی بایکۆتیش دیار بوو و بیسترا جیا لەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریشی بایکۆت کرد و وڵامیشی وەرگرتەوە چەندە لۆژیکییە کە چاوەڕوانی لە کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتیش لە دەوڵەتی پزیشکیان وەکوو نوێترین سەرۆککۆمار هەبێت؟ ئەو چاوەڕوانییانەی کە بۆ وێنە وەزیرێک لە کورد بێت یان داوای مافێک لەلایەن شەقامەوە لە سەرۆک کۆمار بۆ کورد بکرێتەوە ڕووبەڕوووی خۆرهەڵاتی نیشتمان ئەوەیکە جەنابیشت ئێستا باست کرد لە هەموو کات میلیتاریزەتر؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمن بێگومان لەسەر ئەوە قسە ناکەم زۆر بە جیددی باوەڕم وایە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی بە پێی بیرکردنەوەکانیان بە پێی بیرکردنەوە ئیدئۆلۆژیکەکانیان بە هیچ جۆرێک ڕوویان لەوە نییە کە بە قەولێ نەتەوەی جیاواز ببینن تەنانەت ئەگەر وەکوو قەومیش چاوی لێ بکەن وەکوو قەومی جیاواز دەیان بینن بەڵام وەکوو قەومێک کە مەجبوور بن ئیتاعەت بکەن لە ولایەتی فەقیهـ و لە ڕێبەری نیزام و لە سیاسەتەکانی نیزام بۆیە ناتوانم خۆم بە ئەوە دڵخۆش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکەم کە لەوانەیە گۆڕانێک بێتە پێشەوە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بتوانن وڵامدەر بن بەرانبەر بە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان ئەوەیکە خەڵکی کوردستان بە بڕوای من هەڵبژاردنەکان بایکۆت دەکەن نیشانەی ئاستی بەرزی تێگەیشتووی خەڵکە و شناختێکی دروستە کە لە کۆماری ئیسلامی هەیانە ئەوان تێگەیشتوون کە کۆماری ئیسلامی نیزامێک نییە کە بتوانێ هیچ وڵامێک بە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە بۆیە خەڵکی کوردستان بایکۆتی هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات بایکۆتی هەڵبژاردنی چوار مانگ لەو پێشی مانگی ڕەشەممە زۆریش بە قووەت بایکۆتی کرد و بایکۆتی ئەو جارەشی کرد ئەوەی کرد لەبەر ئەوەی ئەو شناختەی هەبوو ئەمی کرد لەبەر ئەوەی فریوی قسەکانی زەریف و پزیشکیانیان نەخوارد بۆیە بە بڕوای من خەڵکی کوردستان بە دروستی تێگەیشتوون و من پێم وایە ئەو باوەڕە دروستە کە نابێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا و بە بوونی وەلی فەقی و بە بوونی ڕێبەری خامنەیی هیچ گۆڕانکارییەک بێتە پێشەوە کە بتوانێ چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە بۆ خەڵکی کورد هەیە و بۆ نەتەوەکانی تر هەیە لە ئێراندا وەکوو عەرزم کردی دانانی وەزیرێک و مشاوریکی ڕەئیس جمهووری و دوو دانە ئۆستانداری کورد ئەمە وڵام دانەوە نییە بە پرسی کورد تەنانەت حەتا ئەگەر ئەمانەش بکات ئەوانە دەسەڵات و ئێختیاری ئەوەیان نابێت کە بتوانن ئەو شەرایەتە لە کوردستاندا بگۆڕن ئەم شەرایەتە لە واقعدا مەعلوولی بوونی کۆماری ئیسلامییە و هەتا کۆماری ئیسلامی هەبێت و ئەو بیرۆکە ئیدئۆلۆژییە کە زاڵە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا هەبێ کە هەر لە سەرەتاوە دایانرشتووە بە بڕوای من نابێ چاوەڕوانی هیچ گۆڕانێک لە کوردستان بکەین.

**سابیر فەتتاحی**: زۆر سپاس کاک کەماڵی هێژا بۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێمەت دا


**کەماڵ کەریمی**: ماندوو نەبن

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕەوەزێک بە شانی مێرخاسێکەوە (عومەر قەیتەران)




**برایم چووکەڵی**

مارشی هەستبزوێن و دڵگری ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە ڕستەی هیوابەخشی "سەرنج بدەن سەرنج بدەن"ی بەدوا دا دەهات، بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و دۆستانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان موسیقایەکی دڵنەواز و ئاهەنگێکی بەگوێ ئاشنا بوو. هەموو جارێ کە ڕادیۆی کوردستان لەنێو خەبەرەکاندا ئەو مارشەی لێ دەدا گوێگرانی ڕادیۆ شاگەشکەی شادی و دڵخۆشی دەیگرتن و دەیانزانی کە پێشمەرگە قارەمان و کارزانەکانی حیزب سەرکەوتنێکی گەورەتریان لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا وەدەست هێناوە.

لە ئاکامی کارامەبوون و قاڵبوونەوەی خەباتگێڕانی حیزبەکەماندا هەمیشە خەڵکی دڵ پڕ لە ئاواتی کوردەواری زیاتریان گوێ لە نرکەی دلێرانەی "سەرنج بدەن سەرنج بدەن" بووە و زۆرتر دڵیان بە خەبەری سەرکەوتنی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان گەشاوەتەوە. بێ لەخۆباییبوون دەتوانین بڵێین زۆر مانگی ساڵ و تەنانەت هەموو هەفتە و ڕۆژێکی شاهیدی یەکێک یان چەند سەرکەوتنی گەورەی بەرچاوی کورەکانی گەل و تێکشکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووین. هەربۆیەش کەم هەفتە هەبووە کە جارێک دووجار ئەم دەنگە دڵپەسەندە بەگوێی ئۆگرانی ئازادی لە کوردستان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرانسەری ئێران نەگا. شەهید عومەر قەیتەران یەکێک لەو فەرماندەرانە بوو کە زۆرجار بە عەمەلیاتە گەورەکان سەرنجی هەموو لایەکی بۆ لای هێزەکەی ڕادەکیشا و زۆرجار سەرنج بدەنی هەست بزوێن بۆ عەمەلیاتەکانی ئەو ڕۆڵەیەی دێموکرات بوو. لەو دەرفەتەدا یادێک لە خەبات و تێکۆشانی قارەمانی گەلەکەمان شەهید عومەر قەیتەران فەرماندەری هێزی شەهید ئەفشین لە نەغەدە دەکەینەوە.

شەهید عومەر قەیتەران لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە گوندی "گردیاقوب" لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە باوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو لەگەڵ دەرد و کوێرەوەریی ژیانی گەلی کورد بەتەواوی ئاشنا بوو، هەر بۆیە بە ڕەگ و پێستەوە هەستی بە چەوسانەوە دەکرد. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت وەک دەرجەدارێکی شۆڕشگێر ڕووی کردە ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکراتەوە و وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بە ئینزیبات لە هێزی پێشەوادا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد.

عومەر قەیتەران لە ماوەیەکی کورتدا نیشانی دا کەسێکی بەتوانایە و بە هەموو وجوودییەوە لە خزمەت نەتەوەکەیدایە. هەر بۆیەش زوو جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەدا کردەوە و بەدڵ وگیان خۆشیان دەویست. ئازایەتیی ناوبراو بوو بەهۆی ئەوە کە بە جێگری لکی دووی هێزی شەهید پێشەوا دیاری کرا. عومەر قەیتەران بە بەشداری لە چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانە توانی لەو بەرپرسایەتییە ڕووسوور بێتەدەر و بەحەق توانی بە سەداقەت و ئیمان ئەرکەکانی بەڕێوەبەرێ. بۆیە ساڵی١٣٦٠ لەلایەن حیزبەوە وەک جێگری هێزی شەهید ئەفشین لە ناوچەی نەغەدە دیاری کرا. لە ماوەی کاری جێگری هیزیشدا چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی بەڕێوە برد و، توانایی ولێهاتوویی وکارزانی لە کاری نیزامیدا بووە هۆی ئەوە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بە فەرماندەری هێزی شەهید ئەفشین دیاری بکرێ.

فەرماندە قەیتەران لەو پۆستەشدا توانی ئەرکە پیرۆزەکانی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە برد، چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی وەک: جادەی پەسوێ، گوندەکانی مەحمەشە و ماسوێ، شەڕی نێو شاری نەغەدە، جادەی پەسوێ – مەهاباد، شەری چیای قەسرێ، قەڵاتە ڕەش، شەری بابەکراوێ وکێلێ، جادەی نەغەدە – مەهاباد، پایەگای دەشتی قوڕێ، پایەگای قەڵاتەسوور، پایەگای کەڵەکۆک و شەڕی گەرگولی سەرێ و خوارێ نموونەیەکی چووکەن لەو حەماسە و قارەمانەتییەی بە فەرماندەیی ناوبراو لە ناوچەکانی نەغەدە و مەهاباد بەڕێوە چوون.

شەهید عومەر لە ڕۆژی یەکەمی پێشمەرگایەتیی تا کاتی شەهیدبوونی ڕۆڵی فەرماندەیەکی گێڕا کە جگە لە ئەرکی پیرۆزی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

پێشمەرگایەتی. کەسێکی کۆمەڵایەتی و خەڵک خۆشەویست بوو، ڕێزی بۆ خەڵک دادەنا و خەڵکیش ڕێزی تایبەتیان دەگرت. بەجۆرێک کە لەو ناوچەیە لە هەموو بارێکەوە ببووە کۆڵەکەیەکی قایم و جێگای متمانە و باوەڕی خەڵک و حیزبەکەی.

شەهید عومەر فەرماندەی بەجەرگ و ئازای گەلەکەمان هەمیشە لە سەنگەری یەکەمدا هاوڕێیانی ڕێنوێنی و فەرماندەیی دەکرد. ناوی ئەو بۆ هەموو پێشمەرگەکان و خەڵکی خۆڕاگری نەغەدە ناوێکی ئاشنا و لەسەر زارو زمانان بوو. شەهید عومەر زۆرجار دەیگوت "دەبێ خۆمان ئامادە بکەین و بتوانین بەربەرەکانی بکەین و نەهێڵین ئێستا کە لە مەیدانی ڕووبەروو لەگەڵ دوژمنێکی دڕندەداین نەتوانێ زەبرمان لێ بدا، پیلانەکانی پووچەڵ بکەینەوە، ئەگەر هەرکات دەرفەتیشی هێنا بە حەولی خۆمان ڕێگا نەدەین زەربەمان لێ بدا بۆیە هەمیشە بە وشیاری و زیرەکی هەڵسوکەوت بکەین".

ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی سالی ١٣٦٤ی هەتاوی هێزەکانی ڕیژیم هێرشیان کردە سەر گوندی گەرگولی نەغەدە. ڕۆڵەکانی دێموکرات بەرپەرچی دوژمنیان داویەوە. پاش چەندین سەعات زەبرێکی باشیان لە دوژمن وەشاند، بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا عومەر قەیتەرانی قارەمان خوێنی تێکەڵ بە خوێنی ٨ قارەمانی دیکە بە ناوکانی: سەلاح خاکی، ڕەحمان شیخاڵی، مەحەممەد ساوجبلاغی، سەید عەلی تەریتە، قەرەنی ڕەسووڵی، ڕەسوول عەرەب، محەممەد ڕەسوولپوور و برایم مەحموودی بوو و چوونە ڕێزی کاروانی شەهیدانی کوردستان.

یادیان هەرمان و سەنگەری خەباتیان ئاوەدان.

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جیاوازیی نێوان مووشەک و بۆمبی ژێر تەختی خەو



**دارسمە**

خزمایەتیی نێوان "بۆمب" و "مووشەک" وەک هیچ جۆرە خزمایەتییەک نییە. ئەم خزمایەتییە هیچ وەک خزمایەتیی خوشک و برا و برازا، پلەکەزا، میمەکەزا، کوڕەزا، خاڵوزا، ئامۆزا و هیچ زایەکی دیکە ناچێت. مووشەک و بۆمب لەنێو دڵی یەکتردا دەژین. هەر ئەوەی لەنێو دەندەڵەی سنگی مووشەکدایە، لە هەناوی بۆمبیشدایە. جیاوازیی ئەم دووە تەنیا لەمە دایە مووشەک خۆی داوێت، بەڵام هەرچی بۆمبە تەنبەڵ و تەوەززەلە و لە شوێنێک قوون بە زەوی دەدات و هەتا خاوەنەکەی ئەجەلی بەنسیب نەکات، لێی وەردەکەویت. تایبەتمەندییەکی دیکەی سەرەکیی مووشەک و بۆمب ئەمەیە، لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی سەر شانیاندا خۆشیان لە نێو دەچن. بەم ئاکارەیان دەتوانین ناوی "خۆکوژ" یان "گیانفیدا"یان لێ بنێن. دیارە ئەویش شتێکی زۆر ناوازە نییە و ئەگەر مووشەک، بۆمب یان فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەرکی ئێمە بەڕێوە ببات، ئەوە گیانفیدا و ئەگەرنا بێ ئەملاوئەولا خۆکۆژە.

موشەک، لە کاتێکدا بۆمبی دەنێو پەراسوان گرتوە، بە زەبری بڵێسەی ئاگر وەک فیشەکە شێتە لە شوێن خۆی دەرەپەڕێت و لەژێر چاودێریی تەکنۆلۆژیای نوێدا هەر چۆنێک حەزی لێ بێت خۆ بە گژ شوێنی دیاریکراودا دەکات و بۆمبەکەی پێدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەتەقێنێتەوە. بەڵام فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گیانفیدا یان خۆکوژ بە زەبری ئاگری ڕاستەوخۆ ناڕوات و بە کارەبا یان سووتەمەنیی دیکە دەجووڵێت و ئەگەر ئەرکەکەی پێ جێبەجێ نەکرا، دەتوانێت بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە بۆ ئەم ڕاسپاردەیە یان ڕاسپاردەیەکی دیکە بکەوێتەوە ڕێ.

بە کورتی بۆمب لەکاتێکدا لەوپەڕی تەنبەڵی و تەوەزەلیدا پاڵ دەکەوێت، براگەورەی مووشەک و تەنانەت فڕۆکەی شەڕکەریشە. ئەگەر مووشەک یان فڕۆکەی شەڕکەر بۆمبیان پێنەبێت. لە هیچ سنوورێک دەرباز ناکرێن. لەمە بترازێت دوو لە ڕووی ئەو مووشەکانەی مانگی دەستکرد بۆ بۆشایی ئاسمان بەڕێ دەکەن، ئەوانی دیکە بێئەوەی بۆمبیان پێبێت، نە سەری سیرن و نە قوونی پیواز. پەکوو لەم پیوازە هیچ و پووچەش! هەر چەند دەڵێن خواردنی بۆ کاری خێری نێرینان وەک بۆمب وایە، بەڵام هەر کاتێک ناوی دەبرێت، چاوی هەردوو ڕەگەزەی مرۆڤ پڕ لە ئاوێکی تیژ دەکات و مرۆڤ بە زەحمەت پێی دەکرێت ئاوی لووتی هەڵمژێتەوە.

ئەم بۆمب و مووشەکە ئێستا کێشەیەک گەورەی ناوەتەوە. زۆر دوور نەچین هەر دوێنێ و پێرێ بوو لەم تارانەی خۆمان بەرپرسانی بەڕێز لەو پەڕی ئارامیدا خەریکی هەڵبەز و دابەزی جێژنی سوێندخواردنی سەرۆککۆماری تازە دانراو بوون. دوای ئەوەی سەرۆککۆمار لەنێو خەڵکی بانگهێشتکراوە لە عێراق و شام و یەمەن و لوبنانەوە سوێندی خوارد لە فەرمایشتی ڕێبەری مەزن دەرناچێت، تاریکوڕوونی بەیانیی دواتر بۆمب، مووشەک یان فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان ئارامیی پایتەختی شێواند. دوای ئەوەی ئەم تەقەمەنییە بە ئیسماعیل هەنییە واتە یەکێک لە بانگهێشتکراوە هەر گرینگەکانی ئەم میوانداریییەدا تەقیەوە، بازاڕی گەرمی لێکدانەوە چەکدارانە، سیاسیانە و کۆمەڵایەتییانەکانی دوای ئەم تەقینەوەیە بە چەشنێک شێوا، هەموو جیهان و ناوچەی بۆخۆیەوە خەریک کرد.

ئەگەر ئێمەش تووشی سەرلێشێواوی ئەم بازاڕی لێکدانەوانە نەبین، پێویستە لێکدانەوەکان بەسەر دوو بەشی خانەخوێ و دەرەوەدا دابەش بکەین.

هەرچی بازاڕی دەرەوەیە، زۆر بەگومانەوە لە تەقینەوەکە دەڕوانێت. هێندێک دەڵێن مووشەکۆکە یان فڕۆکەڵەیەک بە بۆمبیلەیەکەوە لە پەنجەرەوە خۆی بەژووری ئەم میوانە بەڕێزە داکردوە و ئەمەیان لە لێکدانەوە یان قسەی دڵی خانەخوێش نزیکە. هێندێک لێکدانەوەی دیکەش پێیانوایە بۆمبیلەک لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە لەژێر تەختی خەوی ئیسماعیل هەنییەوە بە تەوەزەلی هەتا ئەم ڕۆژە پاڵی داوەتەوە و لە کاتوساتی دیاریکراودا بە زەبری نەقیزەی لەدوورەوە ڕمبەی لەخۆی و میوان هێناوە. ئەم لێکدانەوەیەی دواتر بەگرانتر لەسەر خانەخوێ دەکەوێت. ئاخر چۆن دەبێت بە بەر چاوی خانەخوێدا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

كـاری وا بكرێـت؟ هەر لەبەر ئەمەشـە مووشـەكۆكە یـان فـرۆكەڵەكە خانەخوێپەسـندانەترە. لەمەیەیانـدا دەكرێـت بەم شیمانەیەوە بەرداوم بین و بڵێین دوژمن بە دەستی خۆی كاركەی كردوە و كۆمەڵی نێو بەرەی موقـاومە ڕازی بكەیـن هێرشی تۆڵەسەندنەوە بكەنە سەری و بـاری خۆفرۆشی و خەیـانەتی دەسـتوپێوەندانی نێوخۆش سووكتر بكەیـن و بڵێن خۆفرۆش و خائین لەوە كەمترن ئێوە بیری لێدەكەنەوە.

لە هەمان كاتدا ئەگەر بسەلمێندرێت تەقەمەنییەكە بە هۆی مووشەكیلە یان فرۆكەڵەو چووەتە نێو ژووی تەقینەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەر لەداهاتوودا خەڵكی دەرەوە بۆ كۆڕ و كۆبوونەوان بانگ بكرێن، كەمتر گیانی خۆیان لە مەترسیدا  ببینن. ئەنجامی لە هەمووان گرنتر ئەمەیە جەنابی ڕێبەر كاتێک بەتەمابوو نوێژی مردوو لەسەر تەرمی كـاک ئیسماعیل بكـات، بە وردی لە ئاسمانی سەر خۆی ڕوانی و ڕەنگە مەبەستی ئەمە بووبێت لە كەش و هەوای نالەبـاری ئەم دوایییـانەی ئێرانـدا خـۆی و هاوڕێیـانی لە ئەگەری بـارینی تەرزە ئـاگەدار بكـاتەوە. تەرزەی هاوینـان ئەوەنـدە زلزل دەبارێت نەک هەر سەری مرۆڤ دەشـكێنیت بەڵكـوو بـانیژەی ئۆتـۆمبێلی "پڕایـد" و مڕایـد و "پیـژۆ "ومیـژۆ و "سـەمەند" و مەمەنـد و "تیبـا" و میبایان هەر ناهێڵێت.

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# فس‌فس پاڵەوانێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی



**مەنسوور مروەتی**

کوژرانی ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی دەفتەری سیاسیی حەماس لە بەرەبەیانیی چوارشەممە ١٠ی گەلاوێژ لە تاران، ئەگەر گرینگترین ڕووداوی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە ئێران و ناوچەکە نەبێ، بێگومان گرینگترین و شوێندانەرترین ڕووداوە کە ڕووی داوە.

هەنیە کە بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی دەسبەکاربوونی مەسعوودی پزشکیان، سەرکۆماری ئێران لە گەڵ زۆر هەیئەتی دیکەی وڵاتان -هەڵبەت سەرەڕای غایبی زۆر گەورە گەورە- ئامادەی ئەو ڕێوڕەسمە ببوو، چەند سەعات دواتر لە میوانخانەیەکی سپای پاسداران و لە ژووری نووستنەکەیدا هێرشێ کرایە سەر و کوژرا. وێنەکانی هەنیە لەگەڵ پزشکیان کە یەکتریان لە باوەش گرتبوو، ببووە جێی سەرنجی میدیاکان و تەنانەت بەشێکی زۆریش لە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی بە دانانی ئەو وێنەیە نووسیبوویان، "بەرەی مقاومەت لە ئامێزی ئەمن و پارێزراوی ئێراندا". هەروەها بەشێکی زۆری ڕۆژنامەکانی تاران کە شەوەکەی ڕۆژنامەکەیان بەستبوو و نێردرابوو بۆ چاپ، دروشمی مەرگ بۆ ئیسرائیل و سڵاو لە مقاومەت و دروشمی لەو چەشنە، لاپەڕەی یەکەمی داگرتبوون. بەڵام ئەوان نەیاندەزانی چەند کاتژمێر دواتر ئامێزی ئەمنی ئێران دەگۆڕدرێ بۆ


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕیسواییەکی کەموێنەی مێژوویی و هەر ئەو شەوە سەرۆکی حەماس لە تاران گیانی لێ دەستێندرێ. ڕیسوایی لەو ڕووەوە کە هەنیە نە لە فەلەستین و لوبنان، هەروەها نە لە سووریە و قەتەر، بەڵکوو لە تارانێک کوژراوە کە دەسەڵاتبەدەستانی ئیدیعای ئەمنترین جێگایان بۆ سەرۆکی حەماس دەکرد، ئەویش ڕێک لە ڕۆژێکدا کە سەرۆک و نێردەی زۆرێک لە وڵاتان بۆ ڕێوڕەسمی دەسبەکاربوونی سەرکۆماری نوێ لە تاران بوون و بە هەموو پێوانەیەک ئەو ڕۆژە ڕێوشوێنێکی توندی ئەمنی گیرابووە بەر.

کوژرانی ئیسماعیل هەنیە چەند کاتژمێر دوای ئەو ڕێوڕەسمە بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی گوت؛ نەتەنیا سەرۆکی حەماس و کەسانی هاوشێوەی ئەو کە لە تاران بوون، بەڵکوو خودی سەرۆک و ڕێبەر و بەرپرسانی ئێرانیش لە ژێر نفووز و توانایی ئیسرائیل لە ئێراندا گیانیان پارێزراو نییە. هەر ئەم قسەیەش ڕێک چەند ساڵێک لەوەپێش و لە دوای کوشتنی موحسینی فەخریزادە، پیاوی ژمارە یەکی بەرنامەی ناوەکیی ئێران لە زمان عەلی یوونسی، وەزیری پێشووتری ئیتڵاعاتەوە گوترابوو. عەلی یوونسی گوتبووی، " نفووزی مووساد لە دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی ئێراندا بە ڕادەیەکە پێویستە هەموو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نیگەرانی گیانی خۆیان بن".

وەک باس کرا، ئەم ڕووداوە بۆ کۆماری ئیسلامی شەرمەزارییکی مێژوویی بوو، شەرمەزاری لەو ڕووەوە کە ڕووداوەکە لە نێودڵی تاراندا و لە ڕۆژێکی گرینگی وەکوو دەسبەکاربوونی سەرکۆمار و بەئامادەبوونی دەیان میوانی بیانیدا ڕووی دا و لەولاشەوە نیشانەی بێ ئەملاوئەولای زاڵ بوونی مووساد دەزگای ئەمنیەتی سیخوڕیی ئیسرائیل بەسەریاندایە. جیاواز لەوەی کە ئەم ڕووداوە چۆنی ڕووی داوە و لێکەوتەکانی چی دەبن و داهاتووی شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتیەکانی لە گەڵ ئیسرائیل بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا، خاڵێکی دیکەی ئەم ڕووداوە کە بەلای خەڵکی ئێرانەوە گرینگ و جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە کوژرانی ئیسماعیل هەنیە و دەیان کەسی دیکەی سەربە ڕێژیم لە تاران لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەوەمان پێ دەڵێ کۆماری ئیسلامی و هێزی سەرکوتەکەی هەر بۆ گیانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵات ڕاپەڕن. دەنا بە ڕۆژی ڕووناک دەیان جار و بەتایبەت لە نێودڵی خودی ڕێژیم لە ئێراندا ئیسرائیل زەبری جەرگبڕی لێ داون بەڵام جگە لە هاش و هووش و هەڕەشەی بێمانا توانایی هیچیان نەبووە. بە شێوەیەک دوای ئەو هەموو زەبرەی کە ئەمریکا و بەتایبەت ئیسرائیل لێی داون، تۆڵەی سەختی خامنەیی بووەتە جێی گاڵتە و گەپجاڕی خەڵک.

ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرە دژە مرۆڤە ڕۆژانە خەڵکی وڵات بەتایبەتی لە کوردستان دەگرێ و دەکوژێ و لە زیندانەکاندا بەندیان دەکا، لە دوو ساڵی ڕابردوو و لە کاتی بزووتنەوەی ژینا و لە پاش ئەو بزووتنەوەیە تا ئێستا بە سەدان و هەزاران بنەماڵەی داخدار و جەرگسووتاو کردوە، بەزەیی بە منداڵی دە دوازدە ساڵانیشدا نەهاتوە، بە میلیۆنان دولار و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

میلیاردها تمەن سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران خەرجی دەزگا جوراوجۆرە سیخوڕییەکانی دەکا، بەڵام وەک باس کرا، دەرکەوت لە هەموو ئەمانەدا تەنیا بۆ خەڵکی بێدیفاع و دەسبەتاڵی وڵاتەکە زیرەکە. هەر چەند ڕۆژ پێش بوو لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی شەهید محەممەد حەسەنزادە لە بۆکان، باوک و خوشکی ئەم شەهیدە لەلایەن دەزگا بەدناوە دژە ئەمنیەتییەکانی سپا و ئیتلاعاتەوە بە توندترین شێوە دەسبەسەر کران و ڕاپێچی زیندانە تاکەکەسیەکان کران. ترسی ڕێژیم تەنیا لەوەبوو کە ئەو بنەماڵە شەهیدە نەکا لە ڕۆژی لەدایکبوونی ڕۆڵە شەهیدەکەیاندا ڕێوڕەسمێک بگرن و خەڵکیش بەدەوریاندا کۆ ببنەوە.

بۆیە شەرمەزاری تەنیا ئەوە نییە کە لە کوژرانی سمایل هەنیە و قاسم سولەیمانی و دەیان و سەدان کەسی وەها ڕووی داوە، بەڵکوو شەرمەزاری لەوە گەورەتر ئەوەیە لە بەرانبەر خەڵکی بێدیفاعی وڵاتەکەی خۆتدا بە زەبری چەک و ئاگر ئاوها دڕ و داپلۆسێنەر بیت، بەڵام لە بەرانبەر زەربە گورچوبڕەکانی ئیسرائیلدا وەها زەبوون و دەستەوەستان بی کە تەنانەت نەزانی لە کوێوە لێت دراوە و هەڕەشە لە خەڵک و ڕۆژنامەنووسانیش بکەی کە نابێ لە سەر کوژرانی سمایل هەنیە قسە بکەن دەنا دادگایی دەکرێن.

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# داهاتووی شێری ماڵەوە و ڕێویی دەرەوە



**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

یەکێک لە پەراوێزەکانی کوشتنی ئیسماعیل هەنیە لە تاران و لە کاتێکی وەهادا دەرکەوتنی لاوازیی ئێران لە پاراستنی گرینگترین میوانیەتی، بە شێوەیەک کە تەنانەت نازانرێ چۆن بووە! ئەو لاوازییە وەک ڕاستییەکی کۆماری ئیسلامی لە لایەن زۆر چاودێرەوە باسی لێ دەکرێ، هەر وەکو ڕۆژنامەنووسێکی تورک ئێران بە بەبری کارتۆنی، یان هەمان پاڵەوان فس فس دەشوبهێنێ.

ئەو لاوازییە بە جۆرێک زەق بۆتەوە کە هەموو تێچووەکانی ڕێژیم بۆ پرۆپاگەندەی کردۆتەوە بە هیچ، ئیتر نەک دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو تێرۆریستانی سەر بە ڕێژیمیش لەو لاوازییە ترسێکی زۆریان ڕێ نیشتووە، چونکە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بوونەتەوە کە ئەگەر لە تاران و لە نێوەڕاستی ماڵە پارێزراوەکانی سوپای پاسداران و لە ژوری نووستندا پارێزراو نەبن، ئەدی لە شوێنەکانی دیکە دەبێ دۆخیان چۆن بێت؟



https://serchawe.com

لاوازیی ڕێژیم بە نیسبەت نەیارانی دەرەوە و وڵاتانی بیانی هەر تایبەتمەندییەکی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو هەموو نیزامە سیاسییەکانی پێش لە کۆماری ئیسلامییش زەبوون و لەهەمبەر هەر هێرشێکی دەرەکیدا بێدەسەڵات و دەستەوەستان بوون. ئەوەش تایبەتمەندیی عەجەم، مەبەست دەوڵەتەکانی ناوەندیی ئێرانە کە وێڕای هەموو دڕندەییەکانیان بە نیسبەت نێوخۆ، گەوهەری شێوازی حوکمڕانیی ئەوانە. لە کۆتاییدا ئەوەش دەردەکەوێ لە نێوخۆش ناتوانن بە دڕندەیی تا سەر بەردەوام بن، بەڵکوو دەسەڵاتی ئەو بەبرە کارتۆنیە بە دەستی خەڵک دەڕووخێ، دەسوتێنرێ و دەبێ بە خوڵەمێش.

مێژووی ئێران پڕە لەو ڕاستیانە، قاجار کە لە بەرانبەر وڵاتانی بێگانەدا هەمیشە لاواز و زەلیل بوون، لە نێوخۆ زوڵم و تیرۆر و کوشتنیان کردبووە "تەدبیری دەوڵەتداری". ڕەزاخان کە بووە پاڵەوانی خەیاڵیی شاپەرستان، چەند دەیە بە توندترین شێوە لەگەڵ خەڵکی نێوخو جووڵایەوە و، هەرچی هونەر و دەرفەت و هێزیان هەبوو، لە ئەرتەشدا بەکاریان هێنا. بەڵام نەک یەک شەو لە بەرانبەر هێرشی وڵاتانی بیانی لە سەرەتای شەڕی جیهانیی دووەمدا خۆی نەگرت، بەڵکوو هەر بە بڵاوبوونەوەی پەڕی کاغەز و ئاگاهیی نووسراوە دارووخا و، تەنانەت یەک سەربازی بۆ بەرگری نەما. ئەوە بوو بریتانیا و رووسیا ئەو پاڵەوانە خەیاڵییەی ناسیۆنالیستی فارسەکانیان دوور خستەوە و ئێرانیان وەک شووتی لە نێوخۆیاندا دابەش کرد. ئەوە لە دۆخێکدا بوو کە پێشتر یەک سەربازی ڕەزا شا دەیتوانی هەرچی پێی خۆشە بە خەڵکی بکات، بە تایبەتی لە کوردستان.

حەمەڕەزای کوڕی ڕەزا قەزاقیش هەر هەمان ڕێچکەی بابی گرتە بەر. لە نێوخۆ دیکتاتۆرێک بوو دڕندە. ساواکێکی دروست کردبوو کە کوشتنی خەڵکی بەلاوە وەک خواردنەوەی ئاو بوو، بەڵام لە بەرانبەر وڵاتانی دەرەوەدا داماو و زەلیل، بەجۆرێک لە یەکەمین مەترسیدا، نەک جارێک و دووجار، چەندین جار ئێرانی بە بنەماڵەوە بەجێ دەهێشت، هەتا دواجار بۆ هەمیشە هەڵات.

محەممەدڕەزاشا لەسەر تەختی خونکاری دیپلوماتە بیانییەکان هەڕەشەیان لێ دەکرد و ئەوەی پێیان خۆش با بە سەریاندا دەسەپاند. ئەو جێژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشایی بەڕێوە برد بۆ ئەوەی بڵێ٢٥٠٠ساڵە بە شکۆوە حوکم دەکەن، لە کاتێکدا لە ئاوارەیی و بێ وڵاتیدا دەوروبەری بەدوای دوو میتر خاک بوو جەستەی مردووی تێدا بشارنەوە. لە کاتێکدا پێشتر ساواکی حەمەڕەزا ئێرانی پانوبەرینی بۆ خەڵک کردبووە زیندانێکی دوو میتری.

کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا هەر کارەساتی خوڵقاندوە. ئەوان کە بە ناوی سەربەخۆیی ئێرانەوە هاتن، بە دووڕووییەوە لە ژێرەوە گوماشتە و "ماموری" ئەم وڵات و ئەو وڵات بوون، بە جۆرێک جارێ لە پێشدا خومەینیی ئایدیالیان نامەی بۆ


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**گەلاوێژی ٢٧٢٤**

ئەمریکا دەنارد کە من دژی بەرژەوەندیی ئێوە نیم بەڵام لە سەرەوەش هاواری مردن بۆ ئەمریکایان بەرز دەکردەوە و خەڵکیان پێ فریو دەدا، هەر ئەو کۆماری ئیسلامی کە لە نێوخۆ بە تێرۆر و سەرکوت توانیویەتی هەتا ئێستا خۆی ڕاگرێ لە دەرەوەش بە فرۆشتنی ئێران بە چین و ڕووسیە و وڵاتانی دیکە دەیهەوێ تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە. هەر ئەو کۆماری ئیسلامییەی ڕۆژانە کۆڵبەران لە سەر سنورەکان دەداتە بەر دەستڕێژ، بەڵام ناتوانێ ژوری خەوی خۆشی لە بەرانبەر فیشەکی بێگانەدا بپارێزێ.

ماوەتەوە بڵێین خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی ڕێژیم بە خەباتێکی سەرکەوتوو و ئیرادەی یەکگری زۆر ئاسان دەتوانن بەسەر ئەو پاڵەوان فس فسەدا سەر بکەن و دوای ڕووخانیشێ بە ئاسانی بۆ هەموو لایەک ڕوون دەبێتەوە و دەبێتە پرسیار کە ئەوە بوو ئەو ڕێژیمەی ئاوا خەڵکی دەتوقاند  و بانگەشەی بەهێزیی دەکرد؟!

**١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# سەرۆککۆمارێکی بێفەڕ



**حەسەن قارەمانی**

کاتێک سەرۆکێکی نوێ سوێندی یاسایی دەخوات، زۆرجار هیواکان لەنێو دانیشتووان بۆ ئاراستەیەکی نوێ و پێشکەوتن لە سیاسەتدا زۆر دەبن. بەڵام لە ئێراندا کە دەسەڵاتی سیاسی بەتوندی لەلایەن سەرکردایەتیی ئایینییەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئەم هیوایانە بێبنەمان. ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی سەرۆککۆماری نوێ بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە چەندە شوێنی مانۆڕدان و هەڵسووڕان سنووردارە بۆ سەرۆککۆمارێک کە ناچارە لەژێر نیسێی دەسەڵاتی خامنەییدا کار بکات.

قەوارەی سیاسیی ئێران لە دەوری خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم دەخولێتەوە کە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر هێزە چەکدارەکان، دەسەڵاتی دادوەری و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتدا هەیە. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە وای کردوە هیچ سەرۆککۆمارێک لە ئێران ئەگەر بیشیهەوێ نەتوانێ بەبێ ڕەزامەندی خامنەیی قامک لە ئاو ڕۆ بکات.

مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری تازە دیاریکراو بۆ ئێران، لە کاتێکدا وەک دووهەمین پیاوی دەسەڵاتدار سەرکردایەتیی وڵاتێکی خاوەن پێکهاتە سیاسییە ئاڵۆزەکان و کێشەی ڕەگداکوتاو دەگرێتە ئەستۆ، کە هەر لە دەسپێکی کارەکەیدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی زۆر گەورە بووەتەوە. بە سەرنجدان بە دینامیکی سیاسی و چرپوونەوەی دەسەڵات لە ئێراندا، پرسیاری ئەوەی کە ئایا پزیشکیان شانسی ڕاستەقینەی سەرکەوتنی وەک سەرۆککۆمار هەیە یان نا؟ لێرەدا بە کورتی ئەو هۆکارە تایبەتییانە لە سەر قەوارەی سیاسیی ئێران دەستنیشان دەکەین:

## قەوارە و پێکهاتەی سیاسی ئێران

ئێران ڕێژیمێکی تیۆکراسییە و تێیدا ڕێبەری مەزنی کۆماری ئیسلامی -لە ئێستادا عەلی خامنەیی- دەسەڵاتی ڕەهای هەیە. لەو نیزامە سیاسییەدا ئەگەرچی سەرۆککۆمار، سەرۆکی دەوڵەت و ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەڵام دەسەڵاتەکانی لەسۆنگەی هەژمۆنیی ڕێبەری باڵاوە بەتوندی سنووردار کراوە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەموو جومگە سەرەکییەکانی داهات و دەسەڵاتی وڵاتی بە دەستە و، هەر بڕیارێکی سەرۆککۆمار و دەسەڵاتەکانی دیکەی وڵاتیش بێتوو لەگەڵ ویستی عەلی خامنەیی نەگونجێ، ڕێگری لێ دەکرێ و دەرفەتی بەدیهاتنی نادرێتێ. خامنەیی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئۆرگانە زلهێزەکانی وەک شورای نیگابان کە سەرپەرشتی هەڵبژاردن و پەسەندکردنی کاندیدەکان و هەروەها مەجلیسی خوبرەگان کە ئەرکەکەی هەڵبژاردنی ڕێبەر و چاودێری کاروباری ئەوە، توانایەکی بەردەوامی نیشان داوە بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتی وڵات. ئەم ئۆرگانانە پڕن لە ئەندامانی کۆنەپەرستی دڵسۆز بۆ خامنەیی و نەیاری هەر گۆڕانکارییەک کە پێیان وابێت هەڕەشە لە بناغەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

## پزشکیان و وتاری دەسپێکی کابینەکەی:

مەسعوود پزیشکیان لە وتاری دەسپێکی دەستبەکاربوونیدا جەختی لە دڵسۆزیی لەبننەهاتووی بۆ هەردوو بارەگای خۆمەینی و خامنەیی کرد و ڕایگەیاند ڕێنوێنییەکانی خۆمەینی و خامنەیی سەرمەشقی کار و بڕیارەکانی دەبن. پزیشکیان بە نیشاندانی دڵسۆزی و گوێڕایەڵیی خۆی ئەو سیگناڵەی نارد کە بەنیازی ئاڵنگاری و ملبەملە لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەتەکانی خامنەیی نییە، بەوەش چاوەی هیوای هەموو ئەو کەسانەی کوێر کردەوە کە چاوەڕوانییەکی ئەوەیان لە پزشکیان هەبوو.

## ئاڵنگارییەکانی ئابوورییەکان

یەکێک لە گەورەترین ئاڵنگارییەکانی پزیشکیان دۆخی ئابووریی ئێرانە. پشتی ئەو وڵاتە لەمێژە بەدەست سزا نێودەوڵەتییەکانەوە چەماوەتەوە، بەتایبەتی ئەو سزایانەی لە سۆنگەی سیاسەتە قەیرانخوڵقێنییەکانی ڕێژیم و پشتیوانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە لەلایەن ئەمریکاوە بە سەر ئەو ڕێژیمەدا سەپێنراون. پزیشکیان پێش دیاریکردنی بە سەرۆککۆمار بەڵێنی چاکسازیی ئابووری و باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی داوە، بەڵام توانای جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانە بەهۆی گەمارۆکانەوە بەتوندی سنووردارە. گەمارۆکان توانای ئەو وڵاتە بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕاکێشانی وەبەرهێنان سنووردار دەکەن، ئەمەش لە بەرامبەردا توانای حکومەت بۆ باشترکردنی ئابووری سنووردار دەکات. بەبێ هەڵگرتنی سزاکان کە ڕاستەوخۆ بە چییەتی و چۆنیەتیی سیاسەتەکانی خامنەیی بۆ مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بەستراوەتەوە، ئەستەمە بزانین چۆن دەتوانرێت کەمترین پێشکەوتنێکی بەرچاوی ئابووری بەدی بهێنرێت.

## پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان

پزیشکیان لەبواری کاروباری نێودەوڵەتییشدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. ساڵانێکی زۆرە پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا ئاڵۆزی تێکەوتوە. سەرەڕای جەختکردنەوەکانی خامنەیی لەسەر پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیە و چین، بەڵام ئەم وڵاتانە ناتوانن بەتەواوی جێگەی ئەو دەرفەتە ئابوورییانە بگرنەوە کە باشتربوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەیهێنێت. ڕووسیە و چین لە پشتیوانیکردنی ئێراندا بەرژەوەندی و سنوورداربوونی خۆیان هەیە و پاڵپشتییەکانیان ناتوانێت قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەهۆی سزاکانی ڕۆژئاواوە تووشی بووە.

## ئاڵنگارییەکانی سیاسەتی نێوخۆیی

لە نێوخۆشدا پزیشکیان دژایەتییەکی بەرچاوی لەهەمبەر هەر چاکسازییەکدا بەرەوڕوو دەبێتەوە. سیستەمی سیاسیی ئێران پڕە لە فراکسیۆنی بناژۆخوازە کۆنەپەرستەکان کە بەتوندی دژایەتی ئەو گۆڕانکارییانە دەکەن کە پێیان وایە هەڕەشە لە بەها و نەریتە ئیسلامییەکانی وڵات دەکەن. ئەم هێزە کۆنەپەرستانە دەسەڵات و کاریگەرییەکی زۆریان هەیە و پەشی زۆری جومگەکانی دەسەڵات لەو وڵاتەیان پاوان کردوە. ئوسولگەراکان هەر گۆڕانکارییەک کە هەڕەشە لە بناغەکانی کۆماری ئیسلامی بکات بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان دەزانن و بۆ دژایەتیکردنی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە هەرچییەکیان لەدەست بێت دەیکەن.

## ئەنجام

شانسی سەرکەوتنی مەسعوود پزیشکیان وەک سەرۆککۆماری نوێی ئێران بۆ گۆڕانکاری ئەگەر بیشیهەوێ بەتوندی سنووردار و


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤


نزیک لە سفرە، ئەویش لە سۆنگەی پێکهاتەی سیاسیی وڵات، ئاڵنگاری ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ناوبراو هەرچەندە بەڵێنی چاکسازی و باشترکردنی داوە، بەڵام بێگومان بەشێکی تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بووە، ئەگینا لە ڕاستیدا بەهۆی دەسەڵاتی زاڵی خامنەیی و ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی دژایەتی گۆڕانکاری دەکەن، دەستەوەستان و زەبوونتر لەوەیە بتوانێ پەل ببزێوێت.

١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەرۆککۆمار یان بریکارێکی بێدەسەڵات؟



ڕەزا دانشجوو

دوای کۆتایی‌هاتنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە کۆماری ئیسلامیدا، ئەمجارە ئەوە ئیسلاحتەڵەبەکان بوون بۆچوونیان لە بیروڕای ئاغا نزیکتر بوو و توانیان پۆستە حکومەتییەکان وەک بریکاری گوێڕایەڵ و کاربەڕێکەرانی دەستگای وەلایەتی فەقیهـ بۆ ماوەیەک بەخاوەن بکەن. ڕەوتی بەناو ئیسلاحات کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا خاوەنی زۆربەی پۆستە حکومەتییەکان بوون و پێوەندییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ خومەینیی دەجال هەبوو، لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی عەلی خامنەییدا زۆر کەمتر لەلایەن دەسەڵاتی وەلایەتی فەقیهـ جێی سەرنج و مەتمانە بوون. بە تایبەت دوای ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ڕێژیم لە ساڵی ٨٨ و تێچووی زۆری ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم و شەخسی خامنەیی، ئیسلاحتەڵەبان بەتەواوی لە پۆستە گرنگەکان دوورخرانەوە و تەنانەت بەشێکیان تووشی زیندان و سزادان بوون، هەروەها لە ماوەی هەشت ساڵ سەرۆککۆماریی حەسەن ڕوحانیشدا بەتەواوی گۆشەگیر بوون و نەیانتوانی متمانە و سەرنج خامنەیی بە لای خۆیان ڕابکێشن.

سەبارەت بە کەسایەتیی مەسعوود پزیشکیان دەتوانرێت بگوترێت ناوبانگ و ئاوازەی لە گۆڕەپانی دەسەڵات لە کۆماری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامیدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی بێلایەنی لە پێشهاتە جۆراوجۆرەکاندا و خۆدوورگرتن لە تێکڵاوی ململانەی دەسەڵات و هەڵوێستی ناڕوون و دوولایەنە. پزیشکیان باشترین نموونەیە بۆ پەندە بەناوبانگەکەی زمان فارسی کە دەڵێت "یکی بە نعل میزنە، یکی بە میخ"، واتە لە پێکیشی دەدا و لە ماییکیش. جگە لە پاشخانی ئەندامەتیی چالاکی ساڵەهای ساڵی لە سوپای پاسداران و پابەندبوونی بە سیستمی وەلایەتی فەقیەم، هیچ شتێکی تایبەتیی دیکە لە کارنامەی سیاسی پزیشکیاندا نابینرێت. یەکەم لێدوانەکانی دوای هەڵبژاردنی دەریدەخات کە پزیشکیان تەنانەت دەستەوەستاتر و بێدەسەڵاتترە لە کاربەڕێکەری پێشووی عەلی خامنەیی، ئیبراهیم ڕەیسیی لەنێوچوو!

هەرچەندە سەرۆکی کۆمار لە سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا وەک ڕۆژنامەی "جوان"ی سەر بە سوپای پاسداران نووسیویەتی کاربەڕێکەرێک زیاتر نییە، بەڵام پێدەچێت مەسعوود پزیشکیان لەم کارەشدا هەر بێتوانا بێت. پزیشکیان کە لە دیبەیتەکانی هەڵبژاردندا چەندین جار باسی لە ڕۆڵی ڕاستەوخۆی خامنەیی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی شورای نیگەهبانی ڕێژیم بۆ بەشداریکردنی و لە ڕاستیدا بەیعەتکردنی لەگەڵ بەیتی ڕێبەری کرد، دوای هەڵبژاردنیشی ئەو ڕاستییەی دووپات کردەوە کە سیاسەتەکانی خامنەیی پەیڕەو دەکات و هیچ بەڵێنێکی بە کەس نەداوە! ئەم لێدوانە ڕەنگە کۆتایی خەونی تاقمێک مرۆڤی بێهەڵوێست، ساویلکە و کاڵفامی دڵخۆش بە گۆڕانکاری بێت.

خاڵێکی تری جێی سەرنج لەم نێوەدا، هۆشداریی چەندین جارەی بەشێک لە ئەندامانی مەجلیسی ڕێژیم و میدیاکانی سوپای پاسداران بوو بۆ پزیشکان سەبارەت بە کەسانی دەوروبەری و ترسی دەستێوەردان و کاریگەریی کەسانی وەک زەریف لە سەر پزیشکیان. لە ڕاستیدا میدیاکانی سوپای پاسداران ئاگادار لە کەسایەتیی لاواز و بێدەسەڵاتی پزیشکیان، نیگەرانن لە کاریگەریی کەسانی نزیک لە ئیسلاحات. شەڕ و ململانەی دەسەڵات کە بۆ سوپای پاسداران وەک گرووپێکی تێرۆریستی مافیایی زۆر گرنگە. هاوکات لەگەڵ ئەم هۆشداریدانە هەوڵەکانی ئەم میدیایانە بۆ بێبایەخ نیشاندانی پێگەی سەرۆککۆمار لە چوارچێوەی یاسای کۆماری ئیسلامیدا، بە شێوازی خۆی سەرنجڕاکێشە.

لەم نێوەدا ڕۆژنامەی "جوان"ی سەر بە سوپای پاسداران، لە سەروبەندی ڕێوڕەسمی واژۆکردنی حوکمی حکوومەتیی سەرۆککۆماری مەسعود پزیشکیان لەلایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە، لە یاداشتێکدا لە ژێر ناوی "آیا تنفیذ تشریفاتی است؟" نووسیویەتی:

سەرۆک کۆمار وەک بەرپرسی بەشی ئیجرایی وڵات بۆ ئەوەی کاروباری خەڵک بگرێتە ئەستۆ پێویستیی بە دەسەڵات هەیە، ئەمەش بەبێ مۆڵەت و ئیزنی "وەلی فەقیە" (عەلی خامنەیی) ناکرێت. بۆیە بەشێکی سەرەکیی دەسەڵاتی سەرۆک لەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مۆڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ڕێگەی ئەم جێبەجێکردنەوە دەردەچێت. بەپێچەوانەی ئەندامانی مەجلیس کە بە پلەی وەکالەت یاسادانان دەکەن، دەسەڵاتی سەرۆککۆمار لە جۆری "بە وەکالەت" نییە، چونکە یەکەم وەکالەتی ئەو کەسانەی نییە دەنگیان پێنەداوە. دووهەم، کەس بە وەکالەت ناتوانێت لە کاروباری گشتی خەڵکدا دەستێوەردان بکات. بە هۆی ئەوەی کە سەرۆککۆمار بریکاری جێبەجێکردنی کارەکانی سیستەمی وەلایەتی فەقێیە، ئەم واژۆکردنە لە لایەن ڕێبەریی وە دەیکاتە خاوەنی دەسەڵات لە چوارچێوەی دیاریکراو.

عەلی خامنەیی، لە یەکەم دیداریدا دوای دەستنیشانکردنی مەسعوود پزیشکیان، بەئاشکرا هێڵە سوورەکان و سیاسەتە گشتییەکانی بیرخستەوە و داوای هاوکاریی و هاوئاهەنگی حکومەت و مەجلیسی لە هەڵبژاردنی وەزیرەکاندا کرد.

سەبارەت بە هۆکاری دانانی مەسعود پزیشکیان لەم کاتەدا وەک بریکاری ڕێبەری دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ بکرێت. خاڵی یەکەم بە دڵنیاییەوە بارودۆخی ئاڵۆزی کۆماری ئیسلامییە دوای ڕووداوەکانی بزووتنەوەی ژینا. لە گۆڕەپانی نێوخۆدا کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بە یارمەتی و شانۆگەری بووکەڵەی ئیسلاحتەڵەبان و باسکردن لە چاکسازی و پێشنیارکردنی هەندێک بابەتی ڕۆژانە و ڕووتین وەک لابردنی فیلتەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لانیکەم بە ڕواڵەت، بتوانێت سەرنجی بەشێک لە جەماعەتی بێهەڵوێست بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. خاڵی دووهەم گەورەکردنەوە و جەختکردن لە بنەچەی تورکی "پزیشکیان"ە کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا زۆر جەختی لەسەر کرایەوە. نەک هەر کۆماری ئیسلامی بەڵکوو بزووتنەوەی ناوەندگەرای ئۆپۆزیسیۆنیش دەزانێت ئێرانێک کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی نەتەوەی فارس و زمانی فارسی و چەند پارێزگایەکی ناوەندی دەکات، لەمێژە لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا ئێعتباری خۆی لەدەست داوە. پزیشکیان جگە لەوەی کە تورکە، لە کوردستان لە دایک بووە و زمانی کوردی دەزانێت، هاندان بۆ هاوڕێیەتی لە ڕێگای جووڵاندنی کەشی سۆزداری لانیکەم بەشێک لە نەتەوە ئێرانییەکانی ماندوو لە فاشیزم فارسی ناوەندگەرا، دەتوانرێت بۆ کۆماری ئیسلامی بە ئەرێنی دابندرێت.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هیوادارە بە دانانی سەرۆککۆمارێکی غەیرە فارس کە هەندێک جار بە زمانێکی تر جگە لە فارسی قسە دەکات، پێش بە دووبەرەکیی زیاتر بگرێت. شێوازی دابەشکردنی دەنگەکان بۆ هەڵبژاردن ئاماژەیەکی باشە بۆ ئەم بۆشاییە فراوانە. نزیکەی لە هیچ پارێزگایەکی فارسی زماندا، پزیشکیان نەیتوانی زۆرینەی دەنگ وەدەست بێنێت. بەپێچەوانەوە لە هەموو پارێزگاکانی تورک و کورد (تەنانەت بە کەمترین ڕێژەی بەشداریش) زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست هێنا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

لە گۆڕەپـانی نێودەوڵەتیـدا کۆمـاری ئیسـلامی لە بەردەم تەحەددای بێشـوماردایە. دانـانی سـوپای پاسـداران لە لیسـتی تیرۆریستی لەلایەن کانـادا و هەنـدێک وڵاتـانی تـر، تـرس لە هاتنەسەرکاری کۆماریخوازەکـان لە ئەمریکـا و کشـانەوە لە دانوستانە ئەتۆمییەکان و گوشاری زیـاتر لەسەر کۆمـاری ئیسلامی، داخستنی ناوەنـدە سیخوڕییەکانی کۆمـاری ئیسلامی وەک ناوەندی ئیسلامی هامبۆرگ لە ئاڵمان، ئەمانە هەموو ئەو حاڵەتانەن کە کۆماری ئیسلامییان هـان دا هەتـا جارێکیتر پەنـا بـۆ کـارتی کـۆن و ماوەبەسـەرچووی ئیسـلاحات ببـات. وەک دابینکەرێکـی بـێ ئیـرادە کە بەباشـی لە ڕۆڵ و پـێگەی خـۆی تێگەیشتبێت، پێدەچێت پزیشکیان بتوانێت هەڵبژاردەیەکی دروست بێت بـۆ کۆمـاری ئیسلامی و بەیتی ڕێبەری. بەڵام ئایـا هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکی لەگەڵ شیکاریی کۆماری ئیسلامیدا یەک دەگرێتەوە؟

لە گۆڕەپانی نێوخۆدا دەبێ بە ڕوونی بگووترێت: شۆڕشی ژینـا و ڕووداوەکـانی دوای ئەو بە ڕوونـی دەریانخستووە کە دووانەی خەڵک و دەسەڵات قۆنـاغی ململانێـی تێپەڕانـدووە و چـووەتە قۆنـاغی ڕووبەڕووبـوونەوە. ئێسـتا تەنهـا شتێک کە بـۆ خەڵـک گرینگە مردنی حکوومەتە و جگە لەوە هیچ شتێکی حکومەت بۆ خەڵک سەرنجڕاکێش نییە. خەبـاتی ئاشکرای دایکانی دادخـواز کە بـێ تـرس و دڵەڕاوکـێ, قارەمانـانە بانگەشـەی دژ بە کۆمـاری ئیسـلامی دەکەن، ئاشـکراترین دەرکەوتنـی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە. ڕاستەقینە ئەوەیە کە تەنانەت بەشێک لەو کەسانەی بە هەر هۆکارێک بۆ وێنە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کـارا و لێهـاتوو یـان لە ژێـر کـاریگەری میـدیایی کۆمـاری ئیسلامی فریـو دراون و بەشـدارییان لە هەڵبژاردنەکانـدا کـردوە، چاوەڕوانی مەرگی کۆماری ئیسلامین. لە گۆڕەپـانی نێودەوڵەتیشـدا دەبـێ بگـوترێ هەرچەنـدە ئەگەری گۆڕانکـاریی بچـووک و بێبایەخ لە پێوەندی نێوان وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و کۆمـاری ئیسلامی هەیە، بەڵام زۆر دوورە کە ڕۆژئـاوا هەڵوێستی گشـتی خـۆی بەرامبەر بە ڕژێمی ئاخوندی بگۆڕێت.

بەڵام بێگومـان ئەوەی پەردە لە ڕوخسـاری نەزار و لاواز و درۆیـنەی کۆمـاری ئیسـلامی لادەبـات و بـێ ئـابڕووی دەکـات، نە ڕۆژئاوایە، نە هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکـی دیکە، بەڵکوو ئەوە سۆز و وشیاری نوێبـووەی شەقامەکانە کە بـانگەوازی ڕزگـاری دەکـات و کۆتـایی بە چیرۆکـی تـاڵی کۆمـاری ئیسلامی دەهێنێت. چارەسـەری برینـی کـۆن و نەخۆشی بـێ دەرمـانی کۆمـاری ئیسلامی نە کاری بریکار و دابینکەرێکی کاربەرێکەر وەک "پزیشکیان"ە، نە هیچ پزیشکێکی دیکە. ئەم نەخۆشییە بێ دەرمانە ڕۆژێک هەم کۆماری ئیسلامی لەنێو دەبات و هەم بریکارە بێدەسەڵاتەکەی.

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ دۆخی ئیستای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان



## جیهانی نوێ، ئینترنێت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

فواد خاکی بەیگی

## پێشەکی

لە نیوەی دووهەمی دیەی ١٩٩٠ بەدوا کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی گەشەسەندوو و تا ڕادەیەک وڵاتانی لەحاڵی گەشە ڕووی لە زیادبوون کردوە. کاریگەری ڕوو لە گەشەی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئاڵوگۆڕی بەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هێناوە. ئینتێرنێت بە لەخۆگرتنی چینێکی بەربڵاو لە ئەکتەر و چالاکانی سیاسی کۆمەڵایەتی لە دونیای مەجازی (و سایبرنتیکی) خۆی، لەلایەک بۆتە کەرەسەیەک بۆ بانگەشە و بڵاوکردنەوەی هێماکانی چالاکانی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر و لەلایەکیتر سەرچاوەیەکی گرینگی بۆ دانی زانیاری چالاکانی سیاسی بە خەڵک و هاندەرێکی گرینگی هەڵسوکەوتی ڕەخنەگرانە و هێنانە سەر هێڵی دەنگە نارازییەکان لە جیهاندا بە ئەژمار دێت و، هەر بۆیە دەکرێ بڵێین ئینتێرنێت گرینگترین دەرکەوتن و هێمای هێز، نمادینی شوناس‌سازی و ڕێکلام لە سەردەمی نوێیە و سیاسەت و ئاڵوگۆڕی سیاسی تا ڕادەیەکی بەرچاو پشت بەستوو بەو تۆڕە بەربڵاو و جیهانییەیە. لەو



https://serchawe.com

ڕاستایەدا ئەو وتارە پـڕژاوەتە سـەر پرسی ئـاڵوگۆڕی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان لە سـەردەمی ئینتێرنێـت و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەر لەوەی بپرژێینە سەر بابەتە سەرەکییەکان پێویستە کۆمەڵێک چەمکگەلی جێگای مشتومڕ واتا وێب ٢،٠، ڕاگەیانـدراوە کۆمەڵایەتییەکـان، تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان، بـزووتنەوەی کـۆمەڵایەتی و دێموکراسـی بەشـداری پێناسـە بکرێن.

پێناسـەگەلی زۆر لە ڕاگەیەنـراوە کۆمەڵایەتییەکـان هەیە، بەڵام ناسـراوترینیان کـاپلان و هـانلینن کە ڕاگەیەنـراوە کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیە پێناسە دەکەن: "ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵە بەرنامەیەکی لەسەر بنەمای ئینتێرنێتن کە لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژی و تێکنۆلۆژی وێب ٢،٠ دامەزراون و ئیمکانی دامەزران و ئاڵوگۆڕی بابەتی دارێژراو و سازکراو لە ڕێگـای بەکـارهێنەر پێکهێنـاوە". ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکـان دەکرێ لە حەوت گرووپی سەرەکیدا ڕیزبەنـدی بکەیـن: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وێبلاگ، ویکی، پادکێسێت، فروم، کامیونێتەکانی بابەتی و میکرۆبلاگەکان.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەندامانیان ئیجازەی دانان و سازکردنی لاپەڕەی شەخسی و دامەزرانی پێوەنـدی و سـازکردنی تـۆڕ لەگەڵ هاوڕێیـانی ئانلاینیـان دەدەن. وێبلاگەکـان کە ناسـراوترین جـۆری ڕاگەیەنـراوە کۆمەڵایەتییەکـان بە ئەژمـار دێـن، ڕۆژنـامەگەلی ئـانلاینن کە بە بـابەتە نوێیەکـانی بەکـارهێنەران بەڕۆژ دەبـنەوە. ویکییەکـان سـایت گەلـێکن کە بە بەکارهێنەران ئیجازەی زیادکردن و بژارکردنی بابەتەکانیـان دەدەن و بـابەتی سازکراویان بەرهەمی بەشداریی ئەندامانە. پادکێسێتەکان فایلگەلی دەنگی و ویدیۆیین کە توانـای هاوبەشکردن لە ئینتێرنێتیـان هەیە. فرومەکـان کە لە سەردەمی بەر لە دایکبـوونی چەمکی ڕاگەیەنـراوە کۆمەڵایەتییەکـان چالاکییـان هەبـوو، بۆشـایی هێنـانە بەربـاس و وتـووێژ لە بـوارگەلی جۆراوجۆریان پڕ کردبۆوە. (کامیۆنێتەکان ئیمکانی بەڕێوەبەری و هاوبەشیکردنی جۆرێکی تـایبەت لە نێوەرۆک وەک وێنە، فایلی ویدیۆیی، دەق یان لینک پێکدێنن. میکرۆبلاگەکان کە تێکەڵەیەک لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان و وێبلاگی بچووکن، بە کورتەبابەتی بەکارهێنەران بەڕۆژ دەبنەوە.

بەو شێوەی کە لە پێناسەی سەرەوە دەردەکەوێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێک لە جۆرەکـانی ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکـانن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتوو لە تـاکەکان یان ڕێکخراوەکانن کە لەڕێگـای یەک یـان چەنـد جـۆر خولیـای تـایبەت پێکەوە گـرێ دراون؛ پێوەنـدیگەلی وەک خۆشەویسـتی، خزمـایەتی، بەرژەوەنـدیی هـاوبەش، ئـاڵوگۆڕی مـاڵی، خولیـای تـایبەت بە بـابەتێکی بـاوەڕی هـاوبەش، زانست و هونەر. شەنوکەوکردنی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان و لێکدانەوەی تیۆرییەکـانی بەردەست بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە سەرەکیترین تێبینی لە هەر تۆڕێک، پێوەندییە.

"بوید" و "ئێلی سوون" تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیە پێناسە دەکەن:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای وێبێکن کە ئەو ئیمکانە بە خەڵک دەدەن بتوانن:**

١- لە چوارچێوەی سیستمێکی دیاریکراو پرۆفایلگەلی هاوبەش و نیوە تایبەت درووست بکەن.

٢- لەگەڵ ئەو بەکارهێنەرانەی لە سیستمدان ئاڵوگۆڕی بۆچوون و زانیاری بکەن.

٣- لیستی پێوەندییەکانی خۆیان و ئەوانەی لە سیستمدان، ببینن.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یەک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دونیای مۆدێرنن لانیکەم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە بەو لایە مێژووی دەوڵەتە مۆدێرنەکان بە کارتێکەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تێک هەڵکێشراون. لەو بارەوە "جانستۆن" لە پەرتوکی "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چیە؟" پێ دادەگرێ کە بزووتنەوەکان دەبێ بە دووانەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان دابندرێن. بە بۆچوونێکی تر دەرکەوتنی دەوڵەتی مۆدێرن هاوکات لەگەڵ ئەکتەرێکی گرینگ و تێکەڵاو و بەردەوامێکی دیکە بووە بە ناوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە لە بەستێنی دوڵەتەکان ڕوو دەدەن؛ پێوەندی دوولایەنە و چالاکانەیان هەیە و پالەپەستۆ دەخەنە سەر یەکتر. کێشە ئەوەیە کە زۆربەی نوخبەی سیاسی دەسەڵات بەڕاحەتی دەستاودەست ناکەن. لە دەرەنجامی شکڵگرتن و سازبوونی هاودەنگی، هاودڵی و وەزاڵەهاتنی خەڵک بە درێژایی مێژوو بۆ لەهەمبەر یەکدا ڕاگرتنی نوخبەی سیاسی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و خستنە بەرباسی داخوازی و داواکارییەکانی کۆمەڵگە یەک پێداویستی بووە.

بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەگەلی زۆر کراوە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕێکخراوێکی تەواو شکلگرتوو و دیار کە بە مەبەستی بەرگری یان بەربڵاوتر کردن و یان بە ئامانجی تایبەت بە ڕیزبەندی و پێکهاتەکان ئەندامانی ڕادەگات. هەروەها، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵی بەکۆمەڵ بۆ بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندی هاوبەش یان دابینکردنی ئامانجی هاوبەش لە ڕێگای کردەوەیەکی بەدەر لە پانتایی دامەزراوە فەرمییەکان دەدات. دۆناتلا لاپوورتا و ماریۆ دیانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان بەو شێوەیە پێناسە کردوە: "هاودەنگبوونی تۆڕگەلی نافەرمی کارلێکی تاکەکانی گرووپەکان و ڕێکخراوگەلی پێکهاتوو لەسەر بناغەی باوەڕی هاوبەش و هاوپێوەندی کە لە ڕێگای کەڵکوەرگرتنی بەردەوام لە جۆرە جۆراوجۆرەکانی دەنگ هەڵبڕین و خۆپێشاندان لە دەوری بابەتگەلی جێگای ناکۆکی و مشتومڕ. هەموو ئەو پێناسانەی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خراویتنە ڕوو خاڵگەلی هاوبەشیان هەیە، ئەو خاڵە هاوبەشانە بریتین لە: "گرووپی سازماندراو لە چالاکان، بوونی ئایدیۆلۆژی تایبەت و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ یان ڕاگرتنی بەشێک لە دامەزراوەی کۆمەڵگە. لەو پێوەندییەدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ یان ڕاگرتنی بەشێک لە دامەزراوەکانی ئاماژەپێکراو. بزووتنەوە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ ئاوا پێناسە بکرێن: گرووپێکی تەواو ڕێکخراو و سازماندراو لە چالاکان کە لە ڕێگای شێوازە جۆراوجۆرەکانی کردەوەی بەکۆمەڵ لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێک یان کاریگەری لەسەر ئاراستە کۆمەڵەکان بۆ وەدەستهێنانی ئاسایی کۆمەڵگەن". بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز لە ئەحزابی سیاسی و گرووپەکانی فشارن، ئەحزابی سیاسی ڕێکخراوێکی تەواو بۆرۆکراتیک و ڕێکوپێکن کە مکانیزمگەلی تایبەتیان هەیە بۆ ئەندامگیری و هەوڵ دەدەن لەڕێگای شێوازەکانی دێموکراتیکی وەک هەڵبژاردن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. لەحاڵێکدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نەکەوتوونەتە داوی بۆرۆکراسیی نوێ، ئەوان بە لەبەرچاو گرتنی ئایدیۆلۆژییەک وەک لووتکە و کۆڵەکەی تێفکرینی تایبەت لە پێناو پێکهێنانی بەستێنی گشتی دێموکراتیک و هەوڵی بردنە ژێر پرسیاری مەشرووعیەتی نیزامەکان و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بۆشایی ژیان دەدەن.

## گۆشەنیگاکانی گەشبینانە

خێرایی کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت لە چالاکییەکانی سەردەم و خاڵە بەهێزەکانی بۆ چالاکی دەگات بە گەشبینی دیجیتاڵی. گەشبینی دیجیتاڵ هیواداره کە سرووشتی هێز لە تۆڕەکانی دیجیتاڵ بگۆڕێ بە سرووشتی هێز لە دونیای واقعی، بۆوەی کە تۆڕەکانی دیجیتاڵ زیاتر لە هەر کاتێک لەگەڵ ژیانی ئێمە تێکاڵاون. لایەنێکی دیکەی گەشبینی دیجیتاڵ ئاماژە بەوە دەکا کە بەکارهێنەران بەها و واتای تێکنۆلۆژی لەگەڵ چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لێی درووست دەکەن. بۆ وێنە کەڵکوەرگرتن لە پلاتفۆرمێکی ڕابواردن وەک یوتیوب بۆ ڕاگوازتنی بابەتی سیاسی جێگرەوە. بەو شێوەیە گۆشەنیگای گەشبینانە داهاتوویەکی باشتر و دادپەروەرانەتر دەخەنە بەردەست و وەک کەرەسەیەک بۆ دەستڕاگەیشتن بۆو داهاتوویە ئەو توانایییە دەدات بە بەکارهێنەری ئاسایی واتا بخولقێنێ. گۆشەنیگاگەلێک کە باوەڕیان بە گەشبینی دیجیتاڵ هەیە لایەنە بەهێزە و باشەکانی ئینتێرنێت بۆ چالاکانی بەکۆمەڵ دێننە بەرباس کە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان، بە جیهانی بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێبەری ئاسۆیی لەخۆ دەگرن.

## ئەلف- ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان

گرینگترین کارکردی ئینتێرنێت لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نوێ ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان و هاودەنگ کردنی چالاکانە. بۆوەی کە ئینتێرنێت یارمەتیدەری ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان بێ پێویستە پێشتر دوو قۆناغی شوناس سازی و پێکهێنانی تۆڕی پێک هێنابێ. ئینتێرنێت تواناییێکی زۆری هەیە بۆ سازکردنی شوناسی بەکۆمەڵ. بە پێکهێنانی پێوەندی، ئاڵوگۆڕی زانیاری و باوەڕەکان لە فەزای سایبرتێکییە کە شوناسگەلی تاک و کۆمەڵی خاوەن باوەڕی هاوبەش دەتوانن بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دامەزرێنن. هەروەها ئێستا سازکردنی تۆڕ هۆکارێکە بۆوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێزێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵایەتی سەرووتریان هەبێ بە بەراورد لەگەڵ ئەحزاب و گرووپی سودمەند. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە پێوەندی دولایەنە، پێوەندییەکانی ناو ڕێکخراوەیی، باوەڕ و ڕێساکەگەلی هاوبەشن کە بۆ پێکهێنانی نەزم و دیسیپلین لەناو بزووتنەوە و ڕاکێشانی چالاکان و لایەنگران گرینگییان هەیە. وا وێدەچێ ئێستا بەکەمکردنی متمانەی گشتی بە سیاسەت، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی نارەزایەتی و نیشاندانی نارەزایەتی لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکان هەبێ. لە نیوەی دووهەمی ١٩٩٠ بەدواوە ئینتێرنێت لە هاندان و ڕێکخستنی نارەزایەتی بەربڵاوی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانی چ بەشێوەی سەرهێڵ لە فەزای سایبرنتیکی و چ بەشێوەی واقعی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا کاریگەری بەرچاوی هەبووە. ئینتێرنێت بە گەیاندنی زانیاریی خێرا لە بواری کێشەگەلی توندی کۆمەڵگەی بەشەری، گەیاندنی هێماکانی نارەزایەتی و بزواندنی هەست بە کردەوەی نارەزایەتی بەربڵاو ڕۆڵگێڕ بووە. بۆ وێنە لە ڕێکخستنی نارەزایەتی دژی ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی لە سیاتێل لە ساڵی ١٩٩٩ ئینتێرنێت ڕۆڵی گرینگی لە گەیاندنی زانیاری بە خەڵک و هاندانیان بۆ نارەزایەتی و خۆپێشاندان دژی دانیشتنی ئەندامانی ڕێکخراو هەبوو. چالاکانی سیاسی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای پۆستی ئێلێکترۆنیک توانیان نوێنەر و چالاکانی بەرچاو لە گرووپەکان لە سیاتێل لە دەوری یەک کۆ کەنەوە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە بەشداریی نوێنەری ڕێکخراوەکان یان یەکیەتییەکانی کرێکارانی بەشێک لە وڵاتان، نوێنەرانی بزووتنەوەی ڕاستی ڕادیکاڵی پۆپۆلیست لە ئورووپای ڕۆژاوا و باکوور، نوێنەری گرووپ و بزووتنەوەکانی ژیانی سرووشتی، مافی مرۆڤ و لایەنگرانی سوڵح بکرێ. لە بەهاری عەرەبییش ڕاگەیەندراوەکان و تۆڕی کۆمەڵایەتی نوێ-یوتیوب، تویتێر، فەیسبووک- وێڕای وێبلاگ نووسانی ئانلاین و تەلەفۆنی هەمراه لە پێکهێنانی پێوەندی، هاوئاهەنگی و چاوەدێری جەرەیانی خۆپێشاندان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا ڕۆڵی سەرکییان هەبوو. میسر و توونس دوو وڵاتن کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی تێیاندا سەرکەوتن، لەو وڵاتانە هاوئاهەنگی چین و توێژەکان و کردەوەی ئاڵوگۆڕخوازانە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی گەورەی وەک تویتێر و فەیسبووک بەرنامەڕێژی بۆ کرا. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو نێوانەدا خێراکەر و ڕێکخەری ئاڵوگۆڕەکان بوون نەک دەست پێکەری جموجۆڵ و ڕاپەڕین. ڕۆڵی فەیسبووک و تویتێر لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی بە چەشنێک پڕ ڕەنگ و بەرچاو بوو کە بەشێک لە لێکۆڵەران وەک هەواڵنێری ڕۆیتێر لە چەمکگەلی وەک شۆڕشی فەیسبووکی و یان شۆڕشی تویتێری بۆ ئاماژە بە ڕاپەڕینەکان کەڵکیان وەردەگرت.

## ب- بەجیهانی بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

لە سەردەمی بەجیهانیبوون ڕاگەیاندنەکان جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان لە جیهان وەدەستهێنا و بوون بە هۆکاری بەشێک لە ئاڵوگۆڕەکان کە تا ئەوکات نەببوون. سرووشتی ئەو ڕاگەیاندنانە سەروو نەتەوەیی و نەبوونی سنوورە کە لە ئێستادا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەست وێڕاگەیشتن پێیانی ئاسان کردووە. نموونەیەکی پێشرەو لە بواری کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت بۆ بەجهیانیکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕاپەڕینی زاپاتیسەکان لە مێکزیکە. زاپاتیستەکان لە وڵامدانەوە بە هێرشە نیزامییە گرژی خوڵقێنەکانی حکومەت، هەوڵیان دا بە ڕاگەیەنراوکردنی ئەو بابەتە و کەڵک وەرگرتنی لە ئینتێرنێت نارەزایەتیی خۆیان بە گوێی جیهانیان بگەیێنن. زاپاتیستەکان زانییان کە تاقە ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەدەستهێنانی لایەنگری و پشتیوانییە جیهانییەکانن. بە مێدیایی و ئینتێرنێتی بوونی ئەو بزووتنەوەیە، بەربەستی سەرەکی بوو لەبەردەم تۆڵەکردنەوەی توند و توندی حکوومەت. ئینتێرنێت لە نێونەتەوەییکردنی ئەو بزووتنەوەیە زوو ڕۆڵی خۆی گێڕا. تۆڕی ئینتێرنێت بۆ گرووپی بچووکی زاپاتیستەکان لە کۆمەڵگەی مێکزیک تریبۆنێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی پێکهێنا و ڕای گشتی جیهانی بە لایەنگری لە زاپاتیستەکان و بە دژایەتی لەگەڵ حکومەتی مێکزیک کۆ کردەوە بە واتایەکی باشتر بابەتی ناوچەیی زاپاتیستەکانی بە جیهانی کرد و هێنایە بەردەم دادگای ڕای گشتی جیهانی. هەروەها لە بزووتنەوەکانی بەهاری عەرەبیدا ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە گەیشتنی ئەو بزووتنەوانە بۆ بەشوێنەکانی جیهان و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی هەبوو. لەو ناوچەیەش ڕاگەیاندنە نوێیەکان بە دانی بەوەختی هەواڵ و زانیاری بە وڵاتانی دیکەی عەرەبی، خەڵکی ئەو وڵاتانەی هان دەدا کە دەتوانن دژی دیکتاتۆری وڵاتەکانیان ڕاپەڕن و سەرکەون. لە بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ئێستریتیش بارودۆخ بەو شێوەیە بوو، یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو بزووتنەوەیە هەلومەرجی گواستنەوە و گەیشتن بە شوێنەکانی تری جیهانە. بەربڵاوی خێرا لە بواری جۆغرافیایی بزووتنەوە، ڕەنگدانەوەی بڵاوبوونەوەی وایرووسی W لە ئینتێرنێت بوو. تۆڕی ئینتێرنێت بۆ بزووتنەوەی واڵ ئێستریت لە کۆمەڵگەی ئەمریکا، ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی پێکهێنا و ڕای گشتی جیهانی بە لایەنگری لە بزووتنەوە و دژایەتی لەگەڵ حکومەت و نیزامی سەرمایەداری مەوجود هێنایە سەرهێڵ و بە واتایەکی باشتر بابەتی بزووتنەوەی واڵ ئێستریتی بەجیهانی کرد و بە کێشایە بەردەم دادگای ڕای گشتی جیهانی. بۆیە سەرروو نەتەوەیی بوون و بەسیجی جیهانی بووە بە یەکێک لە سەرەکیترین پێکهاتەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان کە لە داهاتووشدا بەربڵاوتر دەبێ، هۆکاری ئەو پرسە بەربڵاوی کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەگەلی وەک ئینتێرنێتی ماهوارەیی کە بەشێکی بەرچاو لە ئاستەنگەکان لە بەردەم دەست وێڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت لەسەر ڕێ هەڵدەگرێ و ئەوەش بوار بۆ هاوئاهەنگی و هاوکاری چالاکان لە سەرتاسەری گۆی زەوی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دا پێکدێنێ.

## ج- ڕێبەری ئاسۆیی

بە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینە گەورە و کلاسیکەکانی دونیا و بۆ وێنە ڕاپەڕینی ئیسلامی "ڕێبەری" یەک لە هۆکارە غایبەکان لە ڕاپەڕینی ٢٥ی ژانویە لە میسر و هەروەها شۆڕشی تووونس بوو. لە واقعدا ڕاپەڕینی میسر و تووونس ڕێبەری ئاوانگارد یان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

حیزبی پێشەنگیان لە سەرووی بزووتنەوەیان نییە. لەو بزووتنەوانە ڕێبەری سفەتێکی بەکۆمەڵ و نادیار لە تاکی دیارە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەرلەوەی لە دەوری تاکێک کۆببێتەوە بە دەور ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت وەک یەکسانیخوازی، مافی مرۆڤ یان دێموکراسیخوازی بسیج و کۆ دەبنەوە. لەو ڕاپەڕینانە ڕێبەری کاریزماتیک جێگای بە ڕێبەریی بەکۆمەڵ دا کە زۆربەی کات لە فەزای مەجازی پێک دێ و دواتر کار دەکا. شۆڕشی میسر هیچ ڕێبەرییەکی نەبوو و هیچ حیزب و گرووپێکی تایبەتیش ڕێنیشاندەری نەبوو و ئەوە خودی خەڵک بوون کە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانی نوێ و لە سەرووی هەموان ئینتێرنێت دەستیان کرد بە ڕێکخستن و بەڕێوەبەری ڕێڕەوی نارەزایەتییەکان و خۆپێشاندانەکان. یەک لە لایەنە تۆخەکانی ڕاپەڕینی میسر پێکهاتەی لەرزۆک و نەبوونی ڕێبەرییەکی ناسراو بوو، ئەو بزووتنەوەیە تەواو خەڵکییە لە دەرەوەڕا و ئاسۆیی و زیاتر شۆڕشێک لە خوارێ بۆ سەرێ بوو.

ئەو بزووتنەوانە زیاتر لەوەی بەکردەوەیەکی تاکەکەسی لە ڕێگای یەک یان چەند کەسێکی کاریزماتیک بناسرێن، بە ڕەوتی بەکۆمەڵ و کاریگەری بەسیجی گرووپەکان بەشێوەی ئانلاین دەناسرێن. بۆیە ئەو بزووتنەوانە لە ژێر ناوی "شۆڕشە بێ ڕێبەرەکان" پێناسە دەکرێن. بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ئێستریتیش هیچ ڕێبەرییەکی نەبوو نە ڕێبەری ناوچەیی، نە نەتەوەیی و نە نێونەتەوەیی. بێ ڕێبەری کۆڵەکەیەکی سەرەکی بوو کە لە هەر قۆناغێک کەسێک هەوڵی دەدا ڕۆڵی سەرەکی بە دەستەوە بگرێ بەوپەڕی ئیرادە و هێز لەلایەن زۆربەی داگیرکەران بەڕێوە دەچوو. ئەسڵی بێ ڕێبەری لەڕاستیدا تاقیکردنەوەیەک بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بوو. لەو بزووتنەوەیەدا کۆمەڵێک کارکردی ڕێبەری هەبوون بەڵام ئەوانەش بەشێوەی ناوچەیی لەڕێگای ئەنجومەنێکی گشتی دادەڕێژران کە بەشێوەی ڕێکوپێک لە فەزای داگیرکراو کۆبوونەوەی پێک دەهێنا. هەروەها کۆمەڵێک کارکردی هاوئاهەنگی خولقێن هەبوون کە یارمەتیدەر بوون بۆ داڕشتنی بڕیاری بەکۆمەڵ و ئەو کارکردانەش لەڕێگای تۆڕەکانی ڕاوێژی بەردەوام لە ئینتێرنێت پێک دەهاتن. (بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی هاتوودا بڵاو دەبێتەوە)

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆمیتەی ڕاستیدۆزینەوە و چەند سەرنجێک



**هەردی سەلیمی**

شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٣ی سەرماوەزی ١٤٠١دا کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەی دامەزراند. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم کومیتەیە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت دژ بە ژنان و مندالان لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بوو.

لە بەرەبەری نەورۆزی ١٤٠٢ی هەتاویدا "کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" ڕاپۆرتێکی تەواوی لەسەر ڕاپەڕینی سەرانسەری ژینا بلاو کردەوە، لەم ڕاپۆرتەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی تاوانبار کرابوو و داواش لە دەوڵەتانی ئەندامی ئەو شۆڕایە کرابوو، ڕێکارێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی وڵامدەر بن لە بەرامبەر ئەو جەنایەتانەدا. ئەم ڕاپۆرتەی کومیتەی حەقیقەتیاب دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و بەتایبەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی ئێراندا ئاوڕێکی زۆری لێ درایەوە. لە بەرامبەردا دوایین ڕاپۆرتی ئەم کومیتەیە کە ١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٣ بلاو بووەوە و هەر لەسەر ئێران و ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١ و ئاستی سەرکوتی کۆماری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی بوو، بەپێی پێویست بە گرنگ نەزانرا و بەلایدا زۆر ئاسایی تێپەڕین، بەڵام بۆچی؟

لە دوایین ڕاپۆرتی کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەدا هاتووە: "کەمینە ئیتنیکی و ئایینییەکانی ئێران، بەتایبەت کورد و بەلووچ، لە کاتی نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠١دا پتر لە هەمووان لەژێر کاریگەریی سەرکوتەکانی حکوومەتدا بوون." هەروەها دەڵێ: "ئەو کەمینانە لە جەرەیانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا بێجێ و نەگونجاو و بێئەندازە بوونەتە ئامانجی سەرکوتەکانی حکوومەت. ئەم لێکەوتانە ئاکامی ڕاستەوخۆی هەڵاواردنێکی دێرین و کۆنە کە دەبێ دەسبەجێ کۆتایی پێ بێت." لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "هەرچەندە لەسەر کارتێکەریی نارەزایەتییەکان لەسەر کەمینەکان بوترێ، زیادە نییە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکان زیانی وێکەوتووە. ژنانی سەر بە کەمینە ئیتنیکی و ئایینییەکان لەگەڵ کۆمەڵێک زیان و ئازاری تایبەتدا بەرەوڕوو دەبنەوە کە بەهۆی هەڵاواردن و توندوتیژیی دژ بەوان هەم وەکوو ژن و هەم وەکوو کەمینەیەک، ئەو ئازار و زیانانە چەندقات دەبنەوە. کاریگەریی ئەم سەرکوتانە لەسەر منداڵان لە سەرەوەی وەچەیەکە و زیانە چەندلایەنەکانی ڕەنگە هەتا دەیان ساڵ بەردەوام بێت." ڕاپۆرتی کومیتە لە درێژەدا هەندێک وردەکاریی وەک: ئەشکەنجە و دەسدرێژیی سێکسی و ڕەشبگیر یو هیتریش دێنێتە بەر باس کە بەرامبەر بە کەمینەکان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ڕوویان داوە.

وەک باس کرا ئەم ڕاپۆرتە نەتەنیا لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە ئاوڕی لێ نەدرایەوە، بەڵکوو لە هەندێک حاڵەتدا دژایەتییشی کرا و ئیدانەش کرا. بۆ نموونە ئەم کومیتە سەربەخۆیە بەوە تاوانبار کرا کە بە وتەی ئەوان "انگیزەی تجزیەطلبی"ی هەیە و لەژێر کاریگەریی بیری چەپدایە! پێشیان وابوو هەموو خەڵکی ئێران بە یەک ئاست سەرکوت دەکرێن و تێچوو دەدەن! لەڕاستیدا خستنەپاڵی تاوانی سیاسیکاری بۆ ناوەندێکی چالاکی مافی مرۆڤ کە تەنیا ئامانجی پاراستن و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤە و هەروەها دانی تۆمەتی ناسەربەخۆبوون لە وەها ناوەندێک کە هەموو ئێعتباری خۆی لە سەربەخۆبوونی وەردەگرێ، لە ڕاستیدا پێشتر هەر لە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوان دەکرا، بەڵام وا دیارە لەو ڕووەوە جیاوازییەکی کەم هەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی دەستەڕاستیی ئەو ڕێژیمەدا.

ئەم کومیتەیە لە ڕاپۆرتی پێشووتریدا جەخت لەسەر ڕوودانی جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی دەکات، کە لەودا کوشتن، ئەشکەنجە، لەنێوبردن، بەکۆیلەکردن، دەسدرێژیی سێکسی و ئازار و ئەزیەتی ئامانجدار و هەروەها ئازاری جەستەیی ڕووی دابێ؛ بەڵام یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان کە بتوانێ تاوانی جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی بسەلمێنێ و هەروەها بوار بۆ سکاڵا و مەحکوومکردن و تەنانەت دژکردەوەی دەوڵەتان خۆش بکات، ئەوەیە کە پاڵنەرێکی وەک دوژمنایەتی لە ڕووی ئایین و نەتەوە و ڕەگەز و... بدۆزرێتەوە و بسەلمێنرێ. لە ڕاستیدا بۆ مەحکوومکردنی زیاتری کۆماری ئیسلامی زانین


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و دەرخستن و سەلماندنی مەبەست و نییەت و ئەنگیزە و هاندەرەکانی گەلێک گرنگە، بەڵام وەک وترا بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنە دەیانهەوێ ئەو هەوڵانە پووچەڵ بکەنەوە.

گەر شۆڕای ئەمنیەت و ناوەندە پێوەندیدارەکان بیانهەوێ لەم پێوەندییەدا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ڕابوەستن و لە هەر ڕوویەکەوە مەحکووم و ناچاری بکەن، ئەوە بێگومان قازانجی درێژماوەی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان دەبێ و هەر لە داهاتووشدا گەرەنتییەک دەبێ بۆ ئەوەی تووشی ستەم و هەڵاواردن نەبن؛ لەم چوارچێوەیەدا پرسی نەتەوەیی و ئایینییان دەبێتە پرسی گرنگی بیروڕای گشتیی جیهان، بەڵام کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە دوژمنانی لەو ڕووەوە وەک زۆر ڕووی دیکەش وەک یەک بیر دەکەنەوە و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە، بۆیە زراویان لەم ڕاپۆرتە چووە. هەڵبەت بێدەنگیی ئەوان لە گرنگیی ڕاپۆرتەکە کەم ناکاتەوە و تەنانەت زیاتریش گرنگییەکەی دەردەخات، ئەوەش بوترێ ئەمە بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیە کە دەیوت ستەملێکراویی کورد نابێ ببێتە "فضیلت"؛ کە دەبێ لە وڵامدا بڵێین باس لە فەزیلەت نییە، بەڵکوو باس لەوەیە کە دەبێ ڕاستییەکان وەک خۆیان ببینرێن

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قۆناغەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سمایل شەرەفی

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق و دواتر لە کزیدانی شەڕی چەکداریی حیزبە کوردییەکان و پەرەسەندنی حەشیمەتی شارەکان و چوونە سەرێی ئاستی خوێندەواریی لاوان و دەرکەوتنی کەسایەتییە فەرهەنگییەکان وەک نوسەران و شاعیران لە کۆتایی ساڵەکانی دەیە ٦٠ی هەتاوی و سەرەتای دەیەی ٧٠ بە دواوە، بە دامەزراندنی بنکە و ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان و بەڕێوەچوونی چەندین چالاکیی ئەدەبی و بڵاوبوونەوەی نوسراوە و چاپەمەنی بە زمانی کوردی، چالاکییە مەدەنییەکان دەستیان پێ کرد. هەڵبەت چەند ساڵ پێشتر بە دامەزرانی گۆڤاری سروە(١)، "تاقمێک لە ئەندامانی بەشی ئەمنیەتیی سپای پاسداران (اداره اطلاعات سپاه)(٢) دوای دوورکەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکان بە مەبەستی پاراستنی جەماوەر و بەرپاکردنی بنکە و مقەڕیان لە ئاواییەکان و شوێنە ئەستەمەکان، هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە کە بۆ هێورکردنەوەی کوردستان "ئاوڕێکی بەخێر" لە زمان، فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بدەنەوە، ناوەندێکی فەرهەنگی بۆ ئەم مەبەستە وەکار بخەن"، کۆمەڵێک کەسایەتی و چالاکی ئەم بوارە ڕچەشکێنییان کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووداوەکانی دەیەی حەفتا و هاتنە مەیدانی ڕیفۆرمخوازی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا توانی دۆخەکە بە قازانجی کۆمەڵگە بگۆڕێ و سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ جموجۆڵی مەدەنی لە ئێران و کوردستان. لەم قۆناغەدا سەرەڕای ئەوەیکە بە گشتی خەڵک بۆ بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان مەیدانداری دەکرد، بەڵکوو هێندێک دامەزراوە پێک هاتن کە ڕەوتی سازبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە ئاکامدا بزووتنەوەی مەدەنیان خێراتر و سەقامگیرتر کرد.

لەم پێوەندییەدا دوکتور خالید تەوەکوللی پێی وایە چەند ساڵی کۆتایی سەرۆککۆماریی هاشمیی ڕەفسەنجانی لە پەرەسەندنی جموجۆڵە مەدەنییەکاندا کارتێکەریی هەبووە و لەو باوەڕەدایە کە خوێندکاران لە زانکۆکان پێشەنگی بزووتنەوەی مەدەنی لە ئێران و کوردستانن. ئەو لەم بارەوە دەڵێ؛ "پێشەنگی جووڵانەوی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا خوێندکارەکان بوون. بە شێوەیەکی گشتی لە ئێراندا لە چەند ساڵی ئاخیری سەرۆککۆماری ڕەفسەنجانی، کەمێک فەزای سیاسی و فەرهەنگی گۆڕانی بەسەردا هات و ڕێگە درا بە بیروبۆچوونی جیاواز کە بتوانن کۆڕ و کۆبوونەوە و گۆڤار و ... ببێ. یەکێکیتر لە گۆڕانکارییەکان ئەوە بوو تا ڕادەیەکی زۆر "گزینش" لە سەر خوێندکارانی زانکۆ هەڵگیرا و بەمجۆرە ڕێگە درا بە کەسانێک کە وابەستە نەبوون بە حکومەت بتوانن لە زانکۆکان درێژە بە دەرس خوێندن بدەن. ئەم شەپۆلە کوردستانیشی گرتەوە و زۆر کەس کە زووتر ڕێگەیان پێ نەدەدرا بچن بۆ زانکۆ، دەرگای زانکۆکان بۆیان کەوتە سەر پشت و ڕێژەی خوێندکارانی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو، زۆر بوو.... هاوکات لەگەڵ ئەم بەرنامە، زۆربوونی ژمارەی خوێندکارەکان و هاتنە سەرکاری دەوڵەتی خاتەمی و ڕیفۆرمخواز لە ئێران، بەستێنێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەوەی خوێندکارە کوردەکان خۆیان ڕێکبخەن و بە بۆنەی جۆراوجۆر بەرنامەیان هەبێ. هەڵبژاردنی شوراکان و مەجلیسی شەشەمی ئێران، خوێندکارەکانی هێنایە ناو خەڵک و ئیتر چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی زانکۆکاندا نەما و لەگەڵ بەشێک لە چالاکانی دەرەوەی زانکۆ پەیوەندییان بەرقەرار کرد."

بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان بە هاتنە سەرکاری سەید محەممەد خاتەمی و ڕیفۆرمخوازان لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی، گوڕوتینێکی دیکەی بەبەردا هات. "سەردەمی بەناو ئیسڵاحات بۆ زۆرێک لە هێزە لاو و بە تواناکانی کورد فەزایەکی - هەرچەند بەرتەسکی پێک هێنا و مەیدان و بەستێنی نوێ و تاقینەکراوەی بە ڕووی کورددا کردەوە". لە گەڵ ئەوەیکە بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان هیچکات هاوئاهەنگ و هاوگوتاری ڕیفۆرمخوازیی لە ئێران نەبووە و ماهییەتێکی دیکەی کوردستانیی هەبووە، بەڵام حاشا لە کاریگەریی ئەم ڕەوتە سیاسییە لە سەر گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و کوردستان ناکرێ.

لە دەورانی خاتەمیدا خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران نزیک بە حەفتا گۆڤاریان(٣) چاپ و بڵاو دەکردەوە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینگەپارێزی لەم سەردەمەدا یاسایی کران و بە دەیان ڕێکخراو و ئەنجوومەن لە کوردستان دامەزران. بەڵام بە هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد بەشی هەرە زۆریان لەنێو چوون.

لە کوردستان هەڵبژاردنەکان ببوونە مەیدانی بڵاوکردنەوە و هێنانە بەرباسی داواکاری و بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. هەموو ئەوانە توانی ڕوحێکی گشتی پێک بێنێ کە لە قۆناغی دواییدا یانی لە نەوەدەکان بەولاوە بە یارمەتیی فەزای مەجازی و هێندێک بنکەی نوێی فێرکردنی زمانی کوردی و ژینگەپارێزی، بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی دابڕێژێ و لە ئاکامدا ئەم کۆمەڵگەیە مەیدانداریی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بکات کە گرینگترین چەمکی بەرباسی ئەم بزووتنەوەیە ویستی نەتەوایەتی و پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بەوەوەیە، بە شێوەیەک کە هەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دەیتوانی ببێتە هۆی سازبوونی بزووتنەوەیەکی سەرانسەریی کوردی.

بێهزاد خۆشحاڵی کە لە سەردەمی ئیسڵاحاتدا خوێندکار بووە وەک یەکێک لە چالاکانی خوێندکاریی کورد لەو قۆناغەدا ناوی دێت، بەم شێوەیە باس لە ئەزموونەکانی خۆی دەکات: "لە ١٣٧٦ی هەتاوییەوە بەم لاوە لە ئێراندا کرانەوەیەکی باش هاتە ئاراوە، دەوڵەتی ئیسڵاحات کاریگەرییەکی زۆری دانا؛ پرسی دێموکراسی و پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی هاتنە بەر باس. من ئەوکاتە دەورەی دووهەمی دانیشجوویی خۆم بوو، لەبیرمە کە ڕۆژانە هەژدە ڕۆژنامەمان هەبوو، ڕۆژنامەگەلێک کە وتاری زۆر باش و دەوڵەمەندی تێدا چاپ و بڵاو دەکرایەوە. زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکانی خۆم لە سەردەمی ئیسڵاحات و سەردەمی خاتەمیدا ئیزنی چاپ و بڵاوبوونەوەیان پێدرا کە دواتر لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاددا ئەو کتێبانە و زۆر کتێبی دیکەش لە کتێبخانەکانی کوردستان هەڵگیران و بێسەروشوێن کران. دەتوانم بڵێم ئەو سەردەمانە سەردەمانێکی زێڕین بوون، ئەوە هەلێک بوو کە کۆمەڵگە توانی کەڵکی لێ وەربگرێ و قەڵەمبازێک بدا.

بە گشتی بزووتنەوەی فەرهەنگی (مەدەنی)ی لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا لە زۆر بارەوە گەشەکردن و پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیت. لە باری جوغرافیاییەوە بەرینتر بۆوە و سەرانسەری کوردستانی داگرت. لە باری تەرکیبی ئەو توێژانەش کە لە جموجۆڵی فەرهەنگیدا بەشدار بوون، لەو دەیەیەدا بزووتنەوە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. ڕووناکبیران بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ڕابردوو هاتنە نێو بزووتنەوەکە. خوێندکاران بوون بە بەشێکی سەرەکی لە تێکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە و، کچان و ژنان کە پێشتر دەورێکی ئەوتۆیان لە جموجۆڵەکاندا نەبوو، لەم دەیەدا بە شێوەیەکی هومێدبەخش دەرەوشانەوە. ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکان لەو دەیەیەدا (بەتایبەت نیوەی دووهەم) زیادی کرد. کۆڕ و کۆبوونەوە و فستیڤاڵە ئەدەبی و هونەرییە جۆراوجۆرەکان هەم ژمارەیان زیادی کرد و هەم نێوەرۆکیان چووەسەر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوکات لە گەڵ هۆکارە عەینی و دیارەکان لە سەر گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوە و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی نادیار هەن کە سەرەڕای کەمتر گرینگیپێدان و شیکردنەوەیان، زۆر شوێندانەر و کاریگەرن کە بریتین لە؛ خەسڵەت و تایبەتمەندیی ماددیی چالاکانی بزووتنەوەی مەدەنی و پێگەی ئەم شێوازە لە خەبات لە بزووتنەوەی گەورە نەتەوەییەکەدا. هاتنە ئارای چینی مامناوەندی و پەرەسەندنی لە هێندێک قۆناغی ڕوو لە گەشەی سیاسی و ئابووری و هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و شعووری نەتەوایەتی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵێک ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی بەها و ئەرزشە کۆنەکان و جێگرتنەوەیان بە کۆمەڵێک بەها و ئەرزشی دیکەی ڕەفتاری و نەتەوەیی لە کۆنتێکستێکی تایبەتدا، لەو هۆکارە نووستووانەن کە کاریگەریی خۆیان لە سەر کۆی ڕەفتاری کۆمەڵگەی کوردەواری بە کۆمەڵگەی مەدەنییشەوە داناوە.

هۆکارە نوستووەکان لە کۆمەڵگەدا هەن بەڵام بە هەر هۆیەک بێ، چالاک نین، هەندێک هۆکاری لاوەکی دیکە ئەم هۆکارە نوستووانە وەخەبەر دێنن. لەم پێوەندییەدا مەحموودزادە لە وتویژێکی تایبەتدا بۆ ئەم نامەیە دەڵێ "لە کۆمەڵناسیدا هەندێک هۆکار هەن پێیان دەڵێن "هۆکاری نوستوو". لە بنەڕەتدا هەتا فۆرماسیۆنی کۆمەڵگە لە قۆناغێکی وەک فیئۆدالیزمەوە بۆ قۆناغی بوورژوازی نەپەڕێتەوە و هەتا شاری مۆدێرن و چینی مامناوەندی بیچم نەگرێ، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرەتانی سەرهەڵدانیان نابێ. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەندێک جار ئەم هۆکارە گرینگە شارستانییانەش دەوری هۆکاری نوستوو دەبینن.

ئەو هۆکارەی لە کوردستاندا وای کردوە ئەم هۆکارە نوستووانە وەئاگا بێنەوە، بزووتنەوەی نەتەوایەتییە. کورد لە دەلاقەی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە دیداری لەگەڵ زۆرێک لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنیتەوە کردوە. بزووتنەوەی نەتەوایەتی، بزووتنەوەکانی دیکەی لە کوردستاندا کادربەندی و جومگەبەندی کردوە. واتە هەتا ماوەیەکی زۆر بزووتنەوەی نەتەوایەتی مۆرکی مەنتیقی خۆی لەسەر بزووتنەوەکانی دیکە داوە. بە دەربڕینێکی ڕوونتر بزووتنەوەکانی دیکە بۆ ئەوەی بوون و مانەوەی خۆیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مسۆگەر بکەن، پێویستە چۆنیەتیی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتی پێناسە بکەن. هەتا ئێستاش زۆر کەس لەو کەسایەتییانەی وا لە بواری زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا چالاکن، لە نەستی گشتیی خەڵکی کورددا وەک کەسانێک پێناسە دەکرێن کە "کوردایەتی" دەکەن. کەوابوو بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوایەتی وەک بەستێنێکی گشتیتر بۆ بزووتنەوەکانی دیکە کاری کردووە، بەڵام لە شیکارییەکی ورددا هۆکاری بناغەیی تریش بۆ ئەو بزووتنەوانە لەگۆڕێدا هەبوون."

گەورەبوونەوەی شارەکانی کوردستان و چوونەسەری ئاستی خوێندەواری و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەرەسەندنی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چینی مامناوەندی لە کوردستان (٤) و دۆخی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی خستۆتە قۆناغێکی تایبەت و چارەنووسسازەوە.

***

## پەراوێزەکان:

١- دوای دامەزراندنی "ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی" بە سەرپەرەستی و چاودێریی مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی گۆڤاری سروە لە لایەن ئەم ناوەندەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

٢- ئەحمەدی قازی: لاوێکی فارسی شاری ڕامسەری مازەندەران بە ناوی ئەسفەندیار ڕەحیم مەشایی سەرپەرەستی ئەم تاقمەی دەکرد.

٣- لە گۆڤارە بەناوبانگە کوردی و فارسییەکان کە لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە چاپ و بڵاو دەکرانەوە دەکرێ ئاماژە بەم ناوانە بکەین: تاڤگە، ڕاڤە، ئاشتی، هەوراز، پووشپەڕ، پێشڕەو، تریفە، ڕاڤە، ڕوانگە، زانست، زرێبار، ژوان، ژیوار، سۆما، طلوع، فرهنگ همدان و ندای دانشجو.


٤- لێرەدا مەبەست لایەنی ئابووریی مەسەلەکە نییە چونکی زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە کەم داهات و دەستکورتن و لە چینی مامناوەندیدا جێ ناگرن، بەڵام لە ڕووی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و بەهـا کۆمەڵایەتییەکانەوە، پێڕەوی لە چینی مامناوەندی دەکەن و بە خۆدوورخستنەوە بەرانبەر بە پرسەکانی کۆمەڵگە، ڕۆژانە بەرانبەر بە پرس و ڕووداوەکان کاردانەوە نیشان دەدەن و خاوەندرارێتی دەکەن.

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سیاسەت: بەرژەوەندی یا هزرمەندی؟



**کەریم پەرویزی**

سیاسەت لە چاولێکردنی سەرپێیدا ڕەنگە ساکار بێتە بەرچاو و لە هەندێ ڕوانگەوە ڕەنگە ئاڵۆزکاو و پڕ لە ناڕوونی دیار بکا. بەتایبەتی کاتێک دەتەوێ سنوورەکانی نێوان سیاسەت و بوارەکانی دیکەی وەکوو کۆمەڵناسی یان مرۆڤناسی یان ئابووریی کۆمەڵایەتی و یان هەڵسوکەوتناسیی بەکۆمەڵ و ... هتد دیاری بکەی ئیدی سنوورەکانی زۆر ئاڵۆز دێنە بەرچاو کە وەکوو دڕکەتەل و خوری وەها تێکەوە پێچراون کە دەرهێنایان و جیاکردنەوەیان لەیەک پڕ ئاریشە خۆی نیشان دەدا.

گەر لەو قووڵاییەی بێینە دەرەوە و چاوێکی خێرا بەسەر بیاڤەکەیدا بخشێنین، سیاست لە تێگەیشتنی گشتیدا وەکوو بوارێک بۆ بەکردەییکردنی ویستەکان لە بیاڤی گشتیدا دێتە بەرچاو. بەو مانایە کە چ تاکێک و چ گرووپێک هەندێ ویستیان هەیە کە لە خانەی تاکەکسی و شەخسی تێدەپەڕێ و دێتە سەرشەقامی گشتی یان نێو گۆڕەپانی ڕای گشتی و سیاسەت ئەو ئامراز و ڕێوشوێنانەیە کە بۆ گەیشتن بەو ویستانە دەگیرێنە بەر. لەم ڕوانگەیەوە سیاسەت خودی ویستەکان نییە بەڵکوو ڕێوشوێن و ئامراز و میکانیزمە! لەمێژساڵە دوو ڕوانگەی جیاوازیش بۆ ئەم ئامراز و ڕێوشوێنە هەیە:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خودی ڕێوشوێنەکە دەکرێ بەپێی ویستی کەسی و بەپێی کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ یان میکانیزمەکە دەبێ ڕوون و تارادەیەک نەگۆڕ بێ و هەمووان و بە هەموان شیووە کەڵکی لێ وەرگرن؟

ئەم پرسیارە کە لەخۆیدا ئاوس بە دووانەیەکی دژ بەیەکە، دوو وەڵامی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. یەکێ دەڵێ سیاسەت ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکان. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت کە وەکوو ڕێوشوێن و میکانیزمە، دەکرێ بەپێی تاک و بەپێی کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. بەو مانایە کە تاکێک کە خاوەن ویست یان بە واتایەکی دیکە بەدوای بەرژەوەندیەکەوەیە، دەتوانێ و ئەو ئازادییەی هەیە کە بەپێی ویستەکانی بجووڵێتەوە و بەپێی بەرژەوەندییەکانی گۆڕان بە سەر ڕێوشوێنەکاندا بێنێ و لە هەر کاتێکدا هەر جۆر کە پێویستیی بەرژەوەندیی تاک خواستی لەسەر بوو، لە میکانیزم و ئامرازی جیاواز کەڵک وەر بگرێ.

وەڵامی دووهەمیش بریتییە لەوەی سیاسەت ڕەنگە گرێدراوی بەرژەوەندی بێ بەڵام نەک بەرژەوەندی و ویستی تاک! لەم ڕوانگەیەدا کۆمەڵگە و نیشتمان لە ریزی پێشتر دادەنیشن و سیاسەت دەبێتە هزرێک و تێڕوانینێک بۆ گەیشتن بە خێر و بەرەکەتی گشتی و بەختیاریی هەمەکەسی و ئاسوودەیی نیشتمان. واتە سیاسەت بریتیە لەو هزرەی کە تێیدا بەختیاریی خەڵک و ئاسوودەیی نیشتمان تێدا مانا دەکرێتەوە جا ئیدی ئەو هزرە دەتوانێ ڕەنگ و تامی جیاواز بە خۆیەوە بگرێ، لە چەپی چەپی دیکتاتۆریخواز و دژە ملکی تایبەتەوە بگرە تا ڕاستی ڕاستی دژە ئازادیی تاک و قوربانیکردنی هەموو کەس و نەتەوەیەک لە پێناو ناسنامەی نەتەوەو نەژادێکی دیاریکراودا!

هزرمەندی لێرەدا بریتییە لەوەی چۆن دەڕوانیتە کۆمەڵگە و داهاتوو و ڕابردووەکەی و چی بە خێر دەزانی بۆی کە هەنگاوی بۆ هەڵ بگری. لێرەدایە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و گشتییەکان دیاری دەکەی بەڵام بەپێی هزرمەندیی خۆت! هەر لێرەوەشە ڕوانگەی جیاوازی چەپ و ڕاست و میانە و توندئاژۆ و بناژۆ، بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەجیا لێک دەدەنەوە!

ئەوەی پێی وایە سیاسەت بریتییە لە بەرژەوەندی و هەرتاک و لە هەر کاتێکدا دەتوانێ ئامراز و ڕێوشوێنەکان بە پێی بەرژەوەندیەکانی بگۆڕێ، لە مێژوودا قوتابخانەی زۆری لێ کەتوتەوە و وا نییە کە هیچ ناونیشانێکی نەبێ، لە ئێپیکۆریەکانی سەردەمی کۆنەوە بگرە تاکوو ماکیاوێلی، لەو سکە لەدایکبوون و ئەو وەڵامەیان پێ بووە کە کات و تاک ئازادە لە هەڵبژاردنی شێوە و ئامرازدا و لەڕاستیدا بەرژەوەندیی تاک باڵادەستە لە دیاریکەرییدا. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانی هەڵگری ئاڵای شەکاوەی چەپی توندئاژۆ بی و هاوکاری ڕاستی فاشیستیش!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەندین دەیەیە کە لە کوردستاندا قوتابخانەیەک دامەزراوە کە بە قوتابخانەی گەلاوێژ بەناوبانگە چونکە لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا بەدەستی پێشەوای نەمر دامەزرا.

لە قوتابخانەی گەلاوێژدا، کە مرۆڤەکان باردێنێ و لە ڕێگەی بارهێنانی مرۆڤەکان و کردەوەی گرووپییەوە دەیەوێ کاریگەری لەسەر دوارۆژی کۆمەڵگە و بونیاتنانی نیشتمان دابنێ، سیاسەت مانا و ڕەنگێکی تایبەتی هەیە کە زۆرتر لە پەلی دووهەمی ڕوانگەکان واتە وەڵامی هزرمەندی بۆ ڕێوشوێنە سیاسیەکاندا جێ دەگرێ.

وتەیەکی بەناوبانگی دوکتور قاسملووی نەمر، دارێژەرەوەی قوتابخانەی گەلاوێژ هەیە کە دەڵێ، لەمێژە دەڵێن سیاسەت ئەخلاقی نیە، ئێمە لە کوردستان و ئێراندا ئەخلاقمان هێناوەتە نێو سیاسەتەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی دوکتور قاسملوویە، ئەو ڕوانینە ساکارە بۆ ئەخلاق نییە؛ واتە ئەخلاق لێرەدا ئەوە نییە کە تاکێک دەبێ لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەری چاکوچۆنیی دروستی هەبێ و لە دەربڕیندا ڕێز لە کەسەکان بگرێ. ئەمانە شتێکی دروست و سەرەکین کە بۆ هەر مرۆڤێک کە لە کۆمەڵگادا دەژی پێویستن، بەڵکوو ئەو ئەخلاقەی لە سیاسەتدا کە دوکتور قاسملوو باسی دەکا، بریتیە لە پێبەندی و دەروەستی. واتە ئەخلاق لە سیاسەتدا دەروەستی و پێبەندیە بەرامبەر بە هزرێک و ڕوانینێک کە هەتە و دوورەدیمەنێک کە نیشانی خەڵکی دەدەی. گەر زۆرتری لێ ورد ببینەوە، ئەخلاق لە سیاسەتدا واتە وەکوو تاک یان وەکوو گرووپێکی سیاسی، ڕوانینێکت بۆ کۆمەڵگا و بۆ ژیانی باشی کۆمەڵگا هەیە و دوورەدیمەنێکی نیشتمانەکەت لەبەرچاوە؛ لە ڕێوشوێنەکان و دارشتنی میکانیزمەکاندا ئەو دورەدیمەنانە دەکەی بە ڕێنوێن و لە هەر هەوراز و نشێوێک و لە هەر ملە و پێچکردنەوەی ڕێگایەکدا دووبارە دوورەدیمەن و ڕوانینەکان دەکەیتەوە بە ڕێنیشاندەر و دەروەست و پێبەندی بەرامبەر بەو نوختە فیکریەی کە ویستووتە کۆمەڵگەی بەرەو لا ببەی.

ئەخلاق لە سیاسەتدا لەم ڕوانگەوە ئیدی پێبەندبوونە بەو ڕێکارانەوە کە دات ڕشتوون و بە بەڵێنانەی کە بە خەڵکت داون و بەو هاندانەی کە ویستەکانیانت بۆ لای هەڵخراندوە و خۆی لێ نەبان ناکەی گەر گرفتێک هاتە سەر ڕێگەت بەڵکوو ڕاست و درووست بە خەڵکەکەت دەڵێی کە ڕێگا هەمان ڕێگایە و دەروەستین بەرامبەری بەڵام ئەم کۆسپەمان هاتۆتە سەر ڕێگا کە نەخوازراو بووە. پێبەندی لە سیاسەتدا بە ئەخلاقەوە جیاوزە لەگەڵ گیرۆدەبوون بە نەریتەوە! نەریتی سیاسی و ڕێکاری سەردەمێک ڕەنگە لە دەورانێکدا بە پێی دۆخێک دارێژرابێ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان لە دەوروبەر و بیاڤەکدا و لە ستراتژی و ژیئۆپۆلیتیکدا، دەکرێ دووبارە و دووبارە بیری لێ بکرێتەو و ڕێگای تازە ببینرێتەوە بەڵام بە دەروەستی بەرامبەر بناخەی هزری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها لەم ڕوانینەدا ئیدی پێبەندی لای ئەخلاقی سیاسی بریتیە نیە لەوەی كە هەرچی لە سیاسەتدا دەیزانی و بەگوێت دەگا لە ڕای گشتیدا باسی بكەی! بەڵكوو سیاسەت گۆڕەپانێكی سەخت و دژوارە كە پڕە لە دوژمن و بۆیە هەموو شت ناكری لە بیاڤی گشتیدا باس بكرێ و ڕەنگە دوژمن زیاتر لەو زانیارییانە كەڵك وەر بگرێ هەتاكوو لایەنگرانت! بەڵام ئەخلاق لە سیاسەتدا وا دەخوازێ كە دەروەست بی بەرامبەر بە هزری داڕێژراو و باسكراوت و ئیدی ئەمڕۆ میكانیزمێک نەگریتە بەر و سبەی ڕێوشوێنی دڵخواز بەڵام دژی هزرە گشتیەكە.

بۆ وێنە ناكرێ باس لە پێبەندییت بە هزر و تێڕوانینی لیبراڵ بكەی و خۆت بە خاوەنی فیكری لیبراڵ بزانی و خوازیار بی ئەو هزرە لە كۆمەڵگادا پیادە بكرێ، بەڵام گەر كەسێک ڕەخنەیەكی لێت گرت یا خراپ لێت حاڵی بوو! بەسووكایەتیەوە وەڵامی بدەیتەوە و خوازیاری كپكردنی دەنگی ڕەخنەگر بی!

یان بۆ وێنە پێت وایە سەروەریی یاسا لە كۆمەڵگەدا بەرژەوەندیی گشتی دابین دەكا و هزری ئەوەت هەبێ كە دەبێ هەموو كەس لە بەرامبەر یاسادا یەكسان بن، بەڵام سبەی گەر كەسێكی نزیک لە خۆت كە بەرژەوەندیی تاكەكەسیت دابین دەكا لە یاسا لای دا، سەرپێچیەكانی لە یاسا بە دڵفراوانی وەر بگری و هەوڵی پاساوهێنانەوەی بۆ دەرچوون لە سزا بۆ بدەی، بەڵام كەسێكی جیاواز لە هزرت كە ڕەنگە بە سووكی لە یاسا لای دابێ، وەهای دابگڕێیە سەر كە لەگەڵ سزای سێدارەدان بەرەورووی بكەی.

گەر كۆی بكەینەوە سەر یەک، ڕوانگەی بەرژەوەندیخوازی بۆ سیاسەت، لە هەوڵی ئەوەدایە كە نانێكی ئەمڕۆ بە قەرز بدا لە پێناوی وەدەستخستنی كولێرەیەكی سبەی! بەڵام ڕوانگەی هزرمەندی بۆ سیاسەت كە قوتابخانەی گەلاوێژ پێڕەوی ئەو ڕوانگەیە، لە هەوڵی ئەوەدایە كە نیشتمان ئاوەدان و پڕ خێر بێ و دەشتێكی پڕ گەنم بچێنێ تاكوو سبەی هەمووان دەرفەتی دادپەروەرانەیان هەبێ كە خاوەنی نان بن.

قوتابخانەی گەلاوێژ، قوتابخانەی شەرەفمەندی وسەرفرازییە، دامەزرانی لە هەموو مامۆستا و قوتابیانی و لە هەموو ئۆگرانی پیرۆز

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پەرەسەندنی گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی



بێهزاد قادری

گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسیی کوردستانی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان، بابەتێکی نوێ نییە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا و لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەم گوشارانە پەرەی سەندووە و لە ئێستاشدا بەردەوامە.

لەم کورتە نووسینەدا نامەوێت باسی دەیەکانی ڕابردوو بکەم، چونکە ئەزموونم نەکردوە، هەر ئەوەندە بیستوومە کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی، زۆرێک لە ئەندامانی بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان، تەنانەت لەژێر ئەشکەنجەی ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێراندا ئەندامانی لەشیان لەدەست داوە و تەنانەت هەبوونە کە گیانیشیان بەخت کردووە.

بۆ دوو دەیە خەباتی چەکداریی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگیرا، تا ئەوەیکە نەورۆزی ٩٥ی هەتاوی، حدکا (حیزبی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دێموکراتی کوردستانی ئێران) قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بە ناوی "ڕاسان" ڕاگەیاند کە یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم خەباتە، خەباتی چەکداری بوو. دوای ڕاگەیاندنی ڕاسان چەندین شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران هاتە ئاراوە. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕاسان، زۆرێک لە پارتەکانی ڕۆژهەڵات پێشمەرگەکانیان لەسەر سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان جێگیر کرد. دوای دەستپێکی ئەم قۆناغە، گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسیی کوردستانی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان، زۆر زیادی کرد.

لەم قۆناغەدا بەردەوام ئەندامانی بنەماڵەی ئەو کەسانە، بانگی ناوەندە ئیتلاعاتییەکان دەکران، هەفتانە لێپرسینەوەیان لێ دەکرا، هەڕەشەی کوشتن و گرتنیان لێ دەکرا. تەنانەت هەبووە کە سزای بەندکرانیشی بەسەردا سەپێندراوە. ئەوان ناچار دەکران بێنە باشووری کوردستان و سەردانی ڕۆڵەکانیان بکەن و پەیامی هەڕەشەئامێزی ئیتلاعات و سپایان پێ بگەیەنن (یان دەست لە کوردایەتی و حیزبایەتی هەڵدەگرن، یان تیرۆریان دەکەین). لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بە بنەماڵەکانیان دەوت: "ئەوە منداڵەکانتان خەریکن لە برسان دەمرن؛ سەرمایانە؛ گەرمایانە و...". و بە شێوازی جۆراوجۆر شەڕی دەروونییان لەگەڵ دەکردن (بە درۆکردن و دروستکردنی دەنگۆ و هەڵبەستنی بوختان.(

ئەم گوشارانە دیسان و لە قۆناغێکی دیکەدا (لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا) پەرەی سەند و ئێستاش بەردەوامە. لەم قۆناغەدا سەپاندنی سزای بەندکردن بەسەر ئەندامانی بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی و پێشمەرگەکان زیاتر بووەوە. ئەوان زیاتر لە پێش بانگی ناوەندە ئیتلاعاتییەکان کران. دەست بەسەر پاسپۆرتی زۆر کەسیاندا گیرا. لەم پەیوەندییەدا بۆ خۆم (وەک چالاکێکی میدیایی) ساڵی ڕابردوو لە پۆستێکی فەیسبووکیدا ڕامگەیاند کە تەنانەت هاوڕێ نزیکە پێشووەکانم بانگ کراون و ئەزیەت کراون و ئیتلاعاتییەکان ویستوویانە لە ڕێگای ئەوانەوە پەیوەندیم پێوە بگرن. تەنانەت لە ڕێگای ئەوانەوە پەیامی هەڕەشەئامێزی خۆیان پێ گەیاندم. هەر ئەم بابەتە بۆ دەیان کەسی دیکەی وەک من ڕووی داوە.

گوشارەکان هەر بەو ئاستە لە بەرزی لە ئێستاشدا بەردەوامە. لەناکاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیامی نەناسراوت بۆ دێت، کە لێی دەکۆڵێتەوە دەزانیت هی ناوەندە ئیتلاعاتییەکانە. یان ڕۆژانە لە هەواڵەکاندا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینیت کە ئەندامانی بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی بانگ کراون و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە و هەڕەشەیشیان لێ کراوە. بەڵام هەمیشە بە خۆڕاگری و وەڵامدانەوەی ئەو بنەماڵانەش کە لەژێر نامرۆڤانەترین گوشارەکاندان، سەرسام بووم. ئەوان نە قەت ملکەچی داگیرکەر دەبن و نە قەت ورەیان دادەبەزێت و هەمیشە هیوایان ئەوەیە کە لە کوردستانێکی ڕزگارکراو و ئازاددا بە دیداری ڕۆڵەکانیان شاد ببنەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

هەموو ئەم گوشارانە، بۆ ترسی ڕێژیمی ئێران لە خەباتی ئەم خەباتکارانە و خەڵکی ڕاپەڕیوی نێوخۆ دەگەڕێتەوە. ئێستاش ئەم گوشارانە پەرەی سەندووە، چونکە پایەکانی ئەم دەسەڵاتە وەلەرزە کەوتووە و دەیەوێت بە هەموو شێوەیەک ئێمەی کوردستانیش لاواز بکات کە لە ئەگەری هاتنەئارای هەر ئاڵوگۆڕێک، توانای هەستانەوەمان نەبێت.

لە کۆتاییشدا ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە بەردەوام باسی زانیاری دەکەین، بەڵام چەندە باس لە دژەزانیاری دەکەین؟ (ئیتر کارکردن پێی با ڕاوەستێت). باسی شەڕی دەروونیی داگیرکەر دژی خۆمان دەکەین، هەرچەند دەزانین شەڕی دەروونیشە، بەڵام هەر قوربانییەکەی خۆمانین! چونکە نازانین و فێر نەکراوین خۆیشمان کاری پێ بکەین. سەردەم سەردەمی جەنگی زانیارییە، بەڵام ئێمە هەر مێتۆدە کۆنەکان پێڕەو دەکەین و کێشەمان لەگەڵ ئاپدەیت و بەڕۆژبوونەوە هەیە. پێویستە لەمبارەوە خۆمان تەیار بکەین. بۆیە فریای خۆمان نەکەوین، فریامان براوە.

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ٧٩ گەلاوێژ




**ئاسۆ مینبەری**

لە مێژووی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ٢٥ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی دامەزرانی ئەم حیزبە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم ڕۆژە نەک تەنیا بۆ حیزبی دێموکرات و لایەنگرانی بەڵکوو بەگشتی وەکوو وێستگەیەکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چاوی لێ دەکرێت، هەر بۆیە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا هەوڵ دەدرێت وردبینانەتر لە ڕابردوو چاو لەو مێژووە پڕ هەوراز و نشێوەکەی بکرێت و بە دەرسوەرگرتن لە نسکۆ و دابڕانەکان و هەروەها ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی مێژووی ئەو حیزبە، هەوڵ بۆ گەشەپێدان و پێشەنگ مانەوەی بدرێت.

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموونی نەتەوەیی، خەریکە ٧٩ـەمین ساڵی دامەزرانی خۆی تێپەڕ دەکات و لەم ماوە زەمەنییەدا توانیویەتی وەک حیزبێکی هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازی کۆمەڵگەی کوردستان، هەنگاوی بەجێ، جیددی و کارامە لە چوارچێوەی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەڵ بگرێت. ئەم حیزبە، لە مێژووی خۆیدا، وێڕای کارکردن لەسەر پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات لە پرس و بابەتەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە خافڵ نەبووە و بە بەردەوامی هەوڵی بۆ داوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوكات لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، پرسە جیاوازە كۆمەڵایەتییەكان، پرسی ژینگە، پرسی ئابووری، جوگرافیا و دێموگرافیای كوردستان، پرسی مێژوو و بە سەدان پرسی دیكە لە دەستووری كاری ئەم حیزبەدا بووە و هەوڵی داوە بە گونجاندنی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی پێڕەو و پرۆگرامی خۆیدا كاریان لەسەر بكات. یەكێك لەو پرسانە كە لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموكراتدا لە سەرەتای دامەزرانییەوە، گرینگیی پێ دراوە، پرسی ژنان بووە.

پرسی ژن لای حیزبی دێموكرات، هەمیشە پرسێكی گرینگ و جێی بایەخ بووە و هەر لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا كە خەریكە ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕێت، بە بەردەوامی هەوڵ دراوە كاری بۆ بكرێت.

هەوڵ و تێكۆشانی حیزبی دێموكرات لە چوارچێوەی مافەكانی ژناندا، تایبەت بە قۆناغێكی دیاریكراو لە خەباتی ئەم حیزبە نەبووە، بەڵكوو بەرنامەیەكی درێژخایەن بووە كە تا ئێستا بەردەوام بووە و بێگومان بەردەوامیش دەبێ.

ئەوەی كە سەبارەت بە پرسی ژنان لەم حیزبەدا گرینگە، ئەوەیە كە لە هیچ قۆناغێكدا ئەم پرسە پەراوێز نەخراوە و هاوكات لەگەڵ تێكۆشان بۆ پرسی نەتەوەیی، خەبات دژی چەوسانەوەی ژنان و دابینكردنی مافەكانیان، بابەتێكی هەستیار و گرینگ بووە.

شێوازی كار و تێكۆشانی حیزبی دێموكرات لەسەر پرسی ژنان، بە پرۆسەیەكی درێژخایەنی مێژووییدا تێپەڕیوە، بە جۆرێك كە دەتوانین بڵێین، ئەكتی شۆڕشگێڕانەی ژنان لە كۆمەڵگەی ئێستای كوردستاندا، بەرهەمی تێكۆشان و ئەركوەخۆگریی حیزبی دێموكرات لەمبارەوە بووە. هەر لە یەكەم هەنگاوەكانەوە حیزبی دێموكرات بە دژایەتیكردنی نەریتە ناشیرین و دژەژنەكان هەوڵی دا پشتیوانێكی قایم بۆ ژنان بێت و ئەمەش بە تێپەڕبوونی كات توانی تا ڕادەیەكی زۆر، هەستی متمانە بە خۆبوون بۆ خەبات دژی چەوسانەوە و هەڵاواردن لەواندا زیندوو بكاتەوە.

ئەوەی كە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ژنان بینراوە، ئاكامی ئەو پشتیوانییە قایمە بووە كە توانیویەتی ژنان بێنێتەوە گۆڕەپانی خەباتەوە و بیانكات بە پێشەنگی خەباتەكە. ئەڵبەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ كە لە پاڵ ئەم پشتیوانییەدا، خودی ژنانیش هەوڵیان داوە لە ژێردەستەیی بێنە دەر و بە خوێندن و بڕینی قۆناغەكانی خوێندن و هەنگاونان لە بازنەی كۆمەڵایەتی و ئابووری، سەربەخۆییەك بەدەست بێنن و وەك مرۆڤ خۆیان پێناسە بكەنەوە و هاتنە مەیدان بۆ وەرگرتنی مافەكانیان بە ئەركی خۆیان بزانن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینادا، ئەکتی خەباتکارانەی ژنان، بەشێکی زۆری پێوەندیی بەو متمانەبەخشینەوە هەبوو کە لە چوارچێوەی بەرنامەی و گوتاری حیزبی دێموکراتدا پێناسی بۆ کرا، هەروا کە حیزبی دێموکرات باسی لە ئازادیی ژنان و پێشەنگایەتیی خودی ژنان بۆ چارەسەرکردنی پرسە پێوەندیدارەکان بە خۆیان دەکرد و ئەوانی بە سەرەکیترین ئەکتەری گۆڕەپانی خەبات دژ بە چەوسانەوەی ڕەگەزی دەزانی، ژنانیش بەرەوپیری ئەم ڕوانینەوە چوون و بە خۆ تەیارکردنی دووبارە بە زانست و تێگەیشتن و بە خوێندنەوەی دروست لە پێگەی خۆیان وەک بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە، پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان دۆزییەوە.

ئێستا کە ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات وەک حیزبی پێشەنگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدەپەڕێت، نابێ لەبیرمان بچێت کە هەر لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا ژنان هاوتەریب لەگەڵ خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان، خەبات بۆ نەتەوەشیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە و لەم ڕێگایەدا قورسترین نرخەکانیان داوە. ٧٩ گەلاوێژە کە ژنان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و خەباتی ڕەگەزین و بە ئیلهاموەرگرتن لە وتە و ئاکاری ڕێبەران و بە پشتبەستن بە بەرنامە و پرۆگرامی ئەم حیزبە لەم چوارچێوەیەدا هەنگاو هەڵدەگرن.

دوکتور قاسملووی نەمر لە کۆبوونەوەیەکدا هاوکات لەگەڵ باسکردن لەسەر پرسی ژنان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ئەگەری دابینبوونی مافی نەتەوەییشماندا، هەوڵەکانی ژنان بۆ دەستخستنی مافەکانیان هەر دەبێ بەردەوام بێ، هەر بۆیە نەک تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ئەم ٧٩ ساڵە بەڵکوو، بە تێگەیشتن لە خەبات و تێکۆشانی ژنانی پێشەنگی جیهان و خوێندنەوەی دروست سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردستان و بەستێنی خەبات، دەبێ هەنگاوەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان بەردەوام بێت و ئەم ئەرکە، بەبێ جیاوازی دەبێ ئەرکی قورسی سەر شانی هەموو تاکە ئازادیخوازەکانی کوردستان بێت .

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەند بڕگەیەک لە ٧٩ ساڵ خەباتی پڕ لە شانازی




**ناسر ساڵحیئەسڵ**

دامەزرانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"، لە سەر بناعەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی "ژکاف" بە هیممەتی پێشەوا قازی و کۆمەڵێک لە ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژوویی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت و سەرەتایەک بوو لە پێکهێنانی حیزبیکی سیاسی، پێشکەوتوو و مودێرندا. لەو ڕۆژەوە حیزبی دێموکرات وەک حیزبیکی سیاسی _ نەتەوەیی و دێموکراتیک هاتە گۆڕپانی خەبات و تێکۆشانەوە و خۆی وەک نوێنەری تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند. لەم ڕووەوە حیزبی دێموکرات لە نێو ڕووداوە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەکانی مێژوویی سیاسیی هاوچەرخی کوردستاندا، ڕۆڵی دیاری هەبووە و وەک حیزبیکی خاوەن هەڵویستی جەماوەری، پێشەنگی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەروەها سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی مافە سیاسی و نەتەوەیەتییەکانی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت، لە مێژوویی سیاسی خەباتی ڕەوادا، بۆ دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوایەتی، بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندیک بڕگەی گرینگی مێژوویی – سیاسی و پڕ لە سەروەریی و شانازی حیزبی دێموکرات دەکەم:**

## بڕگەی یەکەم:

دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویی خەباتی سیاسی کوردستان بە گشتی و لە مێژوویی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەتایبەتی دادەنرێت. چونکە دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە هەلومەرجێکی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورددا بوو. چونکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی ئاسیمیلاسیۆن ببۆوە. ڕاگەیاندنی دەوڵەت_نەتەوە لە لایەن ڕەزاشا و کەماڵ ئاتاتۆرکەوە کە هەوڵی یەکدەستکردنی ئەو وڵاتانە لە پێناو دروستکردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوەیان دەدا، نەتەوەی کوردی خستبووە تەنگانەی تواندنەوەوە، کە دەبووا پەرچەکرداری بۆ تواندنەوە و لە پێناو بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی خۆیدا هەبا. لە وەها بارودۆخێکدا، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان باشترین وەڵام بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی توانەوەی نەتەوەی کورد. بۆیە کۆماری کوردستان بوو بە هۆکاریک کە پاش هەرەسهێنان و ڕووخانیشی فۆرمێکی نوێ ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوەی سیاسی مودێرن، بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر کام لە پارچەکان پەرە بستێنن.

## بڕگەی دووهەم:

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی سەرکۆمار و هاوڕییانی و گرتن و زیندانی کردنی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و نفوزی ساواک لە تەشکیلاتی حیزبی تودەی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەکەمین کۆنفرانسی خۆیدا لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا لە گوندیکی نزیک مەهاباد، بە هیممەت و تێکۆشانی کادرە لاوەکانی و لەژێر ڕێنوینی کادر لاو "عەبدولرەحمان قاسملوو"، پیوەندی تەشکیلاتی خۆی لە گەڵ حیزبی تودەی ئێران پچراند. پاشان چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک خستەوە. هەروەها سەرلەنوێ ڕۆژنامەی کوردستانی بە چاپ گەیاندەوە.

## بڕگەی سێهەم:

ڕاپەڕین و جووڵانەوەی پڕ لە شانازیی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ هەتاوی بە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە بەشێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕگەیەکی زێڕینی ئەو قوناغەیە. ئەو جوڵانەوە و ڕاپەرینە چارەنووسساز و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشگێرانەیە نزیک بە ١٨ مانگی خایاند. ئەو شۆڕشە چارەنووسسازە بە شەهیدکرانی دەیان کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری، بە ئەمری ڕاستەوخۆی حەمەڕەزا شا لەلایەن ئەرتەشی شای ئێرانەوە دامرکایەوە. سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، کە لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی حەمەڕەزاشا بوو، ئەو جووڵانەوەیە یەکەم ڕاپەرینی بەکردەوە لە پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی لە کوردستان و ئێران لە دژی دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیی و دوورگەی ئارامی حەمەڕەزاشادا بوو. هەر بۆیە ئەو جووڵانەوە چەکدارییە لەلایەک بڕگەیەکی زێڕین لە مێژوویی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و لە لایەکی دیکەوە ئەو جوڵانەوە چەکدارییە بڕگەیەکی پڕشنگداریی مێژوویی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕابردوو و ئێستای خەباتی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە گرێدەداتەوە.

## بڕگەی چوارەم:

گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوویە لە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بۆ کوردستانی باشوورە. پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستانی عیراق بە مەبەستی بووژاندەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و داڕشتنی قەوارەی حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی سێهەم و پاشان لە کۆنگرەی سێهەمدا، بوو بە خاوەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبیی پێشکەوتوو و مودێرن، کە بە خاڵێکی مێژوویی لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەنرێت.

### شەهید دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەر و سکرتێری حیزبی دێموکرات، لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە جووڵانەوەی کورد دوو ئەرکی گرینگی دەکەوێتە سەر شان کە بریتین لە:

**یەکەم**: جووڵانەوەی کورد دەبێ خۆی وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ نیشان بدات. واتا هەموو دونیا ببینێ و قەبووڵ بکا کە جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی دەرەکییەوە نییە. دووهەم: پێویستە پرسی کورد بکرێتە ڕۆژەڤێکی نێونەتەوەیی و جیهانی. هەروەها شەهید دوکتور قاسملوو لایەنگری ئاشتی و دێموکراسی بوو و هەوڵێدەدا کە پرسی کورد لە ئێرانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بە ئاشتی و لە چوارچێوەی دێموکراسیدا چارەسەر بکرێت. بەڵام چونکە ڕێژیمی خومەینی لە ئاشتی و دێموکراسی دەترسا و فەلسەفەی ڕێژیمەکەی لەسەر شەڕ و ئاژاوەنانەوە بونیاد نراوە، هەرگیز ئامادە نەبووە پرسی سیاسی نەتەوەی کورد و گەلانی ئێران لە ڕێگای ئاشتی و دێموکراسییەوە چارەسەر بکات.


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بڕگەی پێنجەم:

پاش ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قوناغێکی دیکەی خەباتی سیاسیی خۆیەوە. لە سەردەمی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی خومەینیدا، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گۆڕانی بنەڕەتیی بە سەردا هات. قوناغی نوێ خەباتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سیستەمێکی ئەزموون‌نەکراو و نەناسراوی ڕێژیمی خومەینی، بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان گەلی کورد بوو. لە وەها بارودۆخێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٣٢ سال خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سەر لە نوێ خەباتی ئاشکری خۆی لە مێتینگی ١٠٠هەزار کەسیی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان تامی ئازادیی ڕاستەقینەی دەچێشت و دەسەڵاتی ناوەندی بە سەرەوەی نەبوو. بەڵام بەداخەوە پاش بێ‌ئاکامبوونی وتوویژی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد و ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی خومەینی بڕیاری دا کێشەی کورد لە ڕێگای هێرشی نیزامی و گەمارۆی ئابوورییەوە یەکلا بکاتەوە. هەر بۆیە لە نەورۆزی سالی ١٣٥٨ی هەتاویدا ڕێژیمی خومەینی هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی بۆ سەر شاری سنە دەستی پێ کرد. پاشان خومەینی بە دەرکردنی فتوای جیهاد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی گەلی موسولمانی کورد، لەشکرکێشی پاسدارانی نەزانی ڕێژیم بۆ کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ کرد، کە ئەو شەڕە نابەرانبەرە تا ئێستاش لە شێوەی جۆراوجۆردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوامە.

خاڵی گرنگ و جێگای وردبوونەوە ئەوەیە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو، یەکەم حیزب لە ئاستی ئێران و کوردستان بوو کە هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بە هەوڵێک بۆ دامەزراندنی دیکتاتوورییەتی مەزهەبیی وەلایەتی فەقهی لە ئێران لە قەڵەم دا. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات ڕێفراندۆمی گۆڕینی سیستەم لە "پادشایی" بۆ دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامی"ی بایکوت کرد. بەڵام هەر ئەوکات زۆر لایەنی چەپ و مارکسیزم، ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە خومەینی لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و بە تایبەت ئامریکا هەنگاو دەنێت و ئەو لایەنە چەپانە بە کردەوە پشتیوانییان لە سیاسەت و هەڵویستەکانی ڕێژیمی خومەینی دەکرد. کاتێک باڵوێزخانەی ئامریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ هەتاویدا لە لایەن تاقمێک بە ناو خوێندکارەوە دەستی بەسەر داگیرا، زۆر لایەن پشتیوانیان لەو حەرەکەتەی خوێندکارانی پێڕەوی خومەینی کرد. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتور قاسملووی نەمر ئەو کردەوەی ڕێژیمی خومەینی بۆ گرتن و دەسبەسەرداگرتنی باڵویزخانەی ئامریکای مەحکووم کرد و بە کردەوەیەکی دژ بە یاسا و ڕیساکانی نێونەتەوەیی زانی. کە ئیستا بۆتە جێگای ئافەرینی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و جهانی پیشکەوتوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

## بڕگەی شەشەم:

لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی سارد دا، تەنیا ڕێگایەک کە دەنگی خەباتی ڕزگاریخوازی و مافویستیی نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک ڕەمزی خۆڕاگری و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی بە گوێی جیهان دەگەیاند، خەباتی چەکداری بوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسیی و هێڵەگشتییەکانی خۆیدا، خەباتی چەکداری وەک تاکتیکێکی خەبات چاو لێ کردوە، بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی بڕیاردەری تاران، بە مەبەستی ناچارکردنیان بە هەڵبژاردنی ڕێگای دیالۆگ و وتووێژ، بۆ چارەسەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژ و چەسپاندنی بنەماکانی دێموکراسی لە یاسایی بنەڕەتی ئێراندا بووە. بۆیە لە سەردەمی ئێستاشدا کە چەمکەکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، خەباتی شار و شەقام و ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەری، تەوەر و میحوەری سەرەکی باس و خواستەکانە گەلانی ئێران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و کوردستان وەک پێشەنگی خەباتی شار بۆتە چاو و چرا گەلانی ئێران، سەر چاوەگرتوو لە باوەڕمەندبوون و واقیعبین بوون لە سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە. ئێستا کە باوەڕمەندبوون بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی شار بۆتە فەرهەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی و نەتەوایەتی گەلانی ئێران، بۆ مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیانە، دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە کاتی دامەزرانی تا ئێستا دووربینترین، واقیعبینترین، پێشکەوتنخوازترین و مودێرنترین حیزب سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئیرانە بووە کە باوەڕی قوڵی بە خەباتی مەدەنی، شار و شەقام هەیە و هەبووە. هەر بۆیە ئێستاش پاش ٧٩ ساڵ خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی، ڕێباز و قوتابخانەی چوارچرا نەک هەر تۆزی کۆنبوونی لێ نەنیشتووە، بەڵکوو وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دەدرەوشێتەوە و وەک گونجاوترین ڕێبازی ڕێگای ڕزگاریخوازیی بۆ نەوەی نوێ شۆڕشی ژینا و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گورەپانی خەباتدا دەرکەوتوە.

٢٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# گەشتێکی من




**هەتاو دێموکرات**

**دەستپێکی سەفەرم لووتکەی چیایەکی سەرکەش بوو.**

لە وەرزی تێکۆشاندا دەستم خستبووە بینی ڕەشەبایەکی بەهێز و دڕ بە وێنەی گورگ دەیلووراند، کە گەیشتینە دەشتێکی کەسک و بەرین لەژێر دەستم ماڵی ببوو. دەنگی گورگئاسای گۆڕا بە شمشاڵی فێرگەیەکی خۆشەویستی و من دادەبەزم خۆ لە شەونمی بەربەیانی چارەنووسێک وەردەدەم. لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکەم کازێوەی شۆڕش پێشبڕکێمانە، کێ زووتر بگاتە سەر سینگی مەزرای خەبات، لە کۆتاییدا یاخی دەبم بە سواری پرچی زێڕینی هەتاوی ئازادی پێش کازێوە دەستم دەگاتە نێو مەزرای ئەودیو زیندانی دەروونم، بیرەوەرییەکان کۆدەکەمەوە دەیانکەمە هۆنراوە پاشان ڕستە ڕستە ئەیانکەم بە دەمی نفەنگێکی تووڕەدا هەر لەگەڵیان دەدوێم تا ئەوکاتەی زریانیش دێت و گوڵەگەنم شانە دەکا و کەمێک باڵای ئازادی دەردەکەوێ بۆیە من و بیرەوەری دەبینەوە بە هاوڕێی شەپۆلێکی گەڕاوە لە شەڕی زەریایێکی بێبەزەیی.

پاشان ئەو جێژوانەیش بەجێ دێڵم، دەنگێ دەمبات بەرەو کوێستان. زۆر لەمێژە ئەو دەنگە ئاواتی منە دەنگی بێری کچی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

ڕەشماڵی تۆڵەیە لە بانەمەڕی نیشتمان شیری ورە بۆ خاکیپۆشان دەدۆشن بەڵێ تینووی ئەو ورەیەم بۆیە منیش بە وێنەی شەماڵێکی شێت هەڵدەکشێم و پێش لاوەکان دەکەومەوە کە بە حەسرەتەوە هاتوون لەوێ جێژوانی ڕاپەڕین بگرن. ماچی لێوی پیاڵەی شیری سەنگەری شاخ و دەست لە گەردنی چەپکەگوڵی بەرگری و حەزی بە فراوی سەرکەوتن کپ و کڕ و ماتم دەکا. چاوم دەکاتە جووتێ باڵ بەرەو ڕوومەتی تێکۆشان هەڵدەفڕێ و دەکەوێتە داوی ئەگریجەی ئەویندارێکی کوردستان، لەوێ کەمێ ئارام دەگرێ و ڕادەچڵەکێم تا خاوەنی جێژوان دەگاتێ پڕ بە حەزی چاوی ئەوین لێرەش بوخچەی بیرەوەرییەکەم پڕ دەکەم، سواری ئەسپی هەورازی سەرکەوتن دەبم بەرەو ڕووباری خۆبەخشی گل دەبمەوە.

ئەرێ ڕووبار جێم مەهێڵە جێگایەکی چۆڵت هەیە من دانیشم یا هیچ نەبێ ڕێگەم بدە دەست لە ملی خوڕەی تاڤگەیێکی یاخیت بکەم، جێم مەهێڵە لەو قەڵپەزە ڕەشهەڵگەڕاوانەی ئەوێ دەربازم کە، لای تۆش کەمێ بە وەفا هەگبە پڕ دەکەم. ڕووبار دەڵێی پەلەت نییە هێندە هێمن لێدەخوڕی هەستی لانکەی خەمێکی دێرینی خۆمم پێدەبەخشی، نەمدەیتە باوەشی زەلکاو من دڵنیام خەوی مەرگ دەمباتەوە. کرژ برۆ من ڕێبوارێکی بزێوم، لەو نزارە کە زۆرتر لە ڕابردوو دەچێ پرچی شۆڕەبییەکی مێژوو وەردەگرم دەیهۆنمەوە هەتاوەکوو دەیکەم بە قامچییەکی بەرخۆدان لەپێش چاوی نەرمی هەوری یەکسانی چەند قامچییەک لەسەر پشتی ڕووبار خۆبەخشی دەدەم: کرژ برۆ کرژ برۆ دەمهەوێ خۆم پەرە سێلکەی هەواڵێکی ئازادی بم، دەمهەوێ پێش قالاوەکانی خێڵی شکست بگەینەوە ئاوەدانی من ئەسپاردەیەکم پێیە تۆ نایزانی بۆیە دەڵێم کرژ برۆ با بگەینە قوتابخانەی سەرەتایی ئەم خەباتە. پێش ئەوەی نەزانی لەوێ بەرگی کۆیلەکان لەبەرکا و بیێتە کوێخای گۆڕەپان، دەمهەوێ خۆم دەرگای پۆلی ئەو خوێندنگەیە والا کەم. تۆ ناناسی من ئەسپاردەیەکم پێیە با بیدەمە خاوەنەکەی من پێنووس و چەکی دەستی تێکۆشەرێکی کوردم لە هزری خۆم هەڵگرتووە، با بیدەمەوە بە خۆیان با بمنووسن لە تۆماری مێژوویەکی پڕ لە هەوراز.

**من دڵنیام لە هەر لاپەڕەیەک دامنێن جێگام دەبێ ، لەبەر ئەوەی من پێشمەرگەم.**

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ، ڕەچەشکێنانی قۆناغی نوێی خەباتی پێشمەرگانەی گەلەکەمان




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

له ١٦ ساڵەی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ (شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری)دا سەری ڕێز و پێزانین بۆ گەورەیی و چاونەترسییان دادەنوێنم، ئافەرین و سەدان ئافەرین بۆ ئەو پۆلە پێشمەرگە خۆنەویستانەی بە حزووری پێشمەرگانەیان زەندەقی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان برد و بوونە مۆمی داگیرساوی شەوی تار و بوونە گوڵی دەستی ئەویندارانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و ڕچەی قۆناغێکی نوێی خەباتی سەروەریخوازییان بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان شکاند.

ئەمساڵ ٧٩ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕی، حیزبێک کە خاوەنی هەشت دەیە لە خەبات و تێکۆشانە بۆ ڕزگاری گەلەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم حیزبە لە ماوەی نیزیک هەشت دەیە تێکۆشانی خۆیدا، هەوراز و نشێوی زۆری بڕیون و قۆناخە جۆراوجۆرەکانی خەباتی بە سەربەرزی و شانازییەوە تێپەڕاندوە و لە پێناو ئازادی و ڕزگاری گەلدا بە هەزاران شەهیدی سوورخەڵاتی پێشکەش بە بارەگای گەل و نیشتمان کردوە. هەر لە درێژەی ئەو خەبات و خۆڕاگرییە پڕشکۆیەدا و لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧دا، پۆلێک لە کادر و پێشمەرگە گیانلەسەر دەستەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبی دێموکرات بە فەرماندەیی پارتیزانی لێزان و خۆشناو هەمزە سارتکەیی، بەرەو شوێنی خەباتی ڕاستەقینەی خۆیان، بۆ قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوتن. ئەو دەستە لە کادر و پێشمەرگەکان دوای ساڵانێک دووری لە نیشتمان و بە حزووری پێشمەرگانەیان و، بە هیممەتی چیائاسای خۆیان شەوەزەنگی بێدادیی ڕێژیمی ئێرانیان دڕ دا.

هەمزە سارتکەیی وەک کادر و فەرماندەیەکی دیاری حیزبی دێموکرات، بە هاوڕێیەتی پۆلێک پێشمەرگەی فیداکار سەرەڕای مەترسییەکانی سەر ڕێگا و سنووری دەستکردی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانییان کەژ و کێو و ڕووبار و چۆم و هەورازەکان ببڕن و خۆیان بگەیەننە باوەش و ئامێزی گەرمی خەڵکی ناوچەکانی سەردەشت، ڕەبەت و مەهاباد و بە بوونیان چەخماخەی شۆڕشێکی نوێی دیکە لێ بدەن و ببنە مزگێنیدەری هەڵگیرسانەوەی خەبات و تێکۆشان لە گوند و شارەکانی کوردستان.

ئەو پۆلە ئەستێرە گەشەی نێو شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان زۆر زوو توانییان بە سەردان و دیدارەکانیان پەیامی شۆڕش و ڕزگاری و پەیامی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەیەننە خەڵکی تامەزرۆی ئازادی کوردستان و بە لێزانی و شارەزایی خۆیان دیدارەکانیان لەگەڵ خەڵکی گوندەکان، لە هەوار و مەزراکان و لە نێو باخ و کوێستان و ڕەزەکاندا نوێ بکەنەوە. حزوور و بوونی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە دوای ساڵانێک دابڕان و نەچوونەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەورە بریسکە نەک هەر لە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت بەڵکوو لە هەموو کوردستان و ئێراندا دەنگی دایەوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی لە مەیداندابوونی هێزی پێشمەرگە و دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان بوو بە هۆی ئەوە کە پۆل پۆل خەڵکی تامەزرۆی دیدار لەگەڵ پێشمەرگە خۆ بگەیەننە نێو باخ و کوێستان و ئەو شوێنانەی بۆنی حزووری پێشمەرگەی لێ دەهات. ئەگەر لەلایەک خەڵک بە دیتنی پێشمەرگەکانی شاییان لە دڵدا دەگەڕا، لە لایەکی دیکەوە بە بوونی سەدان مۆڵگە، پادگان، بنکەی سیخوری و جاشخانە مەترسی لەسەر گیانی پێشمەرگەکانیش هەبوو و لە هەمان کاتدا ترس و خۆفی زۆری لە دڵی ترسنۆکانی ڕژێمی تاران خستبوو، هەر بۆیە ڕژێم بە ناردنی هێزی زۆر و هەروەها وەگەڕ خستنی شەیتان و شۆڤار و جاش و جاسووسەکانی کەوتە پیلان دارشتن بۆ ئەوەی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لە داو بخەن.

پارتیزانە چەک لە شانەکانی حیزبی دێموکرات بە وریایی و وشیاری خۆیان و بە هاوکاریی دۆست و لایەنگر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات، جەولەیەکی سیاسی و تەشکیلاتیی زۆر بەهێزیان لە نێو جەرگەی ناوچەدا لێدا و ئەوەندەی کە پێویست



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بوو، بۆ ئەوەی لە داوی هێزەکانی ڕژێم نەکەون، هەڵسووڕانەکانی خۆیان سنووردار کردبوو. پارتیزانەکانی دێموکرات، لە گوندەکان و لە مزگەوتەکان، لەسەر جادەی نێوان شار و گوندەکان بۆ موسافیر و ڕێبوار و هەموو ئەو کەسانەی کە تووشیان دەبوون، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و کردەوە قێزەونەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بۆ ڕوون دەکردنەوە و بە دیدار و بە وتەکانیان خەڵکیان زیاتر لە دەوری خۆیان کۆ دەکردەوە. فیلمەکانی بەشی ڕاگەیاندنی حیزب لەم جەولەیەدا نیشان دەدا کە گەورە و بچووک، ژن و پیاوان و کوڕ و کچانی کوردستان بە سروودی "هاتنەوە، هاتنەوە، پێشمەرگانی دێموکرات" و بە سروودی "وا هاتن پێشمەرگەی مە" پێشوازیی گەرمیان لە ڕۆڵەکانی خۆیان دەکرد.

پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە سێ حەوتوو مانەوەیاندا، بە چوونەسەر جادەی ئەسڵیی نێوان شارەکانی سەردەشت، ڕەبەت، بانە، مەهاباد و پیرانشار لەژێر گۆشار و هێرشی جۆراوجۆری ڕێژێمدا، سەلماندیان کە دەتوانن لە هەموو قۆناخێکدا هەنگاوەکانیان بۆ ڕزگاریی کوردستان پتەوتر بکەن، ئیرادەی بەرزی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە، بەرپرسانی سەرووی ڕێژیمی ئێرانی هێنابووە سەرخەت و ڕێژیم لە ڕێگەی هەوایی و عەرزییەوە لە ڕێگەی خۆفرۆش و جاش و خائینانەوە پێوشوێنی پێشمەرگەکان کەوتبوو، و پیلانێکی ڕەشیان بەدەستەوە بوو.

پێشمەرگەکان بڕیار دەدەن بۆ جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ بگەڕێنەوە لای هاوڕێیانیان لە دەفتەری سیاسی و بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە. دوژمنی داخ لە دڵ و ترسنۆک کە هێز و وورەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگەیە نەبوو، لە بیری داڕشتنی لەداوخستنی فەرماندە باڵابەرزەکەی دێموکرات و هاوڕێیانیدا بوو. تیمی پێشمەرگەکان ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژ لە ناوچەی ڕەبەت ڕا، ئەو شوێنەی کە بە سەدان جار هەمزە سارتکەیی و هاوڕێیانی لمبۆزی دوژمنیان لە خۆڵ وەردا بوو، بەرەو ناوچەی سەردەشت کەتبوونە ڕێ، بەڵام بەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژ لە نزیک گوندی گردێنە لە ناوچەی سەردەشت کەوتنە بۆسەی شەوپەرەست و جاش و خائینانی خۆفرۆش و لە تێکهەڵچوونێکی کورتدا مخابن کاک هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

شەهید هەمزە سارتکەیی و هاوڕێیانی بە خوێنی سوور و گەشی خۆیان پەیامی هەستانەوەی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی کوردیان بە گوێی ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا چیاند و دوای زیاتر لە دە ساڵ دابڕانی حزووری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوان بوونە یەکەم مەشخەڵی دەستی لاوانی کورد.

شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهیدانی مانگی گەلاوێژ و شەهیدانی هەستانەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بوون و دواتر هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهیدان دەیان جەولەی سیاسی و نیزامی و تەشکیلاتی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

دیکەیـان هەر لە خـواروی کوردستان تـا سـەرووی کوردسـتان بەڕێـوە بـرد و زۆر گەلەئەسـتێرەی دیـکەش هەر لە سـنە و کرماشانەوە بگرە تا سەقزی خوێناوی و شنۆی شەهیدان و سەردەشت و ڕەبەت و پیرانشـار و مەهابـاد ڕاخوشین و بە خـوێنی خۆیان ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان واڵاتر کرد.

سڵاو لە شەهیدانی کورد و کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی

ڕووڕەشی بۆ جاش و خائین و خۆفرۆشان

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب




٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، هاوکاتە لەگەڵ ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک). دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەر چەند مانگ دوای ڕاگەیاندنی، کۆماری کوردستانی بە سەرکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد بنیات نا، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و مودێڕن لە بزووتنەوەی سیاسی _ نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە .

دەسکەوت و میراتە مەعنەوییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان وەک گوتاری نەتەوەیی، شوناسخوازیی نەتەوەیی، دانانی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و، پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک سوپای نیشتمانی بوون بە خاڵگۆڕانی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و، کاریگەرییەکی وەها قووڵی لەسەر بزووتنەوی سیاسیی کورد دانا کە پاش ٧٩ ساڵ، ئێستاش ئیلهامدەری خەباتی ئازادیخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ٧٩ ساڵ لە تێکۆشانی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و سەرخستنی خەباتی کورد گەلێک قۆناغی دژوار و ئاستەمی بڕیون. لە کاتی سەرکەوتنەکانیدا لەخۆبایی نەبووە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و، بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی درووست و، پشتبەستن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لێبڕاوبوونی لە درێژەدان بە خەبات و ڕەسالەتی مێژوویی خۆی، بەسەر خەسار و دۆخە قەیرانەکاندا زاڵ بووە و لە کاتی تەنگانە و شکستەکامیشدا قەت دەستی هیوای بەرنەداوە.

لە ئاکامی سیاسەتی سیستماتیکی سەرکوت و دژیگەلیانەی هەردوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا کە هەمیشە بە چاوی ئەمنیەتییەوە لە پرسی کوردیان ڕوانیوە، حیزبی دێموکرات لەو ماوەیەدا زۆرترین تێچووی لە پێناو وەدیهێنانی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستاندا داوە. ئەگەر لە لایەک لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و تیرۆری دوو ڕێبەری گەورەی دیکەی ئەم حیزبە، شەهیدان؛ قاسملوو و شەرەفکەندی و شەهیدبوونی بەهەزاران کادر و پێشمەرگە و تیرۆری سەدان تێکۆشەر و هێرشی مووشەکیی بۆ سەر حیزب، بە مانای ئەوپەڕی دژایەتیی ئەم دوو نیزامە لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بووە، لەلایەکی دیکەوە دەرخەری ڕەوابوونی بزووتنەوەیەکە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هێز و قورسایی و بە پشتقایمبوون بە هێز و ئیرادەی گەل، ڕێبەرایەتیی کردوە و لێی بەردەوامە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی پاشخانێکی مەزن و پڕ لە شانازیی خەباتکارانە لە هەموو بەستێنەکان بەتایبەت و سیاسی و پێشمەرگانەیە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا کە هەم لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هێرشی مووشەکی و درۆنیی کرایە سەر و هەوڵی بەرتەسکردنەوەی تێکۆشانی درا و، هەم لەلایەن ڕەوتێکی تەواویەتخواز لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتدا هەوڵی بەلاڕێدا بردنی نێوەڕۆکی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران و شەڕی گوتاری لەدژی ماهییەتی بزووتنەوەی کوردستان دەکرد، توانی ژیرانە و لە هەمان کاتدا لێبڕاوانە، ڕەسالەتی مێژوویی خۆی لەسەر ئەساسی بەرگری لە مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و سووربوونی لەسەر درێژەدان بە خەبات بەڕێوە بەرێ و ڕووبەڕووی پیلانی جۆراوجۆری نەیاران بێتەوە.

نفووز و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ئاستی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و نەتەوەکان و لە هەموو گرینگتر لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەی سەندوە و قووڵتر بۆتەوە. هەوڵە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئالترناتیڤسازی و هەوڵەکان بۆ داڕشتنی پلاتفۆرم و بەرنامە بۆ چۆنیەتی داڕشتنەوەی ئێرانی داهاتوو دەریخست کە بەبێ ئەولەویەتدان بە پرسی کورد و قورسایی و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیمکانی پێکهاتنی هەر پلاتفۆرمێکی دڵخواز و وڵامدەر بۆ ئێرانی داهاتوو لاوازە. پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستی بایکۆت و تەحریمی هەردوو بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی (لە ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢) و سەرۆککۆماری (لە ٨ و ١٥ی پووشپەڕی ئەمساڵ) و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بانگەواز بۆ نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان و، هەروەها ڕەفتار و هەڵوێست و پەیامەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ نیشانیان دا کە هەڵوێست و گوتاری ئەم حیزبە لە کردار و هەڵوێستی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەواریدا ڕەنگدانەوەی "عەینی"یان هەیە و خەڵکی کوردستان هەر وەک هەمیشە حیزبی دێموکرات بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خەباتی نەتەوایەتیی خۆیان دەزانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ بزووتنەوەی ژینا و بەشداریی جەماوەریی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە بزووتنەوەی نوێی گەلەکەماندا، ڕۆڵی ژنان و لاوان، قوتابیان و خوێندکاران، مامۆستایانی قوتابخانە و ئایینی، بازاڕییان و دووکانداران و سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مەدەنی بەرز دەنرخێنێ و پشتیوانیی خۆی لە خەباتی جەماوەری لە کوردستانی ئێران دووپات دەکاتەوە. هەروەک لە یەکێک لە دەقە ڕەسمی و پەسەندکراوەکانی ڕێبەریی حیزبدا هاتووە؛ "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانیی لە خەبات و پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و ئێران بە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات و ڕەسالەتە مێژووییەکەی خۆی دەزانێت. بۆیە لەگەڵ بەئامانجگرتنی کۆی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی پتری خەباتی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامیی لە هەوڵەکانی بۆ درووستکردنی هاوپێوەندیی زیاتر لەگەڵ نەتەوە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران دەدات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی خەبات بە پێی دۆخ و هەلومەرج، پشتیوانی لە مێتۆدە مەدەنییەکانی خەبات بە مەبەستی هەرچی زیاتر بەجەماوەریکردنی بزووتنەوەی سیاسی – نەتەوەیی کورد لە ئێران دەکات."

هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە یادی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب، جێی خۆیەتی یادی ڕووداوێکی دیکەی ژیانی حیزبەکەمان بکەینەوە کە دوو ساڵ پێش ئێستا و هەر لەم مانگەدا وەک لاپەڕەیەکی پڕ دەسکەوت لە مێژوودا تۆمار کرا. ئەویش یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات بوو کە بە "یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان" ناودێر کرا.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دوای ١٦ ساڵ لێکدابڕان لە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی و لە ئاکامی پرۆسەیەکی پڕ لە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و بەهێند وەرگرتنی ویستی خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی حیزب گەیشتە ئەنجام کە بەخۆشییەوە بووە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بووە فاکتەرێکی بەهێز بۆ شوێندانەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیشدا. وەک چۆن لە شۆڕشی ژیناشدا بینیمان کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە چ ئاستێکدا متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشان دایەوە و هەروەها ئەو شوێندانەری و کاریگەرییە بە چ شێوەیەک کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تۆڵەسەندنەوە لە حیزبی دێموکرات پاڵ پێوە نا.

ئێستا کە یادی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب بەرز ڕادەگرین، بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب پەیمان نوێ دەکەینەوە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەڵێنجراو لە ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە و لە پێناوی وەدیهێنانیاندا بە هەزاران کەس لە ڕێبەری، کادرو پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب گیانیان بۆ فیداکردوە، درێژەدەری ئەم ڕێگایە بین.

لە کۆتاییدا بە بۆنەی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سڵاو دەنێرین بۆ یاد و ناوی دامەزرێنەری حیزب، پێشەوا قازی محەممەد، شەهیدانی ڕێبەر، بەتایبەت شەهیدان د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، و د. سەعید شەرەفکەندی، شەهیدانی نیزیک بە ٨٠ ساڵ تێکۆشان و خەباتی نەپساوەی ئەم حیزبە و بنەماڵە بەڕێزەکانیان و هەموو تێکۆشەرانی ئەم ڕێبازە و، هەروەها ئەندامانی حیزب، سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەکانی کوردستان کە بە فیداکاری، ئەرکوەخۆگری و پشتیوانیی بێدرێغیان یارمەتیی بڕینی ڕێگە هەڵەموت و قۆناغە سەختەکانی ژیان و خەباتی حیزبی دێموکراتیان داوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەڕ و ئاشتی و پڕەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا




**عەلی بداغی**

لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆر بەڕوونی ئامانج و خولیا و، هاوکات پلان و بەرنامەکانی دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە فۆرمولە کراون. لەم مەرامنامەیەدا وەدیهێنانی مافەکانی کورد و پارێزگاری کردن لەو مافانە بە ئامانجی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات داندراوە. لەو مەرامنامەیەدا زۆر بەڕوونی هاتوە کە حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نییە و دەخوازێ لە ڕێگەی هێمنانەوە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ئێراندا وەدی بێن و دێموکراسی هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا سەقامگیر ببێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی ئەم پڕەنسیپە پێشکەوتووانەیەی ئاوێتە بە باوەڕی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کردوە. "هێمن"، شاعیری میلیی کۆماری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی ئەم حیزبە ڕاست لە کاتێکدا کە سوپای جەهل و تاریکی هێرشی هێناوەتە سەر کوردستان و خۆی گوتەنی "قەڵتوبڕی خستە سنە"، بەمجۆرە ئەم پرەنسیپەی حیزب لەتوێی شێعرێکدا دادەڕێژێ:

**"لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ

بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ

ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟"

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرروودا بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٩ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای دامەزرێنەری، لە تیرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ برگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆر بە تیرۆر وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە مووشەک لێی درا، بەڵام وازی لە پرەنسیپی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد لە ئێران نەهێنا و نەیهێشت ڕێژیم باوەڕ بە بایەخ و مەرامە جیهانگیرەکانی لەدەست دەربێنێ.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی -بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتیک هەلی وتوویژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کورستان دەستەبەر بن و شەڕ و نائارامی وماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانی بەهێز و، مەتەرێزی بەرگری لە خاک و نیشتمانی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئـاوەدان ڕاگرتـوە. هاوكـات زەبـری وەهـای لە دوژمـن داوە كە تاسـاوە، بـۆ نمـوونە خـومەینی بەر لەوەی جـامە ژارە بەناوبانگەكەی لە ساڵی ٦٧ی هەتاویدا هەڵبدا، ئەم جامە ژارەی لە هـاوینی ٥٨ دا و لە شەڕی سێ مـانگە و لە سۆنگەی ئازایەتیی پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكراتدا فڕ كردبوو.

شـانازییەكانی ئەم حیـزبە لە ڕەوتـی بەرگریـی ڕەوای و قۆناغەكـانی مێـژووی خوێناوییـدا گەلێـک زۆرن. حیزبـی دێمـوكرات پێشـتر و لە سـاڵەكانی ٤٦ و٤٧دا بە فیـداكاری و لەخۆبـوردوویی ڕێـبەری و كـادر و پێشـمەرگەكانی، گـۆمی مەنـدی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمـار كردبـوو كە بە نرخـی ئێعـدامی ڕێبەرانـی و زینـدان و ئەشـكنجە و ئـاوارەیی و دوورەوڵاتیـی كـادر و پێشـمەرگە و ئەنـدامەكانی وەسەر یەكی نـابوو. حیزبـی دێموكرات دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە كاتێكدا بە سیاسەتی واقعبینـانە و هەڵوێسـتە ڕوون و بوێرەكـانی بەشـداریی چالاكـانەی لە ڕووخانـدنی ڕێژیمـی پاشـایەتیدا كردبـوو، بە نیازپاكییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند كەوتە مامەڵەوە. حیزبی دێموكرات كە هەرچەند مانگ دوای ئاشكراكردنەوەی تێكۆشانی لە نێوخۆی وڵات لە حیزبێكی سەدان كەسییەوە ببووە خاوەنی هەزاران پێشمەرگە و سەدان هەزار ئەندام و لایەنگر لە كوردسـتاندا، بەنیسبەت چارەنووسی خەڵكی كوردسـتانەوە ئەرک و بەرپرسـایەتییەكی زۆری لەسـەر شـانی خـۆی هەسـت پێدەكرد. هاوكات كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانیش هەر هەمان چاوەڕوانییان لە ڕێبەریی حیزبی دێموكرات بوو.

حیزبی دێموكرات سەرەتا پێیوابوو ڕێژیمی نوێ كە بەرهەمی ڕاپەڕین و فیداكاری و خوێندانی خەڵكی ئێران دژی ڕێژیمێكی سەركوتكەر و داپڵۆسێنەرە، بێشك دان بە مافەكانی گەلی كورد كە خەباتێكی دوورودرێژی لەدژی ڕێژیمـی پاشـایەتی كـردوە و دەیان ساڵ بە دەستی ئەم ڕێژیمە غەددارەوە چەوساوەتەوە، دادەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا كە بەهـۆی تیژبینیـی ڕێبەرانـی حیـزبەوە زۆر زوو جەوهەری ئینتیمـا و بیركردنەوەكـانی ڕێژیمـی بـۆ دەركەوتبـوو و ڕێفرانـدۆمی كۆمـاری ئیسـلامیی بـایكۆت كردبوو؛ بەڵام دیسانەكەش هەموو هەوڵی ئەوە بـوو بە سیاسـەتی سـازان و مەدارا پێش بە هەڵگیرسـانی شـەڕ لە كوردستان بگرێ و لە كەشێكی سیاسی و ناتوندوتیژدا بۆ مافە نەتەوایەتییەكانی كورد لە ئێرانی نوێدا تێبكۆشێ. هەڵبەت سیاسـەتی وتووێژ وەک پرەنسیپێک زۆر پێشتر لەو سەردەمە و لە كاتی كۆماری كوردستـاندا لە حیزبی دێموكرات و لای ڕێبەرانی ئەم حیزبە نهادینە بـوو، وەک چۆن كـاتی خـۆی پێشـەوای شـەهید چەنـد جـار سـەردانی تـاران كـرد و لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمـی پاشایەتی كەوتبووە دانوستانەوە، بۆوەی ناكۆكییەكان دوور گرژی و شەڕ و لێكدان چارەسەر بن.

لەو بارودۆخەشدا حیزبی دێموكرات لە ڕێگەی سەردان و ناردنی شاندی دانوستانكار، لە ڕێگەی نووسینی نـامەی سـەرئاوەڵا و نامەی نهێنی بۆ كاربەدەستانی ڕێژیمی نوێ، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ڕێگە لە ڕوودانـی شـەڕ و میلیتـاریزە كردنـی كوردستان


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بگرێ، تا ئەو ڕادەیەی کە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری چەپ و مارکسیستی حیزب "لبیک" بۆ خومەینی، ڕێبەری ئایینی و دوگمی ڕێژیم بنێرێ. یان تا ئەو جێیە لە مەدارا و ددان بە جەرگداگرتن بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان چووە پێش کە لەلایەن هیندێک ڕێکخراوە سیاسیی کەمئەزموونی کرچوکاڵەوە بە "سازشکار"ی دابندرێ و دروشمی "بمرێ"ی لەدژی بەرز بکرێتەوە! بەڵام کاتێک شەڕ دەرگای بە کوردستان گرت و زۆر لەو ڕێکخراوانەی هەتا پێش ئەوە حیزبی دێموکراتیان بە سازشکار دەزانی و خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین و شەڕ لەدژی ڕێژیم هان دەدا لەپڕ لە مەیداندا نەمان، ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە باری قورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە بست بە بست و شوێنشوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات ئاوێنەی باڵانوێنی هەموو ئەم ڕاستییانەن کە پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتوویژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەستیشی بۆ چەک برد، بەرگریی چەکدارانەی ئەگەر لەلایەک لە پێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و دیفاع لە کەرامەت و هۆوییەتی گەل بوو، هاوکات چەکێک بوو بە مەبەستی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ وتوویژ. بە واتایەکی دی "شەڕ"یشی هەر بۆ "ئاشتی" کردوە. وەک چۆن د. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٥ دا بەڕوونی دەڵێ: "شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە شەڕە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و دواجار شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە".

ئەم شەڕە (لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران) کە تا ئێستاش لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە، تێچووی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بووە. لە ڕەوتی ئەم شەڕەدا زیاتر لە ٥ هەزار پێشمەرگەی حیزب لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاریدا شەهید بوون. جێی سەرنج ئەوە کە لە نێو شەهیدەکاندا ٤٤ کەسیان ئەندامی ڕێبەری و ٣٦ کەسیان لە فەرماندەرانی هێزەکانی پێشمەرگە و ١٦٠ کەسیان فەرماندەر و جێگری لک و زیاتر لە ٤٥٠ شەهیدیان کادری سیاسی بوون. بەو مانایە کە هیچ حیزبێکی کوردی نییە ئەوەندە ڕێبەر و کەسایەتیی ئاستبەرزی لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاری لەگەڵ ڕێژیمدا


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەدەست دابێ. لە لایەکی دیکەوە زیاتر لە ٣٦٠ ئەندامی ئەم حیزبە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە دار دراون، و زیاتر لە ٣٢٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون. بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە خەسارە گیانییە قورسەدا، حیزبی دێموکرات ئێعدامی بە ئێعدام و تیرۆری بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە. پێچەوانە لە ڕەوتی بەرگریی چەکداریی حیزبدا بە هەزاران دیلی شەڕی ئازاد کردوە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەی قوربانیی سەرەکیی دەستی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی تۆکمەترین هێزی نیزامی و پێشمەرگە لە کوردستان بووە، بەڵام نەک هەر دەستی بۆ کردەوەی هاوشێوە لە دژی ڕێژیم نەبردوە؛ بەڵکوو ئەم کردەوەیەی لە هەر فۆرم و شکلێک و لە هەر شوێنێکی دنیا و بۆ هەر مەبەستێکیش کرابێ، مەحکووم کردوە. ئەمەش لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و ئەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێبەرانی ئاست بەرزی حیزب وەک سامانێکی مەعنەوەی بۆ جووڵانەوەی کورد چێیان کردوە. وەک چۆن د. قاسملووی نەمر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تێرۆر نییە [...] تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرامبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وەڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت."

وەک لە دێڕەکانی پێشوودا بە کورتی باس کرا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هیچ هەل و دەرفەتێکی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران لە کیس نەداوە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بوون کە قەت گوێیان بە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات نەبزووت. ئەمەش وایکرد کە ئەم حیزبە ناچار بێ لە فۆڕمەکانی دیکەی خەباتدا بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بێ. بەڵام ئەم حیزبە نەیدەتوانی ماوەی پتر لە حەوت دەیە لەو مەیدانەدا بمێنێتەوە ئەگەر پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی لەگەڵ نەبا. ئەم خەڵکەی کە لەگەڵ ئەوەدا زۆرترین فشار و توندوتیژی و سەرکوتی خوێناویی ڕێژیمیان لەسەر بووە، بەڵام پشتی حیزبەکەی خۆیان چۆڵ نەکردوە. هۆکاری ئەمەش بۆ باوەڕی قووڵ و متمانەیەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکرات و سیاسەتە واقعبینانەکانی دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبەی کە دەگەڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بووە بەڵام، ژیرانە و بەپرسانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی هەڵسەنگاندوە و سیاسەت و دروشمەکانی لاقیان لەسەر عەرز بووە. حیزبێک کە بایەخی بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ داوە و تێکۆشانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی وەک سەرمایەی بەنرخی خەبات و تێکۆشان سەیر کردوە.

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لەپێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووداناني بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و ... هتد.

لەولاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا چ بە زبری سەرکوت و سەرنێزە و چ لە ڕێگەی شەڕی نەرم و سایبێریی ئامبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە و لەو بەربەرەکانییەدا لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆیی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردوە. بەڵام تەنیا ئاسنی ساردکوتانی بۆ ماوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی نەتەوەیی و پرەنسیپە مۆدێرنە جیهانییەکانی وەها ئاوێتەی بیر و زەین و نەستی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە دابڕاندنیان لە یەکتر ئەمری مەحاڵە.

حیزبی دێموکرات کارەساتی زۆری بەسەر هاتوە. پێشەوای دامەزرێنەری لەدار دراوە، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دوو سکرتێری هەرە بەوەجی ئەم حیزبە تێرۆر کراوە، ڕێبەرییەکەی لە زێدی خۆی هەڵقەندراوە و تەنانەت لەو شوێنەش بە مووشک لێی دراوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان نەیتوانیوە هاوشێوەی ئەم بجووڵێتەوە و دەسکەوتەکانی دووپات بکاتەوە.

بۆ دوا وتە و ئاکامگیری لەو باسە باشترین شت گەڕانەوە بۆ چەند بڕیارێکی حیزب لە کۆنگرەکانی دایە، لەو جێگایەی دەڵێ باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتە. ئەگەرچی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لەبواری وتووێژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتووێژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

یان کە باسی دێموکڕاسی وەک یەکێک لە بایەخە گرینگەکانی نهادینەکراو لە حیزبدا دەکرێ، هاتوە کە دێموکراسی هەم وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکڕات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەرلەوکاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە. هەربۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە. هاوکات خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە.

٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لایەنگرانی پزشکیان دەستیان لە کونی هەمبانەکەوە دەرچوو



**مەنسور مروەتی**

ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژ کابینەی پێشنیاریی مەسعوودی پزشکیان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی لەلایەن سەرۆکی مەجلیسەوە خوێنرایەوە و بەپێی ئەو لیستەی خرایە ڕوو، یەکەم هەنگاوی ڕەئیسی لە پێکهێنانی کابینەکەیدا هەنگاوێکی زۆر لاواز بوو و تەنانەت نەیتوانی دڵی لایەنگرانی خۆشی ڕازی بکا. بەمجۆرە لەو بەڵێنانەی کە پزشکیان بە خەڵکی دابوو هەتا ئێستا جگە لە قەولی گوێڕایەڵی بە خامنەیی هیچیان وەدی نەهاتوون و لەوەناچێ بەلایاندا بڕوا.

سەرکۆماری تازە هەر لەسەرەتاوە دیار بوو کە بە ڕێککەوتنێکی نێوان ئیسلاحخوازەکان و ئوسوولگەراکان لە سندووقەکان هاتووەتە دەرێ و تەنانەت دوای سەرکەوتن و داوای بەشی لایەنەکانی نێودەسەڵات لە کابینەی داهاتوودا بێهزادی نەبەوی، کەسی دیاری نێو ئیسلاحخوازەکان بەئاشکرا گوتی، لێیگەڕێن، ئەو بۆ خۆشی قوربانییە. واتە هیچ دەسەڵاتێکی نییە و کابینەی داهاتوو و دەوڵەتی داهاتوو لە دەسەڵاتی ئەودا نابێ. پزشکیان هەر لە سەرەتاوە و لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا زۆر بە ڕوونی ئەیگوت کە لە خەتی ڕێبەری لا نادا و دواتریش لە یەکەم وتاری دوای سەرکەوتن گوتی، ئەگەر ڕێبەر نەبایە ئەو لە سندووقەکان نەدەهاتە دەرێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەموو ئەوانەی باس کرا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە لای خەڵک ئاشکرا بوو نە سەرکۆماری تازە لەوانەی پێشووتری خۆی شتێکی تازەی پێ دەبێ و نە کابینەکەی شتێکی سەیروسەمەرە دەبێ بۆ چاکسازی و باشتر کردنی ژیانی خەڵک، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەو بەڵێنانەی دابووی خراپ نییە وەبیری ئەو کەسانە بهێنرێنەوە کە تەماحی خۆیان لە دەسەڵات وای کردبوو بەجیددی هەوڵیان دا شکست بە بایکۆتی بەربڵاوی خەڵک بهێنن و بەهەر جۆرێک بووە خەڵک بهێننە سەر سندووقەکانی ڕەئیدان.

ئەوەی کە پزشکیان لە کاتی بانگەشەکاندا بەڵێنی دا گەشتی ئیرشاد کۆ بکاتەوە و کۆتایی بە سەپاندنی حیجابی ئیجباری بێنێ و فیلترینگ لابەرێ با جارێ بمێنێ، هەرچەند هەر ئێستا ڕوونە کە ئەوە لە توانای ئەودا نییە و ناکرێ و دانانی هەندێک کەس وەک وەزیر بۆ ئەو بوارانە ڕێک پێچەوانەی بەڵێنەکەیەتی؛ بەڵام هەر لە بنەڕەتڕا قەول و بەڵێنیەکانی بۆ پێکهاتەی کابینەی نوێ سەرنجڕاکێش بوو کە هیچیان نەهاتنە دی.

لە پێکهاتەی کابینە پێشنیارکراوەکەدا تەنیا یەک خاڵ بە ئاشکرا دیارە، ئەویش ئەوەیە هەموو وەزیرەکان بە ڕەزامەندیی خامنەیی و لە ژێر چاوەدێری ئەودا پێشنیار کراون. هیچکام لەو بەڵێنانەش کە دواتر لە شورای ڕاهبوردیی جەواد زەریفیش بۆ پێکهێنانی کابینەدا لەبەرچاو نەگیراون و کابینەکە کابینەییکی تەواو داخراو و ملکەچی ڕێبەرن.

خامنەیی چەندین جار گوتی ئەم کابینەیە دەبێ کابینەیەک بێ لە چەشنی کابینەکەی برایمی ڕەئیسی و ئەلحەق کە چاوی لێ دەکەی شتێکی وەهایە. جارێ لە پێشدا سێ کەس لە وەزیرەکان هەمان ئەوانەی دەوڵەتی ڕەئیسین و جیا لەوەش ئەمە یەکەم جارە سەرکۆمار لە دیاریکردنی کەسەکاندا پرس بە ناوەندە ئیتلاعاتی و چاوەدێرییەکان دەکا. هیچ کام لە وەزیرە پێشنیارییەکان لە کەسە دیارەکانی نێو ئیسلاحخوازەکانیش نین کە خودی پزشکیان کاندیدای ئەوان بوو.

هەروەها بڕیار بوو لە سەتا بیستی کابینەکە لە ژنان پێک بێ، کەچی تەنیا یەک ژنی تێدایە و ئەویش لە لایەنی ئوسوڵگەراکانە.

سیاسەتی دەرەوەش کە لەژێر دەسەڵات و چاوەدێریی ڕێبەری دایە و بەم وەزیرە پێشنیارییە یان هەر کەسێکی دیکە لەوە ناچێ گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕوانین و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە دنیای نێودەوڵەتی بێتە ئاراوە.

بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش تر لەوانەی باس کرا، ئەو بەڵێنانەیە کە لە کاتی بانگەشەکاندا بە نەتەوە نافارسەکان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

سونی مەزهەبەکان درابوو. ئەم بابەتە گرینگترین بابەتێکی نێوخۆیی بوو کە لایەنگرانی پزشکیان باسیان دەکرد و بەڵێنیان بە خەڵک دەدا، کەچی لە کابینە پێشنیارییەکەدا، ئەم بابەتە بەهیچ جۆرێک لەبەرچاو نەگیراوە و بەلاشیدا نەچوون. لێردایە دەبێ لەو کەسانە کە بەڵێنی وەهایان بە خەڵک دەدا پرسیار بکرێ، کوا ئەو قەولانەی لە کاتی بانگەشەکاندا بە خەڵکتان دەدا؟

ئەگەرچی ئەم سەرکۆمارە بە کەمترین ڕێژەی دەنگدانی خەڵک بووەتە سەرکۆمار و ئەوەش بۆ خۆی خاڵێکی لاوازە بەڵام بۆ خۆشی کەسێکی لاواز و گوێڕایەڵە، لەم سۆنگەیەوە ئەی چلۆن دەکرێ بەو هەموو لایەنە تەماحکار و گەندەڵەی نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی سەرکۆمارێکی وەها لاواز و ناسیاسی بتوانێ گۆڕانێک لە دۆخی ئابووری خەڵکدا بکا. چونکە دۆخی ئێران و پێکهاتەی سیاسی ئەو ڕێژیمە ئابووریزانەکانی بە تەواوی خستووەتە پەراوێزەوە و ئەوەی ئابوورییەکەی بەدەستە هەمان گەندەڵە بەناو سیاسیەکانی نێو دەسەڵاتن کە دۆخی خەڵک و ئابووری ئێرانیان گەیاندووتە ئەم ڕۆژە.

بەو پێیەی باس کرا ژێریی سیاسی خەڵکی ئێران لە بایکۆتی هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتووی سەرەکیی مەیدانەکە بوو، دەنا ئەم دۆخە قەیراناوییەی کە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئاخوندی بەسەر ئێرانیان هێناوە، نە بەم مەسعوودی پزشکیانە و نە بە هیچ سەرکۆمارێکی نێو ئەم بازنە داخراوە چاک نابێ و تەنیا ڕێگای ڕزگاریی خەڵک لە گۆڕنان و تێکەوەپێچانی ئەم ڕێژیمەیە.

٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پەیامەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوونن



**هەردی سەلیمی**

"پزشکیان" هەر لە یەکەم ڕۆژی بەربژێرانیەوە لەسەر دوو تەوەری سەرەکیی بێبەرنامەیی و گوێڕایەڵیی خۆی بۆ "خامنەیی" جەختی دەکردەوە و ڕۆژێکیش دوای ئەوەی ناوی لە سنووق هاتە دەر، لەو بەناو سەرکەوتنەیدا خۆی بە قەرزباری خامنەیی زانی و ئەم پێزانینەش ئەو دوو کەسەی لێک نزیکتر کردەوە و پزشکیانی منەتبارتر کرد.

خامنەیی لە کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و پزشکیاندا، فەرمانی بە مەجلیس کرد کە زۆر زوو ڕێکخەری کارەکانی دەوڵەتی نوێ بن و دەنگی متمانە بە وەزیرە پێشنیارکراوەکانی پزشکیان بدرێ. لەوەیدا کە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا تایبەتمەندییەکانی کەسێکی بەرپرسیشی دەسنیشان کرد و دیاریی کرد دەبێ چۆن کەسێک بێ وا بەرپرسیارەتیی پێ دەدرێ، دیار بوو بەپێچەوانەی دەوڵەتانی پێشووتر کە خامنەیی هەر لە هەڵبژاردنی چەند وەزیرێکدا دەمی لە بابەتەکە وەردەدا، ئەمجارە لەسەر دانە بە دانەی وەزیرەکان تێبینیی ڕاستەوخۆی هەبووە.

بەپێچەوانەی دروشمەکان و هەروەها هاژەوگیڤەی دواتری "جەوادی زەریف" و ٤٥٠ بەناو کارناسی پرسە سیاسییەکان کە بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ماوەی سێ حەوتوو کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی بەوتەی ئەوان باشترین کەسەکان بۆ وەزارەتخانەکان پێشنیار بکەن، لە ئاکامدا دەرکەوت: نە ڕەگەز، نە تەمەن، نە نەتەوە و نە ئایینی کەسانی پێشنیارکراو هیچ ئیمتیازێکی نییە، بەڵکوو ئەوەی گوێڕایەڵی خامنەیی بێت سەرەنجام پۆستێکی وەک وەزارەتی پێ دەدرێ. کوردوتەنی: "زوڵم لە سکی خۆی ناکات" بۆیە خامنەیی هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕاشکاوی وتی کەسانێک کەوا ئاسۆی ڕوانینیان بەنسبەت کۆماری ئیسلامییەوە تەماوی و نائومێدانەیە، نابێ بەرپرسیارەتییان پێ بسپێررێ.

لە کاتی دەنگداندا پزشکیان باسی لە ڕێز و کەرامەتی ژنان کرد، ئەم لیستە پێشنیارکراوە تەنیا یەک ژنی تێدایە و ئەویش ئوسوولگەرایە و هیچ دڵنیاییەکیش نییە بۆ ئەوەی دەنگی متمانەی پێ بدرێ؛ لەگەڵ ئەوەش "محەممەدڕەزا عارف"، موعاونی پزشکیان لە لێدوانێکدا وتی کۆمەڵگەی ئێران لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەیی ڕێبەریی ژنان نییە و بەم شێوەیە ئاوێکی بە دەستی ئەوانەدا کرد وا لەم ڕووەوە خۆیان دڵخۆش کردبوو. هەر لە کاتی بانگەشەدا ناوی بەلووچ و کورد و سوننی لە دەمی پزشکیان دانەدەکەوت – کە بەحەق "جەلیلی" دەنگی دا و وتی بە ناوهێنانیان دەنگیان لێ وەرمەگرە، ئێستا یەک وەزیری پێشنیارکراویش سەر بە هیچ کام لەم کەمینە نەتەوەیی و ئایینییانە نین؛ ئەمەش بۆ ئیسلاحخوازانی حکوومەتیی کورد و بەلووچ و سوننی – گەر دەرس وەربگرن – پەیامێکی گرنگ بوو.

هەندێک کەس بۆیان گرنگ بوو شێوازێکی بەوتەی ئەوان گونجاوتر و نەرمتر لەلایەن دەوڵەتەوە بەرامبەر بە پرسی بێحیجابی بگیرێتە بەر، پزشکیان "ئەسکەندەری مومێنی"ــی پێشنیار کردووە بۆ وەزارەتی نێوخۆ، ئەم ئەسکەندەری مومێنییە یەکێک لە سەرکوتکەرانی ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی و یەکێک لە دژبەرە سەرەکییەکانی حیجابی ئێختیارییە. ئەمە وڵامی پزشکیان بۆ ئەو چاوەڕوانانەی ئەم بوارەش.

سێ وەزیری دەوڵەتی "ڕەئیسی" دیسان پێشنیار کراونەتەوە، یەکیان بە گۆڕینی وەزارەتخانەکەی، بەڵام دووانیان هەر داوا کراوە لە پۆستی خۆیاندا بیانهێڵنەوە. ئەم دوو وەزیرە پێشووە وەزیری "ئیتلاعات" و "دادگوستەری"ــی دەوڵەتی ڕەئیسی بوون. یانی ڕێک لە کاتێکدا کە بەرفراوانترین نارەزایەتیی دژی ڕێژیم لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕ نەبووە و سەرکوت و دەسبەسەرکردنی لەڕادەبەدەری بەدوادا بوو؛ داوا کراوە دوو لەو وەزیرە هەرە گرنگانەی وا بەشداری ڕاستەوخۆی گرتن و کوشتن و ئێعدام و پەروەندەسازین، لەسەر جێی خۆیان بمێننەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا ڕەنگە زیاترین نارەزایەتییەکان لەلایەن کرێکاران و مامۆستایانەوە بەڕێوە چووبێ، بۆ وەزارەتی پەروەردە وەزیرێکیان پێشنیار کردووە، کە تەنیا ئەزموونی لە بواری ئەمنیەتیدا هەیە؛ هەروەها وەزارەتەکانی پێوەندیدار



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

بە بـواری ئـابوورییەوە کە دەتـوانێ چەن وەزارەتخـانە لە خـۆ بگـرێ، بە کەسـانی ناکـارامە و نەناسـراو و بێئەزمـوون سپێرراوە.

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئەوە بوترێ کۆماری ئیسلامی دەنگی نـاڕەزایەتیی تونـدی خەڵکی بیسـتووە و بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ بوارێکدا نایەوێ پاشەکشێ بکات، دەیهەوێ یەکدەستتر بێت، دەوڵەت هەتا ئاستی دەفتەری بەیتی ڕێبەریی هێنـاوەتە خـوار، بە پێچەوانەی بـاوەڕی بـاو کە زووزوو دەوتـرێ دەوڵەت لە کۆمـاری ئیسلامی‌دا کـارەیەک نییە دەردەکەوێ کە دەوڵەت کارەیە و باڵی ئیجرایی بەیتی خامنەییە، گەر جگە لەمە چاوەڕوان بکرێ لە دەوڵەت ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ٢٨ی گەلاوێژ، فیتوای جیهاد و شەڕێکی بەردەوام دژی کورد




**عەلی بداغی**

ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە نەتەوەی کورد دەکات و لە هەموو ڕەهەندکاندا لە ئارادایە، هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ بە لەشکەرکێشیی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ناوەندی لەسسەر بنەمای فیتوای ئایەتوڵلا خومەینی بۆ بنەبڕکردنی بەناو "کوفر" لە کوردستان دەستی پێ کرد. کوفرە گەورەکەی کورد ئەوە بوو زۆر زوو جەوهەری دەسەڵاتی نوێی لە تاران ناسی و ئامادە نەبوو ئەو ڕێژیمە بەڕەسمی بناسێ. کوفرەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردستان ئەو ماف و ئازادی و دەسکەوتانەیان دەویست کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ خەباتیان بۆ کردبوو و ڕووبارێک خوێنیان بۆ دابوو. کوفرەکە ڕاوەستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی داپڵۆسێنەر و "نا"گوتن بە توانەوە و بندەستی بوو. ئەوەش لە ڕوانگەی مەلاکانی جەمارانەوە گوناحێکی کەبیرە بوو کە کورد دەبوا تاوانەکەی بدا و لەوکاتەوە گەلی ئێمە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە تاوانی مافویستی و ئازادیخوازیی خۆی دەدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٢٢٠٠ کەسی لە کوردستان بە تاوانی! دژایەتی لەگەڵ نیزامی ویلایەتی فەقیە ئێعدام کردووە. لە نێوخۆی وڵات، باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات زیاتر لە ٤٥٠ کادر و پێشمەرگە و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێکۆشەری کوردی تیرۆر کردووە. ٣٢ گوندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵکوژ کردووە و لەو ڕەشەکوژییانەدا ٢٨٠ گوندنشین -پیر و لاو و ژن و منداڵ-ی قەڵاچۆ کردوون، هەروەها ٤١ گوندی بەهۆی خۆڕاگریی خەڵکەکەی تەختی زەویی کردوون. لە مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆشدا بەهۆی هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرگریی ڕەوای هێزی پێشمەرگە نیزیک بە حەوت هەزار پێشمەرگەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان شەهید بوون و بە هەزاران کەس خەڵکی سڤیل و بێدیفاع کە لەنێو ئەوانیشدا دیسان بە سەدان ژن و منداڵ دەبیندرێ گیانیان لێ ئەستێندراوە. زیاتر لە ٢٥٠٠ کەس خەڵکی مەدەنی - شوان، وەرزێڕ، منداڵ، کۆڵبەر و کاسبکار- بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و پتر لە ٤٥٠٠ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار و نقوستان بوون.

ئەم شەڕە داسەپاوە لە کوردستان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا و بە هەموو مێتۆد و شێوازێک درێژەی هەبووە. کوردستان بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتی، کەمترین پشکی لە بودجەی وڵات بۆ ئاوەدانی و بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە، کەچی ئاو، دار، بەرد و زێڕ و کانە سروشتییە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بەتاڵان براوە و تەنانەت لێڕەوار و دارستانەکانیشی ئاگر دراون و سووتێندراون.

هەژاری، بێدەرەتانی و بێکاریی لەڕادەبەدەر لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران کە لێکەوتەی سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووریی کوردستانن، لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان پەرەی بە دیاردەی کۆڵبەری داوە، بەڵام لەوێندەرێش هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کاسبکاران دەچنە کەمینەوە و دەیاندەنە بەر دەسترێژ و ڕۆژ نییە چەند کۆڵبەری کورد خەڵتانی خوێن نەکرێن.

ئەم شەڕە لە بەستێنی کولتووری و شەڕی نەرمیشدا هەم درێژەی هەبووە و هەم دەرەنجامی جیاوازتری لێ کەوتووەتەوە. ستراتیژیی شەڕی نەرمی ڕێژیم لەدژی کورد ئەمە بووە کۆمەڵگەی کوردی تووشی قەیرانی شوناس بکا، مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەواشە و ئاستی داخوازەکانی کورد بۆ لانیکەمی خۆی دابەزێنێ، لە پێگە و هەیبەتی کاریزما و ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد بدا، بە پەرەپێدان بە هەستی ئێرانچییەتی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کورد لاواز بکا، بە دروستکردنی درز و کەلەبەر لەنێوان کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبە کوردییەکان لە ئێعتبار و متمانەی هێزە دژبەرەکانی بدا و مەیدانیان پێ چۆڵ بکا و؛ دواجار جۆرێک بنوێنێ کە ئەننەهوو شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا نەبووە و نییە! بۆ ئەو مەبەستەش ئیمکانات و هێزی ماددی و مرۆیی زۆروزەوەندی تەرخان کردووە. بەڵام هەموو ئەو پیلان و پلانە ورد و درشت و نەرم و ڕەقئامێرییانەی کۆماری ئیسلامی نەک سوودێکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبووە، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەشی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە:


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**گەلاوێژی ٢٧٢٤**

ڕێژیم زۆر هەوڵی دا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دابماڵێ، کەچی هەر ڕووداوێک و هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد – تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش- دا، ڕەنگدانەوەکەی لە شەقام و چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە چاوی خۆی دەیبینێ. ڕێژیم هەوڵی زۆری دا دیوارێکی گەورە لە نێوان کوردی شیعە و کوردی سووننە و، دەستەخوشکیی مەهاباد و سنە و کرماشان و ورمێدا دروست بکا؛ بەڵام بوومەلەرزەکەی کرماشان و ئەو حەماسە نەتەوەیی و کوردانەیەی لە ماکۆوە هەتا سەرپێڵی زەهاو وەڕێ خرا، ئەم دیوارەی بەسەر کۆماری ئیسلامی و ستراتیژیستەکانیدا ڕماند. چیی نەکرد بۆوەی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لەپێش چاوی خەڵکی کوردستان بخا، بەڵام کاتێک ویستی ئاکامی چوار دەیە هەوڵ و بەرنامەدانان و تێچووەکانی لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان و پاییزی ١٤٠١ی بنکەکانی حیزبی دێموکراتدا هەڵگرێتەوە؛ مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنەکانی پاییز و دواتری ١٤٠١ و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ بەخاوەنکردنی کوڕ و کچە پێشمەرگەکانیان و حیزبە خۆشەویستەکەیان تاساندنی.

پاش ٤٥ ساڵ، ٢٨ی گەلاوێژ و ڕۆژیادی فیتوای خومەینی دژی نەتەوەی کورد دەرخەری دوو دنیابینیی جیاوازی کورد و کۆماری ئیسلامی و، هەروەها بەڵگەی بەرحەقی خەباتی کورد لە ئێران لەپێناو مافە نەتەوەیی و مەدەنییە ڕەواکانی لەدژی کۆماری ئیسلامییە.

**٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پزیشکیان ڕاست دەکات، کوردستان فریوی نەخوارد




**سمایل شەرەفی**

گوایا لە مشتومڕی نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە بۆکان و پزشکیان لە مەجلیسدا، پزشکیان لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی لە پێکهاتەی کابینەی دەوڵەتی پزیشکیاندا پشکی "ئەهلی سووننەت" و "ئەقوام" لەبەرچاو نەگیراوە و بۆ نموونە "کوردێک" وەک وەزیر دەستنیشان نەکراوە، سەرۆککۆماری تازە دەستنیشانکراوی ئێران، مەسعوود پزیشکیان گوتوویەتی؛ "خۆ کوردستان دەنگی نەداوە."

یەکەم ئەوەی کە ئەوانەی بە هیوای دیاریکردنی کوردێک یان هەرکەسێک لە پێکهاتەیەکی دیکەی نەتەوەیی لە کابینەی وەزیرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەشداری لە پرسێکی وەک بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا دەکەن و چالاکی دەنوێنن - ئەگەر چاوپۆشی لە تەماحی شەخسیی خۆی بۆ وەدەستهێنانی پۆستێک و پلە و پایەیەک بکەین - دەکرێ بڵێین نە لە مەسەلەی کورد و داخوازییەکانی تێگەیشتوون و نە ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ناسیوە. چونکی نە خەڵکی کوردستان پێیان وایە پرسی سیاسی و نەتەوایەتیی ئەوان بە دیاریکردنی وەزیر و چەند وەزیرێک چارەسەر دەبێ و نە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەقڵییەتی ئاوڕدانەوە لە پرسی کوردی بەو ڕێگارە یاساییانە هەیە کە بیهەوێ بیر لە چارەسەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکاتەوە.

بەڵام بۆ قسەکردن لە سەر وڵامەکەی پزیشکیان لەسەر ئەوەیکە "کوردستان دەنگی نەداوە"، دەبێ بڵێین؛ ئەلحەق پزیشکیان زۆر باش پەیامی خەڵکی کوردستانی وەرگرتوە و زۆر بە ڕوونیش ئێعترافی بەوە کردوە کە کوردستان لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی نەکردوە. ئەگەر واز لەوە بێنین کە پزیشیکیان لە ڕوانگەی "بەشخوازی"یەوە لە پرسی چنین و دیاریکردنی پێکهاتەی کابینەکەی دەڕوانێ و و پاساو بۆ بێدەسەڵاتی خۆی دەهێنێتەوە، دەکرێ ئەم دانپێدانانەی ناوبراو لەسەر "دەنگنەدانی کوردستان" قسەی لەسەر بکرێ و ڕوانگەی دەسەڵات سەبارەت بە پرسی کورد، شەن و کەو بکرێت. دەنا بەتاڵبوونی کابینەی پێشنیاریی پزیشیکیان لە "ئەقوام" و "ئەهلی سوننەت" هیچ پێوەندییەکی بە هەڵوێستی کوردستانەوە نیە. ئەگەر کوردستان بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرد، خۆ بەرەی توندڕەوی ڕێژیم جیا لە بەشدارییان، ئەو پەڕی دژایەتییان بۆ هێنانی پزیشکیان هەبوو، ئەی چۆنە نیوەی زیاتری پێکهاتەی کابینەکە لەوان و نزیک لەوانن؟!

کەوابوو مەسەلەکە هەم بۆ پزیشکیان و هەم بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە ڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێران دژایەتی لەگەڵ پرسی کورد و ئەو پەیامە ڕوون و پڕنێوەڕۆکەیە کە خەڵکی کوردستان بە نەچوونە سەر سندوقەکانی بەناو هەڵبژاردنەکان بە پزیشکیان و کۆی نیزامی سیاسیی لە ئێرانیان دا. چوار مانگ پێش لە هێنانی پزیشکیان، خەڵکی کوردستان و زۆر شار و ناوچەی دیکەی ئێران بە نەچوونەسەر سندووقەکانی هەڵبژادنەکانی پەرلمان، پەیامی خۆیان گەیاندبوو. بەڵام کوردستان لە نێوان ئەم دوو هەڵبژاردنەدا و لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی نەورۆزدا و لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا – کە پزیشکیان و ڕێژیمەکەی بۆیان لەبیر ناکرێ – پەیامێکی بەهێزتریان بە کۆماری ئیسلامی ئێران دا. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوای دوو ساڵ سەرکوت و هەڵگرتنی تێچووی قورسی گیانی، بەگوڕتر لە جاران بە کۆماری ئیسلامییان وتەوە کە لە بوونت تێپەڕیوین و بەشداریی لە هیچ شانۆیەکی درۆینتدا ناکەین.

پزیشکیان ڕاست دەکات؛ خەڵکی کوردستان دەنگی بە هێنانی ئەو و هیچ کەسێکی دیکە نەدا، چونکی کوردستانی هوشیار و ئاگا فریوی وادە و بەڵێنە درۆیینەکانی ئەو و سناریۆکانی ڕێژیمەکەیان نەخوارد. پزیشکیان زۆری هەوڵ دا لە سەردانەکانیدا بۆ کرماشان، سنە، ورمێ و مهاباد و بە بەکارهێنانی هێندێک "تەرفەند"ی وەک "خۆ لە کورد بە نزیک زانین" و "کوردی قسەکردن" و "لەدایکبوون لە شاری مهاباد" سەرنجی کوردستان بۆ لای خۆی و سندوقەکانی هەڵبژاردن ڕابکێشێ؛ بەڵام وەک خۆی دانی پێ دانا "کوردستان دەنگی نەدا."

کوردستان دەنگی نەدا، بەڵام کوردستان پەیامێکی بەهێزی هەبوو. ئەو پەیامەی کە پزیشکیان و ڕێژیمەکەی لێی تۆقیون.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

پەیامێک کە ٤٦ ساڵە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ئاڵاهەڵگریەتی و لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییشدا دەرکەوت کە زۆرینەی خەڵکی ئێران ئێستا پێڕەوی لەو پەیامە دەکەن. پەیامی گەیشتن بە ئازادی، بنیاتنانەوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلانی ئێران کە هیچیان نە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نایەنە دی، بەڵکوو تەواو لە دژایەتیی ماهییەت و نێوەرۆکی ئەم نیزامەدان. پەیامەکە کە ئێستا ماهییەتێکی جەماوەری و گشتیی لە ئاستی ئێراندا پەیدا کردوە، تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواویەتیی خۆیدایە.

٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، هەنگاوی پێویست




**شەماڵ تەرغیبی**

دوو ساڵ لەمەوپێش لە ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژدا پاش چەند ساڵ هەوڵی بێوچان و سەرباری هەبوونی دەیان گرفتی جۆراوجۆر، حیزبی دێموکرات توانی جارێکی تر شانازییەکی دیکە لە مێژووی خۆیدا تۆمار بکات؛ شانازییەک لە چەشنی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکخستنی هێزەکان بۆ هاوخەباتی لەدژی دوژمنی سەرەکیی کورد واتە کۆماری ئیسلامی.

لە ڕێکەوتی ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١دا و تەنیا چەند ڕۆژ پاش جێژنی گەورەی ٢٥ی گەلاوێژ، ڕێبەرایەتیی حیزب ئەو مزگێنییەی بە گەلی کورد دا کە سەردەمی لێکدابڕان کۆتایی پێ هاتوە و وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان دەست پێ دەکاتەوە. ئەگەرچی زۆری نەخایاند حیزب دوای بزووتنەوەی ژینا و بە هۆی مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی لە لایەن سپای پاسدارانەوە بەرەورووی دۆخێکی تایبەت بوویەوە، بەڵام یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات لە ناخی خۆیدا توانی کۆمەڵێک پەیام و کارتێکەری گرینگ بۆ نەسڵی ئێستە و نەسڵەکانی دواتریش بەجێ بهێڵێ.

بێگومان یەکەم کارتێکەریی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، شوێندانەرییەکی سایکۆلۆژییە لەسەر دەوری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سێکوچکەی خەبات؛ واتە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دیاسپۆرا و بەشی ئاشکرای حیزبی دێموکرات کە توانی کاریگەریی ڕەوانی لەسەر گەل دابنێ و گڕوتینێکی نوێ ببەخشێتەوە گیانی ئەم حیزبە و لەژێر کاریگەریی ئەویشدا کۆی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەل. لە لایەکی ترەوە توانی ببێتە کاتالیزۆرێک بۆ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کە لێک دابڕاون، بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە و دواجار لە بەرەیەکی کوردستانیدا خۆیان ببیننەوە. لە هەمان کاتیشدا توانی شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێ لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و هەروەها دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەو مانایە کە لەمەوبەدوا ئیتر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک حیزبێکی خاوەنمێژوو و شوێندانەر کە نوێنەرایەتیی چەندین میلیۆن کورد دەکا سەیرت دەکا و ئەمە قورساییەکی تایبەتی پێ بەخشی.

بەڵام کە باس لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەکرێ، ناکرێ سەرنجمان نەچێتە سەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا و ئەو کاریگەرییانەی ڕۆح و پەیامەکانی ئەم یەکگرتنەوەیە لەسەر بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی دایناڵ. مانگێک دوای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە بزووتنەوەی ژینا سەرهەڵدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران کانگا و ئادرەسی ئەم وەزەبەخشییەی کۆمەڵگەی کوردستانی کردە ئامانج و بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب. ئەگەر ئەوە لە لایەک نیشانەی کاریگەریی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەسەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا بوو، هەڵوێستی سەرکوتکارانەی ڕێژیم و مووشەکبارانی بنکەکانی حێزب لەو کاتەدا نیشانەی ترسی ڕێژیم لە وەسەریەکخستنەوەی وزەی خەبات و کاریگەریی ئەم یەکگرتنەوە لەسەر جووڵاندنی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ژن. ژیان، ئازادی بوو.

پەیامێکی گرینگی دیکە کە دەکرێ لێرەدا تیشک بخرێتە سەری بوونی تۆلێرانس و ڕۆحی پێکەوەهەڵکردنە کە دەبێ لە حیزبێکی دێموکراتدا وەک توخمێکی سەرەکی بوونی هەبێ و بەختەوەرانە لە ڕەوتی یەکگرتنەوە و دواتریشدا بینرا کە ئەمە لە ناخی خۆیدا دەتوانێ وانەیەکی بەپێزیش بێت بۆ گەل.

جیاواز لەم ڕەهەندانە کە هەر کام پێویستییان بە شەنوکەوکردنی ورد هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم یەکرێزییە دەبێتە هۆکارێک بۆ سازکردنی گوتارێکی هاوبەشیش، مەبەست لە گوتاری هاوبەش ئەوەیە گوتارێکی هاوبەش ساز ببێت کە نوێنەرایەتی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکات و بڕواتە نێوخۆی وڵات، ئەو گوتارە دەبێ بتوانێ بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە لەسەر بنەمای پوتانسییەلەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بخەملێندرێ و ڕووبەڕووی دەسەڵات بکرێتەوە. دیارە گوتاری بزوتنەوەی نەتەوەیی تایبەتمەندییەکانی خۆی لە دێرزەمانەوە هەبووە و هەیە، بەڵام ئەو گوتارەی کە لێرەدا مەبەستمانە دەبێ بەپێی ئەم دۆخەی کە ئێمە تێیدا دەژین بخەملێندرێ. واتە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی حیزبی دێموکرات و خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕەچاو بکرێ. لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

قۆناغی دواتریشدا دەبێ حیزبی دێموکرات خەباتی سیاسی خۆی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان و مەیدانی خەباتەکەی بەرفراوانتر بکاتەوە.

ڕێک ئەو کارەی کە ڕێبەری گەورەمان شەهید دوکتور قاسملوو لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا کردی، لەسەردەمی کەمیی میدیا سوننەتییەکان وەک تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆدا کردی. ئەویش ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان دەستی کرد بە وتووێژ بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دنیا بناسێنێ، بۆیە ئەوەش پێویستی بە وزەیەکی یەکجار زۆر هەیە و دەبێ تەرکیزی سەرەکی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی تێپەڕبوون لەو هەست و سۆز و عاتیفەیە بۆ قۆناغی سازکردنی گوتار یا خەملاندنی گوتار و دواجار پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بێ.

هەروەها پێویستە ئەوە وەبیر بهێنینەوە وەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێی چاوەڕوان دەکەن، حیزبی دێموکرات دەبێ گەورەتر لە حیزبێک خۆ بنوێنێ، واتە ببێتە ڕێبازێک بۆ خەبات، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ڕاستە حیزبی دێموکرات پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەو توانایی‌ەی هەیە کە بتوانێ ببێتە چەترێک و هەمووان لە ژێر ئەم چەترەدا کۆ بکاتەوە.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە لە ڕۆژی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویدا ڕووی دا، لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا وەک هەنگاوێکی پێویست سەیری دەکرێ، هەنگاوێک کە گەلێک مانای هیوابەخشی لێ دەکەوێتەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە و یادەوەرییەکانی لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# حەسەن شەرەفی: دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو



وتوووێژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

بێگومان ٢٥ی گەلاوێژ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی نەتەوە کوردە، چونکە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرنی کورد لەسەر دەستی پێشەوای نەمر دامەزرا. ئەم حیزبە هەم ڕێچکەیەکی نوێی بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد داڕشت و هەم بووە هۆی هیوا و هۆمێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی حیزبێکی ئەمڕۆیی و نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتدا خۆیان ببیننەوە و خەبات بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن. لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس لە بایەخمەندی، دەسکەوت و کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

**شەهرام سوبحانی**: کاک حەسەن با بەم پرسیارە دەست پێ بکەم، گرینگی و بایەخمەندییەکانی ٢٥ی گەلاوێژ لە مێژووی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیاسیی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چیدایە؟

**حەسەن شەرەفی**: هەرکام لە بزووتنەوە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایەخ و شوێندانەری و گرینگی خۆیان هەبووە. و خاوەن تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام گرینگیی ٢٥ی گەلاوێژ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزرا وەک سەرەتایەک لە تێکۆشانی نەتەوەیی و لە لایەک بوونی حیزبێکی مۆدێرن بۆ خەبات لە پێناو وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد بە ڕادەیەکە کە دەکرێ ناوی وەرچەرخانی گرینگ لە ڕەوتی خەباتی کورد بە گشتیی پێ بدەین. بەو مانایە کە شێوەیەکی تازە لە جۆری خەباتی بە دوا دەهات کە سیمای بزووتنەوەی کوردی بە تەواوی گۆڕی لە خەباتی تەنیا نەتەوەییەوە بەرەو خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک برد. لە ڕێبەری فەردییەوە خستیە سەر ڕێڵی ڕێبەریی جەمعی و لە دەوری ڕێبەریی کەسایەتی ئایینی و عەشیرەییەوە بەرەو دەوری ڕێبەری سیاسییەوە پێشی خست. لە بزووتنەوەی خێڵەکی و بێ بەرنامەییەوە بەرەو حیزبایەتی و یاسامەندی و خاوەن بەرنامەی ڕوونی سیاسی برد و شکڵی پێدا و لە کۆمەڵگەدا جێگیری کرد. بەڕاستی ئەگەر بمانهەوێ سەرجەم بابەتە ئەرێنییانە دەست نیشان بکەین کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا هاتنە ئاراوە یا شیکاری بۆ بکەین هەر بابەتەی و هەر بەرگێکی کۆمەڵێک وتارە و دەرەتانی لێکۆڵینەوەی وردی پێویستە.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە گرینگترین و چارەنووسسازترین بڕگەکانی مێژوویی سیاسی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٨ دەیەی ڕابردوو کام قۆناغ و سەردەمن و بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: ٨ دەیە خەباتی بێ پسانەوە و بەردەوام بە بەرنامەی سیاسی و بە ئیرادەی درێژەدان بە تێکۆشان و قوربانیدان ئاشکرایە چەند و چەندین بڕگەی مێژوویی لە خۆ دەگرێ کە دەربڕی هەڵکشان و داشکان و سەرکەوتن و لەخۆبایینەبوون و شکست و نائومێدنەبوون و کەوتن و هەستانەوەن و هەر کامیان بە جیا شیاوی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەن. بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئاماژەیی قەناعەت بکەین بە بڕوای من بڕگەی دامەزراندنی حیزب خۆی یەکێک لەو بڕگە گرینگانەیە کە بە کورتی لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمان لێ کرد. بڕگەی دواتر کە خۆی بەرهەمی بڕگەی یەکەم بووە، دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسیی کورددا ئەو نەتەوە بوو بە خاوەن کیانێکی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردی لە شکڵی کۆماریدا و ئاکامە ئەرێنییانەی بە دوای خۆیدا هێنا کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ کورد دەستەبەربوون. بڕگەی سێهەم لە ڕوانگەی منەوە ئاڵوگۆڕەکان و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لە کۆنفڕانسی سێ و کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتدا بوو کە ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و سەریەکخستنەوەی ئەندامان حیزب و شکڵی ڕێکخراوەیەکی بە واقیعی بە حیزب بەخشی و بەرنامەی ڕوونی سیاسی بۆ حیزب دەستەبەر کرد. سیاسەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەربەخۆیی لە حیزبدا جێگیر کرد و کەسایەتییەکی بە حیزب بەخشی کە بەڕاستی شیاوی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک بوو. دیارە حەرەکەتەکانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ و پێش و دوای ئەویش ئەوەندە گرینگ هەن کە دەبێ بایەخی خۆیان پێ بدرێ و هەرکام لە کات و شوێنی خۆیدا شیکارییان بۆ بکرێ. بڕگەیەکی دیکەی گرینگ لە مێژووی حیزبدا ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بوو کە پاش ئەوەندەی سەرکوت و زیندانی ئەندامان. خەڵک لە میتینگی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد ئامادە بوون و ڕیشەداربوونی ئەو حیزبەی لە دڵی خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا نیشان دا. جیا لەوە لەو هەڵبژاردنانەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوون کاندیدەکانی حیزب لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شارانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا بەڕێوە چوون هی حیزبی دێموکرات بوون کە جارێکی دیکە قورسایی و خۆشەویستی ئەو حیزبەی خستەوە بەرچاوی هەموو لایەک. لە ماوەی زیاتر لەو ٤٠ ساڵەشدا کە خەبات و تێکۆشانی حیزب پاش فتوای کوشتاری کورد لەلایەن خومەینییەوە سیمایەکی ناسراوتر و شوێندانەرتر لە خۆڕاگر بە خۆیەوە گرت چەندین بڕگەی گرینگی لە فیداکاری و سەرکەوتن و ڕووداوی تاڵ و بە ئازاری تاقی کردەوە شەهیدکرانی ڕێبەران و شەهادەتی تێکۆشەران، دابڕان و ترازانی نێوخۆیی، بەم حاڵەش بە هەڵگرتنی ئەو زامانەش بە چۆک دانەهات و بە قامەت و سیمای تایبەت بەخۆیەوە لە مەیدانی خەباتدا هەروا سوارچاک و چالاک مایەوە. لە بەرانبەردا یەکگرتنەوەکان و وەسەریەککەوتنەوەکان حزوور لە هێندێ ناوەندی نێونەتەوەیی و سەرکەوتن لە پێکهێنانی چەند هاوپەیمانی چ لە کوردستان چ لە ئێران و هەر کام خۆیان وەک بڕگەیەکی تایبەتی شیاوی ئاماژە و لێکۆڵینەوەن کە لەم مەجالە کورت و کەمەدا دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە هەمووان بە وردی نییە، چونکە هەموویان گرینگ و پڕ بایەخن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر باس لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە بڕگە گرینگەکانی مێژوویی خەباتیدا بکەین، ئێوە گرینگی بە کامیان دەدەن، یان چۆنیان ڕیز دەکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: لە ڕاستیدا ئەمە هەموو بڕگەکانی مێژووی حیزب دەگرێتەوە، بەڵام دامەزرانی حیزب، دامەزرانی کۆماری کوردستان و بڕگەکانی نێوئاخنی خەباتی زیاتر لەم ٤٠ ساڵەی دوایی حیزب بەگشتی پێک دێنن دەکرێ وڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە بێ.

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بووە؟

**حەسەن شەرەفی**: کە باسی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ پێش هەموو ناوێک، ناوی حیزبی دێموکراتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستانی ئێران دەکەوێتەوە بەرچاو و دیارتر و زیاتر لەهەر ناوێکی دیکە خۆی دەردەخا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دەوری گرینگ و شوێندانەری حیزبی دێموکرات لەو بزاڤەدا. لە داهێناندا، لە زام هەڵگرتندا، لە فیداکاریدا هەموو ئەمانە و زۆری دیکە سیمای ئەو حیزبە ئەگەر نەڵێم بە تاقانەیی بەڵام بێگومان بە شوێندانەرترین و جێگای ئۆمێدترین بوون بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دێموکرات ٧٩مین ساڵی تەمەنی خۆیی تێپەڕ ئەکات حیزبێک کە دوای کەند و کۆسپگەلێکی زۆر هێشتا لە گۆڕپانی سیاسی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی مانەوەی ئەم حیزبە چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوە کە پاش ٧٩ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو زامانەی هەڵیگرتوون و ئەو شانازییانەش تۆماری کراون هەروا قورس و قایم و بە ئیرادە و ئامادە بۆ فیداکاری تێکۆشەرانی هەر لە مەیداندا ماوەتەوە و بە شوێندانەرییش ماوەتەوە؛ کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو حیزبە دەگرێتەوە کە لە سەرووییانەوە دەکرێ ئاماژە بەم سێ خاڵە بکەین.

١- سیاسەتی دروست و واقیعبینانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢- فیداکاریی و لەخۆبوردوویی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانیەوە.
٣- پشتیوانی بەربڵاو و هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان لەو حیزبە کە بە حیزبی خۆیان و بە فیداکاری بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەزانن.

دیارە لایەنی دیکەش لەو بوارەوە دەوری خۆیان هەبووە، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر بە کورتی ئاماژەیی پێ بدەین لەم ٣ تایبەتمەندییەدایە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە و لە هەموو بەرەکاندا حیزبی دێموکراتی بە سەرەکیترین دژبەر و نەیاری خۆی داناوە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری وەدیهاتنی کۆمەڵێک ئامانج و ئاواتی خەڵکە کە لە دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیی کوردی، عەداڵەت و یەکسانی بەرابەری ژن و پیاو و ...دا خۆی دەنوێنێ. ئەوانەش ئەو بابەتگەلەن کە لەگەڵ بۆچوون و باوەڕی ناسەردەمیانە و دواکەوتووەکانی ئیدئولۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتەبان و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دابینی ئەوانە بە هۆی ڕووخان و نەمانی خۆی و باوەڕەکانی دەزانێ. جیا لەوە جیددیبوون و پێداگربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە حیزبی دێموکراتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کردووەتە ئامانجی هەموو جۆرە پیلانەکان و سەرکوت و دژایەتیی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەی هەتا ئێستا دەرحەق بە حیزبی دێموکرات کردوونی.

**شەهرام سوبحانی**: حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەرکەوتن لە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی ئەویش لە سەردەمی ئێستادا پێویستیی بە چ جۆرە ستراتیژییەکە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستاشدا ئیستراتیژی ڕوونی هەبووە و هەیە و ڕایگەیاندوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرینگەش لە تاکتیکی شیاو و شوێندانەر بەپێی هەلومەرج و دەرەتان کەڵکی وەرگرتوە بەو مانایە ئەگەر ئیستراتیژی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە تاکتیکەکان دەتوانن بەپێی هەلومەرج یا ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێ یا لە ئەولەوییەت و نا ئەولەوییەتدا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ، ئەویش بە شێوەی کاتی.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەباتی کورد لە ئێران: هاوکێشەی هێز و گەڕان بەدوای خۆبەڕێوەبەریدا




مالێپەری کلێنگندیل – شوکریە برادۆست

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

## ڕوانگەی کورد لەمەڕ "ژن - ژیان - ئازادی"

سەرهەڵدانی "ژن-ژیان-ئازادی" بوو بە ساتەوەختێکی مێژوویی بۆ پەیوەندیی نێوان کوردەکانی ئێران و بەشەکانی دیکەی ئێران. بۆ یەکەم جار لە ئێران، ئەو ناڕەزایەتییانەی لە ناوچە کوردییەکانەوە دەستی پێ کردبوو، بە دروشمەکانیشەوە لە سەرانسەری وڵاتدا دەنگی دایەوە. بێجگە لە دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی سەرکوت و نەبوونی ئازادییە مەدەنییەکان بە گشتی، جووڵانەوەی ژن-ژیان-ئازادی هەروەها دەرفەتێکی دەگمەنی بۆ خەڵکی ئێران دەستەبەر کرد تا سیاسەتە کۆنباوە دژە کوردەکەی "ئەمنییەتیکردنی سیستماتیک" تووشی ئالنگاری بکات. سیاسەتی بە ئەمنییەتیکردنی داواکارییە ئەتنیکییەکانی کورد، واتە وێناکردنیان وەکوو هەڕەشە بۆ سەر وڵات کە دەبێ بە ئامرازی لە ڕادەبەدەر سەرکوت بکرێ، لە سەردەمی پەهلەویدا دەستی پێ کرد و دوای ١٣٥٧ درێژەی پێ درا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو سیاسەتە بوو بە ڕوانگەی ستانداردی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەوڵەت و هەروەها شێوە سەپاندنێکی نافەرمی کە هەڵاواردنکارییەکی بەرفراوان دژی کوردانی ئێرانی لێ کەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەرفەتی دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بەو سیاسەتە و دروستکردنی هاوپەیمانیی لە نێوان تاقمە کورد و غەیرە کوردەکاندا زۆر خێرا، کاتێک ڕێژیم ڕوانگە کۆنباوەکەی لەمەڕ پیرۆزیی یەکپارچەیی خاکیی ئێران قوت کردەوە، لە کیس چوو. بەڵام، هیچکام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردی ئێران بە کردەوە داوای جیابوونەوە ناکەن. لە جیاتان، پێڕەو و پرۆگرامی حیزبەکانیان بۆچوونی ئێرانێکی فیدراڵ دەخەنە ڕوو کە لەویدا کورد مافی خۆ بەڕێوەبەریی هەبێت. بە کورتی، ڕێژیم جۆرێکی شێوێندراو لە داواکانی کوردانی دژی ئەوان بەکار هێنا، مۆرکی جیاییخوازیی لەو گرووپانە دا و ئۆپۆزیسیۆنی بەرینی ئێرانی بە قوتکردنەوەی حەزی نیشتمانپەروەریی دژی هاووڵاتیانی کورد هان دا و پەرتەوازەی کردن.

## نیشتمانپەروەری وەک قەڵایەک دژی کەمینە ئەتنیکییەکان

کاتێک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێران لە ئیمپراتورییەوە بوو بە دەوڵەت-نەتەوە، شوناسە جۆراجۆرکانی و ئەو تاقمانەی کە تا ڕادەیەک یەکسان دەژیان، لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویدا وردە وردە شوناسەکانی فارس و شیعە بە سەریاندا زاڵ کران. مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کە کەمینە ئەتنیکییەکان داوایان دەکردن بە شێوەیەکی پەرەئەستێن وەکوو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران پێناسە کران. ڕێژیمی شۆڕشگێڕی ئیسلامی درێژەی بەو ڕوانگەیە دا و بە گوروتینێکی تایبەتەوە دژی کوردانی ئێران کەڵکی لێ وەرگرت، چونکە پێی وابوو شوناسی ئەتنیکی دژی ئایدۆلۆژیای ئیسلامییە. بۆ وێنە لە یەکەم وتاریدا لە قوم لە ١٣٥٨، خومەینی ڕێبەرانی کوردی وەک "خراپەی سەرزەوی" ناو برد. لە پاییزی ١٣٥٨، ئەو باسی کەمینە ئەتنیکییەکان و هاوپەیمانییەکەیان لەگەڵ چەپەکان وەک هەڕەشەی مەزن دژی کۆماری ئیسلامی کرد. بە کورتی، نە دێموکراسی و نە مافەکانی کەمینەکان لە بەرنامەی دەوڵەتی خاوەن ناوی تازەی کۆماری ئیسلامیدا نەبوو. وەک پەرچە کردار، کورد، ئازەری، عەرەب و بەلوچەکان سەرهەڵدانیان کرد. بێجگە لە کوردەکان ئەوانی دیکە خێرا سەرکوت کران.

کوردەکانی ئێران لە سەرەتادا پشتیوانییان لە شۆڕشی ئیسلامی کرد بەو هیوایە کە ئەوە بتوانێ یارمەتیدەری بارودۆخی ژیان و وەدەستهێنانی مافی خۆبەڕیوەبەری بێ. بۆیە، ئەوان سەپاندنی ڕێژیمی ناوەندگەرای ئیسلامییان قبووڵ نەکرد. بە بایکۆتکردنی گشتپرسیی ١٣٥٨، ئەوان دژی پەرگالی نوێ وەستانەوە و لە جیاتان خوازیاری دەوڵەتێکی سێکولار و دێموکراتیک بوون کە بتوانێ خودموختاریی کوردان مسۆگەر بکات. لە وەڵامدا، خومەینی بڕیاری هێرشی سەربازیی بۆ سەر هێزە بەرهەڵستکارە کوردەکان و خەڵکی دا، لە کاتێکدا کە هێشتا وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی کوردان و دەوڵەتی شۆڕشگێڕ درێژەیان هەبوو. ئەو تەنانەت لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ پاش لێدانی مۆرکی کافر، حوکمی "جیهاد"ی دژی کوردانی ئێران دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تاکتیکە سیاسییەکان دەورێکی مەزنیان لەو هەڵسوکەوتانەدا لە کاتێکدا کە دەوڵەتی نوێ خەریکی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و وروژاندنی جەماوەر بە لێدانی مۆرکی "دژی دەوڵەت" لە کوردان بوو گێڕا.

لە کاتی شەڕی کوردستان لە ١٣٥٨ تا ١٣٦٢، زۆرێک لە شار و گوندەکانی کوردان وێران کران و نزیکەی ١٠ هەزار کەس کوژران، لە نێویاندا ١٢٠٠ زیندانیی سیاسی. ئایەتوڵڵا سادق خەڵخاڵی، لە لایەن خومەینییەوە وەکوو سەرۆکی دادگای شۆڕش لە کوردستان دیاری کرا، کە بە شێوەیەکی بەدناو بە نێوی "دادوەری مەرگ" ناسرابوو، حوکمی کوشتنی هەزاران کوردی لە دادگایی لە گۆترەدا دەر کرد. سەرکوتی ئەوتۆ تا تێکشکاندنی سەرهەڵدانی کوردان بەردەوام بوو. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی لە ١٣٧٦دا، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، گوتی "لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٩ تا ١٣٧١، زیاتر لە ٢٧١ گوندی کوردان وێران و چۆڵ کران". بێجگە لەوە، هەڵمەتێکی سەربازیی دیکەش دژی کوردانی ئێران لە نێوان جولای تا زستانی ١٣٧٢ بەڕێوە چوو کە لەو ماوەیەدا ١١٣ گوند بۆمباران کران و کوردستانی ئێران کەوتە ژێر حکوومەتی سەربازیی بە بوونی بەردەوامی ٢٠٠ هەزار هێزی سەربازیی لەوێ.

## میراتی سەرکوتی دوای شۆڕش

سەرکوتی سەرهەڵدانی کوردان هەروەها بوو بە هۆی دەستەبەر کردنی دەرفەت بۆ ئەندامانی هێزی تازە دامەزراوی سوپای پاسداران تا خۆیان بە شەڕ، هاوشێوەی جەنگی ئێران-عێراق کە لە ١٣٥٩ دەستی پێ کرد، قوت بکەنەوە. خزمەتی سەردەمی جەنگ بواری بۆ گەلێک لەوان خۆش کرد تا پلەی بەرز لە نێو هێزی سەربازیی و بەڕێوەیی وڵاتدا بەدەستەوە بگرن و لەوێ دەوری یەکلاکەرەوەیان لە درێژەپێدان بە مۆرکلێدان لە کوردان وەک هەڕەشەی ئەمنییەتی بدەن کە دەبێ دڕاندانە هەڵسوکەتی لەگەڵدا بکرێ. بۆ وێنە، قاسم سولەیمانی، کاتێک ٢٣ ساڵە بوو، بوو بە فەرماندەی هێزە خۆبەخشەکان لە پارێزگای خۆی، کرمان، لە ١٣٥٩. ئەو هێزە بە تیپی ٤١ سارەڵڵای سوپای پاسداران نێوبانگی دەرکرد و لە سەرەتادا لە ناوچەی کوردستانی ئێران کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەوە دەرفەتی ئەزموونی ڕاستەوخۆی شەڕی بۆ سولەیمانی دەستەبەر کرد و ناوبراو لەوێوە بە سەرکوتی سەرهەڵدانی کوردان نێوبانگی بۆ خۆی دروست کرد.

لە کاتی سەرهەڵدانەوە، ناوچەی کوردستانی ئێران بەرەوڕووی گەشە نەکردوویی ئابووری، پەراوێزخرانی سیاسی و میلیتاریزەکرانی بەربڵاو بۆتەوە. زانیاریی ناوەندی ئاماری ئێران ئاشکرای دەکەن ئەو ناوچەیە لە پاییزی ١٤٠١ بە ٪ ١٣،٨ بەرزترین ڕێژەی بێکاریی لە ئێرانی هەبووە. کرماشان، پارێزگایەکی کورد، تەنانەت لە هەمان ساڵدا ڕێژەی ٪١٧،٤ی تۆمار کردووە (ڕێژەی مامناوەندی بۆ گشت وڵات ٪٨،٢ بووە). سنوورداربوونی دەرفەتی کار و سیاسەتی هەڵاواردنکارانەی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دامەزراندن بوونە هۆی بەرز مانەوەی ڕێژەی بێکاریی و لە ئاکامدا بوونە هۆی ئاسۆی خراپی ئابووری. ڕاپۆرتی ئاماری دەوڵەت لەمەڕ بێکاریی ١٤٠١-١٣٩٨ دەڵێ ٪٦٦،٨ ئەو کەسانەی لە پارێزگای کوردستان کاریان هەیە لە کەرتی نافەرمیدا کار دەکەن، کە نەبوونی بیمە و یارمەتی خانەنشینی لەو پیشانەدا باوە. ڕێژەی بەرزی کاری نافەرمی ئاماژە بە دابەشینەوەی ناکارامە و هەروەها ڕەنگدانەوەی گەشەکردنی کەرتی تایبەت بە هۆی وەبەرنەهێنان و کەشوهەوای خراپی سەروەریی یاسایە. زۆر کورد هیچ ڕێگا چارەیەکییان بێجگە لە کۆچ بۆ تاران، بۆ عێراقی دراوسێ یان خەریکبوون بە کاری کۆڵبەریی لە سەر سنوور لە ژێر بارودۆخی گەلێک دژوار دا نییە (هەڵگرتنی باری ٣٠ کیلۆیی بە کێو و تەلاناندا بە ١،٥ میلیۆن تمەن کە دەکاتە ٢٤ دۆلاری ئەمریکایی). چونکە ئەو خەڵکە کە ژنیشیان تێدا، لە حەوتوودا یەک جار دەتوانن ئەو کارە بکەن، بنەماڵەکانیان زۆر جار دەبێ بەوەندە بژین لە کاتێکدا بۆخۆیان بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی تەقەلێکران لە لایەن هێزەکانی سەر سنوور و کوژران و برینداربوون بۆ هۆی دیکە دان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، لانی کەم ١٣ کۆڵبەر لە مانگی مای ٢٠٢٤ کوژراون یان بریندار بوون. جێگای ئاماژەیە کە ٪٩٢ی ئەو ڕووداوانە بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بوون. دۆخی ئابووری ناوچە کوردییەکان هێندە خراپ بوو کە نە هەڵگرتنی ڕێژیی گەمارۆکان لە ١٣٩٤ و نە سەپاندنەوەیان لە لایەن ئەمریکاوە لە ١٣٩٧، کاریگەرییەکی بەرچاویان نەبوو. ناوچەکە هەروەها خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاو زیندانیی سیاسی و لە سێدارەدراوانی ئێرانە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، نزیکەی نیوەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران کوردن کە بەڕادەیەکی بەرزتر لە گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکە حوکمی لە سێدارەدرانیان بۆ دەبڕدرێتەوە. زیندانییە سیاسییەکانی کورد هەروەها زۆرتر بە تاوانەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تۆمەتبار دەکرێن.

## قسەی زۆری بێ کردەوە

سەرۆککۆماری ڕیفۆرمخواز محەممەد خاتەمی یەکەم سیاسەتوانی پلەبەرز بوو کە دانی بە پەراوێزخستنی کوردان لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا نا. بەڵێنی ناوبراو بۆ چارەسەر کردنی پرسەکە بوو بە هۆی بەرزترین ڕێژەی بەشداریی دەنگدەرانی کورد لە مێژووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی دەوری دووهەمی خاتەمیدا، بە هۆی جێبەجێنەکردنی بەڵێنییەکانی، ڕێژەی بەشداریی کوردان لە ٪٧٣ بۆ ٪٥٣ دابەزی. لەو کاتیەوە، بەڵێنییەکان بۆ چارەسەرکردنی هەلاواردنی ئەتنیکی بووەتە ستراتێژیی باوی بەربژێرانی سەرۆککۆماریی بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران. بەلام وەک هەمیشە، کاتێک دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، بەلێنییەکانیان جێبەجێ ناکەن. بۆ وێنە، ڕوحانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ساڵی ١٣٩٢ دا، بەڵێنی دا ئیزن بە گوتنەوەی زمانی دایکیی کەمینە ئەتنیکییەکان، وەکوو ئازەری، کوردی، عەرەبی، لە قوتابخانەکانی ئێران بدرێ (کە بە هەڵکەوت، تەنیا جێبەجێ کردنی سیاسەتی فێرکاریی بە گوێرەی بڕگەی ١٥ی یاسای بنەڕەتییە). سەرەڕای ئەو بەڵێنییە و مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا بە هۆی پشتگیریی کەمینە ئەتنیکییەکان، ڕوحانی قەت جێبەجێی نەکرد.

## وێنا کردنی دووبارەی کوردان وەکوو ئێرانیی بێ وەفا

لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی "ژن-ژیان-ئازادی"دا، ڕیژیم جارێکی دیکە هەوڵی دا بیروڕای گشتی دژی هەرێمی کوردستان بوروژێنێ تا شێوازە سەرکوتکارانەکەی بۆ پێشگرتن بە سەرهەڵدان بشارێتەوە. بۆ وێنە، ڕێژیم هێزە سەربازیی و دەوڵەتییەکانی بۆ ماوەی ٣٦ کاتژمێر لە شاری شنۆ بردە دەرەوە بەو هیوایە خەڵکی ئەو شوێنە داوا لە هێزی پێشمەرگە کە لە عێراق جێگیرن بکات تا بێت و دەست بەسەر شاردا بگرێ. بەهاتبا و ئەوە ڕووی دابا، بیانووی دەدا بە ڕێژیم تا بە ناوی شەڕ دژی جیاییخوازان هێرش بکات. ئەوە هەروەها ئیزنی بە تاران دەدا خۆی وەکوو جەنگاوەر دژی "تاقمە تێرۆریستییەکان" و بەرگریکاری ئاسایشی سنوورەکانی بنوێنێ، بەو قازانجە زیادییەوە کە سەرهەڵدانەکە بە گشتی لە ڕەوایی بەتاڵ بکات. بەڵام، هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان بڕیاریان دا درێژە بە سیاستە درێژمەودایەکەیان لەمەڕ درێژەدان بە خەباتەکەیان بە ئامرازی مەدەنی بدەن و پێشمەرگەیان نەناردەوە. چوارچێوەی باسەکە لێرەدا ئەوەیە کە حیزبە بەرهەڵستکارە کوردییەکان، کە بە شێوەی سەرەکی لە هەرێمی کوردستانی عێراقن، لە ١٣٧٥ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن کە کەڵک لە خاکی هەرێمی کوردستان وەک ڕێگای بەڕێوەبردنی چالاکیی سەربازیی لە ئێران وەر نەگرن. ئەو گۆڕانە ستراتێژیکییە ئیزنی بە حیزبە بەرهەڵستکارەکانی کورد دا جەخت لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی بکەن و خەباتەکەیان لەجیات لە عێراقەوە، لە نێوخۆی ئێران بکەن.

بە هۆی ئەو ستراتێژییەی بەرگریی مەدەنی، ناوچەی کوردستان مەکۆی بەهێزترین بەرهەڵستکاریی دژی ڕێژیم لە ١٤٠١ بوو. هەڵکەوتەی جوغرافیایی ناوچە کوردییەکانی ئێران، کە هاوسنووری عێراقە، و هەروەها ڕایەڵە پتەوەکەی ڕێبەران و ڕێکخراوەکانی مەیدانی، ئیزنی پێدان ببنە ناوەندی جووڵانەوەی بەرهەڵستکاریی بەربەرینتر لە ئێران. بۆ وێنە، ڕێژیم کوردی بەوە تاوانبار دەکرد لە کاتی شەڕی کوردستان سەری سەربازانی بڕیوە، بێ ئەوەی بەڵگەیەک پێشکەش بکات. ئەو ئیددیعایانە ئێرانییەکانی دژی کوردان هان دەدا و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەش لە گێڕانەوەکانی ڕێژیم سڵیان نەدەکرد. لە جیاتان، ئەوان هێرشیان کردە سەر گرووپە بەرهەڵستکارەکانی کورد و داواکارییەکانیان. حاشاکردن لە مافەکانی کوردان بۆ خۆ بەڕێوەبەریی، خێرا بووە هۆی کۆتاییهاتنی هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی هێزە بەرهەڵستکارەکانی کورد و تاقمەکانی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیکەی ئوپۆزیسیۆن. لایەنە ئەرێنییەکەش ئەوە بوو کە هاوکاریی گرووپە بچووکە غەیرە کوردییەکانی بەرهەڵستکار لەگەڵ حیزبە کوردییەکان دەمەزراندنی جووڵانەوەی نوێی هاوپشتیی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێرانی لێ کەوتەوە کە لایەنگری مافە ئەتنیکییەکانی کۆمەڵگای فرەچەشنی ئێرانە.

## بەربەستی دیکە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەبێ بەسەریاندا زاڵ بێ

کوردەکان سێهەمین حەشیمەتی ئەتنیکیی ئێران دوای فارس و ئازەرین، کە ڕێژەی دانیشتووانی لە نێوان ٨ بۆ ١٢ میلیۆن کەسە. زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سوننین، کە ئەوان لە دانیشتووە سەرەکییەکانی فارس و ئازەری جیا دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردانی ئێران بڕوامەندی ئایینزا و ئایینی دیکەشیان هەن، لە نێویاندا شیعە، یارسان، کریستیان، جوولەکە و زەردەشتی. سەرەڕای فرەچەشنیی ئایینی، کوردەکان پێشتریبەتی بە شوناسی تەنیکیی خۆیان لە جیات شوناسی ئایینی دەدەن. ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەر بناخەی شوناسی ئەتنیکی بۆ یەکەمجار لە نێو کوردانی ئێران دا سەری هەڵدا. کوردانی ئێران پشتگیرییەکی کەمیان لە لایەن تاقم و پێکهاتە کوردییەکانی دیکەی دەرەوەی ئێران لێ دەکرێ، جا چ بگات بە دەوڵەتانی دیکە.

بۆ وێنە، ئازەرییەکان، کە لەگەڵ کوردان لە شاری وەکوو ورمێ دەژین، لە بەرهەڵستکارییەکەیان هەم لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و هەروەها پرسی کورد، لە لایەن تورکیە و کۆماری ئازەربایجانەوە پشتگیرییان لێ دەکرێ. ئەگەرچی هێندێک لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئازەری، وەکوو ئەوانی حیزبی دێموکڕاتی ئازەربایجان (پێشتر نێوی بیرلیک بوو)، بۆ هاوکاریی لەگەڵ کوردان کراوەن، بەڵام دەسەڵاتیان سنووردارە. بێجگە لەوە، ئازەرییەکان لە کۆنەوە بەشێکی ئاوێتە بوو لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سەربازیی، ئابووری و سیاسی ڕێژیمەکانی پارس و ئێرانی بوون، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپڕاتووری سەفەی ٦٠٠-٤٠٠ بەر لە ئێستا کاتێک ئەوان تەنانەت زاڵیش بوون. لە کۆتاییدا، هەڵوێستی سیاسی ئازەری بەرانبەر بە ڕێژیم تێکەڵە، کە ئەو تاقمە ئەتنیکییەی دابەش کردوە. لەگەڵ نەبوونی ڕێکخراوێکی نێوخۆیی، ئەوە بۆتە هۆی ئۆپۆزیسیۆنێکی کەمتر کاریگەر.

وەک دەرەنجام، لە کاتێکدا کوردانی ئێران لە بەرهەڵستکارییەکەیاندا بۆ مافی زۆتری ئەتنیکی بەردەوام دەبن، ئەوان لە بەرانبەر ئەگەراکاندان و بەرەورووی بەرهەڵستکاریی لە لایەن دەوڵەتی ئێران و هەروەها تاقمە بەرهەڵستکارە جۆراجۆرە ناکوردییەکانی ئێران و دیاسپۆرا دەبنەوە. بڕگە ٢٢یەکە (بڕگەی ٢٢=دۆخێکی ئاڵۆز کە لەویدا تۆ ناتوانێ شتێک بکەی تا لە پێشدا کارێکی دیکە نەکەی بەڵام بۆ کردنی ئەو کارەش دەبێ لەپێشدا کارەکەی یەکەم بکەی. و.) ئەوەیە کە ئێلیتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

دەسەڵاتداری ئێرانی داوا ئەتنیکییەکان وەکوو هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران لە کورتماوەدا سەیر دەکات، ئەگەرچی جێبەجێ کردنی داوا ئەتنیکییەکان بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیاسی لە درێژمەودا دا پێویستە. لە ١٣٥٧، کفوکوڵی ئایینی توانی شوناسە ئەتنیکییەکان سەرکوت بکات و هێزە شۆڕشگێڕە جۆراجۆرەکان لە ژێر ڕێژیمی ئیسلامیدا یەک بخات. ناڕەزایەتییەکانی ١٤٠١-١٤٠٢ ئاشکرای دەکەن کە شوناسە ئەتنیکییەکان نە تەنیا بەردەوامن بەڵکو داواکارییە ئەتنیکییەکان و ناڕەزایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئەتنیکەوە لەسەر یەک کەڵەکە بوون. بێتوو ئەو دۆخە درێژەی هەبێ، مەترسی لێک هەڵوەشانی ئێران لە کاتی شکستهێنانی سەرکوت هەیە و ناڕەزایەتییە ئەتنیکییە پەنگخواردووەکان بەسەر تێفکرین و ئاکاری سیاسیدا زاڵ دەبن.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆستەم جەهانگیری: کوردستان هەر لەسەرەتاوە کۆسپی بەردەمی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیا مەزهەبییەکەی بوو



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

**فتوای جیهادی خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دژی کورد لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هەر تەنیا ڕاگەیاندنی شەڕ و بڕیاری کوشتاری خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو دەرخەری جیاوازییەکانی دوو عەقڵییەتی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بوو. عەقڵییەتێک کە دەیویست لە ڕێگەی دیالۆگ و تێگەیشتن لەسەر بنەماکانی مافەوە ئەم پرسە چارەسەر بکا و عەقڵییەتێک کە تەنیا سڕینەوە و زمانی چەک و ئاگری دەناسی. ڕوویەکی دیکەی ئەو مێژووە خۆڕاگری و چۆکدانەدانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی بوو. "کوردستان" بۆ باسێک لەو قۆناغە مێژوویەی خەباتی کورد لە ئێران دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:**

**شەهرام سوبحانی:** کاک ڕۆستەم با بەو پرسیارە دەست پێ بکەم کە بۆچی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە مێژووی هاوچەرخی کورد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**لە ئێراندا گرینگە؟**

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بۆیە گرینگە چونکی گەلانی ئێران تازە لە شۆڕشێکی سەراسەری لەدژی ڕێژیمی ملهوڕی پەهلەویدا سەرکەوتبوون و گەلی کورد پێی وابوو ڕێژیمێک کە دێتە سەر کار، ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی ئارام و خۆشی بۆ گەلانی ئێران بەدی دێنێ و گەلانی ئێران لە ژێرچەپۆکی ڕزگار دەبن. بەتایبەت گەلی کورد کە وەک هەموو گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی بەشداریی شۆڕشی کرد و خوێنێکی زۆری لێ چۆڕابوو. گەلی کورد ئەو شۆڕشەیان بە شۆڕشی ڕزگاری و وەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی بۆ مافی نەتەوەیی دەزانی، بەڵام بە سەرسووڕمانەوە هەڵوێستی مەلاکان و حکوومەتی تازەی ئێران کە پێشتر باسی ئازادی و ڕزگاری و هەروەها نەمانی سیستەمی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆری حکوومەتی دژە گەلییان دەکرد، ڕێک پێچەوانە دەرچوو. گەلی کورد کە داوای سیاسییان هەبوو و، داوای مافی خۆیان لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیان واتە حیزبە سیاسییەکانەوە دەکرد. بەڵام ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وەڵامی ئەم داوا ڕەوایانەی گەلی کوردیان نەک نەداوە، بەڵکوو لە پێشدا لە سنە و دوایە لە پاوە و ناوچەکانی دیکە شەڕیان لە دژی کورد هەڵگیرساند و کوردیش بەرەڤانیان لە خۆیان و دەسکەوتەکانیان کرد. بۆیە کورد و کوردستان لە بەرامبەر هێرشموونی هێرشکەران تەسلیم نەبوون، بەرگرییان کرد و دوژمنیان تووشی شکست کرد. بۆیە ئەم ڕۆژە دەکرێ ناوی بنێین، ڕۆژی بەرخۆدانی کوردستان لە بەرانبەر ڕێژیمی مەلاکانی ئێران. چۆن هەر لەو ڕۆژەدا ڕێژیمی مەلاکان بڕیاری جیهادیان بە دژی گەلی کورددا. کورد لە هەمبەر ئەو جیهادە بەرگریی بێوێنەیان کرد، بۆیە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە ڕۆژێکی زۆر گرینگ لە لاپەڕەکانی مێژووی پڕ سەروەری کوردستاندا تۆمار کراوە.

**شەهرام سوبحانی**: **پێتان وایە ٢٨ی گەلاوێژ بەرهەمی بەریەککەوتنی دوو دنیابینی بوو؟ دنیابینیی کورد کە سیلەی چاوی لە ماف و ئازادی و دێموکراسی بوو، و دنیابینیی دەسەڵات کە دژی هەموو ئەو بەها و بایەخانە بوو؟**

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەڵێ زۆر ڕاستە. لە ئەسڵدا خاڵی هاوبەشی دەسەڵاتەکانی یەک لە دوای یەک لە ئێران سەرکوتی گەلانی ژێردەستەن بە خاسمانی گەلی کورد کە چ لە دەورانی پاشایەتی و چ لە دەورانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی بێبەش کراون. کورد لە چەند لاوە لەگەڵ سیستەمی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لە ناتەباییدا بوو. بزووتنەوەی کورد داوای ئازادی و دێموکراسی و مافی یەکسانی بۆ ژن و پیاو دەکرد، لە هەموو گرینگتر بزووتنەوەی کورد داوای سیستەمێکی سێکۆلاری دەکرد، ئەم داوایە لەگەڵ بیری تەسکی ئیدئۆلۆژیک و کۆنەپەرەستی ڕێژیم نەک لە ناتەباییدا بوو، بەڵکوو ڕێژیم لەگەڵ ئەم بیر و هزرە دژایەتیی ڕەهای هەیە. کورد خۆدانی ئەحزابی سیاسی و لائیک بوو بەو مانایە ئەحزابی لائیک و سیستەمی ئەحزاب لەو نیزامەدا بڤە بوو. کورد داوای دابەشکردنی دەسەڵات لە تاران بوو لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نێوان گەلانی ئێران و حاکمانی تاران، دابەشکردنی دەسەڵات لە تاران نێویان ناوە جووداخوازی(تجزیه طلب) کورد چەکی لە دەستدا هەبوو و تەسلیمی حکوومەتی کۆنەپەرەستی نەبوو. لە هەموو گرینگتر کورد مافەکانی خۆی چاک دەناسی و ئەحزابی کوردی ویستەکانیان لەگەڵ خواستی گەلی کورد بە یەک گرێدراون. ئەوانەی سەرێ باسمان کرد، لە بیر و هزری کۆماری ئیسلامی جێگای نەبوو. بەداخەوە ئەم ویستانە لەگەڵ نیزامی پاشایەتی هەروا بوو یانێ دەرحەق بە مافەکانی کورد وەک یەک بیر دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ هەر ڕووداوێک بوو کە دەکرێ لە بەستێنێکی مێژوویدا خوێندنەوەی بۆ بکەین، یان سەرەتا و دەسپێکی ڕەوتێکی مێژوویی کە هەتا ئێستاش درێژ کراوەتەوە؟

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەڕای من هەر دووکی ڕاستە، یەکەم ئەوەیە کە ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ، دوو لایەنی دژبەری یەک بیریان دەکردەوە. لایەنی کۆماری ئیسلامی بڕیاری خۆی دا کە دەبێ حکوومەتی ئیسلامی و دیکتاتۆری مەزهەبی یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت یەک ئاڵا بە شێوازی ئیسلامی شێعەی دوازدە ئیمامی خۆی بسەپێنێ. بەربەستی گەورەی لەسەر ڕێگای وەدیهاتنی ئەم بیرو هزرە کوردستان بوو، بۆیە پێی وابوو کە دەبێ بە شێوەیەک کوردستان سەرکوت بکەن و بزووتنەوەی ئازاد و دێموکراسیخوازی سەراسەریی ئێرانی پێی بێدەنگ بکەن. کوردیش بڕیاری خۆیان دا، کە دەبێ لە بەرامبەر هێزموونی سەدەکانی نێوەڕاست ڕاوەستن و بەربەرەکانیی ڕەوا بکەن. لە واقعدا لەو بڕیارەدا کوردستان سەرکەوتوو بوو. دوای چەند مانگ خومەینی داوای لێبوردنی لە گەلی کورد کرد و بەناو دەرگای وتووێژی کردەوە. هەرچەند ئەویەش بە پیلان و دەهۆ بوو، بەڵام لەو مەرحەلەیەدا شۆڕشی کورد هەبوونی خۆی سەپاند و توانی پێش سەرکوتی ئازادیخوازی لە سەراسەری وڵات بۆ ماوەیەک بگرێ. بەستێنی دیکە ئەوەیە کە تراژێدیای وەک ٢٨ی گەلاوێژ لە شۆڕشی کوردستاندا زۆرمان هەیە. کە لە مێژووی بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوەیی کوردستاندا تۆمار کراوە، تراژێدیای کۆمەڵکوژی شۆڕشی دێرسیم، شەهیدکردنی سمکۆی ڕێبەر و ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی یەکەم سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی ... نموونەی دیکە لە بزووتنەوەی نەتەوەییخوازی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زۆرن. بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، دەستپێکی ڕەوتێکی تازەی مێژوویی پڕ سەروەریی کوردە.

**شەهرام سوبحانی**: جاوید ڕەحمان لە ئاخرین ڕاپۆرتی خۆیدا وەکوو ڕاپۆرتێری شوڕای مافیمروڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی باسی لەو کۆمەڵکوژییانە کرد کە کۆماری ئیسلامی دوای فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خۆمەینی لە کوردستان خوڵقاندی و تەنانەت بە ژینۆساید ناوی برد، چۆن دەکرێ ئەمە بکرێتە دەسکەوتی سیاسی بۆ جووڵانەوەی کورد؟


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەداخەوە دوای زیاتر لە چوار دەیەیە کە بە ڕێبەری خومەینی فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد دراوە و بە ڕەسمی لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران زۆر بە بێشەرمیو بە ئاب و تابێکی زۆرەوە بڵاو دەکرایەوە. لە دژی گەلێک کە هەم موسڵمان بوون و هەم داوای ئازادی و مافی زەوتکراویی خۆی دەکرد. هەموو دنیا گوێیان لێ بوو و چاویان دەیدی. بەداخەوە لەو دەمیدا لەو جیهانە پان و بەرینەدا لەو هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بە تایبەت ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو گوێیان کەڕ بوو، چاویان کوێر بوو و کوردیان بە تەنیا هێشت و ڕێژیم کەوتە کۆمەڵکوژکردنی گەلی کورد، و ئەوان تەنانەت کەس بە وشەیەکیش مەحکوومی نەکرد. ئێستا کە جاوید ڕەحمان لە ڕاپۆرتی خۆیدا وەبیری دنیا دێنێتەوە دیسان هەر باشە. بە ڕای من حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو هێزە دیپلۆماسییەکانی خۆیان ئەم هەلە بقۆزنەوە وەک بەڵگەیەکی فەرمی لە پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دنیا و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافیمرۆڤ بێنە بەر باس بە یەکدەنگی پێشلکردنی مافی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەنە بەر دیدی جیهان. ئەمە بەڵگەیەکی یاساییە، دەکرێ ڕێژیمی پێی ڕیسوا بکەین ڕای گشتیی جیهان لێی ئاگادار بکەن، کورد نابێ لەو جینایەتە کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا بە سەر کورددا هێنراوە بێدەنگ بێت.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وانییە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات لە دیپلۆماسیی دەرەکی و لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مافی مرۆڤییەکان لاواز جووڵاونەتەوە؟ ئەوە کە نەیانتوانیوە ئەوە بکەنە کەیسێکی مافی مرۆڤیی بەربڵاو و کاریگەر لە دژی ڕێژیم؟

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەداخەوە، بە هۆی پەرشوبڵاوی نێومالّی کورد، لەگەڵ جەنابت هاوڕام. کە دەبوووا حیزبەکان بە هەموو هێز و توانای خۆیان و بە یەکدەنگ پێکەوە هەموو دەرگا داخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافیمرۆڤ بکوتن، هاواری بێدەرەتانیی گەلی کورد بە گوێ کپبووەکانی ئەم جیهانە بگەیەنێ. پێمwایە هەر حیزبێک بەپێی هێز و توانای خۆی بە تایبەتی حیزبی دێموکرات کە بە هۆی دیپلۆماسیی پان و بەرین، هەم دۆستی زۆر و هێزی زۆری لە ئورووپا و ئامریکا هەیە، دەتوانن کاری زۆر باش بکەن. بەڵام دوو هۆکار هەن کە پێمwایە تێدا سەرکەوتوو نەبوون. پەرشوبڵاویی ئەحزابی کوردی، هەر لایەنێک بۆ خۆی پێوەندییەکانیان بەڕێوە دەبرد، ناکرێ بڵێین کاریگەری نەبووە، بەڵام نەیانتوانی دەرگا داخراوەکان بکەنەوە، بە ڕای من ئەگەر بە هاوبەش بە یەک هەیئەت چووبایەن، دەکرا زۆر کاری باش و بەجێ بکەین. دیسان نەچووە بچێ، ئەرکی سەرشانی ئەحزابی کوردی ڕۆژهەڵاتە لەو قۆناغە سەختە مێژووییەدا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و پێکەوە کار بکەن و بە بەرنامەی هاوبەش، دەنگی کپکراویی کورد لە ڕۆژهەڵات بگەیەنێتە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی. ڕای گشتیی جیهانی، تەنانەت نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە گوێیان لێی دەبێ و دەنگیان دەگاتە ئاستی هەرەبەرزی جیهان. بەڵام یەکدەنگی و یەکگرتوویی هەموو ئاستەنگەکان دەبڕێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلاوێژی ٢٧٢٤

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە کە مێژوو لە ئێران لە گۆڕینی ڕێژیمەکانیشدا دووپات دەبێتەوە، بەو مانایە کورد چۆن دەتوانێ ڕێ لەو ڕووداوێکی هاوچەشنی ئەوە لە داهاتوودا بگرێت؟

**ڕۆستەم جەهانگیری**: بەداخەوە دەبێ بڵێم، بەڵێ. بە گۆڕینی ڕێژیمەکان چ لە ئێران یان لە عێراق و سووریە و تورکیەدا، ئەم تراژێدیانە دووپات دەبنەوە. تەنیا یەک ڕێگا هەیە کە کورد بتوانێ پێشی ئەم ڕووداوانە بگرێ، ئەویش خەباتی خۆیان هەمە چەشنە بکەن. لە هەموو ڕێکارەکان و دەرفەتەکان کەڵک وەرگرن. خەبات لە نێوخۆ گەشە پێبدەن. لە دەرەوە لە پێوەندییەکانی خۆیان زیاتر پەرە پێ بدەن. ببنە دەنگی بە هێزی بزووتنەوەی نێوخۆی وڵات، بەڵام لە پێشدا دەبێ یەکگرتوو بین، چون یەکگرتوویی، هەم بۆ خەباتی نێوخۆ هەمیش بۆ خەباتی دیپلۆماسی لە دەرەوە زۆر باشە و دەنگی کورد بە هێزتر دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ڕۆستەم زۆر سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبی

**ڕۆستەم جەهانگیری**: سپاس بۆ ئێوەش.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## حیزبی دێموکرات و ٨ دەیە خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس




**ڕامیار مەهابادی**

**ئاماژە:**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسییە دیارەکانی کوردستانی ئێرانە کە لە ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٢٤ لەسەر دەستی قازی محەممەد و لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراوە. ئەم حیزبە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەک هێزێکی پێشەنگ لە شەڕی دژی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و خەبات بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێران ناسێندرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەمیشە پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد بووە. ئەم بابەتە بە ئاراستەی بەگژداچوونەوەی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان، لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەباتەکانی ئەم حیزبە دەکۆڵێتەوە.

**دامەزراندنی حیزب و خەبات دژی کۆلۆنیالیزم**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٤ لە کاردانەوە بە چەوساندنەوە و کۆلۆنیکردنی دەیان ساڵەی حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران لەسەر خەڵکی کوردستان دامەزرا. قازی محەممەد، ڕێبەری ئەم حیزبە و دامەزرێنەری کۆماری مەهاباد، بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە سروشتی سەرکوتگەرانە و کۆلۆنیالیزمی حکوومەتەکانی ئێران، خەباتێکی ڕێکخراوی لە دژی ئەم دۆخە دەست پێکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە.

کۆماری کوردستان کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ دامەزرا، هێمای ئەم خەباتە دژ بە کۆلۆنیالیزم و خەبات بۆ سەروەریی کورد بوو. کۆماری کوردستان وەک یەکەمین حکوومەتی کوردی لە مێژووی نوێدا، نەک هەر هەوڵی دروستکردنی سیستەمێکی سیاسیی سەربەخۆی دا، بەڵکوو هەوڵی ڕزگارکردنی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی لە چنگی کۆلۆنیالیزم دا. قازی محەممەد، وەک سەرۆکی ئەم کۆمارە، بەرنامەی زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی و دەستەبەرکردنی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵکی کوردستانی دەست پێکرد. بەڵام ئەم کۆمارە بە خێرایی و بە گوشارە سەربازییەکانی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران و ئاڵوگۆڕە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە هەرەسی هێنا و قازی محەممەد وەک سیمبولی بەرخۆدانی کورد لە بەرانبەر کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی شەهید بوو.

## قۆناغی سەرکردایەتیی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی: چڕبوونەوەی خەبات بۆ مافی چارەنوس و بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی قازی محەممەد، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ. لەو ماوەیەدا -سەردەمی سەرکردایەتیی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی- شاهیدی چڕبوونەوەی خەباتی حیزب بۆ مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستیی سیستماتیکی حکوومەتی ناوەندی ئێران بووین. دوکتور قاسملوو کە بە باشی ئاگاداری ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی بوو، هەوڵی دا خەباتی کورد بەرەو ئاستی نێودەوڵەتی ببات و پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کوردستان بەدەست بهێنێت. ئەو پێی وابوو خەڵکی کوردستان بەبێ گەیشتن بە مافی چارەنووسی ناتوانن خۆیان لە یەخەی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستیی حکوومەتی ناوەندی ئێران ڕزگار بکەن. قاسملوو هەروەها جەختی لە گرنگیی یەکگرتوویی نێوان هێزەکانی کوردستان و هاوکاری لەگەڵ گەلانی ستەملێکراوی دیکەی ئێران کردەوە. د. قاسملوو بە جەختکردنەوە لەسەر خەباتی چەکداری و دیپلۆماسی توانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاتە هێزێکی خۆڕاگر بەرامبەر سەرکوتەکانی حکوومەتی ناوەندی. بەڵام لە ساڵی ١٣٦٨ لە کاتی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤیەن بە شێوەیەکی دڕندانە تیرۆر کرا. ئەم تیرۆرە ئیرادەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حکوومەتی ئێرانی بۆ لەنێوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە کوردستان نیشان دا و بوو بە سیمبولی خەباتی تەواونەکراوی گەلی کوردستان بۆ مافی چارەنووس.

دوای تێرۆرکردنی دوکتور قاسملو، سەرکردایەتیی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەستی دوکتور سادق شەرەفکەندی کرا. د. شەرەفکەندی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی حیزب، بەردەوام بوو لە خەبات بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان. د. شەرەفکەندیش هاوشێوەی پێش خۆی پابەند بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان.

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی سەرکردایەتی دوکتور شەرەفکەندی هەوڵدان بوو بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کوردستان و بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ خەباتەکانی گەلی کورد و سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی پرسی کوردستان بۆ پرسێکی جیهانی و پاڵپشتییەکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە ئورووپا بەدەست هێنا. هەر لەو ئاڕاستەیەدا د. شەرەفکەندی بە کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسیی کارا و دامەزراندنی پێوەندی بەرفراوان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی دا گوشاری زیاتر بخاتە سەر حکوومەتی ناوەندیی ئێران. بەڵام لە ساڵی ١٣٧١ د. شەرەفکەندی و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێستۆرانتی میکۆنووس لە بەرلین لە کاتی هێرشێکی تێرۆریستی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە ئاراستەی کرابوو، شەهید بوون. ئەم تێرۆرکردنە کە بوو بە یەکێک لە سیمبولەکانی تاوانەکانی حکومەت بەرانبەر بە کورد، جارێکی تر نیشانی دا حکومەتی ئێران ئامادە نییە مافە نەتەوەییەکانی کورد قبوڵ بکات و درێژە بە سیاسەتە کۆلۆنیالیستی و ڕەگەزپەرستییەکانی خۆی دەدات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە دامەزرانییەوە تا ئەمڕۆ، هەمیشە لە پێشەنگی خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزم، ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان بووە. سەرانی ئەم حیزبە لە قازی محەممەدەوە تا دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بە خۆبەخشی و کۆڵنەدان زەمینەیان بۆ خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد خۆش کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای سەرکوتی بەربڵاو و تیرۆری ترسنۆکانە، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و یەکگرتن لەگەڵ گەلانی ستەملێکراوی دیکە، ئامانجی کۆتایی خۆی کە بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەرییە بۆ خەڵکی کوردستان بگات

## کۆلۆنیالیزم و سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران لە کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێرانەوە، سیاسەتی کۆلۆنیالیزم بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر ناوچە کوردییەکان کەڵک وەرگیراوە. ئەم سیاسەتانە لە سەردەمی پەهلەویدا بە گرنگیدان بە ئاسمیلەکردنی کولتووری و لاوازبوونی شوناسە نەتەوەیی و ئایینییەکان چڕتر کران و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام بوون.

## - سیاسەتی ئابووریی کۆلۆنیالیزم

کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سامانە سروشتییە دەوڵەمەندەکانە، هەمیشە لە گەشەسەندنی ئابووری بێبەش بووە. بە دەرهێنانی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکانی دیکە لەم هەرێمە، بەبێ گەڕانەوەی شیاو بۆ ئابووری نێوخۆیی، حکوومەتی ناوەندی توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات و لە هەمان کاتدا پشتبەستنی کورد بە حکومەتی ناوەند زیاتر بکات. ئەم سیاسەتانە بوونەتە هۆی هەژاری و کەم گەشەسەندن لە کوردستاندا.

## - لاوازکردنی کولتووری و زمانەوانی

حکومەتە ناوەندییەکانی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی زمان و کولتووری کوردییان داوە. ئەم ڕێوشوێنانە بریتی بوون لە قەدەغەکردنی فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و سنووردارکردنی میدیا و کولتووری و هەوڵدان بۆ ئاسمیلەکردنی کولتووری لە ڕێگەی بەرنامەی ئایدۆلۆژییەوە. ئەم سیاسەتانە وەک بەشێک لە پرۆژەی کۆلۆنیالیزمی ڕێژیم بۆ تێکدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و سەپاندنی شوناسێکی فەرهەنگی و مەزهەبی ناوەندی کاریان کردووە.

## - ڕەگەزپەرستیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی کورد

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیای مەزهەبی-شیعی، هەمیشە ڕوانگەیەکی هەڵاواردنانەی لە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان هەبووە. لەم نێودا کورد بە هۆی داخوازی ناسیۆنالیستییەوە بووەتە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتگەرانەی ئەم ڕێژیمە.

## - چالاکی ڕێکخراوەیی: پێکهاتە و ڕێکخستن

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێشخستنی بانگەشەکانیدا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێكهاتەی تەشكیلاتی یەكگرتوو و كارایە. ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵیدا پەیوەندییەكانی خۆی لە سەرانسەری كوردستان و تەنانەت لە ناوچەكانی دیكەی ئێران و جیهانیشدا بە دروستكردنی تۆڕێكی ڕێكخراوەیی بەهێز بەرفراوان بكات.

### ١- ڕێكخستنی نێوخۆیی و ناوچەیی

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران توانی لە ڕێگەی پێكهێنانی بەشی نێوخۆیی و ناوچەییەكان لە سەرتاسەری كوردستان پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ و نزیك لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە دابمەزرێنێت. ئەم بەشانە كە وەك قۆڵی جێبەجێكاری حیزب لە ناوچە جیاجیاكاندا كاریان دەكرد، ئەركی پەیوەندیكردن لەگەڵ كۆمەڵگە و ڕێكخستنی نارەزایەتی و پەروەردەكردنی ئەندامان لە ڕووی سیاسی و كولتوورییەوە و هەماهەنگی چالاكییە جۆراوجۆرەكانیان لە ئەستۆ بوو.

### ٢- بەشی پەروەردە و كولتوور

یەكێكی تر لە چالاكییە گرینگەكانی ڕێكخراوەیی حیزب دامەزرانی بەشی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بوو بۆ پێشخستنی بیرۆكە و ئامانجەكانی حیزب، هەروەها پاراستن و فراوانكردنی كولتوور و زمانی كوردی. حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بە تایبەت لە سەردەمی كۆماری كوردستان و دوای ئەوە، هەوڵی دا لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە نەوە لاوەكان بە مێژوو، كولتوور و ناسنامەی كورد ئاشنا بكات و ئامادەیان بكات بۆ درێژەی خەبات.

### ٣- چالاكییە نهێنییەكان

لەو قۆناغانەی كە سەركوتی حكومەت توندتر بوو و ئەگەری چالاكیی گشتی بۆ ئەو حیزبە سنووردار بوو، حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە ڕێگەی تۆڕە نهێنییەكانیەوە بەردەوام بوو لە ڕێكخستنی چالاكییەكان. ئەم تۆڕانە كە شانە نهێنییەكان و ناوكی خۆڕاگرییان لەخۆگرتبوو، لە سەختترین هەلومەرجدا بەردەوام بوون لە ڕێكخستن و جێبەجێكردنی ئۆپەراسیۆنە سیاسی و سەربازییەكانی ئەو حیزبە.

### چالاكییە سیاسییەكان: لە دانوستانەوە بۆ بەرخۆدان

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، هاوشان لەگەڵ چالاكییە تەشكیلاتیەكان، هەمیشە هەوڵی داوە بە كەڵكوەرگرتن لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

میتۆدی سیاسی جیاواز، ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت. ئەم چالاکییە سیاسیانە بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەی جۆراوجۆر وەک دانوستاندن، دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی نارەزایەتی جەماوەری ئەنجام دراون:

## ١- دانوستان و دیپلۆماسی

یەکێک لە ستراتیژییە هەرە گرنگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێشخستنی ئامانجەکانیدا، کەڵکوەرگرتن لە دانوستان و دیپلۆماسی بوو.

ئەم ڕێبازە بە تایبەتی لە سەردەمی سەرکردایەتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی سەرنجی درا. قاسملوو، وەک سیاسەتمەدارێکی نوخبە، هەوڵیدا لە ڕێگەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی ئێران و هەروەها دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان، پرسی کوردستان بکاتە پرسێکی گرنگ لەسەر شانۆی جیهان.

ئەو دانوستانانەی د. قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤیەننا بەڕێوەی برد، هەرچەندە بە تیرۆرکردنی ترسنۆکانە کۆتایی هات، بەڵام خواستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە بۆ پرسی کوردستان نیشان دا. هەرچەندە ئەم دانوستانانە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام نیشانی دا حیزبی دێموکرات باوەڕی بە دیپلۆماسی و وتووێژو هەیە وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی.

## ٢- دیپلۆماسی نێودەوڵەتی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ بانگەشەکانی ڕابکێشێت. ئەم حیزبە لە ڕێگەی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتە دەرەکییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەوڵی داوە گوشارەکانی سەر حکوومەتی ئێران زیاتر بکات و پرسی کورد لەسەر ئاستی جیهانی بەرز بکاتەوە.

دوکتور شەرەفکەندی کە لە دوای قاسملوو سەرکردایەتیی حیزبەکەی گرتە ئەستۆ، هەروەها درێژەی بەو ستراتیژەیە دا و توانی بە سەرکەوتنە دیپلۆماسییەکانی پشتیوانی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خۆی ڕابکێشێت. بەڵام تیرۆرکردنی لە چێشتخانەی میکۆنۆسی بەرلین دەریخست کە ئەم هەوڵانە هێشتا پڕن لە مەترسیی جددی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### ٣- خەباتی بەرگری چەکدارانە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جگە لە چالاکیی دیپلۆماسی و سیاسی، لە سەردەمی جۆراوجۆردا پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردوە. ئەم خەباتانە کە بە تایبەتی لە ساڵانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠ و دوای شۆڕشی ئیسلامی توندتر بوون، خۆڕاگریی گەلی کوردستانیان لە بەرامبەر سەرکوتەکانی حکومەت و هەوڵەکانی داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانیان نیشان دا.

خەباتی چەکداری حیزب کە زۆرجار شێوەی شەڕی چریکی و پێکدادانی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتدا گرتبوو، نەک هەر وەک ئامرازێکی بەرگری بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی ئیرادەی کورد لە دژی ڕەگەزپەرستی ناوخۆیی و کۆلۆنیالیزم کاری دەکرد.

### ٤- ڕێکخستنی نارەزایەتیی جەماوەری

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا رۆڵێکی کارای هەبووە. ئەم حیزبە بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتە تەشکیلاتییەکانی توانیویەتی نارەزایەتی بەرفراوان لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران ڕێکبخات. ئەم نارەزایەتیانە کە زۆرجار بە هۆی سیاسەتی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستانەی حکوومەتی ناوەندییەوە ڕوویان دەدا، هاودەنگیی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و پشتیوانیان لە ئامانج و بیرۆکەکانی ئەم حیزبە نیشان دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چالاکییە تەشکیلاتی و سیاسییە بەرفراوانەکانیەوە، وەک هێزێکی کاریگەر و سەرەکی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێراندا ناسێنراوە. ئەم حیزبە بە پشتبەستن بە پێکهاتە پتەوی ڕێکخراوەیی و کەڵک وەرگرتن لە میتۆدی سیاسی جۆراوجۆر، لە دانوستاندن و دیپلۆماسییەوە تا دەگاتە خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی نارەزایەتی جەماوەری، هەمیشە هەوڵی گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستانی داوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای سەرکوت و تیرۆری بەربڵاو، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە خوڵقاندنی هاوپشتی نەتەوەیی و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی، لە ئامانجە کۆتاییەکانی کە بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئازادییە بۆ خەڵکی کوردستان نزیک بێتەوە.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مێژووی پڕ لە شانازی، باری قورسی ئەرکمان لە بەرانبەر داهاتوودا




**ئەلبورز ڕووینتەن**

لە مانگی گەلاوێژدا یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن حیزب و نەتەوەی کوردەوە دەکرێتەو. بەرزڕاگرتنی ئەو یادە لە شوێنی جیاوازی دونیا لەلایەن دڵسوزان و لایەنگرانی حیزبەوە، بەڵگەی گەورەیی ڕێکخراوێکی کاریگەرە کە تا بە ئەمڕۆ کە هەشت دەیە لە خەبات و تێکۆشانی تێپەڕ بووە، بەڵام دیسان لە سۆنگەی جیاوازەوە جێگای هیوا و دڵگەرمی دۆست و جێگای نیگەرانیی نەیارانیشە.

لە ڕەوتی ئەو هەشت دەیەدا حیزب بەرەوڕووی زۆر کەند و کوسپی جیاواز بۆتەوە، زۆر ڕۆژی ئەستەمی تێپەڕ کردوە، بەرهەمی بەنرخی نەتەوەییشی هەبوون، چوارچێوەی خەباتی زۆر فیداکاری گەلەکەمان بووە کە بە قوربانیدانیان بۆ درێژەدان بە خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب کە ئامانجەکانی گەلە بوونەتە هۆکاری بەردەوامی و بە شەکاوەی هشتنەوەی ئاڵای خەبات تێکۆشان. تەنانەت بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین یەکێک لەو هۆکارانەی کە کوردستان ئەمڕۆ لە زۆر ئاستەوە جیاواز بە شێوەیەکی ئەرێنی دەردەکەوێ لەژێر کاریگەری خەباتی ئەو حیزبە بووە.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێگومان لە ڕەوتێکی نزیکەی یەک سەدە لە خەبات تێکۆشان حیزبێکی وا کاریگەر بێ هەڵە وکەم وکوڕییش نابێ، بەڵام ئەوەی وەک تاکێکی کورد ئێستاش دەتوانین بە شانازییەوە باس لە ئەندام بوون لەو حیزبە بکەین بۆ سیاسەتە دروستەکانی، قارەمانی بێوینە و فیداکاریی لە ڕادەبەدەر و نەتەوەییبوون و بە گەوهەری کوردایەتی بوونی ئەو حیزبە بووە کە لە زۆر بابەتەوە بێئەوەی زێدەڕۆیی تێدا بێ دەتوانین بە دەگمەنیشی بزانین.

هەمووی ئەو هەشت دەیە کە چرکە بە چرکەی شوێنپەنجەی فیداکاریی رۆڵەکانی گەلە لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەبێت و دەتوانین بە شانازییەکی گەورەش ناوی ببەین. شانازییە چونکە بەردەوام لە پێناو دەستەبەری سەروەری و بەدژی ژێردەستەیی وەک چقلێک بووە لە چاوی دوژمناندا، شانازییەکی گەورەیە چونکە ئەگەر سەرکەوتنی کۆتایی واتە رزگاریی کورد و کوردستان هەتا ئێستا بەدی نەهاتووە، بەڵام نەیهێشتووە داگیرکەرانیش ئاسوودەیی بە خۆیان ببینن و پیلانەکانیان بۆ نەهێشتنی کورد بەئاسانی جێبەجێ بکەن و تەنانەت هۆی مانەوەی شوناسخوازی کورد وەک کورد لە ئەمڕۆ ئەو خەباتە بووە.

ئەو شانازییە زۆر گەورەیە، هەر بۆیە تێکۆشەران لە قوناغی جیاوازدا، تەنانەت ئەوکاتەی حیزب لە ڕادەبەدەر لاواز و پڕ لە گرفتیش بووە، هەر دیسان ئەو سەنگەرەیان وەک سەکوی بەردەوامی بوژانەوە و خەبات و تێکۆشان هەڵبژاردوە، هەر واش بەردەوام دەبێ، ئەوەی زۆر جار دەگوترێ چ شانازییەک گەورەتر لەوەی لە حیزبی نەمران پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی دیکەدابین تەنیا دروشم نییە بەڵکوو هەڵگری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو چوارچێوەیە کە ئامرازی گەیشتن بە ئازادی گەلی خۆمان دەبینن وەک نرخێک سەیر دەکرێت.

لە سەر مێژووی شانازی و هۆکارەکانی هەرچی بگوترێ هەر کەمە، بەڵام بوون لەو چوارچێوەیە ئەوە لە ئێمە دەخوازێ بەو شانازییەوە لە داهاتووی خەبات لەو سەنگەرەدا بڕوانینن. چونکە هەمووومان لە بەرانبەر ڕابردووی پڕ لە شانازی، دۆخی پڕ ئەستەمی ئێستا و داهاتووی نەوەکانی ئەو نەتەوەیە ئەرکدارین. ئەو ئەرکەش ئەگەر بە ئازادیی گەلەکەمان و ڕزگاریی نیشتمانی ناوزەد بکەین ئەرکێکی قورسە و پێویستە بە هەموو شێوەیەک کاری بۆ بکەین. چونکە هەر چرکەیەک لە ژێردەستەیی کارەساتێکی دیکەی بە دوایەیە و ئەو کارەساتە تەنیا ڕووبەڕووی مرۆڤ و نەتەوە و ماف و ئازادییەکانی نییە، بەڵکوو تەنانەت سروشت و ئاژەڵەکانی کوردستانیشی گرتۆتەوە، و بەردەوامیی ژێردەستەیی وەک بەرەوامیی کارەساتە.

بۆیە ئێمە کە ڕەگمان لە شانازی مێژووی ڕابردوودایە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەرکی ئێستامان بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی جیاواز و ئازاد و سەرەوەری وردببینەوەو پێویستە لە چونیەتی سەرکەوتن لە جێبەجێ کردنی ئەرکمان تێبفکرین و ڕێکاری


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**گەلاوێژی ٢٧٢٤**

سەردەمیانەو شێوازی نوێ کە ئاوێتەی باوەڕی کوردایەتی ڕابردووی پڕ لە شانازیمان هەیە بگرینە بەر.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستە گوێ لە مامۆستای ڕێنیشاندەر واتە مێژوو بگرین و پێداچوونەوە بەو ڕێکارانە بکەین بۆوەی بتوانین ڕێگای سەرکەوتن مسۆگەر بکەین. مێژوو پێمان دەڵێ حیزب دەبێ پەرە بۆ ڕەگداکوتانی گوتاری نەتەوەخوازی بدات، چونکە ئەم حیزبە دامەزراوەی چارەسەری سەرەکیترین پرسی گەلەکەیەتی کە پرسی نەتەوە و ئازادی و ماف و ڕزگاریی نیشتمانە. بۆ سەرکەوتنی ئەو داوایە، و ئەو فەلسەفەی خەبات یا وێژمانی سیاسیە، پێوستە وانەکانی سەرۆککۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی شەهیدمان بکەینە سەرمەشقی خەبات کە بە بەردەوامی پێیان لەسەر پێویستیی بە جەماوەریکردنی خەبات کردۆتەوە. بێگومان ئەگەر خەبات ببێتە خەباتی هەمووان، داگیرکەرانیش ناتوانن بۆ ساتێکیش لە حوکمڕانیی دیکتاتورانە، توتالیتەرانە و داگیرکەرانەی خۆیان لە کوردستان بەردەوام بن.

**٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٤ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٤ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com



# ٢٥ی گەلاوێژ

٧٨مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## حیزبی ڕابردوو، ئێستا و
## داهاتووی خەڵکی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی  وتووێژ، وتار و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com